# شوێنەوارەکانی بیتوێن

# شوێنەوارەکانی بیتوێن

ناوی نووسەر: ڕەسوڵ بۆسکێنی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆرەی چاپ: ٢٠١٨

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

چاپ: چاپخانەی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

# شوێنەوارەکانی بیتوێن

رەسوڵ بۆسکێنی

## سوپاسی زۆرم بۆ:

- دڵێر و جوامێر و شەماڵ هەر سێ کوڕە خۆشەویستەکەمان، هاوکاری زۆریان کردم بەتایبەت لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزیەکاندا.

- پێشڕەو زاهیر، فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (رانیە)ی بۆ پەیداکردم.

- بەڕێوەبەر و کارمەندانی کتێبخانەی گشتی ڕانیە، زۆر لەگەڵم ماندووبوون.

- هەموو ئەوانەی لەبەرهەم هێنانی ئەم کتێبەدا ماندووبوون.

## پێشکەشە:

- بەوانەی هەوڵی ساغ کردنەوی مێژووی کوردیان داوە.
- بەوانەی لەپێناوی شوێنەوارەکانی کوردستاندا ماندووبوون.
- بەوانەی سامانی شوێنەواری نەتەوەکەیان دەپارێزن.
- بەهەموو دڵسۆزانی ئەم گەل و نیشتمانە.

# ناوەڕۆک

پێشەکی.......... ٩

بەشی یەکەم: شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن.......... ١٥
یەکەمین ئاوەدانیەکان لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا.......... ١٥
دەشتی بیتوێن.......... ١٦
باری ئاو و هەوای دەشتی بیتوێن.......... ٢٢
شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن.......... ٢٣
شوێنەوارەکانی چیای کێوەڕەش.......... ٢٧
شوێنەواری گەرۆ گاور.......... ٣١
ئاوەدانیەکانی دامێن کێوەڕەش.......... ٣٤
لایەنی ئاینی و (بەردخەزنە) لەڕانیە.......... ٣٩
مەراسیمی مردووناشتن و سپاردنی بەشاخ لەسەردەمی کۆندا.......... ٤٧
ئەشکەوتی گۆڕە قوڵەی سەیداوا.......... ٥٩
قەڵاتی بناری کێوەڕەش نزیك گوندی سەیداوا.......... ٦٤
ئەشکەوتی کونەسپیلکی.......... ٦٦
قەڵات و شاری رانیە.......... ٦٨
ناوی رانیە لە چیەوە هاتووە.......... ٧٣
گوندی کونە سێ.......... ٧٨
گوندی تیتۆکە.......... ٨٠
شوێنەواری گوندی قوڕەگۆ.......... ٨١
دەربەندی رانیە لەمێژوودا.......... ٨٢
شوێنەواری شاری دەربەند.......... ٩٨
ئاوی گەناوی رانیە.......... ١٠٤
شوێنەواری ڕێگای بازرگانی (قەتارەڕێ).......... ١٠٦

بەشی دووەم: شوێنەوارەکانی دۆڵی شاور و ئاکۆیەتی.......................................... ١١٥
پوختەیەك لە مێژووی شوێنەواری شاور.................................................. ١١٥
پێناسەیەك بۆ ناوی شاورێ.......................................................... ١١٦
شوێنەوار و قەڵاکانی شاور............................................................ ١١٧
شاورێ لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور................................................ ١٢١
شاورێ بەرلە هاتنی سوپای ئیسلام.................................................... ١٢٥
شوێنەواری ئەشکەوتی خەزێنێ......................................................... ١٢٩
شورا و قەڵاتی شاور.................................................................. ١٣١
شوێنەواری قەڵای شاڕانی.............................................................. ١٣٧
قەڵای گردەزاڵ........................................................................ ١٤١
پاشماوەکانی بەولەس.................................................................. ١٤٣
کچەکافر یا کافور...................................................................... ١٤٦
ئەشکەوتی بتکار و چەند ئەفسانەیەك.................................................... ١٤٨
چەند چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەربارەی ئەشکەوتی بتکار...................................... ١٤٩
کۆئاسن شوێنەواری شارێکی کۆن لەدەشتی بیتوێن......................................... ١٥٤
کلکەی نەمرود......................................................................... ١٥٥
ئەشکەوتی ئیبراهیم خەلیل............................................................. ١٥٧
دۆڵناران.............................................................................. ١٦١

بەشی سێیەم: شوێنەوارەکانی بێتواتە.................................................. ١٦٥
شوێنی جوگرافی بێتواتە................................................................ ١٦٧
ناوی بێتواتە لەچیەوە هاتووە؟.......................................................... ١٦٨
شوێنەوارەکانی بێتواتە................................................................. ١٧٦
شوێنەواری قەڵای خورشیدی خاوەر لە گوندی بێتواتە....................................... ١٧٨
تەختی خوڕشیدی خاوەر................................................................ ١٧٨
بەردیسنجیان.......................................................................... ١٨٠
بیرتە.................................................................................. ١٨٢
شوێنەواری گوندی نێوە................................................................ ١٨٥
هەندێ پاشماوەی شوێنەواری دۆزراوەی گوندی بێتواتە...................................... ١٨٦
نووسراو و نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە............................................... ١٨٨
نووسینەکەی ئۆڕشەلیم................................................................. ١٩٩
بەردەکەی غەریب هەڵەدنی............................................................. ٢٠٥

بەشی چوارەم: شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی بیتوێن (بەری مەرگە)..........................۲۰۷
چیای گەورەگەقەڵا شوێنەوار قەڵای کۆنی فەڕوخ پاشا ..........................................۲۱۳
گەورە قەڵا..........................................................................................۲۱۳
شوێنی گەورە قەڵا.................................................................................۲۱۸
قەڵایدەوڵەتیار......................................................................................۲۱۸
گردی پیرۆتەسور...................................................................................۲۲۱
شاری مەرگەی کۆن.................................................................................۲۲۳
سەرچاوەی ئاوی شاری مەرگە....................................................................۲۲٤
مەرگەیی ئەسحابە کوژ.............................................................................۲۲٤
گۆڕستانی مەرگە...................................................................................۲۲٦
فەڕوخ پاشا لەسەردەمی هاتنی لەشکری ئیسلام دا .............................................۲۲۷
هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر فەرمانڕەوایی فەڕوح شا......................................۲۳۷
کوژرانی فەڕوح شا و لەناوچونی سوپاکەی........................................................۲٤٤
گردی ئەزمەرە شوێنەواری  شاری کۆن.............................................................۲٥۰
قەڵا و کۆشکی ئەزمەڕە.............................................................................۲٥۰
سەرچاوەی ئاوی شاری ئەزمەرە...................................................................۲٥۳
شوێنەواری شاری ئەزمەرە..........................................................................۲٥٤
هێرشەکانی ئەکەد و بابل و ئاشوور بۆ سەر ئەزمەرە.............................................۲٥٦

بەشی پێنجەم: هەوڵە شوێنەوارییەکان.............................................................۲٦۳
ژیان لەرانیە..........................................................................................۲۷۰
ئەرشیفی شمشارە...................................................................................۲۸٦
خەونەکە بوو بەڕاست...............................................................................۲۹٥
گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕوداوەکان.....................................................................۲۹۷
هەڵکۆڵینی وەرزی ۲۰۱۲..........................................................................۳۰۰
پشکنین لە گردی بۆسکێن..........................................................................۳۰۲
ڕزگارکردنی یەکەم..................................................................................۳۰٥
خشتە(تابلۆ)ی تازە..................................................................................۳۱۰
دۆزراوەکان...........................................................................................۳۱۳
گردی باب و کوڕ.....................................................................................۳۱٦
سەرچاوەکان.........................................................................................۳۲٦

# پێشەکی

کوردستان و لەنێویدا دەشتی بیتوێن، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیا و ئاو و هەواکەی، هەر لەدێر زەمانەوە جێگای ژیانی مرۆڤ و ئاوەدانی بووە، پاشماوە دۆزراوەکانی شانەدەر و هەزارمێرد و چەرمۆ و دەشتی بیتوێن و چەندان شوێنی تر، ڕاستی ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنن، هەندێك لەم پاشماوە شوێنەواریانە کنە و پشکسنین و هەڵکۆڵینی بۆ کراوە و پاشماوەی زۆر بەنرخیان تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام هێشتا چەندان شوێنی تر ماون هەوڵی لێکۆڵینەوەی زانستیانە و پشکنین و ساغ کردنەوەیان پێنەگەیشتووە، کەشایانی ئاوڕلێدانەوەن و لەڕووی پاشماوەی شوێنەوارییەوە گەنجینەیەکی بەنرخن، بۆ ڕوون کردنەوەی مێژووی کۆنی کورد و ناوچەکە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی ژیانی ئەوانەی لەسەر ئەم خاکە ژیاون.

بەستایش و ڕێزگرتن لەماندووبوونی هەموو ئەوانەی لەم پێناوەدا هەوڵی خۆیان داوە، لەبەر گرنگی و بایەخی زۆری ئەم کارە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی لێکۆڵینەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکان لە دەشتی بیتوێن و پاراستنی بەڵگە شوێنەوارییەکان، بۆ ساغ کردنەوەی زیاتر لە چوار هەزار ساڵەی مێژووی کۆنی کوردستان و ناوچەکە، بە پێویستمان زانی هەوڵ بدەین ئەوەندی دەرفەتمان هەبێت، شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن لە دوو توێی ئەم کتێبەدا تۆماربکەین، بۆ ئەوەی کارئاسانی بێت بۆ ئەو توێژەر و پسپۆڕانەی لە داهاتوودا هەوڵی ساغ کردنەوەی شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن دەدەن، بۆ خزمەت کردن بەمێژووی کۆنی نەتەوەی کورد و دەشتی بیتوێن و دەوروبەری.

دەشتی بیتوێن گەنجینەیەکی بەنرخە لە پاراستنی سامانی شوێنەواری نەتەوەکەمان، پڕە لە پاشماوەی شوێنەواری دێرین، دەشتی بیتوێن و ڕانیە مەیدانێکی زۆر لەبارە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستانی باشوور، دەربارەی مێژووی کۆنی ژیانی ئادەمیزاد لە کوردستان و لەناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی پێشتر چەند جارێك لەلایەن دەزگای شوێنەواری عیراق و تیمەکانی بێگانە، بەتایبەت تیمی دانیمارکی بەسەرپەرشتی شوێنەوارناس (یورگین لیسۆ) لەساڵی (١٩٥٧ز) پشکنین لە گردی (شمشارە)ی نزیك ڕانیە کراوە و ئەنجامی باشی هەبووە، بەڵام هێشتا زۆر کاری تر ماوە ئەنجام بدرێت، لەساڵی (١٩٥٠ز) دەربارەی پاشماوەی شوێنەواری لە دەشتی بیتوێن لەلایەن دەزگای شوێنەواری عیراق (١٠٢) پاشماوەی شوێنەواری تۆمار کرابوون، بەڵام لە دوا پشکنینی شوێنەواری بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی کە بۆ دەشتی بیتوێن کراوە، (١٧١) پاشماوەی شوێنەوارییان تۆمار کردووە، دواتریش بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی شوێنەواری ڕاپەڕین، ڕایگەیاند (٣٠٠) پاشماوەی شوێنەواری لە دەشتی بیتوێن هەیە، بەڵام زۆر کەم کنە و پشکنینیان بۆ کراوە، جێگای داخە زۆر لەو پاشماوە شوێنەوارییانە کەوتونەتە بەر هەڵمەتی قاچاخچیەکانی شوێنەوار، هەرچەندە لەهەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٢) هەیە، تایبەت بە سزادانی ئەو کەسانەی مامەڵەی نایاسایی بەپاشماوەی دێرین و شوێنەوارەکان دەکەن، بەڵام وەك پێویست نەتوانراوە یاساکە پیادە بکرێت. ئێمە بەشێك لەو شوێنەوارانەمان تۆمار کردووە، کە تاکو ئێستا پشکنینیان تێدا نەکراوە، ئەم شوێنەوارانە بەمەبەستی ناساندن تۆمار کراون، بەهیوای ئەوەی بەرچاوبخرێن و لە داهاتوودا پشکنینیان تێدابکرێت.

لەمیانەی شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێندا ئەو شوێنەوارانەمان تۆمار کردووە بەرچاومان کەوتوون، یاخود فریاکەوتوین تۆماری بکەین، بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بەکارهاتوون، ئەو کتێبانەی بەکارمان هێناون سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەنن، لەبەرئەوە پشتمان پێبەستوون و بەکارمان هێناون، سەرچاوەیەکی تر گۆڤار و نووسراوە ناوچەییەکانن، کە دەربارەی ئەو شوێنەوارانە نووسراون، هەڵبەتە ئێمە زۆربەی شوێنەکانمان بینیوە، یاخود دەتوانین بیانبینین، بەڵام زیاتر نووسینی ئەوانەمان وەرگرتووە دەربارەی شوێنەوارەکان وتار و ڕاپۆرتیان نووسیوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاویان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی هەوڵ و ماندووبوونی ئەوانیش لەبەرچاو بگرین.

بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕزگارکردنی شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن کارێکی سەخت و پیرۆزیشە، بەڵام ئەم کارە چەندین کێشە و گرفتی هەیە، لەم ڕووەوە ئەم سەرنجانە دەخەینەبەرچاوی خوێنەی خۆشەویست:

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** یەکێك لەو گرفتانەی تووشی توێژەری شوێنەواری دەبێت، کەمی سەرچاوە و کتێب و هەژاری کتێبخانەی کوردییە، بەتایبەت دەربارەی دەشتی بیتوێن، هەروا بەئاسانی ئەنجام نادرێت، هەروەها بێباکی و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەلایەن خەڵك، جگەلە خەڵکانی دڵسۆز و خەمخۆری ئەم بابەتە، لەلایەکی تریش بردن و ئاودیوکردنی شوێنەوارەکان بۆ دەرەوەی وڵات لەلایەن قاچاخچیەکانی شوێنەوارەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی زانیارییەکان.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگی توێژینەوە و هەوڵی ڕزگارکردنی شوێنەوارەکان بایەخی تایبەتی هەیە، بۆ تۆمارکردنی مێژووی کوردستان و ناوچەکە، بەتایبەت، کە نەیارانی مێژووی کورد بەهەموو شێوەیەك

لەهەوڵدان بۆ تێکدان و لەناوبردنی شوێنەوارەکان و گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی وڵات.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تۆمارکردنی شوێنەوارەکانی (دەشتی بیتوێن)ە، بەمەبەستی پاراستنیان لەدەستی قاچاخچیەکانی شوێنەوار، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆ ڕوون کردنەوەی مێژووی کوردستان و دەشتی بیتوێن، بەئومێدی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە ببێتە پاڵنەرێك بۆ هەموو دڵسۆزانی شوێنەوار و بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە.

بۆ ئاسانکاری و بەرچاوڕوونی خوێنەری خۆشەویست ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر پێنج بەش دابەش کراوە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا شوێنەوارەکانی چیای کێوەڕەش و بناری کێوەڕەش و ڕانیە، لەگەڵ پێشچاوخستنی چەند وێنەیەکی شوێنەوارەکان بەپێی پێویست، بۆ ئاسانکاری و ڕوون کردنەوەی زیاتر بۆ خوێنەر.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا شوێنەوارەکانی دۆڵی شاوریێ و دۆڵی ئاکۆیەتی تۆمار کراوە، لەگەڵ پیشاندانی چەند وێنەیەکی شوێنەوارەکانی بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا باشتر کاری لەسەر بکرێت.

بەشی سێیەم: ئەم بەشە دەربارەی شوێنەوارەکانی گوندی بێتواتە و دەوروبەری کراوە، هەروەها ڕوون کردنەوەی نووسراو و نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە، ئەوانەی لەبەشی مۆزەخانەی شوێنەواری بەغدا هەڵگیراون، لەگەڵ نەخشە و نوسینەکانی ئۆرشەلیم لە ئیسرائیل، هەروەها ئەو بەردە نووسراوەی بە (بەردەکەی غەریب هەڵەدنی) ناسراوە، کە زانیاری و ڕوون کردنەوەی زۆر لەسەر مێژووی سەردەمی خۆیان بەدەستەوە دەدەن.


بەشی چـوارەم: دەربـارەی شـوێنەوارەکانی ڕۆژهـەڵاتی بیتـوێن، واتـە (بەری مەرگە)یە، هەرچەندە بواری ئەوەمان نییە، تەواوی شوێنەوارەکانی ئـەم ناوچـەیە بخەینـە بەرچـاو، تـەنیا وەك ناسـاندنێك بـاس لەبەشـێکیان کـراوە، هیـوادارین لـە داهـاتوودا هـەلی ئـەوەمان بـۆ بڕەخسـێت تـەواوی شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە بخەینە بەرچاو.

بەشی پێنجەم: لەم بەشەدا ئەو هەوڵە شوێنەواریانەمان تۆمار کردووە، کە چەند نێردەیەك ئەو پشکنینانەی لە ناوچەکە ئـەنجام داوە و بەڵگـەی ئـــەوەیان دەرخســـتووە، کۆبوونـــەوەی نیشـــتەجێ بـــوون (التجمـــع الاسـتیگانی)ی جۆراوجـۆری پـێش مێـژوو لـە ناوچـەی (دەشـتی بیتـوێن) هەبووە. ئەو هەوڵانەی بە تایبەتی بۆ ئـەوە دراون، دەشـتی ڕانیـە لەگـەڵ ئەو خاکە ڕۆژهەڵاتیە داگیرکراوانـەدا ببەنـەوە سـەر یـەك، کـە مێژوونوسـە ئاشوورییەکان باسیان کردوون. هەرچـەندە ئـەو هـەڵێنجان و بەراوردانـەی لەسـەر بناغـەی سەرچـاوە نوسـراوەکانەوە کـراون و زانیـاری تۆبـۆگرافی گەڕیدەکانیش چەسپاندویانن، زۆر ئـەنجامی جـێ بڕوایـان لێ کەوتۆتـەوە، بەڵام زانیاریەکان کەمتر لەلایەن خەڵکی ناوچەکە سوودیان لێ وەرگـیراوە، چونکە زانیارییەکان لەبەر دەست نین.

دەمەوێ لێرەدا زۆر سوپاس و دەستخۆشی بۆ دکتۆر شـێروان حسـین، مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین دەرببڕم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی ئەم کتێبەی گرتەئەستۆ و هەوڵ و ماندووبوونی لـەم کـارەدا مایـەی ڕێـز و پێزانینە.

**ڕەسوڵ حەمە عەبدولقادر/ بۆسکێنی**

**١٥- ١٠-٢٠١٥**



**نەخشەی ژمارە(١)، شوێنی قەزای ڕانیە و هەرێمی بیتوێن لەسەر نەخشەی پارێزگای سلێمانی دیاری کراوە.**

# بەشی یەکەم
# شوێنەوارەکانی دەشتی بیتوێن

## یەکەمین ئاوەدانیەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا

توێـژەرانی مێـژوو گومانیـان هـەبوو لـەوەی یەکـەمین و بچـوکترین و سادەترین ئاوەدانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە دەشتە شۆراوەکانی ڕووبارە گەورەکانـەوە دەرکـەوتوون، بـەڵام ئێسـتا ئاشـکرایە ئـەم گومانـە ڕاسـت نـەبووە، بـەڕای پیتـۆڵ و شـارەزایان یەکـەمین ناوچـەی نیشـەجێ بـوون، دەشتە پان و بەرینـەکانی قـەدپاڵی شـاخەکانی باشـووری کوردسـتان لـە دەوروبەری دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبـار بـووە، ئـەم دەشـتە بەشـێوەی کـەوان لـە فەلەسـتینەوە بـەرەو بـاکوور و لـە ڕێگـای سـوریا و ئـەنادۆڵی ڕۆژهـەڵات (یـان ئاسـیای بچـوك– تورکیـای ئـەمڕۆ) و لـەلای ڕۆژهەڵاتـەوە بەپانتایی کوردستاندا بـۆ نـاو بیابـانی ئـیران درێـژ بۆتـەوە. بـە ڕووکـەش گەشەی ئەم ئاوەدانیانە لەوانەیە نۆ تا دە هەزار سـاڵ لـە پـێش زاییـنـەوە

بووبیّ، لەگەڵ فراوان بوونی پیشەی جوتیاری هاوکات بووبێت. کشتوکاڵ کردن و داونانەوە بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر مایەی بەدەستهێنانی خۆراکی زیاتر بووە، بەنۆبەی خۆی بووە هۆی گەشەی کۆمەڵ و زیادبوونی بەربڵاوی و ئاڵۆزبوونی ئاوەدانیەکانی مرۆڤ .[1]

## دەشتی بیتوێن

بۆ ناسینی دەشتی بیتوێن، سەرەتا دەبیّ سنووری نیشتەجیّ بوون و کەوشەنی دەشتی بیتوێن بزانین، تا دۆست و نەیار ئاشنا بن، کۆمەڵە چیایەك هەرێمی بیتوێنی لەئامێز گرتووە، لە باکوورەوە زنجیرە چیای کێوەڕەش، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای ئاسۆس (کۆللاری ئاشوورییەکان)، لە باشوورەوە چیای کۆسرەت لە ڕۆژئاواوە زنجیرە چیای ماکۆك و کارۆخ. لەنێوان ئەم زنجیرە چیایانەدا (هەرێمی بیتوێن) هەڵکەوتووە. دەشتی بیتوێن زەوی نەرمان و بەپیت و بژوێن و سەوزە گیای بەهارانی تێك چڕژیووە، کانی و ئاوی زۆری دیمەنێکی تایبەتی پیّ بەخشیوە، کەم شوێنی سەرنجڕاکێشی وەك ئەم هەرێمەم دیووە، سروشتی نەخشی دەستی کردگارە، لێرەوە چاوی خەیاڵم بەهەشتی بەرینی لێوە دیارە، چواردەوری بە شاخ و بەرزایی گیراوە، ئەگەرچی ئەمە لە پاراستنی دوژمنانی هەولّی باشی داوە، بەڵام لایەنی خراپ و نەرێنیشی ئەوەیە بۆتە هۆی لاچەپەك و داخراوە، خراوە، بۆیە گەشە و لێهاتوویی نەزانراوە، یا

---

[1] دۆن ناردۆ، ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور،وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، کوردستان– سلێمانی ٢٠٠٨ .ل ١٩.

سەرنجی کاربەدەستانی ڕانەکێشاوە، هەر بۆیە لەکۆن و تازەدا کەمتر ناوی هاتووە و کەم کەس گرنگی پێ داوە، دەشتی ڕانیە (دەشتی بیتوێن) دۆڵێکی بەپیتە و لە هەموولاوە بەزنجیرە چیا دەوری دراوە، چوونە ناوی ئاسان نییە، وەك (یورگین لیسۆ) سەرۆکی دەستەی نێردەی (دانیمارکی) بۆ شوێنەوار لەساڵی (١٩٥٧) دەڵێت: "چوونە ناوی دەشتی ڕانیە ئاسان نییە تەنیا لەم شوێنانە نەبێت: لە گەلییەکی لای باشووری دەشتەکە، زێی بچوك لەوێوە دەشتەکە جێ دێڵێ (تەنگەبەری زێڕان دۆڵ– دوکان)، لە لایەکی دی گەلی (سەنگەسەر) ئەو شوێنەی زێی بچوك لەوێوە لەناو دەشتی دراوسێیەوە (پشدەر) دێتە ژوورەوە، واتە دەربەندی رانیە (دەربەندی ڕەمکان)، هەروەها لەو زنجیرە چیایەی سنووری ڕۆژئاوای دۆڵەکە پێك دێنی، بە هۆی باریکە ڕێیەکەوە ڕانیە و (کۆیسنجاق)ی نوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە وای کرد بوو، دەشتی دەوروبەری ڕانیە (دەشتی بیتوێن) بەچاکی دژی داگیرکەری بێگانە بەرگری لێ بکرێ، نەك دوژمن بگرە گەڕیدە نوێیەکانیش زۆر کەم سەردانی ئەم ناوچە داخراوە سەربەخۆیەیان کردووە، بەڵکو بە زۆری بە دەوری چیاکانی ڕۆژئاوای دۆڵەکەدا، واتە دەشتی بێتوێندا سوڕاونەتەوە، ئەمە هێڵی ئاسایی هاتووچۆی نێوان کویسنجاق و سلیمانی بووە."[٢] وەك (ئەدمۆندس) دەڵێ: "دەکرێ شێوە و قەوارەی گشتی دەشتی بیتوێن

---

[٢] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: عەزیز گەردی، هەولێر ١٩٩٨، ل ٢٨.

وەك باوەشێنێكی نارێك لەبەرچاوبگرین"، بەدرێژایی ٣٠ كم لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە، پانی لەنێوان (٢٠ تا ٣٠ كم) دایە، ڕووبەرەكەی (٨٨٤ كم٢) و بەرزی (٥٠٠ بۆ ٦٠٠م) دەبێت لە ڕووی دەریاوە، بەیەكێك لە بەرفراوانترین دەشتی ناوچەی شاخاوی دادەنرێت، لە هەرێمی كوردستان، ئەم دەشتە (٢٢٥١٧ دۆنم) زەوی بەراو و (٩٥٦٥٧ دۆنم) زەوی پشتاو و (٤٦٤٩٢ دۆنم) زەوی مەغمورەی هەیە، لەهەر چوار لاوە بەچیا دەورە دراوە، خاكێكی بەپیتە و لەجۆری تاوێری تۆخە، ئاوێتەی قوڕێكی زۆرە و پێكهاتەی قوڕینی تێكەڵاو و قوڕینی لیتەییە، بەتوخمە خۆراكیەكانی ڕووەك دەوڵەمەندە و خاكێكی تفتە. ئەم دەشتە (١٠٪)ی پارێزگای سلێمانی پێكدێنێت، ڕێژەی زەوییە كشتوكاڵیەكانی دەگاتە (٤٠٪)، زێی بچوك بەناو دەشتی بیتوێندا تێپەڕ دەبێت و بەشی ڕۆژهەڵاتی پشدەر و بەبەشی ڕۆژئاوای دەوترێت بیتوێن[٣]. دەشتی بیتوێن لە باشترین و بەپیت ترین و بەباران و بەراوترین دەشتەكانی عیراق دادەنرێت. تێبینی ئەوە دەكرێ زەویەكەی درز دەبا و تۆوی وشك لەو درزانەوە دەچنە خوارێ و زەویەكە سەوز دەكەن.[٤] شاری ڕانیە دەكەوێتە باكووری ئەم دەشتە بەدووری دوو مایل لە خوار كێوەڕەش. دەكەوێتە سەر گردێكی شوێنەواری كۆن.

---

[٣] خالید قادر محمد، رانیە، وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی: م. شێروان میرزا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٢.

[٤] دەبلیوئار هی، دوو ساڵ لە كوردستان، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٨٦.

## ناوی بیتوێن لەسەرچاوە مێژووییەکاندا

بیتوێن لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەچەند شێوەیەك ناوی هاتووە، لەسەرچاوەکانی سەرەتای سەردەمی بابلی کۆن، ناوی بیتوێن بەشێوەی (ئوتووم Utum) هاتووە، ئەم وڵاتە چەند شارێکی لەخۆ گرتبوو شوشاررا (شمشارەی ئێستا) یەکێکیان بوو، ئەوە ڕوونە شێوەی ناوی (Utwe) شێوە خورییە ڕەسەنەکەی خۆیەتی، (Utu ) ناوی خواوەندی خۆری سۆمەرییەکانە (We) پاشگرێکی ناوی شوێنە، شێوەی بەئەکەدی کراوی بووە بە (Utum). بۆ بەڵگەی زیاتر دەتوانین ئەوە بەنموونە بێنینەوە کاتێ بیتوێن لەلایەن وڵاتی (کاکموم) داگیرکراوە، کە ئەو شانشینە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای بیتوێن، پاشای سیموررووم (ئیددین —سین) لەهێرشێکدا لێی دەستێنێتەوە و لەو نووسراوەی بەردەکەی شەهید (غەریب هەڵەدنی) دا هاتووە ( i-na qa-ti kak-mi-im[ki], u?-ti-ir) ئەم ڕستەیە واتە: (وڵاتی ئوتوێ Utuwe ی لەدەست وڵاتی کاکموم سەندەوە/وەگرتەوە) [٥]

بەپێی ڕای هەندێك لەشارەزایان لەسەردەمی شەپۆلی هاتنی ئارامیەکان، بۆ ئەم ناوچەیە، زۆربەی شوێنەکان پێشگری (Be,It)یان پێوەلکێنراوە، وشەی (بیتوێن) پێ ناچێت لەبنەڕەتدا ناوی کوردی بێت، بەڵکو واپێدەچێت لەزمانێکی تر وەرگیرابێت، هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە، ئەم ناوە لەبنەڕەتدا ناوێکی ئارامییە، پێدەچێت لە دوو وشە پێك هاتبێت یەکەمیان وشەیەکی سامییە (لەم بارەدا ئارامی) (Be,It)

---

[٥] کوزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەراست، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل 175.

بەواتای وڵات یان ناوچە دێت، بۆ نموونە بیتوێن (باگەرمیّ) لە(بێت گەرمای)ەوە هاتووە، واتە (وڵاتی گەرم) یاخود گەرمیان[٦]، هەروەك لەناوی جوگرافی تری ناوچەکەدا دەبینرێت، بۆ نموونە: (بازەبدا) لە (بێت زەبدا) وە هاتووە، (باعەدریّ) و هی تر، بەشی دووەمی ناوەکەی بریتی یە (Utuwe) لەوانەیە ئەمەیان هەر ناوە کۆنەکە بێت، بۆ ئەم شێوەی ئێستای پەرەی سەندبێت: (UtÚm: Utu> Utuwe).[٧] وەك زۆر ناوی تری ئارامی تائێستاش لەناوچەکەدا بۆ هەندێك شوێن لە کوردستان بەکاردێن، دیارترینیان: (بامەڕنی) لەبنەڕەتدا (بیت مورنی) واتە (ماڵی شوراکراو یان توند کراو) دەگەیەنێت، (بعشیقە) لەبنەڕەتدا (بیت عیشقا) یە واتە (ماڵی زۆردار).[٨]، بیتوێن – (بیت یۆن) یان (بت وێن) هەروەك ئەم ناوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، ناوێکی ئارامیە و ڕەزمەکەی خۆی پاراستووە، بەم شێوەیە (بیتوێن = بیت وێن)[٩] (دکتۆر جەمال ڕەشید) پێی وایە "بڕگەی یەکەمی ناوی بیتوێن یا بێتواتە، (بیت) بەواتای _(ماڵ یان ئاوایی) دێت"، لە ساغ کردنەوەی ناوی بێتواتە لەلاپەڕەکانی داهاتوو زیاتر لێی دەدوێین، شوێنەوارناس (کەمال نوری) پێی وایە "ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێك هاتووە یەکەمیان (بیت)ە بەمانای (ماڵ یان پەرستگا) دێت، بڕگەی دووەمی ناوەکە (واتە) لە وشەی (ئوتو)ەوە هاتووە، مانای (خواوەندی ڕۆژ) دەگەیەنێت، هەردوو بڕگەکە بەیەکەوە بەمانای

---

[٦] بۆ واتاکانی...ina qati بڕوانە: CAD, Vol.Q,P,192, clause.

[٧] کوزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەراست، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل 175.

[٨] جمال بابان، اصول اسماء المدن والواقع العراقيه بغداد ١٩٨٩ ص ٦٩).

[٩] جمال رشيد، دراسات كورديه فی بلاد سوبارتو بغداد ١٩٨٤ ص ١٨.

(پەرســتگا یــان مــاڵی خواوەنــدی ڕۆژ) دەگەیــەنێت"[10]. لەئەرشــیفی شمشارەدا زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت، کە نووسەری نامە لەنامەی ژمــارە (SH.812)ی شمشــارەدا (کــوواری) پاشــای (شوشــاررا) زۆر هانــدەدات بەهاوکارییانــەوە بچــێت، بــەڵام دەڵێــت:" **ئەگــەر تــۆ لــە هەڵوێستەکەت کۆڵیوەتەوە و ترس لەبارەی (ئانا) وڵاتی (ئۆتێم) هەیە، ئەوسا وابکە لەشکرەکە بمێننــەوە، بۆ ئــەوەی وڵاتــی (ئۆتێم) و شاری (شوشاررایێ) بپارێزێ**"[11]، دیارە هەر دەسەڵاتدارێکیش هاتبێتە ناوچەکە، ئەوەنــدەی بــۆی لــوابێ نــاوی شــوێنەکانی بــەپێی ویســت و زمــانی خــۆی گۆڕیــوە، وەکــو لەســـەردەمی عوسمانیــەکان (قەرەســرد، قەرەتەپــە، کاشــتەپە= قوشــتەپە)، لەســـەردەمی بەعســیەکانیش نموونــەمان زۆرە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ (ئوتوێ Utuwe)ی نــاوە کۆنەکــەی هــەرێمی بیتــوێن لەگــەڵ هــاتنی ئارامییــەکان پێشــگری (بیــت)ی پێــوەلکێنرابێ، هــەروەك (جمــال رشــید احمــد و فــوزی رشــید)[12] دەڵــێن: "لــەکاتی بــڵاو بوونەوەی یۆنانیان بــەهۆی کاریگــەری و تێکــەڵاوییان لەگــەڵ دانیشــتوانی ناوچــەکە زۆر شــوێن وەك (پێنجــوێن) بــەپێنج یۆنــان و (بیتــوێن) بــەماڵی یۆنانیان لێکدراوەتەوە"[13]، هەرچۆنێك بێت چاوەڕوانی سامانی پاشماوەی شــوێنەواری ژێــر زەوی و نــەزانراوی مێــژوویین ئــەم باســەمان بــۆ یــەکلایی بکاتەوە.

---

[10] جمال بابان، اصول اسماء المدن والموقع العراقيه بغداد ١٩٨٩ ص ٦٩، ئەردەڵان عوسمان حەسەن، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٠.

[11] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمارە، وەرگێران: عەزیز گەردی،هەولێر ١٩٩٨ ل٩٣.

[12] د. جمال رشيد، فوزی رشيد، تاريخ الكرد القديم، ص ١١٩.

[13] محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵڵا، شەڕی گۆگا مێلا، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٣٣١.

## باری ئاو و هەوای دەشتی بیتوێن

بەشێوەیەکی گشتی باشووری کوردستان، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاو و هەوای دەریای سپی ناوەڕاستەوە، لەبەر ئەوە هەرێمی بیتوێن دەکەوێتە ژێر کاریکەری ئەم جۆرە ئاو و هەوایە، ئەم ناوچەیە بەگشتی لە هاویندا گەرم و وشکە و لە زستانیشدا فێنك و باراناویە. سەبارەت بەپلەکانی گەرمی ئەم ناوچەیە لە وەرزی زستاندا هێڵەکانی گەرمی (٣)ەی سەدی کۆی پلەکانی گەرمی مانگی کانوونی دووەم (وەرزی زستان) دەنوینن، هێڵی گەرمی (٣،٠)ەی سەدی کۆی پلەکانی گەرمای مانگی تەمموز (هاوین) دەنوێنن، وە سەبارەت بەڕادەی باران بارین لەم چەند ناوچەیە دەکەوێتە سەر هێڵی باران بارینی ٦ ملم[٣] .

تێکرای پلەکانی گەرمای مانگانە لە شاری رانیەدا.[١٤]

شوێن: هێڵی یەکتر بڕینی درێژی (٥٣-٤٤) باکوور لەگەڵ هێڵی بازنەی پانی (١٧-٣٦) ڕۆژهەڵات.

بەرزی : ٥٨٠م بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە.

ڕووبەری قەزاکە: ٨٨٤ کم٢.

ڕادەی باران بارین: ٩٠٠ بۆ ١٠٥٠ملم لە ساڵێکدا.

ئاو و هەواکەی چوار وەرزییە و لە ژێر کاریگەری دەریای ناوەراست دایە، هاوینان گەرم و وشکە و زستانان باراناوی و ساردە.

---

[١٤] خلیل عەلی، میژووی رانیە، گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٩، ئازاری ٢٠٠٧، لا ٤٦.

## شوێنەوارەکانی بیتوێن

لەچەندین شوێنی باشووری کوردستان لەسەر تاشەبەردی شاخەکانی کوردستان نیگاری جۆراوجۆر نەخشێنراوە، خشتی گڵی سورکراوە و تابلۆی گڵێنی لەسەری نووسراوە، کەرەستەی بڕۆنزی و پێویستی ژیان و گڵێنەسازی دۆزراونەتەوە، کەم و زۆر بابەتیان لەسەر نووسراوە، بەڵام تائێستا شوێنەوارناسی شارەزای کورد لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکردووە و هەلومەرجی نائارامی کوردستان لەبار نەبووە، بۆ کاری پشکنین و گەڕانی ئارکیۆلۆجی، بۆیە زۆری ئەو بابەتانە ئەوی دیارن و دۆزراونەتەوە هەندێکیان هێشتا، وەکو مەتەڵی هەڵنەهێنراو ماونەتەوە، چ جای ئەوانەی هێشتا لەژێر گڵ دان، یابە نەناسکراوی فەرامۆش کراون.[١٥]

لەڕووی نووسراوی ناو کتێب و بەڵگەنامەی نووسراوەوە، مێژووی ڕانیە و ناوچەکە هەژارە، ناچارین بۆ بردنەوە سەریەکی مێژووی ناوچەکە پشت بە پاشماوە شوێنەوارییەکانی سنوورەکە ببەستین، چونکە هەرێمی بیتوێن ئەرشیفێکی شوێنەواری زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام نەتوانراوە وەك

---

[١٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٢. ل ١٧.

پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەشێکی زۆر کەمی کنە و پشکنینی بۆ کراوە، هەندێك لەو شوێنەوارانەی دیارن و لێکۆڵینەوەی وردیان بۆ نەکراوە، یان وەك پێویست نەبووە پێش چاویان دەخەین، هەرچەندە ئەو زانیارییانە زۆر سەرەتایین و زۆربەی کات لەزمانی خەڵك وەرگیراون، بەڵام تەنیا مەبەست ئەوەیە لەفەوتان بپارێزرێت، بەڵکو لە داهاتوودا بارودۆخی هەرێم ئارام و باش و لەبارتر بێتە ئاراوە و توێژەران و پسپۆڕان و خەمخۆرانی ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت.

لەکاتی هەڵکەندنی چاڵ و بناغەی خانوو و پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری تووشی گۆزە و خشت و ئێسك و پروسکی کۆن دەبن، بێباکانە گۆزەکان دەشکێنن و ئیسقانەکان فڕێ دەدەن، نەك هەر ئەوەش ڕۆژانە لەهەر شوێنێك گومانی ئەوەی لێ بکەن پاشماوەی شوێنەواری لێیە بەپاچ و بێڵ و لەم دواییانەش بەشۆفڵ و بەهەرشتێك لەدەستیان بێت شوێنەوارەکان هەڵدەکۆڵن، ئەگەر شتێکی بەنرخیان تێدابێ، وەکو زێر و دراو و خشڵ و پەیکەر و بەردی نووسراو، یا هەشتێکی تر بەلایەوە باش بێت هەڵیدەگرێت بۆخۆی، ئەوی تری بێباکانە لەناو دەبات، لاوێك بۆی گێڕاوەوە: (دوای ڕاپەڕین لەکاتی گەڕان بەدوای شتی کۆنینە و شوێنەواردا لەنزیك گردی شمشارە پێستی ئاژەڵێکی دۆزیوەتەوە، ئاماژەی نووسینی لەسەر بووە، بەڵام ئەو هیچی دەربارە نەزانیوە، زۆریش گازەندەی لەبەختی خۆی کردووە، کە خەڵك زێڕو و زیو و شتی گرانبەها دەدۆزێتەوە، کەچی ئەو پێستی ئاژەڵ دەدۆزێتەوە، لە داخاندا

بەدەمی پاچەکەی لەناوی دەبات، دواتر باسەکەی بۆ خـەڵك دەگێڕێتـەوە، بەڵام کەس باوەڕ بەمە ناکات لەناوی بردبێت، تا ئەم قسەیە دەگاتە گوێی قاچاخچیەکان و دێن بۆ لای لاوەکە و نرخێکـی خـەیاڵی پێـدەدەن، ئینجـا دەزانێت چ هەڵەیەکی کـردووە.)، بەداخـەوە کـەس خـۆی بـەخاوەنی ئـەو شتانە نازانیٚ، نایانەویٚ وابیربکەنەوە ئـەو ئێسـقان و پاشماوانـە ئێسـك و پروسکی باب و باپیری ئەوانە، هیچ کەس ئـەو گـۆزە و گـۆڕ و کەلوپەلانـە بەگەنجینـەی مێـژووی بـاب و پیرانـی خـۆی و دانیشـتوانی ئـەم ناوچـەیە نازانێـت، کـە چـیرۆکی گرنگـی مێـژووی ناوچـەکە دەگێڕنـەوە، نـازانن یـا نایانەویٚ بزانن ئەو ئێسقان و ئێسکەپەیکەرە مرۆییانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردسـتان دۆزرانـەوە، دەگەڕێنـەوە بـۆ هـەزاران سـالٚ لەمەوبـەر، ئـەو نەخشەبەردانەی لە (دەربەندی ڕەمکان و دەربەند گاور و دەربەند بیٚ لولە و هۆرێن و شێخان و سەرپولی زەهاو و پیرەمەگرون و چیای هەریر...هتد) دۆزراونـــەوە، مێـــژووی هـــەزاران ســـاڵی ئـــەم وڵاتـــە دەگێڕنـــەوە، ئـــەو نەخشەبەردانەی لەبێتواتە و قەرەچەتان و ئەو خشتە گڵەسورکراوانەی لـە شمشارە و ماری و شوێنانی تر دۆزرانەوە، سەدان و بگرە هەزاران چـیرۆك و داستانی نەمری باب و بـاپیرانی ئـەوان دەگێڕنـەوە، هـەموو ئـەو قـەڵا و گردانـەوەی لەدەشـتی بیتـوێن و شـارەزوور و هـەولێر و کـەرکوك دروسـت کراون گەواهی شارستانیەت و سەروەری ئەم گەل و خاکە پیشان دەدەن، دەســەڵاتی بێگانــە کــوردی تووشــی دەردی خۆبەبێگانــە بــوون کــردووە، کــوردی ئاســایی خــۆی بــەخاوەنی شــاخەکان و دەشــتەکان و لێــڕەوار و

سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی کوردستان نازانێ، لە نیشتمانەکەی خۆیدا خۆی بەبێگانە دەزانێ، بۆیە گوێ بە سەروەت و سامان و پاشماوەی شوێنە دێرینەکان و هیچ لایەنێکی ئەم نیشتمانە نازانێ، ژێردەستەیی کورد و باڵادەستی بێگانە کارێکی کردووە، کورد لەناو دەروونی خۆیدا لەناو وڵاتەکەی خۆیدا خۆی بەبێگانە دەزانێ، ئەم هەستە زۆر بەئاسانی لەلایەنی هەموو کەسەوە هەستی پێ دەکرێ، لەوەش زیاتر نەك هەر پاشماوە دێرینەکان، بەڵکو بەرد و دار و دەوەن و گیانداری کێوی و هەر شتێکی دەستی پێ بگات وێرانی دەکات. ئێمە دەمانەوێ بەپێی دەرفەت ئەو شوێنەوارانەی هەرێمی بیتوێن لێرە تۆماربکەین، بۆ ئەوەی ناو و شوێنیان پارێزراوبێت، بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا ئاسانکاری بێت بۆ خەمخۆرانی ئەم وڵاتە شیکردنەوە و بەدوادچوونی بۆ بکەن.

## شوێنەوارەکانی چیای کێوەڕەش

شـــاخی کێـــوەڕەش زنجـــیرە شـــاخێکی بـــەردینی زۆر ســـەختە، لـــە خۆرهەڵاتی (دۆڵەڕەقە) وە دەگاتە بەشی خۆرئـاوا لـە شـاخی (بێرمکـە) و ئەویش لـەباکووری دۆڵـی (ئـاکۆ) لـە (زینـوی ئەسـتێرۆکان)ی بـەناوبانگ، لەباشـووری گونـدی (وەرتـێ) وە دەگاتـە شـاخی (کـارۆخ) و ئـەویش لـە سوچـی خۆرئـاوای دۆڵـی (ئـاکۆ) دەگاتـە شـاخی (مـاکۆك) و هــەموویان پێکەوە بەستراون و کڵێشـەیەکی لاکێشـەیی ناتـەواو دروسـت دەکـەن، لـە سێ لای دۆڵی (ئاکۆ). چیای (کێوەڕەش) بەرەو ڕۆژهـەڵات دەکشـێ و لـە (دەربەنـدی ڕەمکـان) کۆتـایی دێـت، چـیایەکی سـەخت و ڕکـە و بەسـەر ڕانیەدا دەڕوانێت، هەردوو دەشتی بیتوێن و پشدەر لەیەك جیادەکاتەوە و بەهۆی دەربەندی ڕانیـە (دەربەنـدی ڕەمکـان) پێکیانـەوە دەبەسـتێتەوە، لەباشـووری خۆرهــەڵاتی (دەربەنـدی ڕەمکـان) شـاخی ئاسـۆس دەسـت پێـدەکات، واتــە (چـیای کۆڵلار)کـە لەنووسـینە بزمارییـەکان بـەم نـاوە هاتووە، ئێسـتا (کـۆڵلارە) تـەنیا بـەو کەلێنـەی (ئاسـۆس) دەوترێـت، لـە بـــاکووری (بنگـــرد) و لەخۆرهـــەڵاتی گونـــدی (بەردەشـــان) و شـــاری (ئەزمەرە)ی کۆنە، لە پشت ناوچەی (بنگرد) و (مەرگە)وە دەکشێت، ئـەم دوو شـاخە سـەختە لـە مێـژووی کۆنـەوە بوونەتـە دیـوارێکی سـەخت، بـۆ هەرێمی (بیتوێن)ی مەڵبەندی شارستانیەت، تەنیا لەحـەوت شـوێن ڕێگـای هاتووچۆکردن بەچیای (کێوەڕەش)دا هەیـە، ئـەوەش پـێش (٣٠٠٠) سـاڵ شورەی بەردین تیایدا دروستکراوە، شاخی (ئاسۆس)یش شـورەی لەسـەر

دروست کراوه.[16] ئەو شورەی هەیە، لەسەر شاخی کێوەڕەش دوو مەتر پانە و بەبەردی وشکەکەڵەك دروست کراوە، شوێنەوارناسی گەورەی کورد مامۆستا (عەبدالرقیب یوسف) دەفەرموێ: "من سەردانم کردووە، لە حەوت شوێن شوورە هەیە، لەو شوێنانەی خەڵك ویستبێتی هاتووچۆی پێدا بکات شوورەی بۆ دروست کراوە، ئەو شوورانەش نەهی سەردەمی ساسانیەکان و نەهی دەسەڵاتێکی ترن، بەڵکو پێم وایە هی سەردەمی (کووواری) بووە، هەموو شوورەکان لەسەر شاخی کێوەڕەشن، شوورەیەکی تریش هەیە لە (دێرێ) و (نۆرێ) پەڕیوەتەوە بۆ شاخی (ماکۆك)، بەڵام ئەم شورەیە بەرەو ڕووی ڕانیەیە، ئەمەش مانای وایە ئەو دەسەڵاتە دژی ڕانیە بووە، یاخود ئەگەرێکی تر هەیە، ئەمە هی دەسەڵاتی حکومەتی (مجیسەر) بێ کە بەناوی (مەساسیر) هاتووە لە (سیدەکان) بەگوێرەی ئیسلامیش لەلای ئەو شوورەیە شەڕ ڕووی داوە"[17].

لەکۆندا لە ئاستی (دەربەندی ڕەمکان) هەردوو چیای کێوەڕەش و ئاسۆس دیوارێکی بەرین، وەك شوورایەکی بەهێز لە هەردوو بەری چیاکانەوە هاتووەتە خوارەوە بۆ دەم زێیەکە، زۆر پان و ڕەختە و تۆکمە

[16] عبدالرقیب یوسف، گەشتێکی شاخی کێوەڕەش و چەند بابەتێك، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٤٥) ڕانیە، مانگی ١ی ٢٠٠٩، ل٤.

[17] عبدالرقیب یوسف، چاوپێکەوتن گۆڤاری رانیە ژمارە/٢١، هاوینی ٢٠٠٧، شارەوانی رانیە، لا ٥.

و پتــەو (مەحکــەم) بــووە، وابــاوە لەســەر زنّیەکــە دەرگایــەکی گــەورەی تــێگیراوە و پاســەوانی بەســەرەوە دانــراون، بــۆ چــاودێری و ئاگــاداری و ڕێگری کردن لەدوژمنانی ئەم نیشتمانە، دەربەنـد و شـورا مەحکەمـەکانی کێـوەڕەش هەمیشـە ڕێگربـوون لەبـەردەم تێپـەڕین و پـەلاماری لەشـکرە داگیرکەرەکان، هـەر بۆیـەش (شالمانسـەری سێیەم) و (شەمشـی ئـەددی پێنجەم) و (سەرجۆنی دووەم) (چیای کۆلار)یان بەکۆسـپ لەقەلـەم داوە، کە بەکەس ناگیرێت.

ئەو شـورایەی لـە ئەمبـەر و ئەوبـەری چیای کێـوەڕەش و ئاسۆسـەوە کـاتی خـۆی هاتووەتـە خـوارەوە بـۆ دەم زێـی بچـووك، هـەتاکو سـالآنی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووش شـوێنەواری ئـەو شـوورەیە هـەر مـابوو، جوتیار و کشتیارەکان بەردەکانیان هەڵکەند و بۆ کەپر و خانوو بـەکاریان هێنــان، نووســەری ئــەم دێرانــە ئــەو شــوێنەوارەی دیــوە، شــوێنەواری دیوارەکە لەئاستی زەویەکەی دەوروبەری بەرزتر بـوو، بەداخـەوە خـەڵکی ئاسـایی نرخـی ئـەم جـۆرە سـەرمایە گەورەیـە نـازانیٚ، زۆر بەئاسـانی شوێنەوارە کۆنینەکانی ئەم وڵاتە کە سەروەت و سامانی نەتەوەیین و نرخ و بەهایان پێوانە ناکرێت، بایەخدارترین شتێك کـە کـورد شـانازی پێـوە بکـات شـوێنەوارەکانیەتی، کەچـی ئـەوان بێباکانـە وێرانیـان دەکـەن و چاوساغی و شوێنهەڵگری بـۆ قاچـاخیەکان دەکـەن، ئـەوانیش بـەنرخێکی زۆر کەم و ڕووکەشانە لێیان دەکڕن و لەدەستیان دەرێنن بۆ وڵاتـانی دوور و دەوروبەریان ڕادەگوێزن و لەناویان دەبەن.



**وێنەی ژمارە (١) ڕانیە و بۆسکێن و شاخی کێوەڕەش و دەربەند و شاخی ئاسۆس و بەشێك لە بەنداوی دوکان**

## شورای گەرۆ گاور[18]

شـــورای سەرچـــیای (کێـــوەڕەش) لەســـەرووی گونـــدی (تیتۆکـــە) و (هەنجیرە) بەو شوێنە دەڵێن: (گەرۆگاور )، شورای گەرۆ گـاور دەکەوێتـە سـەر شـاخی کێـوەرەش لەبـەر ئـەوەی زۆر کۆنـە و بەبـەردی وادروسـت کـراوە، لـە توانـای مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە بـەدەرە، بـەپێی تێگەیشـتنی خەڵکی ناوچەکە هـی سـەردەمی کـافران بـووە، پـێش هـاتنی ئیسـلام بـۆ ناوچەکە، هەر بۆیە ناوی (گەرۆ گاور)ی بەسـەردا بـڕاوە، شـوراکە کۆمەڵـە بەردێکی زۆر ڕووخاوە، لە سەردەمێکی دێـرین بـە وشـکە کەڵـەك دروسـت کراوە، بەپانی (٢مـەتر)ە، هەنـدێ لەبەردەکانیشـی گـەورەن و تاشـراون، ئـەم شـورایە چـەند سـەد مـەترێك درێـژە و چـەند قولەیەکیشـی هـەبووە، لەگـەڵ خـانوو (بینا)یـەکی سـەربازی گـرنگ، بـەردی تاشـراوی تێـدا بەکارهاتووە، وەکـو قەڵایـەك لـەنزیك دەرگـای شـوراکە بـووە. شـوراکانی

---

[18] وشەی (گاور) ئەگەر لە وشەی "گبر"ی زەردەشتی یاهەر وشەیەکی تر هاتبێ کورد لەبەکارهێنانی وشەی گاور مەبەستی "کافر"بووە، ئێستاش هەروایە بەزۆری بەشوێنەوارە دێرینەکانی پێش ئیسلام وتراوە "گاورکرد" واتە دەستکردی کافرەکان بووە، بەم تێگەیشتنە کە زۆرایەتی گەلی کورد موسڵمان بوون، تێکدان و خراپ کردنی شوێنەوارە کۆنینەکانیان بەکارێکی ئاسایی زانیوە. (بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩) لە کوردستان زۆر شوێن هەیە ناوی گاوری بەسەردا بڕاوە وەکو گۆڕی گاوران لە دۆڵی شاورێ و دەرەبەندی گاور لە قەرەداخ، و زۆر شوێنی دیکە، زۆر لەوانەی لەنزیك ئەو شوێنەوارانەوە تێپەڕیون ئەوەندەی بۆیان کرابێ زیانیان پێ گەیاندوون، وەکو تێکدانی نەخشەی لاقەدی چیاکان و بەرد فڕێدان بۆ سەر ئەو گۆڕانەی بەهی کافران زانراوە، وەکو خێر و چاوەڕێی پاداشتی ڕۆژی دوایی ئەو کارە کراوە.

چیای کێوەڕەش دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، کە ئەو سەردەم دەوڵەتێکی بچوك یا میرنشینێکی بەهێز بەناوی (ح/خوری) لەناوچەی (ڕانیە) هەبووە. سنووری خۆرئاوا و باشووری بەرەو (کۆیە و سلێمانی) بووە. هەروەك مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) بە ئەگەرێکەوە لای وایە "یەکێك لەپاشاکانی یا میرەکانی (کوواری) بوویێ و (کوواری) لەکاتی پاشای ئاشووری (شەمشی ئەدەدی یەکەم)دا بووە (١٨١١٣- ١٧٨١ پ.ز)، بەگوێرەی ئەو چەند نامەیەی لەنێوان ئەم دووانەدا ئاڵوگۆڕ کراوە و لە گردی (شمشارە)ی پایتەختی (کوواری) دا دۆزراونەتەوە، لەلایەن (یۆرگین لیسۆ) ساغ کراونەتەوە و (مامۆستای زانکۆ، د. عەزیز گەری) لە سەر داوای مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەکاتی ئەو دەوڵەتەدا شارنشینیەکی بەهێز لەناوچەی (ڕانیە) سەری هەڵداوە، لەوانەیە بەهۆی مەترسی لە گۆتییەکان (کوواری) هاوپەیمانی ئاشووری بووە، یان خۆی داوەتەپاڵ دەوڵەتی ئاشووری، لەکاتی فەرمانڕەوایی (شەمشی ئەدەد و ئیشمی داگان)ی کوڕی، بەو هۆیەوە شاخەکانی (کێوەڕەش) و (ئاسۆس)ی بەم شوورانە و بەهاوکاری ئاشوورییەکان قایم کردبێت"[١٩] "دەشگونجێت ئەم شوورانە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر. جێی ئاماژە پێکردنە ئێستاش لەیادی خەڵکیدا ماوە و دەگێڕنەوە کاتێ لەشکری ئیسلام (صەحابە) دەگەنە ئەم ناوچەیە و ویستوویانە ناوچەی (پشدەر) بگرن، لە (دەربەندی ڕانیە)

[١٩] عبدالرقیب یوسف، گەشتێکی شاخی کێوەڕەش و چەند بابەتێك، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٥، کانوونی دووەم-٢٠٠٩، رانیە، ل ٦.

شـكاون و هـەوڵیان داوە بەسـەر(کێوەڕەش)دا سـەرکەون و لـەوێوە بچـنە (پشدەر) کەوا لقێکی شانشینی (مەرگە) لـەوێ بـووە، کوردەکـان لەپشـت شوراکانەوە شەڕیان لەگەڵ سوپای ئیسلام کردووە و دیسان شـکاونەوە و جـارێکی تـر هێرشـیان کردۆتـەوە سـەر (دەرگـای دەربەنـد) و ئـەمجارە توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بێنن و بەرەو پشدەر پێشڕەوی بکەن"[٢٠].



**وێنەی ژمارە (٢)، گەرۆ گاور، سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە، ژمارە(٤٥)، ل٦.**

[٢٠] عبدالرقیب یوسف، هەمان سەرچاوە، ل ٧.

## ئاوەدانیەکانی دامێن چیای کێوەڕەش

لـــەناو دانشـــتوانی (ڕانیـــە)دا قســـەیەکی کـــۆن و بـــڵاو هەیـــە، گوایـــە لەسەردەمانی کۆندا بنـاری چـیای کێـوەڕەش لـە گونـدی هـەنجیرەی لای بـاکووری ڕۆژئـاوای (ڕانیـە)وە، تـاکو (دەربەنـد) لـە ڕۆژهـەڵات، هـەمووی زنجیرە خانوو بووە و هەندێك جار دەڵـێن: زنجیرەیـەکی نەپساوە بـووە، گوێلکە (گوێرەکە) ساوا، کە لەدەستی کابانی ماڵ بەرەڵا بووە، لـەم سـەر بۆ ئەو سەری کردووە، ئەگەر ئەمە زیادەڕەویشـی تێـدابێت، ئاماژەیـە بـۆ ئاوەدانیـەکی فـراوان، نموونـەی ڕاسـتی ئـەوە تائێسـتاش لـەبناری چـیای کێوەڕەش لە گوندی (هەنجیرە) و (تیتۆکە)وە، تا (دەربەنـد) شـوێنەواری کـۆنی بناغـەی خـانووی لێ یـە، تائێسـتاش لـە زۆر شـوێن شـوێنەواری بناغـەکان مـاون، لەهەنـدێك شـوێن بەرزایشـیان لەسـەر زەویـەوە زۆرە، سەبارەت بە بوونی چەندین بناغـەی دێرینـی شـوێنەواری لـەنزیك گونـدنی (کونەســە= کونەســێ) و (دۆڵــی ســێروان)ی نزیــك گوندەکــە و گونــدی (سەیدئاوا)[٢١] و (قوڕەگۆ) مامۆستا (عەبدالرقیب یوسف) لـە یاداشـتێکدا

[٢١] لە کۆندا لەڕۆژهەڵاتی ڕانیە گوندێك ئاوەدان کراوەتەوە بە (سەیدە فەقیرە) ناسراوە، ئەو سەیدە لەهەمان شوێن کۆچی دوایی کردووە و مەزارگەکەی لەپشت ماڵەکانی گوندی سەیداوا نێژراوە و بووە بە زیارەتگا، هەر بەناوی سەیدە فەقیرەوە، لەسەدەکانی پێشوو وێران بووە، دوای ئەوە لەسەرەتای سەدەی بیست گوندێك لەو شوێنە ئاوەدان کراوەتەوە، لەلایەن (شێخ خدر و شێخ جەننەت)، خەڵك لەدەوریان کۆبۆتەوە، ئێستا پێی دەوترێت (سەیداوا)، ئەو گوندە چەند جارێك بەرشاڵاوی دوژمنان کەوتووە، بەقسەی هەندێك لە خەڵکی گوندەکە سێ جار سوتێنراوە، جارێکیان بە فەرمانی (کەپتان کۆك) حاکمی ئینگلیز(؟–١٩٢٢)، جاری دووەم لەلایەن (غانم مصباح– ئامرلیوا)ی بیست سوپای عیراق لە ١٩٦٣، دوای ئەوەی هێرش دەکاتە سەر (بۆسکێن) و (سەیداوا)، بەڵام دەستەیەك پێشمەرگەی ئەو گوندە لە

لەساڵی (١٩٩٠) سەبارەت بە پێشێلکاری شوێنەوار لـە چـیای کێوەڕەشـی (ڕانیە) نووسراوێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق– بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی فەرمانگەی شوێنەوار و کەلەپووری کردووە، تیایدا دەڵێت: "لە لاپاڵەکانی زنجیرە چیای (کێوەڕەش) بەرەو ڕووی (ڕانیە)، لـە گونـدی (تیتۆکـە)وە، تا (دەربەند) کە زێی بچوکی لێ یـە، ژمارەیـەك پاشمـاوەی شـوێنەواری لێ یە، لە نێوانیان دا (سـەید ئـاوا) و (قوڕەگـۆ) هـەردووکیان لـە فەرمانگـەی شوێنەوار تۆمار کراون، لە نێویاندا ئەو شارەی لەگەڵ شوورا لێژ بووەکەی پاڵ چیاکەوە نزیك (دەربەنـد) دۆزیومەتـەوە، ئەمـەش لـە سـاڵی (١٩٧٣) ڕاپۆرتێکم لەبارەیەوە پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار) لەو کاتەدا کردووە"[٢٢].

دامـێن شـاخی کێـوەرەش لـە زۆر کۆنـەوە ئـاوەدانی زۆری لێ بـووە، بەتایبەتی لەبناری کێوەڕەش شـوێنەواری چـەندین ڕیـزە خـانوو بـەبناری کێوەڕەشەوە شوێنی بوونی ئاوەدانی دیارە، هەر لە (دەربەنـد)ەوە هـەتا لوتکـەی (کوڕاشـەڵ= کۆڕاشـاڵ)، شـوێنەوارییان ئێسـتاش زۆریـان مـاون، هەتا پەیدابوونی (بلدۆزەر و شۆفلْ) بەئاشکرا دیاربوون، بەڵام لەبەر گـوێ

---

ئەشکەوتی (کونە سپیلکی) دادەنرێن و دەکەونەشەڕ لەگەڵ هێزەکە و زرێ پۆشێك و زیلێك دەشکێنن، هێزەکەی ڕژێم دەشکێن و هەڵدێن، دواتر دەیسوتێنن، دواتریش لە ١٩٧٤ کاتێك شەڕ لەنێوان ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی کوردستان دەستی پێکردەوە سوتاوە.

[٢٢] یاداشتێکی مامۆستا (عبدالرقیب یوسف)ساڵی (١٩٩٠) بۆ حکومەتی عیراقی سەبارەت بە پێشێلکاری لەبەرامبەر پاشماوەی شوێنەواری لە کێوەڕەشی ڕانیە، گۆڤاری شمشارە، ژمارەی ٥٤، مانکی ٦ ی ٢٠١٣، ل ٢٥.

پێنەدانی و نەپاراستنی لەلایـەن خـەڵك و ڕژێمـە کاربەدەسـتەکانیش سـاڵ بەساڵ لەناوچوون و وێران کراون، خەڵك و دانیشتوانی ناوچەکە بۆ دیواری خانو و باڵەخانە دروست کردن، دیواری قەڵا کـۆن و کاولـە خانووەکانیـان ڕووخاندوون و بەردەکانیان بردوون، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا شـوێنەواری زۆری لێ ماوە. بۆ ئەو مەبەسـتە لـەڕۆژی (١٠-١١-٢٠١٦) کـات (١٠,٣٠)ی پێش نیوەڕۆ لە گەشتێکدا بەناو شـوێنەوارەکانی بنـاری کێوەڕەشـدا، مـن (نوسـەری ئـەم دێڕانـە) لەگـەڵ کـاك (سـەید جـەلالی شـێخ مسـتەفا)ی[٢٣] سەیداوا چووین بۆ سەیرکردنی شوێنەوارەکانی پشت گوندی سەیداوا، زۆر پاشماوەی شوێنەوارەکانمان بینی، (سەید جەلال) بۆی باسکردم، گووتی: (ئێمـە لەسـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، دەهاتینـە نـاو ئـەو شـوێنەوارانە و بەئاشـکرا دیـوار و شـوێنەوارییان مـابوو، چـەند دانەیـەك (قـوڵ)ی گـەنم تێـدا کوتـانی لەبـەرد دروسـت کـراوی پاشمـاوەی ئـەو شوێنەوارانە مابوون، خەڵکی سەیداوا بۆ بەکارهێنانی خۆیان بردیـانن، بـۆ گوندی سەیداوا، هەروەها گوتی: ئێمە زۆر لەناو شوێنەوارەکان دەگەڕاین، بـەردمان لـەزەوی دەدا کـە هەسـتمان دەکـرد ژێرەکـەی بۆشـە هـەڵمان دەکەند، چەندین تەندوورمان دۆزیەوە، بەڵام لەخۆڵەمێش زیاتر هیچم تێدا نەدیوە. هەروەها (سەید جەلال) وتی: لە ڕۆژئاوای گوندی سەیداوای کۆن،

---

[٢٣] جەلال مستەفا ئەحمەد، (سەید جەلالی شێخ مستەفا)ی سەیداوا، لە دایك بووی ١٩٥٧، خەڵکی گوندی سەیداوا، دانیشتووی ڕانیە.

لەبناری کێوەڕەش ڕێگایەك دەهاتـەخوارەوە، تـا نـاو زەویـەکان و بـەرەو ڕووباری ئاوی قولەی ڕانیە– سەیداوا، بەپانی (٢تا٣) مەتر و بەبەردی ڕێك و پێك دروست کرابوو، پێیاندەووت: (زریز)، ئەو ڕێگایـە هـەر مـابوو، نـەك هـەر لەکۆنـدا، بـەڵکو لـەو ماوەیـەی پێشـتر دا پـێش ئـەوەی (سـاڵانی هەشتاکانی سەردەی ڕابـردوو) ئـاوەدانی بکەوێتـە ناوچـەکە، ئـەو ڕێگایـە بـەتراکتۆر و ئۆتۆمبیـل هاتوچـۆی پێـدادەکرا، بـۆ نـاو زەوییـەکان و لای ڕووباری قولەی رانیە– سەیداوا دەڕۆیشت.



**وێنەی ژمارە (٣) (قول)ی گەنم کوتان لە بناری کێوەڕەش،**

**سەرچاوە: فۆتۆ نووسەر.**



**وێنەی ژمارە (٤)، شوێنەواری یەکێك لە دیوارەکانی بناری چیای کێوەڕەش.سەرچاوە: فۆتۆ نووسەر.**



**وێنەی ژمارە (٥)، شوێنەواری خانووەکانی بناری چیای کێوەڕەش.**

**سەرچاوە: فۆتۆ نووسەر.**

### لایەنی ئاینی و (بەردخەزنە) لە ڕانیە

لەمێـژووی بیروبـاوەڕی ئـاینی گـەلانی دوو ڕووبـار و دەوروبـەریان، لەسـەدەکانی بەرلـەزایین تاڕادەیـەك لـەبیروباوەڕی ئاینیـدا لەیـەك نزیـك بـوون، واتـە ئـەو نەتەوانـە هەنـدێکیان بـت پەرسـت بـوون و هەنـدێکی دیکەشیان ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە...یان، هتـد دەپەرست، لەبـەر نـەبوونی سەرچـاوەی نووسـراو لـەبارەی لێکۆڵینـەوە لـە بـواری ئـاینی نەتـەوە کۆنەکان، پشت بـەو بەڵگانـە دەبەسترێت لـە دوایـان بـەجێ مـاون، وەك: سـەنەم و مـەزار و پەرسـتگا و گـۆڕ و وێنـە و ئـامراز و ئێسـك و پروسـکی ئاژەڵان، گرنگترین شتی ئەو بیروباوەڕانەش بوونی کۆمەڵێ خواوەند بـوو، کە کاروباری گەردون و ژیانیـان لەسـەر زەوی ڕێـك دەخسـت[٢٤]. باشـووری کوردستان بەهۆی نزیکی و تێکەڵاویان لەگەڵ گەلانی میسۆپۆتامیا لەڕووی ئاینیشەوە لەیەك نزیکیان هەبووە، بەتایبەت کە ئێستا زۆر لە مێـژووناس و کۆنینەنانسـان ڕایـان وایـە سـۆمەرییەکان لەچـیاکانی کوردسـتانەوە دابەزیونەتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان[٢٥].

---

[٢٤] عەبدولخالد صابر، سۆمەریەکان: مێژوویان، شارستانیەتیان، کۆتاییان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٦٧.

[٢٥] زانایانی شوێنەوار لەسەر دیاری کردنی نیشتمانی بنەڕەت و نەژادی سۆمەریەکان ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن لە ناوچەیەکی نێوان باکووری هیندستان و ئەفغانستان و بلوجستان هاتوون و لەڕێی کەنداوی عەرەب کۆچیان کردووە، هەندێکی تر دەڵێن: لە پشتی چیای قەفقاز یاخود دەریای قەزوێنەوە هاتوون، هەندێکیش ڕایان وایە لەناوچە شاخاویەکانەوە هاتوونەتە ئەو شوێنە. ڕای هەندێك لەزانایانی شوێنەوارناس دەڵێت: ڕیشەی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی باکووری عیراق لەوانە دکتۆر فەوزی ڕەشید. (بڕوانە: عەبدولخالد صابر، سۆمەریەکان: مێژوویان، شارستانیەتیان، کۆتاییان، چاپخانەی شڤان،

سـۆمەرییەکان ئـاری سـەرەتایین و کەلـەپووریان زیـاتر بـۆ کـورد ماوەتـەوە، بەڵگـەشمان چـیرۆکەکانی بـەر ئاگردانـە هـەمان ئەفسـانە و سمبوڵی لەنێو دەبینینەوە، سەیری ئەم وێنەیە بکە چۆن مـانگ و ڕۆژ و ئەسـتێرە لەسـەرەوە وێنـەی کێشـراوە بەهـەمان شـێوە لـە ئەشـکەوتی قزقاپـان[٢٦] وێنـەی مـانگ و ڕۆژ و ئەسـتێرە دەبیـنین و کاریگەرییەکـە بەئاشکرا دیارە تا لەسەر ئیسلام و زاگرۆسیەکان.

---

سلێمانی ٢٠٠٩. ل ٢٥-٣٣.) هەندێکیش لە زانایان دەڵێن سۆمەرییەکان دانیشتوانی بنەڕەتی عیراقن و دواتر کۆچیان کردووە بۆ شوێنێکی نادیار. (بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیة...، مصدر السابق، ص ٢٠.) دکتۆر ئەحمەد سوسە پێی وایە ئەوانەی لەسەرەتا کۆچیان کردووە بۆ عیراق لەوانە سۆمەرییەکان لەپێشدا لە چیاکانی زاگرۆس و ناوەڕاستی ئێرانەوە هاتوون. وە لە زمانی لیوا وبنتهایم دەڵێت: زمانی سۆمەرییەکان کە قسەیان پێ دەکرد هەر ئەو زمانە بوو ئەو کۆمەڵەی لە ناوچە شاخاویەکانەوە گواستبوویانەوە بۆ دەشتەکانی عیراق. (بڕوانە: د. احمد سوسة، حضارة وادی الرافدین، بغداد ١٩٨٣،ص ٦٢.) هەندێك لە زاناکان گومانی ئەوەیان هەیە ئەوانە نەوەی نەتەوە بنەڕەتیەکانی تەپۆلکەنشین بوون، لەسەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە کۆچیان کردووە بۆ دەشتەکان، ئەوانی تر لەو باوەڕەدان سۆمەرییەکان لەهەزارەی چوارەمدا لەڕۆژهەڵاتەوە، لەوانەیە لە هیندستانەوە کۆچیان کردبێت بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك.( بڕوانە: دون ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.) بەڵام پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی ڕای وایەکە" ساخ بۆتەوە ئارییە هیندیەکانی هیندستان کە زمانەکەیان ناونراوە (سانسکریتی) سۆمەری بوون، لەوڵاتی سۆمەرەوە چوون بۆ هیندستان، نەك بەپێچەوانەوی ئەوەوە، ئەمە بەبەڵگەی ئارکیۆلۆجی و فیلۆلۆجیەوە تۆمار کراوە". (بڕوانە: عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥-٣٣.)

[٢٦] قزقاپان: قسن قەپان بەمانای گۆڕی بەردین + قەپان = تەرازوو = دادگاھ . وەك قسنی کاکەشێخ – قسن تایبەتە بە شێوەی سلێمانی، (بڕوانە: عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩) بەڵام تورکەکان زیرەکانە وەك ناوی زۆر شوێنی تر، ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ قزقاپان واتە: کچ ڕفێن.



وێنەی ژمارە (٦) تابلۆیەکی سۆمەریەکان، دابەش کردنی مانگ لەنێوەندی ڕۆژ و ئەستێرە لەومبەر و ئەوبەری بەراوردی بکەرەوە لەگەڵ مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی قسن قاپان. سەرچاوە: (عەبدولخالق سەرسام، گۆڕدەخمەکانی میدیاو....، ل ٣٦)

کەواتــە بەشـێك لــە فەلســەفە و بنــەمای ئایینــەکانی زاگرۆسنشــینان لەوانەش میدیاکان دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەر و ئەو ئەفسـانە و ئایینانـەی لـە هیندستانەوە ئارییـەکان ئەمـدیو ئـەو دیویـان پێـدەکرد، و فکـر و ئـاییني تایبەتیان پێ دروست دەکرد، بۆیە هەمیشە شارستانیەتی ئەم نێوەنـدەی کوردستان کەناوەڕاستی بەیەك گەیشـتنەوەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوایـە، پـڕ ئەزمونتر و پێشکەوتوتر زێـتر نزیکـە لـە واقـع، هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـورد هەمیشە ئەو بیروڕا ئایینیانە هەڵدەبژێرێ لە ڕەوشی ئاو و هەوای زاگـرۆس و وڵاتەکەی نزیکـە. وەك فەلسـەفە و ڕێنـوێنی هـەڵی بـژاردووە و بوونەتـە بەشێك لە ئایینـەکانی بـۆ نموونـە (ئـاگر) هـیچ کاتێـك لـەلای فیرعـەونی و خەڵکی بیابانیەکان پیرۆز نەبووە، بەڵکو ئـامراز و کەرەسـتەی ئـازاردان و ڕەمـزی سـزدان بـووە. سـوتاندنی جەسـتە لـەجیاتی کردەوەکـانی ڕەوان (ڕۆح) کــە لــەلای زەردەشــتیان ئــاگر پــیرۆز بــووە، جەســتەیان پــێ نەسووتاندووە، نەوەك ئاگرەکە پیس بێت، وەك چۆن ئـاو و هـەوا و خـاك پیرۆز بووە، بەڵام خاك لەلای ئاییني تـر یـان بیابانیـەکان جەسـتەی تێـدا نێـژراوە، یـان ئـاو جەسـتەی مـردووی فـڕێ دراوەتـە نـاوی، کەچـی لای زاگرۆسیەکان ئەمە ئاو پیس بوونە، بیابانیەکان خۆیان لەدەسـت گـەرمای شوێنەکەیان بێزاربوون، چۆن ئاگر دەبێتە هاوڕێیان، وەك دەبێتە هـاوڕێی ناوچەی سارد و خەڵکی چیایی و گەرموگوڕی "ئاتەشگەکانیان"[٢٧].

سەرچـاوە ئاشـوورییەکان لـەبارەی جـۆری ئـاییني هـەزارەی یەکـەمی پێش زایینەوە، چەند جار باسـی خواکـانیماننـا و خواکـانی تـر دەکـەن، بەتایبەت باسی بتەکان دەکـەن، لـەبارەی وێنـەی بتەکانـەوە، تاڕادەیـەك

[٢٧] عەبدولخالق سەرسام، گۆڕدەخمەکانی میدیا و زەردەشتیان و ڕێوڕەسمی مردووسپاردن بەشاخ، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩، ل ٣٥.

بـەهۆی پارچـە مـەفرەغ و زیویـە (لورسـتان)یەکانەوە، لەسـەر پارچـەی جۆراوجـۆر کێشـراون، لــە زیوەیــە دۆزراونەتــەوە، دەتــوانین زانیــاری وەربگرین، ڕەنگە باسە نووسـراوە (لورسـتانیەکان) جۆرە پەیوەندیـەکی لەگەڵ ئاوێستا بووبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو سەرچاوانەی ئێستا لەبەردەستن ئەوە نیشان دەدەن یاسای سەرزەمینەکانی ڕۆژئـاوای مـادی کۆن، زۆر تر لەگەڵ ئایینی هورییەکان تاڕادەیەك ئاشوورییەکان یەك جـۆر بوون[٢٨].

لەبارەی ئاینی خەڵکی هەرێمی بیتوێن لەکۆندا، خـەڵکی ئـەم ناوچـەیە عیبادەتی خواوەند (ئیلاهیە)کیان کردووە، ژن بووە، ناوی نەزانراوە، ئەم زانیارییانـە لەفەرمانگـەی شـوێنەواری عیراقـی نووسـراوە[٢٩]، کـاتی کـاری هەڵکۆڵین لە گـردی شمشـارە لەسـاڵی (١٩٥٧) لیژنەکـە چـەند خشـتێکی نووسـراویان دۆزییــەوە، لەدەقــەکانی شمشــارەدا بەڵگەنامــەی ژمــارە (SH.817) کە پارچـە خشـتێکی زەرفـە و بەشـێکی نووسـینی مـۆرێکی لوولەیی و نیگارێکی بچووکی بابلی کۆنی لەسەرە، ئەمـەیان خواوەنـدێکی ئافرەتـە (Gaddess) بەرامبـەر بەخوایـەکی دانیشـتوو وەسـتاوە، ئـەو خوایــەی دانیشــتووە داردەســت و ئەڵقــەی بەدەســتەوەیە، خواوەنــدی ئافرەتــە[٣٠]. هــەروەها لــە گــردی (باسموســیان) پەرســتگایەکی تێــدا دۆزراوەتەوە، چەندین سەردەمی بەخۆیەوە بینیووە و نوێ کراوەتەوە، لە

---

[٢٨] ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٥٠.

[٢٩] عبدالرقیب یوسف، هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی ڕانیەوە دەکاتەوە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٢١) هاوینی ٢٠٠٧، ل ٥.

[٣٠] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(بنەماڵەی سێیەمی ئور)ەوە (٢١٠٠پ.ز) تا سەردەمی بابلی و خورییەکان هەر پەرستگا بووە، خوایەکی تێدا پەرستراوە هاوشانی خوا (عەشتار)ی بابلی بووە، لە هەندێ سەرچاوەدا ئەم خوایە بە خوا (ئەدەد) ناوبراوە و خوای (باوبۆران) بووە، لەسەرچاوەیەکی تردا بەم جۆرە باسی (باسموسیان) دەکرێت: (١٦) شانزە چینی شوێنەواری هەبووە، کۆنترین پاشماوەکانی دوو پەرستگایە لە چینەکانی سێیەم و چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان ( ئاشووری کۆن ٢٠٠٠ پ.ز)[٣١]. هەروەها پانتیۆنی[٣٢] خوری کە لەژمارەیەکی گەورەی خواوەندان پێك دەهات، سالاریان و پادشای هەموو خواندانیان (تیشوپ Teśśup)ی خواوەندی باوبۆران بووە، مەڵبەندی پەرستنی لە (کوممیKumme) بووە[٣٣]، لە دامێنەکانی چیای زاگرۆس و باکووری ڕۆژئاوای (شمشارە) چەقی پەرستنی خواوەندی خوری ناسراو بە (تیشۆپ) بووە، هەروەها دۆزینەوەی دەپەیەکی لە قوڕ دروست کراو بە خەتی بزماری نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان[٣٤]. هەروەها لە (دووگردکان)یش پەستگایەکی کۆنی سەردەمی ئاشوورییەکانی تێدا دۆزراوەتەوە.

---


[٣١] محەمەدامین عارف، رانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری رانیە، ژ٤ لە ٢-٥-٢٠٠٣، ل ٢٠.

[٣٢] Pantheon = کۆمەڵەی یا ئەنجومەنی خواوەندانی نەتەوەیەك یا وڵاتێك یان شارێك. بڕوانە: کۆزاد محەمەد، کوردستانی ناوەڕاست،ل ٧٢.

[٣٣] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٧٢.


[٣٤] عومەر ئیسماعیل باوزی، گۆڤاری پشدەر، ژمارەی ٤، ل ٥٠.

یـەکێکی تـر لەپەرسـتگاکان لـەناو ڕانیـە (بەردخەزنە)یـە، مامۆسـتا عبدالرقیب لەو بارەیەوە دەڵێـت: "(بەردخەزنـە)، ڕەنگـە ئێسـتاش خـەڵك ئاشنایەتیان پێـی هـەبێت، شـوێنەکەی دەکەوتـە پشـتی ڕێگـای قولـەوە، تەنیا سێ بەردی تری لەو شێوەیە لە کوردستان هەیـە و بینیومـە، بـەلای منەوە ئەو بەردە سەکۆی (مەعبەد)ێك بووە، لە پەرستگای (زەردەشـتی) یا (میترایی)، لەکاتی خۆیـدا مـن وێنەشـم گرتـووە، لەگـەڵ ئـەوەی چـەند جارێـك بەشـارەوانیم وتبـوو، ئاگـاداری ئـەو بـەردەبن و زەوی لـە دەوری بەردەکە دابەش مەکەن، بەڵام بەداخەوە بەردەکـە شـکێنراو زەویـەکانیش ئێسـتا کـراون بـەخانوو، وە هەنـدێ کێلـی جـوان هـەبوو لـە گۆڕسـتانی (سەیداوا) ئەوانیش شکێنران"[٣٥].



**وێنەی ژمارە( ٧) تابلۆی (SH.817 ) خواوەندێکی ئافرەت بەرامبەر خوایەکی دانیشتوو وەستاوە، سەرچاوە: یورگین لیسۆ، ل ٤١**

[٣٥] عبدالرقیب یوسف، چاوپێکەوتن گۆڤاری رانیە، گۆڤاری رانبە، ژ ٢١ ل ٥.



**وێنەی ژمارە (٨)، تیشوپ خواوەندی (باوبۆران)ی خورییەکان لەسەر هەردوو لەپی پەرستراوەکانی شاخ وەستاوە تاکو بۆ خێزانەکەی (حوات) خواوەندی دایك هیمای (یازای فیا)تەواو بکات و پێك بهێنێ (هونەری حەبەشی لە ئاسیای بچوك) بروانە: د.جمال رەشید احمد، کرکوك لە چاخە کۆنەکاندا، وەرگێرانی: حەسەن جاف، ل ٣٨.**

## مەراسمی مردووناشتن و سپاردنی بەشاخ لەسەردەمانی کۆندا

بۆ ئـەوەی داب و نـەریتی دانیشـتوانی کـۆنی ئـەم ناوچـەیە لـەڕێگای شوێنەوارەکانیەوە، بەناوچەکانی ترەوە گـریێ بـدەین، دەمانـەوێ کـەمێك بەگشتی باسی مردووناشتن بکەین لە کۆندا، چونکە ئەو بابەتە پەیوەنـدی بەلایەنی ئایینی و ڕۆحیەوە هەیە، هەموو نەتەوەکانیش لە جیهـانی کۆنـدا بەشـێوەی جیـاواز مەراسـیمی مردووناشـتنیان ئەنجامـداوە، دوای ئـەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆی ڕوون بووەوە مرۆڤی سەرەتایی زۆر بەسـاکاری لە ئەشکەوتدا لەگەڵ ئاژەڵ و گیاندارانی کێوی پێکەوە ژیاوە و ڕاوشکاری کردووە، سەرەڕای ئـەوەش بیروبـاوەڕی ئـایینی و جۆرێـك لـە مەراسـیمی مردووناشتنی لەلا هەبووە، ئەمە جۆرێکە لەژیانی مرۆڤـی ئـەو سـەردەمە، بەرامبەر بە مردووی ئەنـدامانی ئـەو گرووپـەی پێکـەوە دەژیـان، ئەمـەش وەك سـەرەتایەکی ئـەرکۆلۆژی و میتۆلـۆژی، ئێمـە هـەموومان شـارەزای ئەفسانە و چیرۆکی (هابیل و قابیل)ین، لە کوشـتنی یـەکێکیان بەدەسـتی ئـەوی تریـان و بـێ ئاگـایی و نـەزانینی چـۆنیەتی ڕزگـار بـوون لـە تـەرمی براکەی، تا قەلێك قەلێك دەکوژێ لـەپێش چـاوی ئـەو خـاك هەڵدەکۆڵێ و قەلە مردووەکە دەخاتە ژێرگڵ .... ئینجا ئەویش ئەزموونی لێوەردەگرێ، براکەی بەم جۆرە دەشارێتەوە.

نەتـەوەکانی پێشـوو بـەگوێرەی هەڵکـەوتنی شـوێنەکانیان مردوویـان ناشتووە، بۆ نموونە: ئەوەی بیابانی بووە هەڵکەندنی قوم ئاسانە یەکسەر مردووی خستووەتە ژێر خاك، وەك دانیشتوانی جەزیرەی عەرەبی لـەپێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام، بـەڵام ئەوانـەی لـەنێو بـەفر دەژیـان مردوویان لە نێـو بـەفر دەشـاردەوە. یـان چـۆن شاخنشـینەکان شـاخیان بەزەحمەت پـێ دەکـۆڵرا، لەشـوێنی بلنـدیان دادەنـا، یـان هیندییـەکان و

دانیشتوانی دەم ئاو و دەریاکان مردووەکانیان دەخەستە نێو ئاو. یا وەك چۆن لەسەردەمی فیرعەنییەکاندا لەمیسر (هەڕەم)یان بۆ لاشەی پاشاکان دروست دەکرد، لە هەندێ شوێن لە کەلێنی شاخەکان دایان دەنان، یا وەك هەندێ لە هیندییەکان تائێستاش مردووەکانیان لەڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا دەسوتێنن، خۆڵەمێشەکەشیان بەسەر زەویوزاردا پەرت دەکەن... کاتی خۆشی زاگرۆسیەکان پێشی زەردەشت هەمان ڕەفتار و ڕەفتاری جیاجیایان لەگەڵ مردووەکانیان دەکرد.

زەردەشتیەکان شاخاوی بوون، بەگوێرەی شاخ و خەڵکی شاخاوی ڕەفتاریان لەگەڵ مردووانیان کردووە، مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ سروشتی دەوروبەری خۆی دەگونجێنێ، بۆیە یاسای شاخاویەك لەگەڵ یاسای بیابانیەك یان دەم ئاوێك لەیەکتر جیایە، تا دەگاتە جۆری ژیانیان، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ هەر مرۆڤە و لەیەك جیهاندا دەژی...بەڵام جیهانێکی جۆراوجۆر و جوگرافی[٣٦].

شارەزایانی دێرینەناس ڕایان وایە مرۆڤی نیاندرتاڵ کە نزیك (١٣٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر لە ئەوروپا وەدیارکەوت، و نزیك (٧٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕێی کەوتە ئاسیای ڕۆژئاوا، یەکەم جۆری مرۆڤ بوو، مردووەکانی خۆی دەناشت، ئەو بابەتە خۆی لە خۆیدا گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو کارە، ئەوە نیشان دەدا ڕەنگە ئایین گەلێکیشیان هەبووبێ، ریچارد لیکی، دەڵێ:

لەشێوازی ناشتنی مردووەکانیان نیشانە گەلێك هەیە، سەلمێنەری ئەوەیە، مرۆڤە نیاندرتاڵەکان لایەنی ڕوحانیش بۆ ژیان قایل بوون، لە

[٣٦] عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

لۆمۆستیەی فەڕەنسا، کوڕێکی مێرمندالْ لەسـەر لاشـان نێـژراوە و سـەری لەســەر باسـکی دانـراوە، بـەردێك لـەژێر سـەرێتی و تـەورێکی بـەردینی جوانیش لەنزیك دەستی دۆزراوەتەوە[٣٧].

ســـەرەتا زاگرۆسنشـــینان مردووەکانیـــان نەشـــاردۆتەوە، بـــەڵکو لەشوێنێکی بەرز یا لەسـەر بـەردەکان دایـان دەنـا، تـا مـەل و ئاژەڵـەکان بیانخۆن، تا دووبارە ببێتە بەشێك لـە جەسـتەی گیانلەبـەران، دواتـر ئـەم نەریتانەیان پشتگوێ خست، مردووەکانیان دەخستە ناو خومرە و لەسـەر چیاکان دەیان شاردنەوە[٣٨].

لەسەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پـێش زانیینـدا بـاو نـەبووە، تـەرمی مردووەکان لـە بورجەکانـدا دابنـێن، تـاکو مـەل و مـۆر بیـانخوات، گـەلێك گۆڕستانیان هـەبووە، لەهەندێکیانـدا وێنـەی مـوغ دۆزراوەتـەوە و لەسـەر بـەرد هەڵکەنـدراوە، ئەمــە ئـەوە دەسـەلمێنێ پاشـایانی مـاد و پیـاوە گـەورەکان بــەڕێزەوە نێــژراون، موغــەکان خۆیــان نــەریتی ناشــتنی مردووەکانیان دەگرتە ئەستۆی خۆیان، ئەم نەریتانەیان لەوڵاتی خۆیانەوە لەدامێنەکانی دەماوەندەوە هێنابوو، ڕەنگـە ئـەوانیش لـە کاسـپییەکان — دراوسـێکانی خۆیـان— یـان هەنـدێ لـە هۆزەکـانی ئاسـیای ناوەڕاسـتەوە وەریان گرتبێ[٣٩].

---

[٣٧] پاتریسیا د. نتسلی، چاخی بەردین، وەرگێڕانی: کامیل نەجاڕی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)، ل ٦٦.

[٣٨] شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات— هەولێر، ٢٠١١، ل ٥١.

[٣٩] ئی. م . دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨١

ئێمــە لــە ئینجیلــدا کــاتێ چــیرۆکی لەخاچــدانی حــەزرەتی مەســیح دەخوێنینــەوە، چــۆن دوای لــە خاچــدانی تەرمەکــەی دەبەنــە کونــە ئەشــکەوتێك، بــۆ بــەیانی وەك نــەریتێك (مەریــەم ئەلمەجدەلیــە)[٤٠] لەگــەڵ دەستە خوشــکێکی جــۆرە ڕۆنێــك لەگــەڵ خۆیــان دەبــەن بــۆ چــەورکردنی تــەرمی حــەزرەتی مەســیح، کــە دەچــنە لای کونــە ئەشــکەوتەکە دەبیــنن تەرمی مەسیح نــەماوە، گــەنجێك لــە شــوێنی دانیشــتووە، لێــی دەپرســن: مەسیح چی لێهات، لەوەڵامدا گەنجەکە دەڵێـت: مەسـیح هەسـتاوە و چـاك بۆوە و ڕۆیشت، ئێرەی بەجێ هێشت...هتد. لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت لەو سەردەمەدا تەرمی مردوویان لەنێو کەلێنە شـاخ یـان کونـە ئەشـکەوت داناوە، لەناو خاك نەیان شاردۆتەوە، لانی کەم لەناو گـەلانی چیانشـین[٤١]، فیرعەونییــەکانیش بەچــاولێکەری زاگرۆسنشــینان بــۆ ناشــتن و شــوێنی پاراستنی تەرمی فیرعەونەکان چیایان لە بەرد دروست دەکـرد، لەشـێوەی (هەڕەم) بەچاکترین شێوەی ئەندازیاری، بناغەیەکی پان و بەرین و پتـەو، هەتا دێت سـەرەوەی بچـوکتر دەبێتـەوە لەشـێوەی قوچـەکی، وەك چـۆن لــەلای زاگرۆزسنشــینان دەخمەیــەك[٤٢] (ئەشــکەوتە گــۆڕ) لەشــاخ دروســت

---

[٤٠] بڕوانە ئینجیل– مریەم ئافرەتێکی لە کۆمەڵ دابڕاو بوو پێوەندی لەگەڵ مریەمی دایکی مەسیحەوە نیە.(عەبدولخال سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ١٠)

[٤١] عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ١٠.

[٤٢] دەخمە: بەزمان و هزری زەردەشتیان بەمانای "دادگاه" دێت، بەمانای شوێنی دادگایی کردنی مرۆڤ، لەدوای کۆتایی هاتنی بەژیان و ئەو کردەوە چاك و خراپانەی کردوویەتی، لەهیندستان پێی دەڵێن: دەخمو( Dakhmo) لەسەرچاوە ئەوروپیەکاندا پێی دەڵێن: (tower of silence) بەمانای بورجی بێدەنگی یا تاوەری بێدەنگی یان تەپۆلکەی یان

دەكرا، بۆ ناشتنی تەرمی ناوداران و دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی زەردەشتی، كەواتە هونەرەكە (نەریتەكە) لێرەوە بەرەو میسر ڕۆیشتووە. بەڵام لە زاگرۆس چیا هەبووە و دەخمە دروست كردن ئاسانترە، نەك چیا دروست كردن بۆ دەخمە، وەك لە میسر، هەمان شاخ دروست كردن بۆ دانانی تەرم لەناویدا، بەهەمان شێوە و كتومت لە نەریتی زاگرۆسیەكان وەریان گرتووە، ئەم نەریتە لەوە ناچێ لای ئەوان باو بووبێ، چونكە لەبیابان تەرمیان لەژێرخاك دەشاردەوە، بەڵام لەلای زاگرۆسیان خاك پیرۆز بووە، وەكو ئاگر و ئاو و هەوا، هەر بۆیە تەرمیان تێدا نەشاردۆتەوە، چونكە ئەمە خاك پیس بوونە، یان وەك هەندێ ناوچە تەرمیان بەئاگر نەسووتاندووە، ئاگر پیس بكات[٤٣] نەیاندەویست ئەو خاكە پاكە بەلاشەی مردوو پیس بكەن، بەڕای ئەوان بەرد پیس نابێت، وەك لە (ویدودات VI) لە لاشەی مردوو بەهۆی بەردەكانەوە باسی دەكات[٤٤]. دەخمە دروست كردن لەچیای سروشتی، كە میسرییەكان لەم چیایانە بێ بەش بوون، بەچاولێكەری زاگرۆسیان و پێدەشتەكانیان دەكرد، ئەویش بەهەرەم دروست كردن بۆ تەرمی پاشا لە جیاتی چیا[٤٥].

لەسەردەمی مادەكاندا بۆ پاراستنی تەرمی پاشاكان و دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی لە شێوەی ئەشكەوت گۆڕیان لەچیا هەڵدەكۆڵی، وەك: ئەشكەوتەگۆڕی قزقاپان و دوكانداود و فەخرەقا و زۆری تر، توێژەران

---

بڵندایی بێدەنگەكان، بەواتای دێی خامۆشان، دهی + خاموشان دەه +خم. (عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠)

[٤٣] عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

[٤٤] ئی. م. دیانۆكۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤١.

[٤٥] عەبدولخالق سەرسام ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

ئـــەم ئەشـــکەوتەگۆڕانە بـــەهی ســـەردەمی مادەکـــان دەزانـــن، ئـــەو ئەشـــکەوتەگۆڕانەی ئـــەم جـــۆرە تاقانـــەیان تێدایـــە کـــەمترن و هـــەتا شوێنەوارناســـەکانیش دەڵـــێن: لـــەپێش دەورانـــی (مـــاد)دا ئـــەم ئەشـــکەوتەگۆڕانە نـــەبوون، واتـــە: یەکـــەم جـــار مادەکـــان لەچـــیاکان هەڵیانکەنـدوون و دروسـتیان کـردوون، (دیـاکۆنۆڤ) دەڵێـت: "مادەکـان ئەشـکەوتەگۆڕی، وەکـو هـی (قزقاپـان) و (دوکـان داود) و هـی دیکـەیان لەتەرزی بیناسازی خانووەکانی (لولو و گوتی)، واتە دانیشتووە کۆنەکانی کوردســتان وەرگرتــووە، هــەروەها دەڵێــت: ئــەم ئەشــکەوتە گۆڕانــە لەناوچەکانی کوردستان زۆرترن"[٤٦].

گۆڕدەخمەی میدی لە هـەڕەمێکی ئامـادەکراوی سروشـتی، کـە چـیایە دروسـت دەکـرا، هەمیشـە کـورد پاڵپشـتی چـیا بـووە، چـیا و بڵنـدایی پـارێزەرێکی میهرەبـانی کـورد بـووە، هەمیشـە لای پـیرۆز بـووە، بـۆ سەردەمێکیش ئاسمانی پەرستووە، ئێستاش لای کورد بڵندایی و ئاسمـان پیرۆزە و سوێندی پێدەخورێ، ئێستاش کورد سوێند بـەئاسمان دەخـوات دەڵێـت: بـەو ئاسمانـەی، لـەکاتی دوعاکردنـدا سـەربەرزدەکرێتەوە کـە عەرشی خوایە "ئەگەرچی خوا لەهەموو شوێنێکە و جێگا و مـەکانی نیـە" کەواتە ئاسمان جێگای بروسکە و هەورە تریشقەی ترسناکە، جێگای باران و "ڤارونە" بژێوی و خواردەمەنی و بەرهـەمی کشـتوکاڵیە، جێگـای ڕۆژ و

---

[٤٦] ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٨٥.

گەرمایە، جێگای بەفر و گەرما و سەرما و مانگ و ئەستێرەیە خوا شەوان بۆ مرۆڤی ڕازاندۆتەوە[٤٧].

لەوە دەچێ تازەترین گۆڕستانی بەردین گۆڕستانی (دووکان داود) بێ، لەڕێگای نێوان هەمەدان و بابل، دوو گۆڕستانی (قزقاپان) و (کور و کچ) لە کەناری ئاوایی (سورداش) لەنزیك سلێمانی، بێ گومان هی پاشایانە و دەبێ لە دوای دەسەڵاتی ئاشوورییانەوە (٦١٢پ.ز) بووبێ، چونکە هەردووکیان کەوتوونەتە ناوچەی سەرزەمینی پێشووی ئاشووری، وەکو وتراوە (قزقاپان) گۆڕی (کیاکسار) و (دوکان داود) گۆڕی (ئەستیاك) بێت.

(قزقاپان) گۆڕێکە بریتیە لە خانوویەك بنمیچێکی فراوانی هەیە و چەند ستوونێکی تێدا نەخشکراوە، بنمیچەکەی وەکو داری دارەڕا لەبەردەکە هەڵکەندراوە و لەنێوان ئەستوونەکاندا وێنەی خواکان هەڵکەندراوە، بەم جۆرە نووسینێکی بازنەیی لەگەڵ پەیکەرێکی چوارباڵ و نووسینێکی بازنەیی تر، کە پەیکەری ئادەمیزادێکی لەسەر نەخش کراوە و تاقێکی چەماوەی لەژێردا دروست کراوە، پارچە بازنەیەکی تر ئەستێرەیەکی بەسەرەوە نەخشکراوە، ڕواڵەتی دوایی لەڕۆژهەڵاتی کۆندا بەپێی نەریتی تایبەتی ئەستێرەی زوهرەیە و ئەمە لەوەناچێ ڕواڵەتی (ئەناهیتا) بوو بێت، دوو تاکەی تر بەمانای ڕۆژ و مانگ یان بەبیرورای (هرتسفلد) (ئاهورامەزدا و میترایە)[٤٨].

---

[٤٧] عەبدولخالق سەرسام ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

[٤٨] ئی. م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٥

قزقاپان دەکەوێتە نزیك گوندی زەرزی ناوچەی چەمی ڕێزان، شوێنی گۆڕە هەڵکەندراوەکە لەبڵندی (١٠) مەتر بە بەرزایی شاخێکەوە دروست کراوە، بەرهەیوانێکی گەورەی هەیە، بەبەرزی چوار مەتر، لە هەیوانەکەشدا دوو ستوون هەیە، لەلای چەپ و ڕاستی دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ لای گۆڕەکان بەشاخەکەوە هەڵکەندراون و بەچەند نەخشێك ڕازێنراونەتەوە، لەبنمیچی هەیوانەکەشدا سێ نیرگە بەدرێژی یەك مەتر لەسەر هەر یەك لە دوو ستونەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەرەو لای پێشەوە بەشاخەکەوە دروست کراون، لەگەڵ داتاشینی پێنج دار، وەك دارەڕا بۆ لای چەپ و ڕاستی هەیوانەکە.

لەسەرووی لای ڕاستی ستوونەکان وێنەی خۆرێك دروست کراوە کە هێمایەك بووە بۆ پەرستن لەو کاتەدا، لەسەرووی لای چەپی ستوونەکانیشەوە پەیکەری چوار باڵ نەخش کراوە، لەسەر شێوەی (فروهەر)[49]ی ئایینی زەردەشتی، بەڵگەی سەرهەڵدانی سەرەتای زەردەشتیەتە لە کوردستان، لە خوارەوە لە قۆناغی دووەمی وێنەکە دووباڵی هەیە باڵی ئاهورایی. دەرگای ئەشکەوتەگۆڕی قزقاپان، وەك زۆربەی دەرگای گۆڕەبەردینەکان نەوین، بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بچەمێنێتەوە لە کاتی چوونە ژوورەوەدا، وەك ڕێزێك بۆ مردووەکان[50]. لەسەروو دەرگای چوونە ژوورەوەش بۆ ناو مەزارەکە، وێنەی دوو

---

[49] فروهەر: هێزی خواییە، بەزمانی پەهلەوی (Fravahr) فروهەر مەشخەڵێکە دەوری خۆی ڕۆشن دەکاتەوە، ڕێنوێنی ڕەوان دەکات لە ژیاندا، لە کتێبی "مزد یەسنا" فروهەر وەك پیرێکی نوورانی خۆی نیشان دەدات، خاوەنی دوو باڵە لەنێو حەڵەی حاڵ گەڕاندایە، جەستەی ئەو پیرەمێردە باڵەکانی سێ چینە، بەواتای بیری چاك و وتەی چاك و کردەوەی چاك.(عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ٦٩)

[50] عەبدولخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١– ١٠٤


ئـادەمیزاد، بـێ گومـان ئەمـە هـی پاشـایانە، بـە بـەرزی (١٢٥سـم) هەڵکەندراوە، بەشێوەیەك هی لای ڕاست دەستی ڕاستی خستووەتە سـەر شوێنێکی پیرۆز، کەلەسەر مینبـەرێکی تایبـەت بـۆ سـوێندخواردن ئامـادە کراوە، بەدەستی چەپیشی تیروکەوانەکەی گرتووە، ئـەوەی لای چـەپیش دەسـتی ڕاسـتی خسـتووەتە سـەر شـوێنە پیرۆزەکـە، بەمەبەسـتی سـوێندخواردن، بەدەسـتەکەی تریشـی تیروکەوانەکـەی گرتـووە، بـەلای سەرەوەی وێنە هەڵکەندراوەکە بەرامبەر بەپەرستگای ئاگرە، کاهن لـەلای چەپەوە وەستاوە و بەجل و بەرگی تایبەتی موغەکانی لەبەردایـە، بەسـەر جلوبەرگەکـەدا بەدەسـتووری مـادی ڕۆژهـەڵات جبەیـەکی کردۆتەبـەر و قۆڵـەکانی بـەخاڵی لێـك هـەڵپێکاوە، جلوبـەرگی پاشـا کەلـەلای ڕاسـتەوە وەسـتاوە، وەکـو جلوبـەرگی موغەکـە ئاشـکرا نیـە، هـەردوو کەسـەکە (کـەمان) کەنیشـانەی سـەرکەوتنە بەدەسـتیانەوەیە[٥١]. جگەلـەوەش لەنەخشی ئەو پاشایەدا دەردەکەوێت ڕیشی چنراوە، هـەر بۆیـە دەتـوانین لـەوە دڵنیـابین کەپاشـای مادەکانـە، لەسـەرووی ئەوانیشـەوە لـەناو بازنەیەکدا وێنەی پاشایەکی تر دروست کـراوە، مەشـخەڵێکی بەدەسـتەوە گرتووە.

ئەو مەزارگایە لە هەیوانەکەوە یەك دەرگای هەیە بـۆ چـوونە ژوورەوە، لەناوەوە لەسێ ژوو پێکهاتووە کە دەرگای تایبەتیان بـۆ دروسـت کـراوە، درێژی هەر ژوورێك (٣) مەتر و پـانی (٥، ٢م) دەبێـت، لەناوەڕاسـتی هـەر ژوورێکدا گۆڕێك هەڵکەندراوە، گۆڕەکان لەباڵای مرۆڤی ئاسایی بچووکترن، پێدەچێت مردووەکان بەچەمانەوە و لەسەر تەنیشت نێژرابن، لەناوەوەش

---

[٥١] ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٨٥.

شوێنی داخستنی دەرگای دەرەوەی گۆڕەکان بەشاخەکەوە هەڵکۆڵدراوە، بۆ پارێزگاری کردن لەتەرمی ناو گۆڕەکان، بەڵام لە ئێستادا گۆڕەکان بەتاڵن و هیچیان تێدا نیە و نازانرێت لەچ کات و سەردەمێك و لەلایەن کێوە دەرهێنراون و دزراون[٥٢]. پێشچاوخستنی هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوێت (ئەشکەوتی گۆڕەقوڵەی سەیداوا) نزیك ڕانیە، پێدەچێت ئەویش یەکێك بێت لەو گۆڕە بەردینانەی لەو سەردەمەدا باو بووە، مردووەکانیان لە ئەشکەوت و کەلێنە شاخدا بنێژن، بەهیوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو ئەمەمان باشتر بۆ ڕوون بکاتەوە.



**وێنەی ژمارە (٩) ئەشکەوت وگۆڕی قزقاپان، وێنەی دوو پاشا لەسەر مینەبەر.**

---

[٥٢] عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٨٠– ٨١.




**وێنەی ژمارە (١٠)، ئەشکەوتی قزقاپان، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیژەی بۆ کراوە.**



**وێنەی ژمارە (١١) وێنەی دروشمێك لە ئەشکەوتی قزقاپان.**



**وێنەی ژمارە(١٢) پەیکەری چوار باڵ نەخش کراوە، لەسەر شێوەی (فروهەر) ئەشکەوتی قزقاپان.**

## ئەشكەوتی (گۆڕەقوڵە)ی سەیداوا

بەپێی پاشماوە کۆنەکان، مرۆڤ لەسەردەمانی ڕابردوودا مردووەکانیان لە ئەشکەوت و لە ناو گۆزەدا دەناشتن، بۆ پاراستن و مانەوەی لاشەیان بۆ ماوەیەکی زۆر، سەرەڕای ئەوەش لە هەندێك سەردەم یا شوێن، کەلوپەلی تایبەت بەمردووەکەیان لەگەڵ مردووەکەدا خستۆتە گۆڕەوە، دانانی لەتە گۆزەی سێگۆشەیی لەسەر گۆڕی مردووەکانی ئەشکەوتی (گۆڕەقوڵە)ی پشت دێی (سەیداوا)ی ڕۆژهەلاتی ڕانیە، کە لەسەردەمانی ڕابردوودا شارێکی کۆن بووە، جۆرێکە لە ڕێکخستنی گۆڕەکەیان بەشێوەی (جەمەلۆن)ی هەر بۆ ئەم مەبەستە بووبێ، مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) دەڵێت: "لەساڵی (١٩٩٠) ئەم گۆڕە بە کۆمەڵەم دی. ئەم گۆڕستانە بریتییە لە ئەشکەوتێکی وەك بیری تیرە (٢) مەتری لە پشت ئەشکەوتێکی دیکە، دەمی ئەشکەوتی یەکەم تیرەکەی (٨٠ سم)ە و لە کونێکەوە بەرەو خوار دەچێ بۆ ئەشکەوتێکی بچوك، فراوانی نزیکەی (٥، ١م)ە و لەوێشەوە کونێك هەیە، بۆ ئەشکەوتێکی دیکەی وەك بیر، ئێستا (٥م) قوڵە و ئەو بەشەی دەستکاری نەکراوە و ماوەتەوە و قوڵ تریشە، مردوو لێرەدا یەك لەسەر یەکە، واتە گۆڕێك لەسەر گۆڕێکی دیکە کراوە و مردوو(جنازە)کان تەواو نین، بەڵکو کۆمەڵە ئێسقانێکی بێ سەرن و تەنیا یەك سەر مابووەوە". مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) لەو بارەیەوە چاوی بەهاوولاتیەك کەوتووە، دەڵێت: "کاك (عبدالخالق محەمەد شەریفی ڕانیەیی) گوتی: بەشوێن گەنجینەدا گەڕاوە هەندێك لەو گۆڕانەی هەڵکۆڵی بوو، چەند قاپێکی گۆزەی بچوکی تێدا دۆزیەوە، وێنەی یەکێکیانم گرت، هەر خۆی ئەم گۆڕستانەی پیشاندام، ڕاپۆرتێکم لەو بارەیەوە نووسیوە، بۆ دەزگای ڕۆشنبیری شوێنەوار و دوو جاریش هێندێك لە ئێسکەکانی

مردووەکـانم نـاردووە بـۆ ئـەمریکا و ئـەڵمانیا تـا لـە شـیکاری (مختـبر)دا بزانرێت هی چ سەردەمێکن، بەڵام وەڵامێکم وەرنەگرتووە"[٥٣].

دەگـونجێ ئەشـکەوتی (گۆڕەقوڵـەی) سـەیداوا یـەکێك بووبێـت لـە گۆڕدەخمـەکانی سـەردەمی زەردەشـتایەتی دەڤـەری بیتـوێن، وەك عەبـدولخالق سەرسـام لـە بابـەت گۆڕدەخمـەکان دەڵێـت:" جۆرێـك لـەو گۆڕدەخمانـەیان لەسـەر کێـوێکی بڵنـد لـە ناوچـەکەیان بنیـات نـاوە، لەناوەڕاسـتدا جێگـای "سـتودەدان" ئێسـکدان هەیـە، دەخمـە کۆنـەکانی میللی و سەردەمی ساسانیان لەسـەر شـاخێکی گونجـاو و بـەرز یـان قـەد شاخێکی "تەختەشـاخ" دروسـت کـراون، هـەموو مردووەکـان بەیەکسـانی دانراون، جۆگەی ناوەڕۆك و شوێنی پیـاوان و ئـافرەت و منـداڵ بەئاشـکرا دیارە، بەگوێرەی بەژن و باڵا دیاری کراوە و ماوە، وەك دەخمـەی (بلـەی بارزان) یان دەخمەی (ڕۆژئاوای ورمێ) یان (درەلێـر). جۆگـا لـەدەرەوەی گۆڕدەخمـە هەڵدەبەسـترا شـوێنی جۆگاکـە لـە شـاخەکە نـزمتر دەبـوو، بەماوەی بسـتێك و هـەموو جۆگاکـانیش دەچـوونەوە نێـو "گۆڕدەخمـە"، هیچ کاتێك ئاوەکە لەسەر نزمایی دەخمەکە نەدەڕژا، یان وای لێ نەدەهات پڕ بێتەوە، ئاوەڕۆکـە دەچـووە نێـو گۆڕدەخمـە شـاخاویەکە نـەك بچـێتە دەرەوە ئـاو و خـاك و ئـاگر پـیس بکـات، ئـەم تەختـە شـاخە یـان ئـەم دەخمەیە سەرەتای دادگایی کردنی مردووە لەلای زەردەشتیان"[٥٤].

وەك دەزانین لە کۆندا باوەڕیان وابووە، کەهێندە حەزیان لە ژیان و لە کەرەستەکانی بووە، خزم و کەسیان دەسـتبەرداری ژیـان نـەبوون و قـەت

---

[٥٣] عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لەشاخی سورێن، بەیارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپ کراوە، ١٩٩٤. ل ٢٥.

[٥٤] عەبدواخالق سەرسام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی مردوو هەتاهەتایە زینـدوو نەبێتـەوە، بـەڵکو بڕوایان بەجۆرێك زیندووبوونەوە هەبووە، یـان نیـوە زیندووبوونـەوە، وەك (تەناسخ) و (دوونادوون) کراس گۆڕین، بەبێ ئەوەی ئاینێك لە ئاسمانەوە ئەمەیان پێ ڕابگەیەنێ، بۆیـە هەمیشـە بیروڕاکـان ناوچـەیی بـوون و دوور بوون لەیـەك جـۆر و ئاسـتی بیرکردنـەوە، ئەمـەش لـە لاسـایی کردنـەوەی سروشــتەوە هــاتووە، بەتایبــەتی ژیــانی ڕووەك و گیــا و گــوڵ و دار و دارستان، چۆن هەموو ساڵێك لەسەر ڕەگی خۆیان زیندوودەبنەوە، ئـاواش لەسەر ئـەم بنەمایـە ڕاکانیـان بەرامبـەر بـە زیندووبوونـەوە بنیـات نـاوە و ڕێکخســتووە، هــەر بۆیــە لەهەنــدێ ســەردەماندا ئەگــەر مردووەکــە دەســەڵاتدار دەبــوو، وەك پاشــا و مــەلیك و خواوەنــد، خــواردن و کەرەســتەکانیان لەگــەڵ دادەنــان بــۆ ئــەوەی لــەکاتی زیندووبوونــەوە بــەکاریبهێنن. ئەمــە لــەپاشماوەی ســۆمەری و فیرعەونییــەکان بــەدی دەکرێ[٥٥]، زانای دێرینەناس ریچارد لیکی، دەڵێ:

مرۆڤی نیاندرتاڵ لەشێوازی ناشـتنی مردووەکانیـان کەلـە لۆمۆسـتیەی فەڕەنسا دۆزراوەتەوە، کوڕێکی مێرمنداڵ لەسەر لاشان نێژراوە و سـەری لەسـەر باسـکی دانـراوە، تـەورێکی بـەردینی جـوانیش لـە نزیـك دەسـتی دۆزراوەتەوە و دەوروبەری پڕە لە ئێسکی گیاندارانی دڕ و گۆشـتخۆر، زۆر بەئاسانی دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە، ئەو شتانەیان خستۆتە نێو گـۆڕی ئەو کوڕەوە، بۆ ئـەوەی لـە پێـوانی ڕێگـای پـاش مـەرگ یارمـەتی بـدەن. هەروەها باس لە شێوازی ناشتنی چەند نیاندرتاڵێکی تریش دەکـات، یـەك

---

[٥٥] عەبدولخالق سەرسام، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤

لەوان کەلەناو گۆڕدا " لەناو کۆمەڵێك وردکە گیـادا بۆتـە بەردینـە، نیشـان دەدا، ئەو گوڵانەی لە دەوروبەری گۆڕەکە دانراون، گۆڕێکی ڕەنگا و ڕەنگ بە ڕەنگی سپی و زەرد و شینیان دروست کـرد بـوو، ئـەوەی ئـەو گیایانـە گیای دەرمانی بـوون، شـیمانەی ئـەوە دێنێتـە گـۆڕێ ئـەو کەسـە پزیشـك بووبێت، ئەو گیایانەی لە پزیشکی بەکار هێنابێ"[٥٦].


هـەر بـەم پێودانگـەش لـە نـەریتی دانیشـتووانی (هـەرێمی بیتـوێن)دا هەبووە، لەکاتی کنە و پشـکنینی گـردی (شمشـارە)ی (هـەرێمی بیتـوێن) لەلایەن ڕێکخراوی (هۆڵەندی) بۆ توێژینەوەی زانستی[٥٧]، لە سـاڵی (٢٠١٢) لە چاڵی ژمارە(٥) گۆڕێك دۆزرایەوە، پاش هەڵدانەوە و خـاوێن کردنـەوەی چەندین کەلوپەل دۆزرایـەوە، کـە سـێ مـورووی جـۆری ڕەنـگ سـپی بـوو، لەگـەڵ قـاوغی جـۆرە ئـاژەڵێکی دەریـایی، کـونی تێکرابـوو بەمەبەسـتی جوانکاری بەکارهاتووە، بەردێکی درێژ بەدەست چاك کرابـوو، لەگـەڵ دوو ئەنگوستیلە دۆزرایەوە، دواتر گۆڕێکی تر دۆزرایەوە، کە منداڵێك بوو لەناو گۆزەیەکـدا نێـژرا بـوو بـە ئاراسـتەی ڕۆژهـەڵات، دوای پـاك کردنـەوە و دەرهێنانی ئێسکەکانی منداڵەکە دەرکەوت ملوانکەیەکی لەملـدا بـووە، لـە چـوار دەوری گۆڕەکـەش چـەندین مـوورو کەرەسـتەی جوانکـاری هـەبوو، دوای بەردەوام بوون لەبەشی باکووری دوو جەڕەی گەورە کە دۆزابوونەوە لەچینی هەشتەم لە گۆڕی سێیەم مرۆڤێکی باڵغ بوو دۆزرایەوە، کـە لـەلای سـەرییەوە لـەنێوان دوو جـەڕە گەورەکـە تـابلێتێکی مێخـی بەشـکاوی

---

[٥٦] پاتریسیا د. نتسلی، چاخی بەردین، وەرگێڕانی: کامیل نەجاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات (هەولێر)، ل ٦٦.

[٥٧] کنە و پشکنینی شمارە لەلایەن ڕێکخراوی (هۆڵەندی) بۆ توێژینەوەی زانستی زانکۆی (Leiden, Leipzig) و پەیمانگای هۆڵەندی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك (NINO).

دۆزرایەوە، هەندێ بەشی دیار نەماوە، وا دەردەکەوێت ئەم تابلێتە بەڕێکەوت لەم شوێنە دانرابێت، چونکە جیاوازی مێژوویی هەیە لەنێوان تابلێتەکە و ئەو شوێنەی لێی دۆزراوەتەوە[٥٨]. ئەمانە و کۆمەڵێك سامانی نەدۆزراوەی شوێنەواری لە ناوچەی بیتوێن هەیە، خۆم ئەشکەوتی گۆڕە قوڵەی سەیداوام نەبینیوە، کەمێکیش هەوڵمدا خەڵکی شارەزام دەستنەکەوت، بەهەر حاڵ ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزە، بەهیواین لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردیان لەسەر بکرێت و ئەنجامی ڕوون و ئاشکرا لەسەر مێژووی نەتەوەکەمان بەدەستەوە بدەن.




**وێنەی ژمارە (١٣)، دەرکەوتنی گۆڕێك لە شمشارە، بەئاراستەی ڕۆژهەڵات نێژراوە، لەلایەن ڕێکخراوی (هۆڵەندی)و پەیمانگای هۆڵەندی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك (NINO) لە وەرزی هەڵکۆڵینی ساڵی ٢٠١٢، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن هەمزە، ل ٥١.**

---

[٥٨] شێرزاد حەسەن هەمزە، وەرزەکانی هەڵکۆڵینی گردی شمشارە لە (٢٠١٢-٢٠١٣) توێژینەوەیەکی (مەیدانی- دیکۆمێنتاری- زمانەوانی) وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەشوێنەواری کۆن- پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین دەکراوە، ساڵی ٢٠١٤، بەسەرپەرشتی: م. ئەردەڵان عوسمان حسن، ل ٢٤، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوە.

## قەلاتی بناری کێوەڕەش، نزیك گوندی سەیداوا

هـەموو بەڵگـە شـوێنەوارییەکانی هـەرێمی بیتـوێن، ئامـاژەی ئـەوەن لەپێش فێربوونی کشتوکاڵیش مرۆڤ لەم دەڤەرە ژیاوە، بەتایبەت لە بناری شـاخی کێـوەڕەش، پاشمـاوەی شـوێنەواری کـۆن زۆر هەیـە، لەوانـە: ئەشــکەوتی (کونــە ســپیلکی)، ئەشــکەوتی (یــەك ســتوون)، بناغــە بەردینەکانی دامێنی چیای کێـوەڕەش گـەواهی ئـەوە دەدەن، مـرۆڤ هـەر لەزۆر کۆنەوە لەم ناوچەیەدا ژیاوە، لەم بارەیەوە شوێنەوارناسی گەورەی عێراق (تەها باقر) لـە کتێبەکەیـدا ( المرشـد الی مـوطن الاثـار و الحضـارة) ئاماژە دەکات، دەڵێت: "بەرامبەر بە ڕانیە زنجیرە چیایەك درێژ دەبێتەوە بەچـــیای (کێـــوەڕەش) ناســـراوە، چـــەند کۆنـــە ئەشـــکەوتێکی تیـــا دەردەکەوێت، لەوانەیە لە چاخەکانی پێش مێـژوو مرۆڤـی تێـدا ژیابێـت." هەروەها لە درێـژەی باسـەکەدا دەڵێـت: "لـەنزیك ڕانیـەی ئێسـتا هـەزاران ساڵ لەمەوبەر شار و ئاوەدانی سـەری هەڵـداوە و خـەڵك تێیـدا نیشـتەجێ بوو." [59].

لەپرۆسەی نیشـتەجێ بوونیـدا، مـرۆڤ چـەندین شـار و قـەڵا و قـەڵاتی دروسـت کـردووە، یـەکێك لەوانـە قـەڵاتی بنـاری کێوەڕەشـە، ئـەو قەڵاتـە بـەبناری کێوەڕەشـەوە بـووە، هەنـدێك لـە شـوێنەوارەکەی کەتۆتـە ژێـر جادەی گشتی ڕانیە– قەڵادزێ و شـوێنی شـەتلگەی دارسـتان (دارسـتانی شازاد صائب) لەنزیك گوندی سەیداوا، بـەڵام هەشـتا سـاڵێك پـێش ئێسـتا شـوێنەوارەکانی زۆر بـاش دیـار بـووون، شـوێنی قەڵاتەکـە ئێسـتاش هـەر پێیـدەوترێ: (قـۆڵتی قـەڵات)، هـەتا نزیـك سـاڵانی حـەفتاکانی سـەدەی

[59] خالید وەلی عەلی، قەلاتی رانیە لە ئاوێنەی میژوودا.گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل١٩.

ڕابــردوو دیوارەکــانی بەباشــی دیــاربوون، دواتــر بــە (شــۆفڵ و بلــدۆزەر) هەنــدێکی وێــران بــووە، بــەڵام ئێســتاش هەســتی پــێ دەکــرێ و لــە هــەر کەسێکی شارەزای ناوچەکە بپرسی (قۆڵتی قەڵات) شوێنەکەی ناسراوە[٦٠]، (سەیدجەلال شێخ مستەفا)ی سەیداوا وتی: (شوێنەواری قەڵات زۆر جـوان دیار بوو، هەتا حەفتاکانی سەدەی ڕابـردوو بە(شـوفڵ) تێکـدرا)[٦١]، دیـارە لەپێشدا ئاوەدانییەکە هەمووی بەبناری کێوەڕەشەوە بـووە، نزیـك قـەڵات ئاوەدانی زۆر بـووە، پاشمـاوەی بناغـەی خانووەکـان ئـەوە دەسـەلمێنن، دیارە قەڵات شـوێن و ناوەنـدی فـەرمانڕەوای ناوچـەکە بـووە، تائێسـتاش پاشماوەی شوێنەواری چەندین بناغەی بـەردینی دیـواری خـانوو بـەبناری چیای کێوەڕەشەوە دیارە، کاتی خـۆی بەبـەردی گـەورە گـەورە دروسـت کراوە و مانەوەی تائێستا گەواهی ئـەوە دەدەن، ئـەم ناوچـەیە ئـاوەدانی زۆری لێ بووە، ئاوی خواردنـەوە و مـەڕوماڵات و پێویسـتیەکانی لـە ئـاوی قولەوە بۆ دابین کراوە[٦٢]. دووریش نیە لەم شوێنە کانی و سەرچاوەی ئاو هــەبووبێت، چــونکە (ســەید جــەلال شــێخ مســتەفا) وتــی: بــاوکی بــۆی گێڕاوەتەوە شوێنەواری کۆنە ئاشێکی لە بناری چیای کێوەڕەش بینیوە.

زیندانێك لەنزیك (قـۆڵتی قـەڵات) هەیـە، (برایمـی حەمـەجانی) خـەڵکی گوندی (سەیداوا) دەڵێت: "ئێمە لە (سەیداوا) بووین، سـاڵانی شەسـتەکان ئاژەڵدار بووین، بزنەگەلمان هـەبوو، ڕۆژێـك بزنـەکانم دەلەوەڕانـد، لـەنزیك

---

[٦٠] حاجی غەفوور باویلی، قەڵاتگای بناری کێوەڕەش، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، زستانی ٢٠٠٨، ل ١٩.

[٦١] جەلال مستەفا ئەحمەد، لە دایك بووی ١٩٥٧، خەڵکی گوندی سەیداوا دانیشتووی ڕانیە، لە گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە شوێنەوارەکانیان بەسەر کردەوە.

[٦٢] حاجی غەفوور باویلی، قەڵاتگای بناری کێوەڕەش، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

(قۆڵتی قەڵات) لەنێوان دوو بەرد کونێك دیاربوو، بەردم تێدەهاویشت زۆر قولڵ بوو، لەگەڵ چەند کەسێك بەردەکانی سەر کونەکەمان لادا، ژێر زەمینێك دەرکەوت، هەمووی بەدیواری بەردی جوان هەڵچنرابوو، وتیان: ئەوە (زیندانی قەڵاتە)، زۆر لە خانوو قولڵ تر بوو." پێدەچێت قەڵاتی ڕانیە وەك قەڵاتێکی پارێزگاری ئەو قەلاتە بووە[٦٣].

## ئەشکەوتی کونە سپیلکی

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەربارەی شوێنەوارەکانی بناری کێوەڕەش لە سەیداوا، ڕۆژی (١٠-١١-٢٠١٦) کات (١٠,٥)ی پێش نیوەڕۆ، لە گەشتێك بەناو شوێنەوارەکانی بناری کێوەڕەشدا، لەگەڵ کاك (سەیدجەلالی شێخ مستەفا)ی سەیداوا چووین بۆ سەیرکردنی شوێنەوارەکان، سەرەتا چووین بۆ سەیرکردنی ئەشکەوتی (کونەسپیلکی) ئەشکەوتەکە لە دامێنی چیای کێوەڕەش و لەپشت ماڵەکانی گوندی سەیداوا، لە نێوان گوندی (سەیداوا) و (کونەسێ) هەڵکەوتووە، ڕووی بەرەو ڕانیەیە، لەبەردەمی ئەشکەوتەکە بەردێك هەیە، دەڵێن: نەخشێك و (١٠) چاڵ لەسەر پشی ئەو بەردە هەیە، بەڵام بەهۆی بوونی پاشماوەی سووتانی پێچکە(تایە)ی ئۆتۆمبیل، لەسەر بەردەکە و سوتاندنی لەلایەن خەڵك نەمانتوانی زانیاری ورد لەسەر ئەو شوێنەوارە وەربگرین، ئەشکەوتەکە لەناوەوە ڕێکخراوە و لەسەرپشتی لەناوەڕاستی ئەشکەوتەکە کونێکی بازنەیی تیرەکەی (٣٠سم) دەبێت، لەپشتی ئەشکەوتەکە دەرەودیو کراوە، پێدەچێت کاتی خۆی بۆ چوونە دەرەوەی

[٦٣] حاجی غەفوور باویلی، ناوی ڕانیە، گۆڤاری شمشارە ژ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥- ١٧.

دوکەڵ دروست کرابێت، لەسەر پشتی ئەشکەوتەکە چەند چاڵی بچووك هەڵکەنراوە،  لەگەڵ کێشانی دوو خەت لەپشتی ئەشکەوتەکە، یەکێکیان خەتێکی کەوانەیی (قەوس) لەسەر دەرگای ئەشکەوتەکە، بۆ ئەوەی کاتی باران بارین ئاوی سەر پشتی ئەشکەوتەکە نەیەتەوە ناو دەرگاکەی، ئەشکەوتەکە لای باکووری ڕۆژئاوای دەرگاکەی ڕووخاوە، سەید جەلال گووتی: (ئێمە لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێك منداڵ بووین، دەهاتین بۆ ناو ئەم ئەشکەوتە، ناو ئەشکەوتەکە چاڵتر بوو لە ئێستا و ئەم ڕووخاویەی نەبوو، دەرگای ئەشکەوتەکەش لەئێستا بچووکتر بوو، پێدەچێت دەستی وێرانکاری خەڵك خراپی کردووە)، لە گۆڤاری شمشارە ئاماژە بەوە دراوە، ئەو ئەشکەوتە مادەی (فسفۆڕ)ی تێدایە.



**وێنەی ژمارە (١٤)، ئەشکەوتی کونەسپیلکی، لەبناری چیای کێوەڕەش، پشت ماڵەکانی گوندی سەیداوا.– فۆتۆ: نووسەر**

## قەڵات و شاری ڕانیە

شاری (ڕانیە) ئێستا ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین و ناوەندەی قەزا و (هەرێمی بێتوێن)ە، (ڕانیە) شارێکی کۆنە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەشتی بەپیت و بەرەکەتی بیتوێن، چیای کێوەڕەش لەباکوور و ڕۆژهەڵاتەوە شکۆیەکی تەواوی بەشارەکە بەخشیوە، سەرەتا ئاوەدانییەکە لەسەر قەڵاتی (ڕانیە) بووە، دواتر دابەزیوەتە خوارەوە و دەوروبەری تا بەم شێوەی ئێستا گەشەی کردووە، لەم ناوچەیەدا قەڵاو قەڵات جیاوازییەکیان هەیە، چونکە قەڵا وەکو پێگە و بنکەی سەربازی و بەرگری لەشکری دوژمن بەکاردێت، بەڵام قەڵات سەرەڕای ئەوەی قەڵای هەبووە، شوینی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانیش بووە، واتە ڕووبەری لە قەڵا فراوانتر بووە .

باس و یادەوەری قەڵات، پیاوە بەتەمەنەکان لەهزر و بیرەوەریاندا ماوە، دەیانوت: قەڵات زۆر لە قەڵا گەورەترە، ئەگەر تەماشای شوێنی قەڵات بکەی زەویەکی زۆری داگیرکردووە، هەمووی بەدەوری یەکدا دروست کراوە، بەڵام قەڵا ئەگەر چەند قاتیش بووبێ پێکهاتووە لەچەند ژوورێك و حەسارێکی لەناودا بووە، بەقەد قەڵات گەورە نییە، بەشێوەیەکی دیکە بڵێین: ئەوەی زۆر گەورەیە پێیدەوترێ: قەڵات، ئەوەی بچوك تر بێ پێیدەوترێ: قەڵا، قەڵاتەکان هەموویان هی سەردەمی زۆر کۆنن، سەردەمی (کوواری) هەزارەی دووەمی پێش زاینی و پێشتریش، هەتاکو هاتنی لەشکری ئیسلام ئەوانە هەموویان قەڵاتی زۆر گەورەن، چونکە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش گەمارۆ درابێ نەتوانراوە قەڵات بەئاسانی بگیرێت، هەموو پێویستیەکی لەشکر و سوپای تێدا بووە،

بەڵام قەڵا بەگەمارۆی چەند مانگێ یا کەمتر گیراوە[٦٤]. قەڵاتی ڕانیە گردێکی تورەکە ڕێژ بووە و سەرەتا قەڵاتێکی پارێزگاری قەڵاتی بناری کێوەڕەش نزیك گوندی سەیداوا بووە، بەڵام دوای هاتنی لەشکری ئیسلام ئاوەدانی بنار کەم بۆتەوە و قەڵاتیش ویران بووە، لەساڵانی سەردەمی ئیسلامی ئاوەدانی چووەتە نزیك سەرچاوەی ئاوی قولەی (رانیە)[٦٥].

مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) دەربارەی قەڵات و ڕانیە، دەڵێت: "کەوتۆتە ناوچەیەکی شارستانیەتی کۆنی گرنگ کە دەشتی بیتوێنە، سەبارەت بە شاری (ڕانیە) زانیاری ورد لەبەردەست نیە، ئەوەی زۆر گرنگە لەسەر (ڕانیە) قەڵاتەکەیەتی دەتوانین مێژووی ڕانیەی لێبخوێنینەوە، ئەو کاتەی بەشێك لە گردەکە بڕدرا بۆ مزگەوتەکە من هەشت چینی (سوکنایی) مرۆڤم تێدابینی بەچاوی خۆم، بەپێی زانیاریەکان لە (٦٠٠٠) هەزار ساڵ کەمترنیە، کەبەلای منەوە لەوەش زیاترە، هەروەها لەبەربوونی سەرچاوەی ئاوی قولە و کوێرەکانی بەردەوام لەمێژووی قەڵاتی ڕانیەدا گوند بووە و زۆرجاریش گەشەی باشی کردووە و بۆتە شار و لەبەشی باشووری گردەکەشدا جگەلە گردەکە خۆی، شوێنەواری خانووی کۆن هەبووە و بینراوە، لە کۆنەوە ڕانیە بەردەوام ژیانی تێدا بووە، بەداخەوە لەمێژووی کۆنیدا زانیاری زیاتری لەسەر نیە، کە ئێستا بۆتە شارێکی جوان"[٦٦].

---

[٦٤] حاجی غەفوور باویلی، ناوی ڕانیە، گۆڤاری شمشارە ژ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥-١٧.

[٦٥] حاجی غەفور باویلی، قەڵاتگای بناری کێوەڕەش گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

[٦٦] عبدالرقیب یوسف، هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی رانیەوە دەکاتەوە، گۆڤاری نیە، ژمارە(٢١) هاوینی ٢٠٠٧، ل ٤.

قــەڵاتی (رانیــە) بناغــە و بنچــینەی شــاری ڕانیــەی ئێســتا بــووە، بەگێڕانــەوەی ئەوانــەی لــەنێوان ســاڵانی (١٨٥٠ –١٩٠٠ز) و بــەدواوە بینیویانە بەمجۆرەیان باسکردووە، قـەڵات گردێکـی شـوێنەواری گـەورە و پانتاییەکی زۆری هەبووە، ساڵانە هەشت تەنەکە جۆی تێدا چاندراوە، ســەرەرای ئــەوەش جێگــای ئەســپ ســواری و ڕمبــازێنی ئێــوارانی لێ ماوەتـەوە، تـەنیا یـەك دەروازەی هـەبووە، بەرزاییەکـەی (٥٠–٦٠) مـەتر بــووە. رووبــەری پانتایەکــەی بــەپێی حســابی چــاندنەکەی (٨–٩) دۆنم بــووە[٦٧]. دیـواری هــەرە بــەرزی بــەڕووکاری ئـاوی قولـەدا بـووە، لـەناو قەڵاتەکەدا کانییەك هەبووە، ئێستاش هەرماوە بە(کوێرەکانی) ناسـراوە، لە ناو مزگەوتی گەورەی ڕانیە دایە[٦٨]. گەڕەکی قەڵاتی ڕانیە یەکەم گەرەك بووە، ئـاوەدان کراوەتـەوە، ئەوانـەی بەچـاوی خۆیـان بینیویانـە دەڵـێن: قەڵاتی ڕانیە بەشێوەی ئێستا نەبووە، بـەڵکو قـەڵاتێکی زۆر بـەرز بـووە و پانتایی سەرەوەی بریتی بووە لە ڕووبەرێکی پان و فراوان.

لە هاوینی سـاڵی (١٩٣٠) نوسـەر و مێژووناسـی بەڕەگـەز کـورد (عـەلی سـەیدۆ گـەورانی) لــە ئوردنــەوە هــاتووە و ســەردانێکی دوور و درێــژی باشووری کوردستانی کردووە، لەباسی رانیەدا دەڵێ: "...گردێکی کـۆنی

---

[٦٧] هەر لە گۆڤاری ڕانیە لە شوێنێکی تر دەڵێ: ئەوانەی بینیویانە دەڵێن: ساڵانە ٤ تا ٥ تەنەکە گەنم یان جۆی لێ کراوە کاتی واش هەبووە گاڕان و ماڵاتی ڕانیەی تێدا مۆڵ کراوە، ئەوەی پێشتر دەڵێ ٨–٩ تەنەکە گەنم دوونیە واش بێت بۆشایی زیاتر مابێتەوە

[٦٨] محمدامین عارف، رانیە لە چاویلکەی میژوودا، گۆڤاری رانیە، ژمارە ٤ لە ٢–٥–٢٠٠٣، لا ١٥–١٤.

تیدایـه، کـاتی خـۆی هـەڵیان بەسـتووە، ئێسـتا خـانووی چـین چـین بەسەریەوە دروست کراوە بەدەستووری قەڵای هەولێر"[٦٩].

گەڕەکی قەڵات بریتی بووە لـەو ئـاوەدانی و ماڵانـەی بـەدەوری گـردی قەڵاتـدا گیرسـاونەتەوە و ئاوەدانیـان کردۆتـەوە. (تـەها بـاقر)[٧٠] لـە کتێبەکەیدا (المرشد الی موطن الاثار والحجارة) ئاماژە بەوە دەکات: "لەناو شاری رانیەدا سەرچاوەی ئاوو کانیاوی زۆر هەیە و لـەنزیك رانیـەی ئێستا هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا شار و ئاوەدانی سەری هەڵداوە و خـەڵك تێیـدا نیشتەجێ بووە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات لەناو شاری رانیەدا گردێکی شوێنەواری کۆن هەیە"، مەبەستی قەڵاتی رانیەیە.

---

[٦٩] کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی رانیە، گۆڤاری رانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، لا ٩.

[٧٠] تەها باقر: لەساڵی ١٩١٢ لەحلە لە دایك بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێری لە ئەمریکا بەدەستهێناوە و گەڕاوەتەوە عیراق لەساڵی ١٩٣٨ بووە بە بەڕێوەبەری شوێنەواری عیراق، لەساڵی ١٩٦٠ بەشی شوێنەواری لە کولیەی ئادابی بەغدا دامەزراندووە، یەکێك بووە لە مێژووناس و شوێنەوارناسانی عیراقی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو بوارەدا هەبووە، بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی (مقدمة تاریخ فی الحضارات القدیمة)، نووسەر باسێکی وردی دەربارەی شوێنەوار و مێژووی میسۆپۆتامیا و کوردستان نووسیوە، کتێبێکی تری بەناوی (تاریخ العراق القدیم) هەیە، بەبەشداری چەند زانایەکی عیراقی نووسیوەیە، دەربارەی لایەنەکانی شارستانی میسۆپۆتامیا، هەروەها وتارێکی بەناوی (الحصور الحجریه القدیمه فی کوردستان) لە گۆڤاری (المجمع العلمی العراقی) مج ١ ع ١، بغداد ١٩٧٣) بۆ سەردەمەکانی پێش مێژوو سوودیان لێ وەرگیراوە، سەرەڕای تێپەڕبوونی کات بەسەر نووسینەکانی (تەها باقر)دا، بەڵام هێشتا گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە، لەساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، ل ٢٢.

قـەڵاتی رانیــە بــەدیوی ڕۆژهەڵاتــدا لــە نزیـك ڕووبـاری قولــە دەسـت پێـدەكات، لـەلای كێـوەڕەش پلیكانــەی قـوڕی بـۆ دروسـت كـراوە بـۆ سەركەوتن، (سەید خدری پۆلیس) دەڵێ: "من بینیومە لەسەرگردی قەڵات قەڵایەكی بچوكی تر هەبووە، لەناوەڕاستی گـرد (قـەڵات) بەخشـتی سـوور دروست كرابوو، قادرمەشی لە شێوەی بازنەیی لول دراو بەچوار دەوری دا دروست كرابوو، پیاوێـك هـەبوو بـەناوی (فـەقێ وسـوە شـێت) فێـر ببـوو، هەموو ڕۆژێ دەچوو هەڵیدەوەشـاند، بـێ ئـەوەی كـەس بـەرگری لێ بكـا. قەڵاتی رانیە زۆر گەورە بووە، بەڵام كاتێك خەڵك دەسـتیان كـرد بـەخانوو دروست كـردن، لـە قـەڵاتی ڕانیـە گڵیـان لەگردەكـە هەڵدەكەنـد، گردەكـە بنكۆڵ ببوو، ماڵی (سابیری قەسـاب) پشـتیان بـە قەڵاتـەوە بـوو، شـەوانە بەترسـەوە دەخـەوتن، دەیـانوت: قـەڵاتمان بەسـەر دادەڕوخـێ". (بـرایم غوربەت) دەڵێ: كاتێك گڵمان لە قەڵات هەڵدەكەند كوپە و خشـت و گـۆزە شـكاوی كۆنمـان بەرچـاو دەكـەوت، هـەروەها دەڵـێ: بـاپیرم (عـەولای كەریمی) وتویەتی: دوو شوورە بەبەردی گـەورە بەچـوار دەوری قـەڵات دا دروست كرابوو، تائێستاش بەدیوی ڕۆژهەڵاتدا شـوێنەواری ئـەو شـوورە و بەردە گەورانە مـاون، ئـەو شـوورەیەش دوو دەرگـای هـەبووە، یـەكێكیان بەلای بازاڕدا ئـەوەی دیكەشـیان بـەلای ڕۆژهەڵاتـدا"[٧١]. لـە ئـەنجامی ئـەم وێرانكاریانە دواتر وەكو ئێستا ماوەتەوە، بـەڵام پشـكنین و لێكۆڵینـەوەی وردی بۆ نەكراوە بۆ ئەوەی بەسەرهات و مێژووی ڕوون بێتەوە.

[٧١] خالید وەلی عەلی، قەڵاتی ڕانیە لە ئاوینەی میژوودا. گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ١٩.

## ناوی ڕانیە لەچیەوە هاتووە؟

ناوی رانیە هەر لەکۆنەوە بەم شێوەیە ماوەتەوە، هیچ مانایـەکی ڕوون و دیارمان لەبەردەست نییە، دڵی خۆمانی پـێ خـۆش بکـەین و بڵـێین نـاوی ڕانیە لەوەوە هاتووە، ناچارین بۆ ساغ کردنەوەی بنەمای ناوی ڕانیە پـەنا بۆ سەرنج و تێبینی ئەوانە ببەین لەپەرۆشی دا خۆیان بەم کارەوە خـەریك کردووە، هندێك لەو بڕوایـەدان نـاوی رانیـە لەبنەڕەتـدا یۆنـانی بـووبێ لـە وشـەی (ئـۆڕانس) وەرگیرابـێ، کـە کـورت کـراوەی (ئۆڕانیـە) و واتـای (ئاسمـان) دەگەیـەنێ، ئەمـەش لـەوەوە هـاتووە سـەردەمێك یۆنـانی لـەم ناوچـەیە بـوون، بەتایبـەت لـەدوای هـاتنی (ئەسـکەندەری مەکـدۆنی). هەنـدێکی تـر لـەو بڕوایـەدان لـە وشـەی (ڕان، ئـاران، ئـەران)ەوە هـاتبێ، لەزمانی ئازەری و ئەرمەنی دا بەواتای (وڵاتی گەرم) دێت، تائێستاش ئـەم وشەیە لەزمانی ئازەری دا بەکاردێت، لەبنچینەشـدا ئـەم وشـەیە لـە (ئـار) وەگـیراوە، کـە ڕەگـەزی ئـاری یـان ئـارانی دەگەیـەنێ[٧٢]، ئـاران ئێسـتاش لەئاخاوتنی کوردیدا بەکاردێت. زۆر کەس دەیانوت: ئەو ناوە لە(ڕەن)ەوە هاتووە، واتـە دەشـتاییەکە نـەکێڵراوە و بـووە بـەڕەن، ئێسـتاش وشـەی (ڕەن) هـەر بـەکاردێت، وەکـو: (ڕەنـی مەمۆکـەی، ڕەنـی بارەبەسـت...)، مەبەست لە(ڕەن) ئەو شوێنەیە نەکێڵرابێ، ئاو و لەوەڕگای باشی هـەبێت، هەندێك لەو بڕوایەدان لەوشەی (ڕێ نیە)وە هاتووە، چونکە ڕۆژگارێك ئـەم ناوچەیە لەبەر زۆری ئاو و دار و درەخت و زەبەندێکی زۆر بواری تێپەڕینی نەبووە، دەیانوت: هەر لە ئاوی قولەوە هەتاکو سەر زێـی بچـوك بیشـەڵان

---

[٧٢] محمدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

بـووه و پێیـانوتووه (ڕاەنیـە)، هەنـدێك، دەیـانوت: كـاتی خـۆی شـوانێك لەكوێستانی شاخی قەندیل لەسەر گـۆمی (بێكۆدیـان) ویسـتوویەتی خـۆی بشوات، جلەكانی داناوە و شمشاڵێكی قامیشی پێ بووە، لەسەر جلەكانی دانـاوە، كـاتێ خــەریكی خۆشوشــتن دەبێــت مــەرێك دەیــەوێت نـانی نـاو تورەكەی شـوان بخـوات، تورەكـەی نـان و جلـەكانی دەهاوێتـە نـاو ئـاوی گۆمەكە، بەم جۆرە ڕانكو چۆغە و شمشـاڵەكەی دەكەوێتـە نـاو ئـاو، ئـەو گۆمــە خــۆی گێــژەو دەكــات و ئاوەكــەی دەســوڕێ و ون دەبــێ، دوایــی ڕانكەكــەی لــە (قولــەی ڕانیــە) دەردەكــەوێ و شمشــاڵەكەی لــە ئــاوی (شمشارە) دەردەكەوێ، بۆیە بە قولەیان وتووە (ڕانكە) و دوایی بووە بـە (ڕانیــە)، شمشــاڵەكەی لــە ئــاوی گــردی (شمشــارە) دەركــەوتووە، بۆیــە پێیانوتووە (شمشارە)، بـەڵام كـاتێ پسـپۆڕانی شـوێنەوار هـاتن لـەگردی (شمشارە) لەوحە بزمارییەكانیان دۆزییەوە، دەركەوت ئەمە ڕاست نییـە و ئەو شارە لەهەزارەی دووەمی پێش زایین هەبووە و ناوی (شوشاررا) بووە و شمشارەی ئێستا زادەی ناوە كۆنەكەیەتی[٧٣].

هەروەها ناوی (ڕانیە) لـەو بەڵگەنامانـەدا بـە (رونـدیات) هـاتووە، كـە (مـلا ڕەئـوف ســەلیم حــەوێزی) گواسـتوویەتیەوە و بـە كـوردی تۆمـاری كردووە، (ڕانیـە) شـارێكی مێـژوویی كۆنـە، دەگەڕێتـەوە پـێش سـەدەمی هاتنی ئیسـلام. دیسـان هەنـدێك لـەو بڕوایـەدان نـاوی رانیـە لـە (ڕانیـاه ) وەرگیرابێ كەلە دوو وشەی (ڕا) واتــە ڕێگـا و (نیـاه) واتـە ڕوانـین هـاتبێ.

---

[٧٣] حاجی غەفور باویلی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠.

مامۆستا (جمال بابان) دەڵێت: هەندێك دەڵێن ئەم ناوە لە (ڕا — هوریكا) وە هاتووە، واتە ڕێگا (راه) و لە (نیگاه) ڕوانین وەرگیراوە، هەروەها ئەم ناوچەیە جێگای نیشتەجێ بوونی هورییەكان بووە، دەكرێت لە ڕێگای هورییەكانەوە هاتبێ، چونكە وشەی (ڕا — هوریكا) واتای ڕێگای هورییەكان دەگەیەنێ، هەروەها لەسەرچاوەیەكی تردا بە (ڕایمیە) هاتووە، مامۆستا (شاكر فەتاح) ڕای وایە وشەی (ڕانیە) لەبنەڕەتدا لە دوو وشە پێكهاتووە (ڕان) و (یە)، لەزمانی كوردی (ران) واتای مێگەل دەگەیەنێ، یان شوێنی بەخێوكردنی مەڕومالآت، بۆ ئەمەش بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە، دەشتی ڕانیە شوێنێكی باشە بۆ بەخێوكردنی مەڕومالآت، پێی وایە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (ڕان یا، ڕان یە، ڕانیە)[٧٤].

لەلایەكی دیكە لەناو كورد دا وا باوە زۆربەی جار ناوی شوێنەكانی بەناوی قارەمان و پاڵەوان و پادشا و میر و سەركردە جوامێرەكان و شەڕ و داستانە پیرۆز و سەركەوتووەكانەوە ناو ناوە، هەروەكو ئێستاش هەمان ڕێچكە پەیڕەو دەكرێت (حاجیاوا، برایماوا، سلێمانی....هتد)[٧٥]. لەم بارەیەوە (حاجی غەفور باویلی) دەڵێت: "من لە ساڵانی حەفتاكانەوە، هەتاكو ئێستاش بەردەوام دەچووم بۆ لای پیاوانی بەتەمەن و شارەزا و دەم سپیانی ناوچەكە، دەنگیانم بەشریت تۆمار دەكردن، لە ئەنجامی زۆر گەڕان و چوونم بۆ گوندەكانی دۆڵی ئاكۆ و شاورێ، لەسەرووی گوندی بەردانگە، گردی (شاڕانی)م دیتەوە، زۆر كەس باسی ئەو پاشایەیان بۆ


---

[٧٤] جمال بابان، اسمء المدن والمواقع العراقیە، بغداد ١٩٧٦، ل ١٨٤.

[٧٥] جمال بابان، اسمء المدن والمواقع العراقیە، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٤.

کردم، کە پادشایەکی دادپەروەر و بەدەسەڵات بووە، ئەو کۆنە قەڵاتەی ئێستا پێی دەڵێن: قەڵاتی پاشای گەورە، لەپشتی گوندی (بەردانگە) لەپێشدا قەڵاتی (شاڕانی) بووە، ئاوی بەنۆین لەسەرچاوەی ئاوی کانی شاڕانی یەوە بۆ هاتووە، ئەو قەڵاتە لەسەدەی یەکەمی کۆچی دروست کراوە، بەڵام (هاوڕێ سلێمان شاوری) دەڵێ: قەڵاتی (شاڕانی) زۆر لەپێش ئیسلامەوە هەبووە، هاوینان (شاڕانی) لەو قەڵاتە دانیشتووە و زستانان هاتۆتەوە قەڵاتی (ڕانیە)، ئەو پادشایە خەڵکی ئەو ناوە بووە، لە کۆندا هەموو خەڵکی دۆڵی ئاکۆ و شاور بەزستانان هاتوونە خوار بۆ دەشتاییەکەی نزیک ئاوی ڕانیە و (کلکەی شێبان) و (پاشدەر)، بەهاوینانیش چوونەوە گوندە کوێستانیەکان، هەتا (ڕەمك)ەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست مەڕومالاتی ئاکۆیانیان دەبرد و نەیاندەهێشت بێنە ئەو نزیکانە، هەتا هاتنی (محەمەد پاشای گەورەی) سۆران (پاشاکۆرە) دەسەڵاتی ڕەمکەکانی نەهێشت، ساڵی (١٢٤٣) کۆچی بەهەردووك قەڵاتەکان وتراوە (قەڵاتی ڕانی)، دەسەڵاتی ئەو سەردارە کوردە هەتاکو (کاردژ و کارزەڕ) ڕۆیشتووە بەدەم زێدا، ئێستا ئەو شوێنە پێیاندەوترێ (کەردز و کەر زەڕ)، بەڵام ئەو دوو شوێنە لەڕاستیدا ناویان (قەڵای کار) و (کاری زێڕ) (دژ واتە قەڵا) بووە، دیارە شوێنەواریشیان ماوە، هەروەها چەند پارەیەك لە قەڵاتی ڕانیەدا دۆزراونەوە، هەموویان هی ساڵانی سەدەی یەکەمی کۆچی و زیاترن، لەسەردەمی حوکمڕانی (شاڕانی)دا لەو قەڵاتە بەکارهاتوون و کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە، بەڵام ناوی کەسیان لەسەر نییە، تەنیا (لاالە اللە محمد رسول اللە) بەخەتی

کوفی نووسراون، دوو پارچەیان مسی سوورن، دوو پارچەشیان زیوی سپیە، ناوبراو نووسیوویەتی لای ئەو پارێزراون"[٧٦]. سەرەڕای هەموو ئەوانەش دەربارەی ناوی (ڕانیە)، ناگەینە دوا بڕیار و بنەمایەکی باوەڕهێن، لەبەر ئەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر و ورد تر هەیە، چونکە ناوی (ڕانیە) و زۆربەی شوێنەکانی دیکەی دەشتی بیتوێن بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێنەوە، پێویستە لەمێژووی کۆندا بۆیان بگەڕێین و لێیان بکۆڵینەوە و ساغیان بکەینەوە، بەهیوای ئەو ڕۆژە.




**وێنەی ژمارە (١٥) چەند پارەیەك لە قەڵاتی ڕانیە دۆزراونەوە، ناوی کەسیان لەسەر نییە تەنیا (لاالە اللە محمد رسول اللە) بەخەتی کوفی نووسراون، دوو پارچەیان مسی سوورن، دوو پارچەشیان زیوی سپیە.**


---

[٧٦] حاجی غەفوور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

## گوندی کونە سێ


گوندی (کونەسێ) لەبناری کێوەڕەش هەڵکەوتووە و پاڵی بەچیاکە داوە، ئێستا گەڕەکێکی شاری ڕانیەیە، یەکێکە لە شوێنەوارەکانی بناری کێوەڕەش. لە دۆڵەڕەشە تاکو نزیکی دەربەند لەدامێنی چیای کێوەڕەش چەند ڕیز خانووی لێ بووە، ئاوەدانی بووە، ئەمەش زیاتر لەترسی هێرشی دوژمن وایان کردووە، بۆ ئەوەی لەکاتی هێرشی دوژمن ئاژەڵەکانیان پارێزراو بێ، لەپشتیماڵەکانیانەوە بیانبەن بۆ ئەودیوی شاخ، نەکەونە دەستی دوژمن بەتایبەتی هێرشی ئاشوورییە ستەمکارەکان، زۆرجار هەموو ئاژەڵەکانیان بردوون، ئەگەر لەدەوروبەری ئەو گوندە تەماشا بکەی، بۆت دەردەکەوێ شەڕی زۆری لێ کراوە، ئەو بنارە هەمووی سەرە تیر و سەرە ڕمی لێ بەجێ ماوە، شەڕی بەبەردیشی لێ کراوە، ئەوە دەسەلمێنێ بەسەدان جار شەڕی لێ کرابێ، ناوی (کونەسێ) لەو سێ ئەشکەوتانەوە هاتووە دەکەونە پشتی گوندەکە، ئەشکەوتەکان کراوەن لەشێوەی چاوی مرۆڤ، کونێکی تر لەخوارەوەیان هەبووە، لەشێوەی زاری مرۆڤ بووە، بەڵام ئەویان شێوەکەی تەواو نەماوە، کونەکە لە بەشی خوارەوەی شاخەکە بووە، یان بەدەست شکێنراوە، یان داڕووخاوە، دەنا کە لە دوورەوە تەماشای دەکەی تەواو لەشێوەی زار و چاوی مرۆڤە، بۆیە ناسراوە (بەسێکون)، لەنووسینی فارسیدا (سێ) بە(سە) نووسراوە، بۆیە بەخەتی فارسی ناوی گوندەکە نووسراوە (کونەسە) واتە (سێکون)، لەو دەوروبەرە زۆر دیوار و شوێنی دەستکرد هەیە، خەڵك زۆرجار پارچە شتی شوێنەواریان لێ دۆزیوەتەوە، بەڵام هەر بەنهێنی بەقاچاخچیەکانی شوێنەواری کۆنیان فرۆشتوون، بەهەدەر چوون. لەبەر هەژاری و نەزانی خەڵك لەلایەك و کەمتەرخەمی کاربەدەستانی حکومەت لەلایەکی تر،

شوێنەوارەکانمان لەسنوور ئاودیوکراون. ئەو گوندە زۆرجار وێران کراوە و ئاوەدان کراوتەوە، بەزۆری ڕەوەندەکانی هۆزی ئاکۆ زستانیان لەو گوندە بەسەر بردووە، هاوینان چونەتە کوێستانەکانی قەندیل، گوندەکە خۆی سەرچاوەی ئاوی نەبووە، لەقولەی ڕانیەوە ئاویان بەکوندە و گۆزە، بەپشتی ولاغ بردووە، دواجار لەلایەن مەلازادەکانی (قەرەخدر) و (شێلمجاڕ) ئاوەدان کراوەتەوە، ئەو مەلازادانە هەندێکیان لە (پیرمەمکە)ی بناری قەندیل ژیاون هەندێکیشیان لە گوندی (کونەسێ)[٧٧].



**وێنەی ژمارە (١٦) ئەوە هەر سێ ئەشکەوتەکانی پشتی گوندی (کونەسێ) یە کەهەر بەو ناوەوە ناسراوە، سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە(٤٣)، ل٥**

[٧٧] حاجی غەفووری باویلی، گوندی کونەسێ لەبناری کێوەڕەش، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، زستانی ٢٠٠٨، ل ٢١.



**وێنــەی ژمــارە (١٧)، بردنــی ئــاو لــە قولــەی (ڕانیــە)وە بــۆ گونــدی (کونەسێ)، بەپشتی وڵاخ، بەگوندە و گۆزە و تێڕی جاو.**

## گوندی تیتۆکە

لەبناری کێوەڕەش لەباکووری ڕۆژئاوای ڕانیە گوندێك هەیـە پێیـدەڵێن (تیتۆکە) واباوە پادشایەکی زۆر بەدەسەڵات لەو شوێنە دانیشتووە، نـاوی (کەی تیتۆ) بووە، قەڵاتەکەی لە دۆڵەڕەشدا ماوە، (کـەی تیتـۆ) خـاوەنی سوپا و گەنج و خەزێنەی زۆر بووە، ئەو گوندەش هەر لەسەر ناوی (کـەی تیتـۆ) ماوەتـەوە، بـەڵام وشـەکە لـەکاتی گوتنـدا پـاش و پـێش کـراوە، پێیـدەلێن: (تیتۆکـە) ئێسـتا لـەناو ئـەو گونـدەدا چـەند تـیرە و بـەرەباب دەژیـن، وەك (مخـە و مۆڵکـە) و هەنـدێکی تـر. (حـاجی فـەفوور بـاویلی) دەڵێـت: "شـوێنەوارەکانی دۆڵـەڕەش زۆر بەئاشـکرا دیـار بـوون، سـاڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨ خەڵك زۆر ڕوویان کردبووە تێکدانی ئەو دیوارانە بـەتراکتۆر

بـەردەكانیان دەبـردن بـۆ ڕانیـە، بـۆ بناغـەی خـانوو دروسـت كـردن". بەمەبەسـتی پاراسـتنی ئـەو شـوێنەوارانە مامۆسـتا (عبـدالرقیب یوسـف) ڕاپۆرتێك دەدات بە دامەزراوەی گشتی شوێنەوار (مؤسسة العامة للاثـار) و بەهاوكاری (حاجی غەفوور) داوا لـە قائیمقـامی ڕانیـە دەكـات ئـەو كـارە ڕابگیرێـت، لـەڕێگای قائیمقـامی ڕانیـەوە قەدەغـە كـرا، خـەڵك ئـەو شوێنەوارانە تێك بـدەن، هـەتاكو ڕاپـەڕینی (١٩٩١) كـەس ئـەو دیوارانـەی تێك نەدان، بەڵام دوای ڕاپەڕین هەموو شوێنەوارەكانیان بە(شۆفل) تێكـدا و هیچ بەرد و دیواری نەما[٧٨].

## شوێنەواری گوندی قوڕەگۆ

شـوێنەواری گونـدی قوڕەگـۆ زۆر كۆنـە، دەكەوێتـە نزیـك تـەپكی شمشارە، كۆنترین بەڵگەی مێژوویی شارستانیەتی كۆنی لێ دۆزراوەتـەوە، ئەو گوندە ئاوەدانی باشی هەبووە، تاكو ساڵی (١٩٥٨) بەهۆی داپۆشینی ئاوی بەداوی (دوكان) بەفەرمانی حكومەتی عیراق ئەو كاتە گوندەكە چۆڵ كـراوە و لـە گونـدی (كفـرەدۆڵ) نیشـتەجێ بـوون، دوای سـاڵی (١٩٧٦) خەڵكەكـە گەڕاونەتـەوە و لەشـوێنی سـەربازگەی (گڵـەزەردە)ی بنـاری كێوەڕەش، لەنزیك جـادەی گشـتی ئاوەدانیـەك دروسـت دەكـەن، بـەناوی (قوڕەگۆ)[٧٩].

---

[٧٨] حاجی غفور باویلی، تیتۆكە لەسەردەمی ئاری كۆن دا، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، زستانی ٢٠٠٨، ل٨.

[٧٩] حاجی غەفور باویلی،ئاوەدانیەكانی بناری كێوەڕەش– گوندی قوڕەگۆ، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، زستانی ٢٠٠٨، ل ٥.

## دەربەندی ڕانیە لە مێژوودا

دەربەندی ڕانیە شوێنێکی گرنگ و بایەخداری هەیە، لەڕووی سەربازی و بازرگانی و گەشتوگوزار و زۆر بواری تر، سەرەڕای ئەوەش چەندین شوینەواری کۆن تائێستاش پاشماوەیان لەو شوێنە ماوە، کە ئاماژەی گرنگی شوێنەکە دەردەخەن.

دەربەندی ڕانیە پێشتر بە (دەربەندی ڕەمکان) ناسراوە، هەردوو چیای کێوەڕەش و ئاسۆس لەیەکتر جیادەکاتەوە، شوێنێکی گرنگ و بایەخداری هەیە، لەرووی سەربازی و بازرگانی و گەشتوگوزارەوە، بەدرێژایی هەموو سەردەمەکان شوێنێکی گرنگ و بایەخدار بووە، (دەبلیو ئار هەی= W. R. Hay) حاکمی سیاسی ئینگلیز لە هەولێر، لەساڵی (١٩١٨) دەڵێت: دەربەند تەنگەبەری ئاوی زێی بچووکە و شوێنی گوندێکی کەلاوە بوو، لەگەڵ قەڵایەکی ڕووخاو بۆ وەرگرتنی سەرانە لە عەشیرەتەکانی دەوروبەر، لەگەڵ باج وەرگرتن لەو کاروانانەی بەوێدا تێدەپەڕین، ئەو دەربەندە شوێنێکی گرنگە، چونکە بەسەر تاکە ڕێگادا دەڕوانێ، جگەلە هەندێ ڕێچکەی سەخت، وڵاتی فارس (ئێران) و دەشتی پشدەر بە بیتوێن و کۆیە...هتد بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئاوەڕۆی ڕووبارەکە قوڵە و ئاوەکەی ڕوونە، ئاوەکە گەروێکی بەرتەنگ دەبڕێ، ڕێگاکەی بۆ ماوەی چارەکە میلێك بەردین و سەختە، لەئەنجامی باران بارین کانیەك لەناوەڕاستی ڕێگاکە دەتەقێ، ئاوێکی ڕوون و زوڵاڵ و ساردی هەیە[٨٠].

[٨٠] دبلیۆ ئار هەی: دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠١٠، ل١٤١.

دەربەندی ڕانیە شوێنێکی گرنگ و بایەخدارە، لە هەموو سەردەمەکاندا لەڕووی سەربازیەوە زۆر گرنگ بووە، لەمێژووەکانی عەرەبی ئیسلامیدا لە (الباب معروفه بالدربند) ناوی هاتووە، لە سەرچاوە عەرەبییە کۆنەکاندا بەم ناوانە هاتووە: (دەربەند قەرابلی، دەربەند قەرابل، دەربەند قەراپلە)، قلقشندی بەدەربەند قرایر ناوی هێناوە[81] دەربەندی (قەرەبولی) (هوفمان) وای دەبینێ دەکەوێتە چیای ڕۆخی ڕووباری زێی بچووك، دەربەندی قەرایلی: پێگەی تیرەی (قەریاوی) بووە[82].

دەربەندی رانیە (دەربەندی ڕەمکان) وەکو قلقشندی لە (صبح الاعشى) دا ناوی هێناوە، لەسەردەمە کۆنەکاندا دەروازەی تێپەڕینی لەشکرە داگیرکەرەکان بووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دۆڵی ڕافیدینەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتوون. ئەو ڕێگایەی (سەرجۆنی ئەکەدی) لە هەڵمەتی هەشتەم (٧١٤پ ز) بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ئازەربایجان، ڕێگای وڵاتیماننا (منا) گرتەبەر، دەبێ هەمان ئەو ڕێگایە بووبێت لە دەربەندەوە بەرەو قەڵادزێ دەڕوات، چونکە زۆر شوێن لەو سەفەرەی (سەرجۆن)دا ناویان هاتووە، کە پیایاندا تێپەڕ بوون، لەم ناوچەیەدان، وەکو کێوی (کۆللار) ئیستاش لەنزیك ئەو دەربەندە شوینێك هەیە، لوتکەیەکی چیای ئاسۆس بەناوی (کۆللارە)یە[83].

---

[81] محەمەدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ،١٥،٢١،١٩.

[82] زوبێر بیلال ئیسماعیل، مێژووی هەولێر، وەرگێڕانی: عبدالخالق هورمزیار، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری– لوبنان ٢٠٠٩.١٣٩٩.

[83] محەمەدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ،١٥،٢١،١٩.

لەسەر هەموو لوتکەکان بەدرێـژایی زنجـیرە چـیای کێـوەڕەش دیـواری بەردینی وشکە کەڵەکی گەورە هەیە، شـوێنەواری زۆر کۆنـە، ئـەو دیـوارە هـەتاکو (ئـاوی کـۆلان) لەسـەر چـیای مـاکۆك درێـژ بۆتـەوە، دوو دیـواری بـــەردینی بـــەرین لەهـــەردوو بـــەری دەربەنـــد، کێـــوەڕەش و ئاســـۆس لەشاخەکەوە هاتووەتەخوارەوە بۆ دەم زێی بچووك، گوایە لەدەم زێیەکـە دەرگای گەورەی هەبووە، ئێشکچی لەسەر دیوارەکـە نۆبـە و پاسـەوانیان گرتووە،[٨٤]. هەندێك کەس ڕایان وایە پشدەر لەوەوە هـاتووە، واتـە پشـت دەرگا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا شوێنەواری ئەو دیوارانە تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو مابوون.

ئەم دەربەندە و ئەو شوورا مەحکەمانە هەمیشە ڕێگر بوون لەبـەردەم تێپـەڕین و پـەلاماری لەشـکرە داگیرکەرەکانـدا، بـەو هۆیـەوە دانیشـتوانە کـوردە خۆجێیـەکان لەبەرامبـەر لەشـکری دوژمنـان بـەرگری ئازایانـەیان کردووە، هەر بۆیەش (شالمانسەری سێیەم) و (شەمشی– ئەددی پێنجەم) و (سەرجۆنی دووەم) چیای کۆللاریان بەکۆسپ لەقەلەم داوە، کە بەکەس ناگیریت[٨٥]. پێدەچێت لەڕابردوودا واتـە سـەردەمی ئەکـەدی و ئاشـووری و ئیسلام و دوای ئیسـلامیش، لـەکاتی لەشکرکێشـی و تێپـەڕینی سـوپاکانی دوژمن و پەلاماردانیان بۆ ناوچەکە بـەرگری بـاش کـراوە، لـەم بـەر و ئـەو بـەری چـیای دەربەنـدەوە لەشـکرەکانی دوژمـن لەلایـەن دانیشـتوان یـا سوپای ناوچەکە بەردباران کرابێت، یاخود لەسەر چیاکەوە تاوێری بەردی

---

[٨٤] حاجی غەفور باوەیلی، سەرچاوەی پێشوو ل٥، ١٧، ١٦.

[٨٥] محەمەدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ،١٥،٢١،١٩.

گــەورە بەســـەر ســـوپای دوژمنانـــدا خلـــۆر کرابێتـــەوە، شارۆچـــکەی (سەنگەســـەر) دەبــێ ناوەکــەی لــەوەوە هــاتبێ، (وشــەی سەنگســـار لــە فارسیدا مانای بەردباران کردن دەگەیەنێت) پــێش ئــەوەی ئــاوی بەنــداوی دوکــان شــوێنەکەی داپۆشــێ، هـــەر لـــەو شـــوێنە و لـــەناو زارکـــی گـــەلی دەربەندەکە هەڵکەوتبوو، تا لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بـەهۆی گلدانــەوەی ئــاوی (بەنــداوی دوکــان) شــوێنی شــارەکە ئــاو داپۆشــیی و دانیشتوانەکەی گوازرایەوە، بۆ شوێنی ئێستای ناحیەی سەنگەسەر، چەند کلیۆمەترێك دوورتر دەکەوێتە باکووری شوێنە کۆنەکەی.

لە لوتکــەی ســەر دەربەنــد بــەرەو ڕانیــە، بــەرزایی ســێ ســەد مــەتری هەوایی بەبەرزایی شاخەوە حەوزێکی ئاو لــە لوسـایی شـاخ هەڵکۆڵـدراوە، دوو مەتر قوڵ، یەك مەتر و نیو بەرین، نزیك بەسێ مــەتر درێــژە، خــەڵکی خــۆجێیی ناوچــەکە بــەم جــۆرە حەوزانــە دەڵــێن: (بــەرداو)، ئــەم حــەوزە بەمەبەسـتی هــەڵگرتن و پاشــەکەوت کردنــی ئــاوی بــاران دروسـت کـراوە، لەسەر حەوزەکە شوێنی سەرکەوتن بۆ سەر شاخ نییە، بــەڵام هەنــدێك بــۆ سەرێ بناغەی چەند دیوار هەیە ڕووخاون، لەئاستی دیوارەکان بـۆ ســەرێ دەروویــەك هەیــە ڕێگایــە بــۆ ســەرکەوتن، لەســەر شــاخ شــوێنی بــاڕوو یــا قۆنگرێکی بچوك هەیە، بەسەر هەردووك دیوی کێوەڕەشـدا دەنـواڕێ، لــەو دیوارانەدا بەرد و پارچە گۆزەی سوور و شین و سادە هەیە، ئـەو قـۆنگرە دەکەوێتە پاڵ لوتکەیەکی بــەرز و ســەخت، لــەژێر ئــەو لوتکەیــە لەئاسـتی حەوزە گەورەکە، نەخشەیەك هەیە لەسەر پارچە بەردێکی گەورە و تەخت هەڵکۆڵدراوە، لەسەر زاری خەڵکی ئەوێ، پێیدەڵێن: (بەردە دامە)، چونکە

شێوەی خەتـەکانی نەخشـەکە، وەکـو خـەتی دامـە وایـە، دوو ڕیـزە هـەر ڕیزەی هەشت پارچەیە، لەسوچی لای ڕاستەوە دوو کەلوی بچـووك هەیـە، ئەگەر ئەوانە بەپارچەی نەخشەکە دابنرێن، هەر ڕیزەی دەکاتـە نـۆ، واتـە هـەژدە کـەلو هـەر یەکـەیان ئامـاژە بـۆ حـوکمڕانی پاشـایەکی ئـەو وڵاتـە دەکەن، هەندێك کەلوەکان پانابیـان لـە هەنـدێکیان کـەمترە، وا پێدەچـێ ئامـاژە بـێ بـۆ ئـەوەی حـوکمڕانی هەنـدێکیان لـە هەنـدێکیان کـەمتر بـوو بێت.[٨٦] زاڵ بوون بەسەر ئەم دەربەندەدا، ئاماژەی هێز و دەسەڵاتی زۆری فەرمانڕەوای ناوچەکە دەردەخات، بۆیە هەریەك لەو فـەرمانڕەوا بەهێزانـە شوێنەواری خۆیان بەسەر دەربەندەوە بەجێ هێشتووە، لەنێوان جادەکـە و زێیەکـــەدا لەبەرامبـــەر قـــەڵاتی دەربەنـــد بەبـــەری کێوەڕەشـــەوە نەخشەبەردێکی کۆن بەشاخەکەوە هەیە، نەخشە بەردەکە (مسلە) وێنەی پیاوێکی لەسـەر هەڵکـەنراوە، سـەرەڕای ڕاپـۆرتی نـاکۆك و دژبەیـەك ئـەو نەخشەبەردەی لـە دەربەنـدی ڕەمکـان هەیـە، لـەو شـوێنەی زێـی بچـووك لەسەنگەسەر دۆڵی ناودەشـت جـێ دێڵـێ، دەچـێتە نـاو دەشـتی بیتـوێنی باشووری رانیە، نەخشەکە لاشیپێکە یەك مـەتر بـەرین و (٦٠)سـم بـەرزە، بەرێز (تی. ویلـدان بـڕاون) لـەحوزەیرانی (١٩٥٨) لەسـەردانێکدا بـۆ گـەلی سەنگەسەر چـاوی پێـی کـەوتووە، نەخشـەکە (٢٠م) لەسـەر زەوی بـەرزە کەوتۆتەسەر ڕووی ڕەوەزێکی ڕك، تەنیا بەڕێچکۆڵەیەکی باریـك لەکـەناری دەستەڕاسـتی زێـی بچـووك جیـا دەبێتـەوە. لـەو وەسـفەی (تـی. وێلـدان براون) بۆ نەخشە بەردەکەی کردووە، دەردەکەوێ ئەمە نموونەیەکی تـری

---

[٨٦] حاجی غەفور باوەیلی،سەرچاوەی پێشوو لا٥، ١٧، ١٦.

(كێلـی سـەركەوتن)ی نـارام– سـین [87] بـیٚ، لەڕاسـتیدا ئەمـەیان زۆر لـە نەخشەبەردەكەی دەربەندی گاور دەكات[88]. بەڵام ئەوەی زیاتر باوەڕهێنە زۆرتر ڕێی تێدەچێت كاری پاشایەكی ناوچەیی بێت. (تەها بـاقر) دەڵێـت: لەكۆتایی شاخی كیوەرەش لەنزیك دەربەنـد لەبەشـی خـوارەوەی ڕێگاكـە پەیكەرێكی داتاشراو لەبەرد بەئەندازەی (٣×٢) پیٚ هەیە، مەزندە دەكـریٚ مێژووەكەی بگەریتەوە سەردەمی ئەكەدییـەكان واتـە (٢٣٠٠ سـاڵ پ ن)[89] لاكێشەیەكی لەسەر شاخ هـەڵكۆڵراوە، رووبەەكـەی (٢×٣) پـیٚ یـە، بـەڵام واپێدەچیٚ هێڵكاری وێنـە یـان نووسـینەكانی سـەری بـەهۆی بـاو بـاران و داماڵینەوە كوژابیتەوە، بەڵام ئەوەی لیی زانراوە وێنەی پیاوێكە ڕووی لـە

[87] مێژوونووس و توێژەرەكان بەتایبەت عەرەب و جولەكەكان هەمیشە ویستویانە شارستانیەتی ئەم ناوچەیە بۆ ئەكەدی و ئاشورییەكان بگێڕنەوە، ئەوەی ئەوانیش بەهەستی نەتەوەپەرستی دەگێڕنەوە سەر عەرەب، ئەگینا لەشوێنێكی دوورە دەستی وەكو دەشتی بیتوێن بۆ هەڵكۆڵینی مۆنۆمێنتێكی گەورەی لەو ئەندازەیە لەسەر بەردی ڕەق و لەلاپاڵی شاخێكی ناو قولایی ناوچەیەكی سەختی شاخاوی چۆن دەكریٚ، نیشانەی سەركەوتنی داگیركەری بێگانە بیٚ بەسەر دانیشتوانی ناوچەیەكە دا، لەكاتێكدا لەلای ئەوان چیاییەكان بەئازا و شەڕانی و شەڕكەر ناسرابن، هەروا ئاسان نیە، كارێكە پێویستی بەژمارەیەكی زۆر وەستا و كریكار و پاسەوان و پێویستی كەرەستە و دەسكەلا و ئامراز و كەلوپەلی تایبەتی و پێویستی بەمانەوەی ماوەیەكی درێژ هەیە بۆ تەواو كردنی نەخشە بەردێكی ئاوا، ئەگەر خەڵكی ناوچەكە خۆیان ئەو پێویستیانە ئامادە نەكەن، كارێكی سەختە داگیركەر بتوانیٚ بەئاسانی ئەنجامی بدات و بڕوا و بەجێی بێڵیٚ و هەزاران یا سەدان ساڵ بەبەرچاوی خەڵكی ناوچەكەوە ئاوا بەساغی بمێنێتەوە.

[88] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩.

[89] خالید وەلی عەلی، قەڵاتی رانیە لە ئاوینەی میژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

ڕۆژهەڵاتـە، ئـەم هەڵکۆڵینـە زۆر لەوانـەی (هـۆرین و شـێخان و سـەرپول) دەچێت[٩٠].

لـە سـاڵی (١٨٦٦) ڕاپـۆرتێکی (برزۆزۆسـکی Brzozowski) باسـی نەخشـەیەکی کـۆن دەکـات، لـەنزیك دەروازە و ڕاڕەوی دەربەنـد لـە زێـی بچووك. گاشەبەردێکی تاشراو لەڕۆخی ئەو ڕووبارە بـەزارکی دۆڵەکەوەیـە، لەو بەردە تاشراوە دەچێ لەبەشـی سـەرووی ڕووبـاری "سـەگ" لـەنزیکی "بەیروت" دەبینرێ، ئەو بەردە بەپێچەوانەی قایم و پتەو بوونی، هەنـدێك خراپ بووە، بـەڵام ئێسـتاش وێنـەی پاشـایەکی لەسـەرە، بـەڵام زنارەکـە نووسراوی لەسەر نیە[٩١].

(برزۆزوفسـکی) نەخشـی زەقـی ڕووخسـاری مرۆڤێکـی دیبـوو، بـەڵام بەڕاشکاوی گوتبووی"هیچ نووسراوەیەك لەسەر بەردەکە نییـە" (مانسـل) نووسـراوی بزمـاری لەسـەر شـوێنێکی بـەرزی زنارەکـەی دەربەنـد دیبـوو، دەرەتـانی لێ نزیـك بوونـەوەی نـەبووە، بـەڵام نەخشـی زەقـی نـەدیبوو، (ئیدمۆندس) دەڵێ: "من خۆم کاتێکی پترم لەو سێ کەسانە هـەبوو، هـیچ شـــوێنەوارێکی وام لەدەربەنـــد نـــەبینیبوو، شتێکیشـــم لێ نەبیســـتبوو، بەهاوکاری چەند دۆستێکم لەهاوینی سـاڵی (١٩٣١) هـەلم بـۆ ڕەخسـا[٩٢] و

[٩٠] محەمەدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩،٢١،١٥.

[٩١] ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد وچەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە، د. نەجاتی عەبدوڵا، یەکەم بەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٥٦. – سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩١.

[٩٢] (ئیدمۆندس) خۆی جێگری حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە، شوێنی کارەکەی لەدەربەند بووە، بیستویەتی نەخشەیەك بەچیای دەربەندی ڕەمکانەوەیە، بایەخی پێداوە و نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە، بەڵام بەلایەوە گرنگ بووە لەبەرئەوە چەند ئاغایەکی ناوچەکەی ڕاسپاردووە

چوومە دەربەند، سەرەڕای ئـەوەی پشـتم ژانـی دەکـرد بـەڕێنوێنی ئـەوان چوومە ئـەو جێیـە، بەتـەواوی بـەم جـۆرە بـوو (مانسـل) لـە گەڵاڵـە ڕوون کردنەوەکەیدا پیشانی دابوو، بەسەر زنارەکەوە لەوحەیـەکی سـاف کـراوم بینی، نزیکەی سێ پێ درێژ و دوو پێ و نیو بەرز بوو، کەچـاوت لێ دەکـرد نیوەی بەشی لای چەپەی هەندێك زەق بـوو، جیـا لـەوە نـەدەکرا نـاوێکی دیکـەی لێ بنێـی، لەوانەیـە ئـەو زەقایـە سـەردەمێك ڕووخسـاری مرۆڤێـك بووبێ، بەڵام شوێنەواری خەتی بزماری لێ نەدەبینرا[٩٣].

نەخشە هەڵکەندراوەکە بەهۆی بڕینی جادەی دەربەند ئەوەندەی بـەرد و شـاخ بەسـەردا هاتۆتـە خوارەکـەوە وێنەکـە سـواوە و شـێوەکەی تێکچووە، ئەوانەی پێش چاك کردنی جادەکـە بینیویانـە، دەڵـێن: وێنـەی پیاوێکە هەنگاوی بـەرەو سـەرەوە هـەڵهێناوە و دەسـتێکی بـۆ سـەرووی

بۆی بدۆزنەوە، وەك خۆی لە کتێبەکەی دا: "کورد تورك عەرەب" چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو نەخشەیە دەگێڕێتەوە.دوای ئەوەی دەچێتە شوێنەکە و نەخشەکە نادۆزێتەوە دەڵێ: سەرلەنوێ دەستم کردەوە بەپرسیار و لێکۆڵینەوە بەچەند دۆستی کۆن و نزیکم ڕاسپارد لەو جێیەی (مانسل) گوتبووی بکۆڵنەوە، سەرەنجام پێداگرتن و وەشوێن کەوتنەکەم ئاکامی بەخشی و پەیامێکم لە (حەمە ئاغای ڕانیە) و (مامەند ئاغای ئاکۆ) و (سمایل ئاغای خدران) پێگەیشت. ئەوان گووتبوویان"عەنتیکەکەیان" دۆزیوەتەوە، منیش لە هاوینی ١٩٣١ هەلم بۆ ڕەخسا چوومە دەربەند، ئەو بیانیانەی سەردانی نەخشەکەیان کردووە هەندێکیان بەباشی دیویانە هەندێکیان بەباشی نەیاندیوە هەندێکیان نووسینیان لەسەر دیووە هەندێکیان دەڵێن نووسینی لەسەر نەبووە، لەوانەیە ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوە بووبن دانیشتوانی ناوچەکە و هی تر بەدەستکاری گاورانیان زانی بێت، یاخود وەکو بت و لایەنی شەڕ تەماشایان کردبێت و لەبەرئەوەی شوێنەکەی سەر ڕێگای هاتوچۆی کاروان و ڕێبواران بووە بەناو دەربەندەکەدا، لەبەر ئەوە زیانیان پێ گەیاندووە، چونکە هەندێکیان گووتوویانە سیمای کەسەکەی نیگارەکە لەئێستا زەقتر دیار بووە.

[٩٣] سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩١،٢٩٣.

دەربەنـد درێـژکردووە، لەئاسـتی ئـەو وێنەیـە بـۆ بـەرزایی کێـوەڕەش بەرگەڵێنی ئەشکەوتێك دیارە، شوێنەوارێکە پێدەچێت ئاماژەکەش بۆ ئەو بێت لوسایی شاخەکەش چەند کـونێکی تێدایـە[٩٤]، قسـەی زۆر لەسـەر ئـەو نەخشـــەبەردە هەیـــە، هەنـــدێك لـــە شوێنەوارناســـان دەڵـــێن: لەگـــەڵ نەخشەبەردی (نرام– سین) لە دەربەندی قـەرەداغ یـەکێکن، بـەڵام بـەڕای هەندیك شوینەوارناس دەڵێن: دەبێ پاشایەکی دەوڵەتی گۆتی یان لۆلۆیی بووبیت. هەندێکیش دەڵێن نەخێر ئەوە پادشـایەکی ناوچـەکە بـووە، هـەر چۆنێك بێت بەهیواین لە داهاتوودا وردەکاری مێژووەکەی ڕوون بێتـەوە[٩٥]. بەهۆی گرنگی شوێنەکە لە هەموو سـەردەمەکان دەسـەڵاتدارانی ناوچـەکە هەریـەك لـەو دەسـەڵاتدارانە، لەسـەردەمی خۆیانـدا قـەڵایان لـە دەربەنـد دروســت کــردووە، هەمیشــە قــەڵاکانی بنکــەی لەشــکر و ســوپا بــوون، لەسەردەمی نزیکیش چـەند قەڵایـەکی لێ دروسـت کـراون، یەکـەم قـەڵاتی دەربەنـد دەکەوێتـە بـەری چـیای ئاسـۆس دیوارەکـانی مـاون، ئەمـە هـی سەردەمێکی زۆر کۆنە، پێ دەچێت هاوزەمـانی ئەکـەدی و ئاشـوورییەکان بێت، بەداخەوە بەناوی چاك کردنی شـوێنی گەشـتیار و سـەیران بەشـۆفڵ شوێنی قەڵاتەکە شێوێندراوە، ئەوە هی سەردەمی (کوواری) فەرمانڕەوای شوشـاڕا (شمشـارە)یە، هـەروەکو خـۆی ماوەتـەوە، دواتـر لەسـەردەمی (خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی)دا سەرکارێکی ئـەو هاتۆتـە ئـەوێ بـەناوی (وسوئاسـکان یـان وسـو ئاسـکە)، قەڵایـەکی لەسـەرووی شـوێنی قەڵاتـە کۆنەکـە دروسـت کـردووە، بـەدووری سـەد مـەتر، ئـەویش هـەر لەبـەری

---

[٩٤] ئەو شوێنە گومانی بوونی مینی زۆری لێ دەکرێت، چونکە بەسەر جادە و بازگەی ڕژێمی دادەنوڕی لە خوار ڕەبیەکۆنی ڕژێمە بۆیە ئێستا پشکنینی ئاسان نییە.

[٩٥] حاجی غەفور باوەیلی، سەرچاوەی پێشوو لا٥، ١٧، ١٦.

ئاسۆسـە شـوێنەواری ئـەویش مـاوە، دیوارەکـانی بەبـەردی زۆر گـەورە دروسـت کـراون، هـەر بـەناوی ئـەو پیـاوە ناسـراوە، هـەتا ئێسـتاش پێـی دەوترێ قەڵای (وسوئاسکان) یان (وسوئاسکە)، دوای ئەوە قەڵایـەکی تـر لە دەربەندەکە دروست کراوە، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەسەر زێی بچـووك بـە بـەری کێوەڕەشـەوە، (برۆزۆزۆسـکی Brzozowski) ئـەو قەڵایـەی دیـوە و دەڵـێ: قەڵایـەکی تورکـان لـەلای ڕاسـتی زێـی بچـووك هەڵکەوتووە. ئەو قەڵایە باج وەرگری دەوڵەتی عوسمـانی تێـدا نیشـتەجێ بـوون، قەڵایـەکی بچـووك بـووە و دواتـر وێـران بـووە، هـەتا ئـەو وڵاتـە کەوتەدەست پاشای گەورەی سۆران، محەمەد پاشـای ڕەوانـدز، لـەمانگی جەمادی دووەمی ساڵی (١٢٤٣ك) ئەو وڵاتەی گرت، ئـەویش قەڵایـەکی لـە سەرووی ئەو قەڵایە دروست کرد، هەر بەبەری کێوەڕەشەوە، دوای نەمانی حوکمی پاشای گەورە، ئـەو قەڵایـە کەوتـە دەسـتی سـەرکارانی دەوڵـەتی عوسمانی، سەردەمێك حەمەئاغای کۆیە[٩٦] لەو قەڵایەدا سەرکاری دەوڵەتی

[٩٦] حەماغا کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی حەمەد ئاغای کوڕی کەریم ئاغای کوڕی غەفوور ئاغایە، ساڵی ١٢٥٤ ك لەدایك بووە و لەساڵی ١٢٧٥ك لەدەربەندی رانیە بۆتە (میر قەڵات) بەزاراوەی ناوچەی کۆیە پێی دەڵێن (ئاغا دەربەند)، واپێدەچێ یەکەم کارێکی حەماغا بەئەستۆیەوە گرتبێ، ئەو (میر قەڵاتی) یان (ئاغا دەربەندی) بووە، لەڕووی ناوی ئەو وەزیفەیەوە دەبێ بڵێم بەڕێکەوت لێرەدا یەکیان گرتۆتەوە، چونکە شوێنی وەزیفەکە هەم دەربەند بوو، هەم کۆنە قەڵاتی پاشای ڕەواندزیشی لێبوو، ئەگەر ئەو کۆنە قەڵاتە لەنێواندا نەبایە هەر دەمایەوە ناوی (ئاغا دەربەند) جێنشینەکەی پێوە هەڵبدرێتەوە قەڵاتیش هەیە بێ دەربەند هەر (میر قەڵات) بەدەستەوە دەدات. بەهۆی میرقەڵاتی و اغا دەربەندی غەفووریان لە دەربەندی ڕەمکان بەو لای وڵاتی بیتوێن و ڕانیە و مەرگەو پشدەر و دیوی کوردستانی ئێرانیش گوێ بیستی نان و خوان و دەست و مەقامی حەماغا بوون، دەربارەی

عوسمانی بوو[٩٧]. لەساڵی (١٢٧٥ك) حەماغا لە دەربەند (میر قەڵات) بووە، حەماغا ئـەو دەم لاو بـوو، ئـەو سـەرانەی لـە عەشـیرەتەکانی دەوروبـەری وەردەگرت، لەگـەڵ بـاج وەرگـرتن لـەو کاروانانـەی بەوێـدا تێدەپـەڕین[٩٨]. دواتر ئەو قەڵایەش وێران بووە، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهـان لـە سـاڵی (١٩١٨)، کـاتیَ ئینگلیـز هاتـە ناوچـەکە ئـەو قەڵایـەی داگیرکـرد، چـەند ژووریکیان لەهەمان شوێن دروسـت کـرد، بـۆ حـوکمڕانی خۆیـان، (نـەقیب بارکەر و کاپیتان کۆك) وەك: جێگری حاکمی سیاسی دەسـەڵاتی ئینگلیـز لەویَ نیشتەجیَ بووە، دواتر (ئیدمۆنـدس) وەك جێگـری حـاکمی سیاسـی ئینگلیـز و هاوکارەکـانی لـەویَ نیشـتەجیَ بـوون، بـەڵام شـوێنەواری ئـەو قەڵایانەی بەری کێوەڕەش نەماون، بۆ خانوو شوێنی بازگەکان تێکدراون، لـەنزیك ئـەو قەڵایانـە گونـدێکی لیَ بـووە بـەناوی (دەربەنـد)، هـەتا سـاڵی (١٩٧٤ز) ئـاوەدان بـووە، دوایـی بـەهۆی بـارودۆخی کوردسـتان ڕووی لـە چۆڵی کرد و لەساڵی (١٩٨٦ز) بەیـەکجاری چـۆڵ بـوو[٩٩]. سـەرەڕای ئـەوە دواتـریش گرنگـی خـۆی لەدەسـت نـەداوە، تـا دەگاتـە ئـەم سـەردەمە، بەردەوام شوێنی بنکەی سەربازی بـووە و زاڵگـەی سـەربازی و پشـکنینی لەسەر ڕێگاکەی جێگیر کراوە.

---

مەردایەتی و نان بدەیی چەندی بلێی لە کوردستان حەڵکەکە حەماغایان ناسیووە، حەماغا لە ٢-١٠-١٩٢٠ کۆچی دوایی کردووە. (مەسعوود محەمەد، حەمەغای گەورە، چاپکراوی بەغدا ١٩٨٦، بڵاوکراوەی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧، ل ٢٢، ٢٧، ٤٩)

[٩٧] مەلا سمایلی نورەدینی، رانیە، گۆڤاریشمشارە، ژمارەی ٤٣، ١٢-٧-٢٠٠٧ ، ل١٦.

[٩٨] دبلیۆ ئار هەی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

[٩٩] مەلا سمایلی نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦.



وێنەی ژمارە (١٨) نەخشە بەردەکەی دەربەند




وێنەی ژمارە (١٩) شوێنی نەخشە بەردەکەی دەربەندی ڕەمکان.

سەرەڕای گرنگی و بایەخی دەربەند بۆ دەسەڵاتداران، هەرگیز بایی ئەوە گرنگیان پێنەداوە، پردێکی باشی لەسەر دروست بکرێت، بەڵام لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بۆ هاتوچۆ و پەڕینەوەی ڕێبواران لەبەری کێوەڕەش بۆ ئاسۆس و بەپێچەوانەوە، ئامێری پەڕینەوە لە زێی بچووك هەبووە، لە کۆندا (کەڵەك) لە چەند هەمبانەی فوتێکراو دروست کراوە، سەرەوەی بە دار و (چەپەر) شوێنی لەسەر دانیشتنی بۆ کراوە، لەسەردەمی تازەشدا بۆ شێوەیەکی پێشکەوتوتر گۆڕاوە و قەیاغی لێ بووە و لەلایەن حکومەت بۆی دابین کراوە ڕێبوارانی پەڕاندۆتەوە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لەساڵی (١٩٣٩ز) لە کۆیەوە هاتووە بۆ پشدەر لە دەربەندەوە تێپەڕیوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەو ڕۆژە کە بە ڕێوە بووین قەیاغی دەربەندی سەنگەسەر کە پێشی دەڵێن دەربەندی ڕەمکان نەدەگەڕا، ئەگەر گەڕابایە پێی دەپەڕینەوە بۆ بەری ئاسۆس و سەرسیان لەوێوە بە دیوی ڕۆژهەڵاتی چیای ئاسۆسدا دەم زێ و دەم زێ نزیکی سەعات و نیو ڕێگا دەڕۆیشتین، تا قەیاغی سندۆڵان، کە دەبووا سەرلە نوێ پێی بپەرینەوە بۆ بەری ڕۆژهەڵات، کە گوندی سندۆڵان خۆی لێی بوو. بەم شێوەیە ماوەتەوە تا لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٤) پردێکی شایستەی سەردەم و ناوچەکەی لێ دروست کراوە.



**وێنەی ژمارە (٢٠)، قەڵاتی دەربەند**




**وێنەی ژمارە (٢١)، قەڵاتی دەربەند،**

**سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە، (٤٣)، ل١**

جاران له زارکی دەربەند، لەبەرزایی و ناوەڕاستی شاخی کێوەڕەش، لەلاپاڵی سەخت و لێژی چیای دەربەندەوە لە بەرزایی چەند سەد پێیەکی ڕێگاکەوە، کانیاوێك دەتەقی و لەبەرزاییەوە هەڵدەرژایە خوارەوە، کانیاوێکی بەفرینی بلورین، هاژەی بەگوڕمی سەرچاوەکە بۆ نێو دۆڵەکە و زێی بچووك قەڵبەزەی گرتبوو، کەفاوێکی سپی و جوان، پریشکی ئاوەکە بە تیشکی خۆری ئاسمان دەبوو بە پەلکە زێڕینە، دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو، پێیان دەوت (سپی چاریّ)، مامۆستا مەسعوود محەمەد لەساڵی (١٩٢٧) جارێك و دووبارە لە (١٩٣٩) لەوێوە تێدەپەڕیّ بەرەو پشدەر، دەربارەی ئەو کانییە، دەڵێت: "یەکەم ڕووباری مەترسی و بە سام ڕووباری (گاڕفێن)ی پێدەڵێن، چەند سەد مەترێك بەولای زارکی دەربەندەوەیە، پێشتر ڕووبارێکی نابەردەوام هەیە، (سپی چار)ی پێدەڵێن، کە دنیا لە بارانان ئاوس دەبیّ، هەر بارانێکی بباریّ ئاوی (سپی چار) بە عەنتیکەیی زیاد دەکات، هەندێکی لەبەر ڕێگای ناو زارکی دەربەند، وەکو (بێخاڵ) بەشێوەی کەف شیر هەڵدەڕژیّ، تومەز دەشتی ولاتی (مەندەمەرە)، یەك توێژاڵی خۆڵ بەسەرەوەیە، ئەویش خۆڵی کۆنەگۆمی ئەو دەمانەی زێی گچکە جاریّ زارکی دەربەندی نزم نەکردبوو، هەموو پشدەر ژێریاو بووە، لە بن تۆژاڵە خۆڵەکەوە سەرلەبەری دەشتەکە چەوە، هەر بارانێکی دەباریّ بە خڕی دایدەدا بۆ ناو ئەو چەوەی سەرپۆش خاکی کردووە، ئیتر بەسافی و ڕوونی هەموو ئاوەکە لە چەند ڕۆژێکدا بەو (سپی چار)ەدا دەچێتەوە ناو زێی گچکە، شیوی (سپی چار) بوو بە داشۆرگە (مبزل)ی ناپێویست و ناپەسند، چونکە نەمانەوەی ئاوەکە لە ناو خاکدا وەهای کردووە، هەموو دەشتی (مەندەمەرە) لە کانیەك لەولاوەی لیّ نەبیّ[١٠٠]. هەموو ئەمانە گرنگی و بایەخی دەربەندیان زیاتر کردووە.

---

[١٠٠] مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، کۆییّ– کوردستان، ٢٠٠٦. ل ١٩٤.



**وێنەی ژمارە (٢٢)، شوێنەواری (قەڵای وسو ئاسکە) لەدەربەندی ڕەمکان، سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە، (٤٣)، ل١**



**وێنەی ژمارە (٢٣)، شوێنەواری (قەڵای وسو ئاسکە) بەشێك لە شوێنەوارەکان تێکدراوە، سەرچاوە: فۆتۆ نووسەر.**

## شوێنەواری شاری دەربەند

دەربارەی شوێنەواری شاری دەربەند مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) دەڵێت: "ئەو شارەی لەگەڵ شوورا لێژ بووەکەی پاڵ چیاکەوە نزیک دەربەند دۆزیومەتەوە، ئەمەش لە ساڵی (١٩٧٣ز) ڕاپۆرتێکم لەبارەیەوە پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عیراق) لەو کاتەدا کردووە"[١٠١]. ئەو شارەی شوێنەوارەکەی لە (دەربەندی ڕانیە) ماوە و ئەم بەر و ئەو بەری زێی بچووکی گرتووە، شوورەکەی لە هەردوو چیای کێوەڕەش و ئاسۆس هاتووەتە خوارەوە، بۆ دەم زێیەکە و لە ڕووگەی دەربەندەکە، لەشوێنی پەڕینەوەی دەشتی بیتوێن و بەری مەرگە، دوور نیە ناوی (بابیت) بووە[١٠٢]. هەرچەندە ئەو کێومالەی (سپایسەر) لەساڵی (١٩٢٧ز) بۆ ناوچەی سلێمانی کردووە، دەڵێت: "بەپێی ساڵنامەکانی (ئاشور ناسرپاڵ) دیاری کردنی شوێنی (دەربەندی بازیان) لەگەڵ (دەربەند بابیت)ی دەبێ یەك بێ"[١٠٣]. دەبێ سەرچاوەی ئاوی ئەو شارە لە (کانی درۆزنێ)[١٠٤] و زێی بچووك بووبێ، هەندێ بیری ئاویشیان هەبووە، هەروەها لەبارەی ئەو شارەی لە (دەربەندی ڕانیە) لە مارتی ( ١٩٥٨ز) بەرێز (ئی.

---

[١٠١] عبدالرقیب یوسف، یاداشتێکی ساڵی (١٩٩٠)ی مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) بۆ حکومەتی عیراقی سەبارەت بەپێشێلکاری لەپاشماوەی شوێنەواری لەکێوەڕەشی ڕانیە، گۆڤاری شمشارە، ژمارەی (٥٤)، مانگی ٦ی ٢٠١٣، ل ٢٥.

[١٠٢] ئەحمەد مەمەند میرزا ڕۆستەمی ژێروو، گەشتی شاری ئەزمەرە و شوێنە دێرینەکان، لە شمشارەی ژمارە ٤٦، مانگی ٣ی ٢٠٠٩، ل ٧.

[١٠٣] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[١٠٤] کانی درۆزنێ: سەرچاوەی ئەم کانیە لەژێر چیاکە دەردەچێت ئێستا جادەی گشتی بەسەردا تێپەڕدەبێت و لەژێر جادەکەوە دەردەچێت، سەرچاوەیەکی وەرزییە، بەهاران تا درەنگ ئاوی هەیە دواتر لەدرەنگی ساڵ وشك دەبێت چەند ساڵێك لەمەوبەر نەژیایەوە، بەڵام بەهاری ئەم ساڵ (٢٠١٧ز) ژیایەوە ڕێڕەوی خۆی وەرگرتەوە.

ویلدن براون) زنجیرەیەك قەڵای لەیەك نزیكی دۆزییەوە، بەكەڵەكە بەردی وشكی بیناكاری لەسەر لێوی زنجیرە چیایەك دروست كراون، پێیدەوترێ: (خالّی دەربەند) و لەخوارووی (دەربەندی ڕەمكان)ەوە، بەدرێژایی لای ڕۆژهەلاتی دەشتی ڕانیەوە درێژ دەبێتەوە، بەلّگە هەیە دەری دەخات، ئەم قەلایە بەمەبەستی بەرگری كردن لە دەشتی ڕانیە دژی هێرشی ڕۆژهەلات دروست كراون، تا ئێستاش هیچ بەلّگەیەكی بەمێژووەوە نەدۆزراوەتەوە. لەڕاپۆرتێكدا بۆ یورگێن لیسۆ بەم شێوەیە نووسیویەتی: (A Report on the Descovery of Fortificans on aRidge to the East of the Rania plain, sulaimaniyah[1958]).[١٠٥] هەرچەندە بەلّگەكان دەیسەلمێنن ئەو قەلایانە بۆ بەرگری كردن لەڕانیە دروست كراون، بەلام بەدەستنیشان كردنی شوێنی شارەكە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئایا شارەكە كەوتووەتە باكوور یا باشووری شووراكە، ئینجا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین ئیدارەی شارەكە سەر بە بیتوێن یا پشدەر بووە.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی لوللوییەكان، بەردەوام ئاشوورییەكان هێرش و پەلاماریان بۆ ئەم ناوچەیە هێناوە، هەریەك لە (سەرگۆنی دووەم)، (ئەسەرحەدون)، (ئاشوور بانیپالّ)، (تیگلات پلایسەر)، دواتریش لەلایەن (شالمانەساری سێیەم) تۆمار كراوە، لەسالّی (٨٥٥ پ.ن)، ولاتەكەش لەژێر سەردێڕی (زامووا شابیتانی) نووسراوە، هەندێك لەمێژوونووسان بەتایبەت (سپایزەر و لویس لیڤارین) دەلّێن: لەگەرووی (دەربەندی بازیان) بووە[١٠٦].

---

[١٠٥] یورگێن لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.

[١٠٦] ئەحمەد مەمەند میرزا ڕۆستەمی ژێروو، گەشتی شاری ئەزمەرە و شوێنە دێرینەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١ز) و نەهێشتنی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس و هاتنە ئارای کەشێکی ئارام لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چەندین تیمی شوێنەواری بیانی بەهاوکاری هەردوو زانکۆی هەولێر و سلێمانی و بەشداری شوێنەوارناسی خۆماڵی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و بەشێك لەو تیمە شوێنەوارییانە سەردانی هەرێمی بیتوێنیان کردووە، لە زۆر شوێنی پاشماوەی شوێنەواری کنە و پشکنینیان ئەنجامداوە، یەکێك لەو تیمە بیانیانە لە هاوینی(٢٠١٧ز) سەردانی شوێنەواری شاری دەربەندی کردووە، لەخوار زارکی دەربەند و لەنزیك ئاوی زێی بچووك تەلاری پەرستگایەکیان دۆزییەوە و چەند پاشماوەیەکی شوێنەواری لەناو تەلارەکەدا هەبوو، یەکێك لە پاشماوە شوێنەوارییەکان (پەیکەرێکی سپی) بوو، گوایە ئەمە پەیکەری ئەسکەندەری مەکدۆنیە، هەرچەندە پەیکەرەکە سەری پێوە نییە، ئەوانەی کار لە شوێنەواریش دەکەن دەزانن کەللەی سەر چەند گرنگە لە بابەتی شوێنەواردا بۆ ناسینەوەی خاوەن و سەردەمەکەی، شوێنەوارناسە بیانیەکان وایان بڵاو کردەوە: دوای دوو هەزار ساڵ لە مەرگی جەنگاوەری گەورەی مێژوو ئەسکەندەری مەکدۆنی (ئەلیکساندەری مەزن) "شارێکی ونبوو"ی ئەو پاشا مەزنەیان دۆزیوەتەوە، لە ناوچەیەکی ڕانیە ناسراو بە "قەڵاتگەی دەربەند" گوایە بەهۆی سەیرکردنی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی سیخوڕی ئەمریکی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە لەو شارە خەیاڵیەدا خەڵك شەڕابی خواردووەتەوە و فەیلەسوفەکان ژیریان تێدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام پێشتر مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) ڕایگەیاندبوو کەلە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو شوێنەواری (شاری دەربەند)ی دۆزیوەتەوە.

شوێنەوارناسەکان بڵاویانکردەوە: بڕوایان وایە (ئەسـکەندەری مـەزن) ئـەو شـوێنەی بـەکارهێناوە، وەك ڕێگایـەك بـۆ هێرشکردنەسـەر پاشـای فارسـەکان لـەو کاتـەدا "داریۆشـی سـێیەم" لەسـاڵی (٣٣١ پ.ن)، گوایـە "قەڵاتگەی دەربەند"، لەو سەردەمەدا خاڵێکی گرنگی نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوای جیهـان بـوو[١٠٧]. بـەڵام ئـەو لێدوانـەی شوێنەوارناسـەکانی بیـانی نیگەرانی شارەزایانی خۆمـاڵی لێکەوتـەوە لەبـەر ئـەوەی دروسـت کردنـی چـیرۆکی ناردوسـت بـۆ شـوێنەوارێکی دۆزراوە، زیـانی گـەورەی دەبێـت، چـونکە لـە تۆمـار مێژووییەکانبـە هـیچ شـێوەیەك ئامـاژە بـەوە نـەکراوە ئەسـکەندەر لـەپاش شـەڕی ئـەربێللا سـەردانی ڕانیـەی کردبێـت، بـەڵکو ئەسـکەندەر لـەو گەشـتەیدا ڕووە و بابـل و هینـد ڕۆیشـتووە، هـەروەها لـەکاتی گەڕانەوەشـیدا لـە هیندسـتانەوە بـۆ بابـل، هـەر نەگەڕاوەتـەوە کوردستان[١٠٨]، لەبەرئەوە ئەسکەندەر بەهیچ شـێوەیەك ڕێگـای نەکەوتۆتـە هەرێمی بیتوێن و دەربەندی ڕانیە، لەبەرئەوە  ئەم جۆرە لێدوانانە دەبێتە هـۆی شـێواندنی بـەهای شـوێنەوارەکانی کوردسـتان و زیانگەیانـدن بـە کەسایەتی و شوێنەوارناسی ئەو ئەندامانەی تیمەکە خۆشیان.

لـەم بارەیـەوە پێویسـتە پەیوەنـدی بـاش هـەبێ لـە نێـوان دەسـتەی شـوێنەوار و شوێنەوارناسـانی ئـەکادیمی بـۆ زیـاتر خزمـەت کـردن بـە

---


[١٠٧] سایتی خەندان، پاشماوەی "شاری ونبوو"ی ئەلیکساندەری مەزن لەڕانیە دەدۆزرێتەوە، ٢٦- ٩- ٢٠١٧،
٦&babet=٣٣٣٠٠httpwww.xendan.orgdetailnews.aspxjimare=١٠٢٤&relat=

[١٠٨] سارا سەردار، وردەکاری ئەو شوێنەوارەی بەناوی ئەسکەندەری مەکدۆنی بڵاوکرایەوە، سایتی وشە ٥- ١٠- ٢٠١٧.
[٢٦٦٣٧http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=٤&Jor=](http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=)

شوێنەوارەکانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن حکومەتی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شوێنەواری کوردستان هەوڵ بدرێت بەزیاتر دروست کردنی کادرانی شوێنەوار و ڕەخساندنی بارودۆخی کەشێکی گونجاو بۆ شوێنەوارناسانی ئەکادیمی بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵکۆڵین خوێندنەوەی تایبەت بۆ ئەو شوێنەوارانە بکرێت، لە نزیکترین کات و شوێندا بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کەموکوڕیانە زیاتر ڕوونەدەن.

بۆ هەمان مەبەست و بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکان لە ڕۆژی (٩–١٠– ٢٠١٧) کات (١١)ی پێش نیوەڕۆ لەگەڵ بەڕێز (ئیسماعیل محەمەد نورەدینی) ناسراو بە (مەلا سمایل نورەدینی) فەرمانبەری فەرمانگەی شوێنەواری ڕاپەڕین، ناوبراو یەکێك بووە لە هاوکارانی تیمە بیانیەکە، لەکاتی کنە و پشکنینی شوێنەواری "قەڵاتگەی دەربەند" ئامادەبوو، هەروەها لەگەڵ ئێمەدا بەڕێز (ئوسامە و هاوڕێکەی) شوێنەوارناس و فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کەرکوك سەردانی شوێنەواری "شاری ونبوو"مان کرد و لەنزیکەوە ئەو شوێنەوارەمان بەسەرکردەوە، تەلارەکە لەچەند ژوورێك پێکهاتووە و دیوارەکانی پانە و بە بەرد و قووڕ دروست کراوە، مەلا سمایل محەمەد نورەدینی وتی: لە بەشێکی تەلارەکەشدا قسڵ و گەچ بەکارهاتووە، پارچەی خشتی سوورکراوەی زۆری لێ بوو، پێدەچێت پشتی بانەکەی بەشێوەیەکی ئەندازەیی بەو خشتە سورانە گیرابێت. تەلارەکە پێدەچێت پەرستگایەك بووبێت.




**وێنەی ژمارە (٢٤) پەیکەرێکی ئەسکەندەری مەکدۆنی لەگەڵ پارچە دراوێك لەشاری دەربەندی ڕانیە دۆزراوەتەوە.**



**وێنەی ژمارە (٢٥) تەلاری بینایەك (پەرستگا) لە شاری دەربەند لەلایەن تیمێکی بیانیەوە دۆزاوەتەوە.سەرچاوە: فۆتۆ: نووسەر**

## ئاوی گەناوی ڕانیە

لەخوار کێوەڕەش و لە دەشتاییەکە لەنزیك جێ هەواری کۆنی گوندی قورەگۆ دەریاچەیەکی بازنەیی هەیە، پێی دەڵێن: (گەناو) ئاوێکی مەعدەنی هەیە و بۆنی ناخۆشی لێ دێ، بەتایبەت ڕۆژانی ڕەشەبا بۆنێکی ناخۆشی وەك: هێکەی گەناو (پیس بووی) هەیە، لەوانەیە ناوەکەشی هەر لەوەوە هاتبێ، وەك: کانی ئاوەکەی هەڵدەقوڵێ و لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی گەناو بەدیوی ڕۆهەڵاتیدا دەرژێتە زێی بچووك، لە ٢٣-٩-٢٠١٥ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ئیدارەی ڕاپەڕین پێشوازی کرد لە تیمێکی زانستی ئەڵمانی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر (سیمۆنە) کرد، کە پێکهاتوون لەچەندین پسپۆڕی، وەك (شوێنەوار، ژینگە، کیمیا، بایۆلۆجی و جیۆلۆجی) بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی لەسەر ئاوی دەریاچەی گەناو لە نزیك گوندی (قورەگۆ)ی سەر بە شاری ڕانیە دەست پێ کردووە، ئەم توێژینەوەیە ماوەی (١٥) ڕۆژ دەخایەنێت، ئەو تیمە دەیانەوێت پێکهاتەی ئاوەکە و مێژووی دەریاچەکە بزانن، کە شوێنەوارێکی کۆنی ناوچەکەیە، بەپێی زانیاریەکانی سایتی ئەلکترۆنی (باسنیوز) لەو دەریاچەیەدا جۆرێك قەوزە هەیە، لەئێستادا ئەو جۆرە قەوزەیە لەهیچ وڵاتێکی دنیادا نەماوە، بۆیە ئەو تیمە زانستیە مەبەستیانە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو جۆرە قەوزەیە بکەن، دەریاچەی گەناوی ڕانیە (٧٦٢م) قوڵە و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەژێر دەریاچەکەدا چەندین پارچەی شوێنەواری هەیە، تائێستا نەتوانراوە دەربهێنریت و بپارێزرێت.



**وێنەی ژمارە(٢٦)، ئاوی گەناوی رانیە و دەربەند و چیای کێوەڕەش و ئاسۆس دیارە**



**وێنەی ژمارە ( ٢٧) ئاوی گەناوی ڕانیە لە بەرزییەوە گیراوە،**

## شوێنەواری ڕێگای بازرگانی (قەتارەڕێ)

دەشــتی بیتــوێن، بــەهۆی هەڵکەوتــەی جــوگرافی و جێگاکــەی وەك پردێکی بازرگانی بووە، لەنێوان ئێران و موسڵ و بەغدا و میسۆپۆتامیای کۆن، ئێستاش شوێنەواری کۆنی ڕێگایەکی فـراوان هەیـە، تائێسـتاش لای خـەڵکی ناوچـەکە بـە "قـەتارە ڕێ" ناسـراوە، ئـەو ڕێگایـە لـە ئێرانـەوە هاتووە، لە پشدەرەوە ڕەت بووە و بە دەربەندی ڕانیەدا تێپەڕیوە و بەناو شاری شوشاررا (شمشارەی ئێستا) ناوەنـدی کـارگێری دەشـتی بیتـوێن و سنووری فەرمانڕەوایی (کوواری) پاشای هەرێمی بیتوێن، سەر بە یـەکێتی شانشینی (توروککی)یەکاندا تێپەڕیوە، وەك: هێڵێکی تاڕادەیەك ڕاست بـە ناوەڕاسـتی دەشــتی بیتوێنــدا لــە گونــدی "گولــەك"ەوە بــۆ گونــدی "قەمتــەران" بــەناو گردۆڵکــەکانی ڕۆژاوادا تێپــەڕیوە، بەچـیای هەیبــەت سوڵتاندا سەرکەوتووە بۆ کۆیە، بەڵام ئەمە ڕێگایەکی خـۆڵ و ڕێگـای وڵاخ بـووە، بـۆ بـەکارهێنانی گالیسـکە (عەرەبانـە)ش لـەباربووە، بـۆ لایـەنی بازرگـانی و سـەربازی سـوودی لێ وەرگـیراوە، بەداخـەوە تائێسـتا هـیچ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەك لەسەر ڕێگای بازرگانی قەتارەڕێ نەکراوە، تا چۆنیەتی ڕابردووی بزانین و لـەڕووی گرنگـی و بایـەخ و کاریگـەری لەسـەر بازرگـانی ئـەو کاتـە، بـێ گومـان ڕێگایـەکی قـەرەباڵغ بـووە و هاتوچـۆی بازرگـانی زۆری بەسـەرەوە بـووە، وەك بـاوە کابرایـەك کـاری چـەتەگەری کردووە، بە (مەمۆ) ناسراوە، پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بووە، لە ڕۆژگارێکدا لە خوار دەربەند بەردەوام بۆسەی دانـاوە، بەچـەند پیـاوێکی چـەکدارەوە

خۆی مەلاس داوە، ئەو کاروانانەی لەو ڕێگایەوە تێپەڕیون، پێشی لێ گرتوون و نەیهێشتووە هەتلەبن، یا دەبوایە لەگەڵی ڕێك بکەوتبان هەندێ پارەیان، وەك: باج پێ بدایە، یاخود کاروانەکەی بۆ خۆی دەبرد، چیرۆك و بەسەرهاتەکانی تائێستاش لەبیری خەڵکی ناوچەکەدا ماون، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبووە، تائێستاش دەشتەکەی خوار دەربەند بە (ڕەنێ مەمۆکەی) ناسراوە، هەر لەوێش لە قەراغ ئاوی زێی بچووك ئەشکەوتێك هەیە، بە ئەشکەوتی مەمۆکەی ناسراوە، وەك باوە بۆ کاتی پشوودان و حەوانەوەی بەکاری هێناوە.

زانیاری سەردەمی ئەکەدی و ئاشووری و بابلییەکانیشمان پێ نەگەیشتووە، ئەو زانیاریانەی هەمانە ڕێژەیەکی زۆر کەمن هی ئەوە نین، دڵیان پێ خۆش بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاو ڕوونیەکمان لە سەردەمی کۆن بۆ دیاری دەکەن. دەربارەی کاریگەری و بایەخی ئەو ڕێگایە (برزۆزۆسکی Brzozowski) لە ساڵی (١٨٦٦ز) سەردانی ناوچەکەی کردووە، توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە و لە ڕاپۆرتێکدا باسی دەشتی بیتوێن دەکات، دەڵێ: ناوچەیەکی بەرزی شاخاوی لەنێوان (بین النهرێن) و ئێران هەڵکەوتووە، لێرە زۆر پان و بەرین نییە، چیاکان بەهێڵێکی ڕاست و بەباری درێژیدا برگە برگەیە، بەم جۆرە دەبێ شیوی دەربەند نزیکترین ڕێگای نێوان نەینەوا (موسڵ) و ئێران بووبێ، بەلام دیار نییە ناوی ئەو ڕێگایە لەڕۆژگارانی کۆندا چی بووە؟ (ئیدمۆندس) لە زمانی نووسراوی (کوراب برزۆزۆسکی) دەڵێ: دەبێ لە شیوی دەربەند وەك

نزیکترین ڕێگای نەینەوا بۆ ئێران کەڵك وەرگیرابێ، چونکە لە کۆنـدا ئـەوە ڕێگای هـەرە ئاسـانی نەینـەوا (موسـڵ) بـۆ ئێرانـی ئـەمڕۆ بـووە، زنجـیرە چـیایەك (کێـوەڕەش– ئاسـۆس) ڕووبـاری زێـی بچـووکی پێـدادەڕوا، لـە باشووری ڕۆژئاواوە بۆ بـاکووری ڕۆژهـەڵات بـەهێڵێکی زۆر دیـار و هەنـدێك ڕاستدا دەچێتە پێش، لەبەردێکی ڕەش و پتـەو پێکهـاتووە (مەبەسـت لـە گەرووی دەربەندە بەبـەری چـیای کێوەڕەشـەوە)، بـەماوەی چـەند مایـل دەشتی بیتوێن لەدەشـتی پشـدەر جیادەکاتـەوە، ئـەو شـیوەی ڕووبـاری پێدا دەڕوات (دەربەند) شیوێکی قوڵەیە و درێژی (٤٠٠– ٥٠٠) یاردە زیـاتر نابێت، ڕێگاکە بەڕۆخی ڕاستی ڕووبارەکەوە نوسـاوە، هـەر بـەم جـۆرەش دەچێتەپێش، لەنێوان ڕووبار و دیواری سەختی زنارەکە شوێنێکی فـراوان بۆ تێپەڕین نییە، ئەمە ڕێگـای کـۆنی شـەڕکەرە ئاشـوورییەکان بـووە، بـۆ لەشکرکێشیەکان و گەیشتنیان بە بەرزاییەکانی باکووری خۆرئـاوای ئێـران سـازیان کردبـوو. دوای نووسـینی وتارێـك لەلایـەن (ئیدمۆنـدس) و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری جوگرافیا، نامەیەکی (کلۆنێل مانسل) کەلەلایەن "هیـنکس" دەبـیری کۆمەڵـەی سـەڵتەنەتی جوگرافیـایی بەدەسـت (ئیدمۆنـدس) گەیشـت گەڵاڵەنامەیـەکی ڕوون کردنـەوەش لەگـەڵ نامەکـە هەبوو، دەڵێت: "زنارەکە زۆر سـەخت و قایمـە، شـەڕکەرە ئاشـوورییەکان بۆ بـەرگری کـردن لـە هەڵخلیسـکانی پێچـکەی گالیسـکەکانیان و بـۆ کـەم کردنەوەی مەترسی هەڵخلیسکانی گالیسکەکانیان و مەترسی کەوتنیان بۆ ناو ڕووبارەکە، ڕێگایەکیان بە قوڵی دوو پێ و پانایی هەشت پێ و درێژایی

سەد یاردە لەژێر زنارەکەی دەربەند بڕیبوو، ئەوە لەسەردەمی کۆندا بەمەبەستی تێپەڕینی گالیسکە سەربازییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە، (ئیدمۆندس) دەڵێ:"بێ گومان ئەوە کاری ئاشوورییەکانە، ئەگینا کوردەکانی سەردەمی ئێستا هەرگیز زەحمەت بەبەر خۆیان نادەن، تا ڕێگایەکی ئاوا بەو زنارە قایمەوە ببڕن و ڕێگای لێ دروست بکەن"[109].

ڕێگای قەتارەڕێ، دوای ئەوەی زنجیرە چیای سنووری ڕۆژئاوای دەشتەکە پێکدێنێ، بەهۆی باریکە ڕێیەکەوە لە (هەرێمی بیتوێن)ەوە بەرەو خوار بۆتەوە بە چنارۆکدا تێپەڕیوە بۆ کۆیە، چنارۆك هاوینەهەوارێکی مەیلە و فێنکە، بەهۆی نزیکیشی لە کۆیەوە، بۆ لێ دانیشتن لەبارترە تا شوێنی دیکە، جگەلەمە، چونکە ڕێی کاروانی نێوان کۆیە و هەرێمی ڕانیە و پشدەر تا دەگاتە سەردەشت و دیوی کوردستانی ئێران، بەچنارۆکدا تێدەپەڕێ، هەمیشە هەستی ئاوەدانی لێ دەکرێ نەك چۆڵی، یەك لەو شتە خۆشانەی دڵی منداڵی پێ دەکرایەوە، گەورەش تێوەی ڕادەمان، هاتوچۆی بێ پسانەوەی ئەو کاروانانە بوو، کەوا ژووڕا و ژێڕا بەرەو کۆیە و بەرەو بیتوێن و پشدەر، وەکو ڕچەی مێروو بەیەکدیدا تێدەپەڕین، ناوە ناوە قەتاری ئێستر و بارگیری بازرگانەکان بەو زەنگوڵە زلانەی ملیانەوە بەتایبەتی قۆڕادەی ملی ئێستری پێشەنگ سەرنجی هەموو بیسەر و بینەرێکی ڕادەکێشا، قەتارچیەکان بۆ بەرچاوی کەم

---

[109] سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٢.

ئـەزموونان، وەك بەچـكە قارەمـانی نـاو حیكایەتـەكان خۆیـان دەنوانـد. خۆشیان بەدیار خەڵكی هۆبەی نزیك ڕێگاوە تین و تاقەتێكی زیادیان پێوە دیـار دەبـوو، دەنگـدانی وڵاغەكانیشـیان دلێرانـەتر دەبـوو لـەوەی بەچۆڵستاندا لەبەر گوێی كەس دەنگ نەداتەوە[110].

ئـیتر ڕێگاكـە لـە بیتوێنـەوە بەچـنارۆكدا لەچـیای هەیبـەت سـوڵتانەوە گەیشتۆتە شاری كۆیە، كە شارێكی زۆر كۆن و بەناوە. لەهـەمان كاتیشـدا شـارێكی بازرگـانی و كشـتوكاڵی گـرنگ بـووە، لەگـەڵ بەغـدا و بەسـرە و موسـڵ و كـەركوك، لەلایـەك و كوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لەلایـەكی دیكـە پێوەندی بازرگانی هـەبووە، ڕێگـای هاتوچـۆی بازرگـانی نێـوان سـابڵاغ و تاران و شارەكانی دیكەی ئێران بووە، ئەویش ڕێگایەكی چەوڕێژ نـەبووە، بەڵكو ڕێگایەكی خۆڵ و نارێك و نالەبار و خۆڵەپۆت بووە، جگەلـە شـوێنی وشكایی ئەگینا بەزستان قوڕاو لیتە بووە، سەرەڕای دەیان پێچی نارێـك و پەناوی ترسناك و هەوراز و نشێوی عەنتیكەی هەبووە، ڕێگایەك بووە هەر بـەهاوین زیـاتر كـەڵكی لێ وەرگـیراوە، لەزسـتانان چـەق بەسـت بـووە، كەڵكێكی ئەوتۆی نەبووە، چونكە خاكەكەی بانووە، خاكێكی فشەڵە و ئاو زۆر دەگـرێ، لەزسـتاندا زۆنگـە و ئـاو لـەناو خۆیـدا كۆدەكاتـەوە، بۆیـە لـەوەرزی بـاران و بـەفردا گـیراوە، ئەنـدازیاری دێـرین (مەجیـد عومـەر

---

[110] مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەكەم: ستۆكهۆڵم سوید، ١٩٩٢، چاپی دووەم، هەولێر، كوردستان، ١٩٩٩، چاپی سێیەم، كۆیێ– كوردستان ٢٠٠٩، ل ٢٥

حەسەن) لەبارەی خراپی ئەو ڕێگایە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەڵێ: "خۆم چەندین جار لەو ڕێگایە عاسێ بووم و لەگوندەکانی سەر ڕێگا دەمامەوە، جگەلە ڕێگای کاروان لەکۆیە بەرەو سلێمانی و ڕانیە و بیتوێن و پشدەر هیچ ڕێگایەك نەبووە، هەرچەندە کۆیە ئالۆگۆڕێکی بازرگانی بەرچاوی هەبووە لەگەڵ ئەو ناوچانە بۆیە داواکاریەکی گرنگی خەڵکی کۆیە ئەوە بووە ڕێگایەکیان بۆ دابین بکرێ، بەتایبەتی لەهەیبەت سوڵتانەوە بەرەو چناڕۆك و ڕانیە"[111]. لەهیچ سەردەمێکدا دەوڵەت گرنگی بەم ڕێگایە نەداوە، بەڵام هەر کاتێك سوپای دەسەلاتدارانی ناوچەکە قۆشەن و لەشکرکێشیان هەبووبێ بەپێی ویست و بەرژەوەندی خۆیان دەستێکیان پێداهێناوە و ڕێگاکەیان چاك کردووە، بۆ نموونە: (تەقیەدین پاشا)ی والی بەغدا بەنیازی سەرکوتکردن و گرتنی (هەمزاغای مەنگوڕ) بەهێزێکی گەورەوە مل دەنێ بەرەو کوردستان، لە ڕۆژی هەینی سەرەتای مانگی سەفەری ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی دەگاتە کۆیە و لەڕۆژهەڵاتی کۆیە ئۆردوی هەڵدەدات، ئەوسا ڕێی کونەکۆتر کە لە دوکانەوە بەرەو بیتوێن تێدەکاتەوە نەبوو، بۆ ئەوەی سوپای حکومەت بەتۆپ و عەرەبانە و جبەخانەوە لێیەوەتێپەڕێت، تەنیا ڕێگایەك بووبێ لە بەغدا و کەرکوکەوە سوپای لێوە بڕوات بۆ بیتوێن و پشدەر ڕێگای کۆیە بووە، (تەقیەدین

---

[111] مەجید عومەر حەسەن، لەیادی ٦٠ ساڵ دروست کردنی ڕێگای هەیبەت سوڵتان چناڕۆك، گۆڤاری کەکۆن، ژ ٢٧ لە تەموزی ٢٠١٣، ل ١٩–٢٠.

پاشا) دێتە کۆیە و خێـوەت و ئـۆردوو لـە شـوێنێك هەڵـدەدا پێـی دەڵـێن: (قەبری فەقێ) جێگایەکە بەسەر ئەو یـەکاوەدا دەنـوارێ ڕووبـاری کۆیـە و ئاوی (سوێراوان) تێك دەکەنەوە، ئێستا ئـەو یـەکاوە پـردی ڕێـی ڕانیـەی بەسەرەوەیە، (تەقیـەدین پاشـا) بـۆ بەڕێداچـوونی تـۆپ و عەرەبانـەکانی ڕێگای کاروان کە بەهەیبەت سوڵتاندا دەڕوات ڕێگایەکی نـاخۆش بـوو، بـۆ ئاسان تێپەڕینی سوپاکەی (تەقیەدین پاشا) دەستێك بەڕێگاکـەدا دێنـێ و پانتر و هەراو تری دەکـات، و پلـەکانی دەتاشـێت، ئینجـا بەسـوپاکەیەوە دەچێتە ڕانیە، ئەو کاتە (هەمزاغای مەنگوڕ) بەهۆی بـوونی کێشـە لەگـەڵ حکومەتی ئێران لە بیتوێن نیشتەجێ بوو[112]، تـاهیر ئەحمـەد حـەوێزی لـە (حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی)یەوە نووسیویەتی" " (تەقیەدین پاشـا) والی بەغدا بۆ (اسلاحاتی فەسادی) (هەمزاغای مەنگوڕ) بەدەر کەوت، لـە ڕۆژی هـەینی لـەدەرەوەی کۆیـە ڕووی کـردە ڕانیـە، لـە (١)ی مـانگی سـەفەری سـاڵی (١٢٧٤)ی کۆچـی لـەو دەمـەش غەفوریيـەکان (ئیسـماعیل ئاغـا و حەماغا) کوڕانی مەحمود ئاغا دەربەدەردەبن، لەگـەڵ حکومـەت نێوانیـان ناخۆش دەبێت، (تەقیەدین پاشا) نایەتە ناوشار، لـەکن قـەبری (فـەقێ)ی بەدەستەچـەپی ڕووبـار لـە ڕۆژهـەڵاتی شـار خێـوەتی هەڵـدەدات، دەسـت دەکا بەچاك کردنی ڕێگای هەیبەت سوڵتان تاکو تۆپی پێدا بڕوات، چـووە

---

[112] مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپ کردنی بەغدا ١٩٨٦، لە تۆڕی ئینتەرنێت — ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧، ل ٣١.

ڕانیــە لەگــەڵ عەشــایرەکانی بیتــوێن و ناوچــەکە دەســتی کــرد بەشــەڕ، عەشیرەتی (ئـاکۆ)ی زۆر ئەزیەتـدا، (مەمەنـدئاغا)ی سـەرۆکی عەشـیرەتی ئاکۆی گرت، چونکە وایان تێگەیاندبوو، (ئیسماعیل ئاغای غەفووری) کەلە دەوڵــەتی عوسمــانی قاچــاغ بــوو ئــەو دەیحەوێنێتــەوە، دوای ئــەوەی (مەمەنـدئاغا) بـەگیراوی دەبرێتـە بەغـدا، مەمەنـد ئاغـا لـە حەپسـخانەی بەغدایــە دەمــرێ، لــەپاش ســووتاندن و تــاڵان کردنــی بیتــوێن و ڕانیــە (تەقیــەدین پاشــا) گەڕایــەوە کۆیــە و لەگــەڵ هــەمزاغای مــەنگوڕ هیچــی پێنــەکرا[113]. (تەقیــەدین پاشــا) بــۆی دەلوێــت هــەمزاغا دەســتگیر بکــات، لەگەڕانــەوەدا ســەرلەنوێ بــە هەیبــەت ســوڵتاندا دێتــەوە کۆیــە و بــەناوی حەســانەوە و پشــوودان چــەند ڕۆژێکــان لەکۆیــە دەمێنێتــەوە، ئینجــا دەگەڕێتەوە شوێنی خـۆی[114]. سـەرەڕای ئـەوەی بـۆ گواسـتنەوە و کـاری بازرگانی لەڕێگای ئاوی زێی بچووك سوود لـە کەڵـەك وەرگـیراوە، کـە لـە هەمبانەی فوتێکراو دروست دەکرا، ئەگینا ئەوەی لەو سەردەمەدا سوودی لێ وەرگیراوە، بۆ گواستنەوە تەنیا و تەنیا ئاژەڵ بووە، ئێستر و ئەسپ و ماین و بارگین بەکار هاتووە، کەر (گوێدرێژ) بەشێوەیەکی مامناوەندی بـۆ کاروانی بـەکارهاتووە، لـە ڕێگـای نێـوان سـلێمانی بـۆ کـەرکوك بـۆ بەغـدا کاروانییەکان زیاتر وڵاخی بـەرزەیان بـەکاردێنا. باشـترین هێسـتر لـەوڵاتی

[113] تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، ٢٠٠٧، ل ١١٠.

[114] مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

ئێرانەوە دەهێنرا و لەلایەن ولاخدارانی سلێمانی و کەرکوك، کە دەچوون بۆ ئەوێ دەیان کڕی. هەروەها بارگین و ئەسپیشیان لەناو کاروانـدا بـەکار دێنـا، بـەڵام ئاژەڵـەکانی تـر لـەوڵاتی ئێـران کـەمتربوون، نرخـی هێسـتر و ئەسپ زۆر گران بوو، وشتر کاروان زیاتر لەنێوانی کەرکوك و بەغدا و کفری و بەغـدا بـەدی دەکـرا و ئـەویش زۆر دەگمـەن بـوو، چـونکە سروشـتی ناوچەکە ڕێ لەبـەکارهێنانی وشـتر دەگـرێ. بەداخـەوە ئێسـتا دەربـارەی ڕێکـا و بـانی بازرگـانی لـە سـەردەمانی کۆنـدا لـەهێڵی کۆیـە–بیتـوێن و پشدەر– ئیران، لیرەدا دەبێ بەوەندە زانیاریە کەمەوە وازبێنین، بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا بتوانین زانیاری زیاترمان دەست بکەوێ.

# بەشی دووەم
# شوێنەوارەکانی دۆڵی شاور و ئاکۆیەتی

## پوختەیەك لە مێژووی شوێنەوارەکانی شاور

دۆڵی شاوریٚ دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری ڕانیە، ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش، کەش و هەوایەکی فێنك، سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە، ناوچەیەکی سەخت و لاچەپە، هەر ئەم سەختی و لاچەپیە وای کردووە بەگەشتێکی تایبەت نەبێت، ڕێگات ناکەوێتە ئەم ناوە، زۆر کەم گەڕیدە و مێژوونووسەکان ڕێکەوت و سەردانی ئەو ناوچەیان کردووە، لەبەرئەوە زانیاری کەم تۆمار کراوە، دەربارەی مێژووی کۆن پاشماوەی شوێنەوارێکی زۆر لەو ناوچەیە بەجیٚ ماوە، ڕووداو و بەرسەهاتی زۆر لەم ناوچەیە ڕووی داوە، زۆربەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لەشێوەی بەیت و

داســتانی شــەڕەکان لەســەر زمــانی خــەڵکی ناوچــەکە مــاون. بــەڵام لێکۆڵینەوەی زۆر کەم لەسەر کراوە، ئێمە ئاوڕێکی خێرای لێ دەدەینــەوە، ئەوەندەی بۆمان بکرێت، باسی شـوێنەوارەکانی دۆڵـی شـاور لێـرە تۆمـار دەکەین، بەمەبەستی پێش چاوخستی شوێنەوارەکان و مێژووی ناوچەکە، بۆ ئەوەی لـەداهاتوودا لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوەی وردی لەســەر بکرێـت و لەو ڕێگایەوە مێژوویەکی ڕوونـی ناوچـەکەمان دەسـت کـەوێت، بەداخـەوە دەربارەی شوێنەوارەکانی دۆڵی شاور سەرچاوەیەکی کەممان لەبەردەست دایە.

## پێناسەیەك بۆ ناوی شاورێ

شاورێ خاوەنی مێژوویـەکی دێرینــە، نـاوی (شـاور)ێ دەگەڕێتــەوە بـۆ سەردەمی بەرلەزاین، (میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی) لەو بـاوەڕەدا بـووە ناوی (شـاور) لــە (شـاهوور)ەوە سەرچـاوەی گرتــووە[115]. هـاوڕێ سـلێمان گوڵانی، لە گۆڤاری شمشارە دا دەڵێت: "یەکێك لە بەساڵاچووانی شـاورێ بەناوی (قادر حمەدەمین باوەکر) پێی وابوو، ناوی (شاور)ێ لـە (شـاوارە) هـاتووە، واتــە (واری شـایەکان) یـا (هــەواری شـایەکان) دەبەخشـێت[116]. یـاخود ڕەنگــە نــاوی (شــاور) لــەو نــاوە گشــتیەوە هــاتبێ ســۆمەری و ئاشوورییەکان بۆ دانیشـتوانە ڕەسـەنە کوردەکـانی ناوچـە بـەرزەکان، یـا

[115] مەلا سمایل نورەدینی، پوختەیەك لە مێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/٤٥، کانوونی دووەم ٢٠٠٩، ل ١٥.

[116] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ل ٤ .

چیاییەکان بەکارهاتبێ، وشەکانی (شاور، شائور، شاوار، شاهور، شائول، شاران) هەموو ئەو ناوانە دورمان ناکاتەوە، لەو ناونیشانەی سۆمەری و ئاشوورییەکان بۆ ناوچە بەرز و شاخاوییەکانی کوردستان بەکاریان هێناوە. بۆ نموونە (ئور) بە واتای گردی بەرز (ئورارتو) واتای (مەملەکەتی زەویە بەرزەکان) دەگەیەنێ، ئەمە گونجاوە لەگەڵ ناوی (شائور) واتە (شای زەویە بەرزەکان)، زۆربەی گوند و ئاوەدانیەکانی (شاور) کەوتونەتە شوێنەبەرزەکان، وێڕای قەڵا و شوورەکان. وشەی (هور)یش بەمانای بەرزایی دێت یاخود گەلی شاخ، لەباکووری گوندەکانی (گوڵان، مێدێرە) ناوچەیەکی شاخاوی هەیە، دانیشتوانی ناوچەکە بە (کور کور) ناوی دەبەن، کە مانای (شاخی بەرز) دەگەیەنێ. هەروەها (شاهورمان) هەیە، دەشێ ناوی (شاهور)یش لەناوی (شای ناوچە بەرزەکان) یاخود (شای گەلی شاخەبەرزەکان) بێت، یاخود پاشماوەی یەکێك لە تیرە (هور)ییەکان گونجاوە، (هورییەکان) یەکێك بوون لە هۆزە هەرە دێرینەکانی کورد"[117].

## شوێنەوار و قەڵاکانی شاورێ

گوندەکانی (گوڵان، مێدێرە، بێردبی، بەردانگە، دارەبەن، ناوەزینان، شەکەڵە)، کەوتوونەتە دۆڵێکەوە (بەدۆڵی شاورێ) ناسراوە، (شاور)یش تیرەیەکی سەربەخۆیە و بەهۆی ئەوەش دۆڵەکە چواردەوری چیایە ناوچەیەکی داخراوە، دەربارەی مێژووی (شاور)ێ هاوڕێ سلێمان گوڵانی

[117] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، شاورێ وەك پێناسەیەك، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٩، مانگی ١٢ی ٢٠٠٩، ل ٢٠.

دەڵێت: "بەساڵاچوانی (شاور)یٚ باسیان لەوە کردووە لە سەردەمێکدا لە ناوچەی (شەمدینان)ی کوردستانی باکوورەوە، سیٚ برا بەناوی (شەمدین، شاور، شەروین) هاتوونەتە ئەم سنوورە (شاور) لەگوندی گوڵان و (شەمدین) لە گوندی مێدێرە و (شەروین) یش لە گوندی (شەروەی) دۆڵەڕەقە جێگیر بوون.

هەروەها ئاماژە بۆ (کتێبی محمدامین زەکی بەگ) لە (مێژووی کورد و کوردستان) دەکات، لەباسی میرنشینی (شەدادی) دا نووسیویەتی (خانی کۆ) باس لە نووسراوێك دەکات، لە (ئانی) دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٩٨)ی کۆچی کە زنجیرەی بنەماڵەی (ئانی) تێدا نووسراوە، ناوەکانیان پێنج جار ناوی (شاور) یان تێدا هاتووە، بەم جۆرە: ١- ابوالاسوار شاور بنی افچل بنی محمد/ ٤٤٤ك، افچل بنی شاور فچلی دووەم گەنجە، ٣- ابوالاسوار شاور بنی منوچهر بنی شاور بنی افچل ئانی٤٦٨ ك، ٤- محمد بنی شاور بنی منوچهر بنی شاور بنی افچل ئانی، ٥- قایی سولتان بنی محمود بنی شاور ئانی."[118] هەرچەندە من سەرنجم دایە (کتێبی سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، خلاصە تارخی کورد و کوردستان ، ئامادەکردنی:ڕەفیق صالح، بەرگی چوارەم، بنکەی ژین، ل ٢٤٦،) ئەو باسەی تێدا هاتووە، بەڵام بۆم ڕوون نەبووەوە چ پەیوەندیەکی بە مێژووی دۆڵی (شاور)یٚ هەیە، بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا وردەکاری زیاتر پەیدا ببێت.

پاشماوەی شوێنەوارەکانی (شاور) لە دوو شوورەی دوور و درێژ و چەند قەڵایەك لەناوچەکە بەرچاو دەکەون، گەرچی شتێکی ئەوتۆ لەبەڵگە

[118] مەلا سمایل نورەدینی، پوختەیەك لە مێژووی شاور، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

و دوکۆمێنـت لەبـەر دەسـتدا نییـە بیسـەلمێنێ، ئـەم شـوورە و قەڵایانـە دەگەڕێنەوە بۆ کام چاخ و سـەردەمی مێـژوویی، بۆیـە ناچـارین پشـت بـە تێـڕوانین و بۆچـوون و گێڕانـەوەی پـیر و بەساڵاچـووەکانی سـنوورەکە ببەستین، ئەوانیش لەکەسانی بەتەمەنی پـێش خۆیـان بیسـتویانە، دەمـاو دەم و سینە بەسینە هاتووە، دەڵێن: (شاور) بەدرێژایی هەزاران ساڵ بـەر لە ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی دەیان پاشا و دەسەڵاتداری ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بووە، بوونی چەندین قـەڵا و شـوورە، کـە هەریەکـەیان شـــوێنی حـــوکمڕانی چـــەند دەورەیـــەکی پاشـــاکان بـــووە، یـــەکێك لەبەساڵاچـووانی (شـاور) بـەناوی (قـادر حمـەدەمین بـاوەکر) دەڵێـت: "ڕاکێشـانی شـوورەیەکی بـەردینی پتـەو تائێسـتاش لـەزۆر جێگـادا شوێنەواری ماوە، سەرەڕای کاریگەری کەش و هەوا و بەرکەوتنی دەسـتی نەزان و نـەفام لـەژێر نـاوی لـەناوبردنی پاشمـاوەی کافرەکـان پێدەچێت زۆرێك لەنووسراو و نەخش و نیگاریشی لەناوبرابن، وەك دەڵێن: شـوورەکە لـــە (تـــەختی خـــاوەر زەمـــین/ی بێتواتـــە)ەوە دەســـت پێـــدەکات، و سەردەکەوێت بۆ سـەر چـیای مـاکۆك و بەبـەردەم گونـدی (نـۆرە)دا دێتـە خـوارەوە، ئەشـکەوتی (بتکـار) دەگرێتـە خـۆی و دەپەڕێتـەوە ئەوبـەر. گوندی (دێرە) دەبڕێ و سەردەکەوێ بۆ لوتکەی (کوڕاشەڵ)، لەوێوە پـێچ دەکاتەوە بەئاراستەی چیای کێوەڕەش تاکو دەربەندی ڕانیـە، لەوێشـەوە بۆ چیای ئاسـۆس. زنجیرەیـەك شـوورای دوور و درێـژە، بەسـەر یەکـەوە، بـەپێی گێڕانـەوەی بەساڵاچـووەکان دەڵـێن: جگەلـە دەرگـای دەربەنـدی ڕانیە، دەرگایەکی تریش هەبووە، کەوتۆتە خوار گونـدی (نـۆرە)ی ئێسـتا کـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای قـەڵا کۆنەکـەی (شاهورشـا یـان شـائول شـا)

پێیدەڵێن: (دێگەڵان یان دێگەڵە) دەشێ ئەو ناوە لە گاڵەدانەوە هاتبێ، لەشاورێ بۆ داخستن یا بەستنی دەرگای ژوورێك دەڵێن (دارگاڵە)."[119]

شوورەكە لەسنووری شاورێ ئەم قەڵایانەی لە خۆ گرتووە:

١- قەڵاتی مخایلی: كەوتۆتەسەر چیای ماكۆك.

٢- قەڵاتی (ڕێگەلان) یاخود (ڕێگران).

٣-قەڵاتی سەر ئەشكەوتی بتكار.

٤- قەڵاتی سەر كوڕ ئێستر.

٥- قەڵاتی باسكی مقەسیرۆكێ.

٦- قەڵاتی گردەزاڵ.

٧- قەڵاتی (شاهور) یا (شائول).

٨- قەڵاتی حەرەسان.

٩- قەڵاتی (كچەكافری) یا (كافوری).

١٠- قەڵاتی كوڕاشەڵ.

١١- قەڵاتی شاڕانی، كەوتۆتە سەرووی گوندی بەردانگەی شاور.

ئەم شورە و قەڵایانە بەپێی هەندێك بەڵگە، كە لە ناوچەكە دۆزراونەتەوە، پێدەچێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مادەكان و پێشتریش، (مەلا سەلام حەیدەری)، لە كتێبی (چەند لایەنێكی ون بوو لە مێژووی كورد) لەگێڕانەوەیەكی زارەكیدا دەڵێت: "شاورێ ناوچەیەكی زۆر دێرینە و خاوەنی پاشماوەیەكی زۆر بووە، لە شوێنەواری دێرین، بەڵام چەندین

[119] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور- بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ل ٤.

جار تالآن كراوه، وێڕای كەمتەرخەمی خەڵكی سنوورەكە لەبەرامبەر فەوتاندنی پاشماوە دێرینەكان، دوا تالآنكاری بەریتانیەكان لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا لەكاتی داگیركردنی كوردستان و سنووری (شاور) لە گەڕان بەدوای پاشماوە دێرینەكان لە گوندی (دۆڵەڕەقە)ی دۆڵی شاور، (دوو باگردان)ی گەورەیان دۆزییەوە، هەر چوار دەوری باگردانەكان بەخەتی بزماری نووسرابوون، بەگوێرەی نووسینی سەر باگردانەكان شارستانیەتی ناوچەكە دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠) ساڵ بەر لە زایین، باگردانەكانیش لە (مۆزەخانەی بەریتانیا) پارێزراون[١٢٠]. بەڵام لەهیچ سەرچاوەیەكی تر ئەو باسە نەهاتووە، زانا و توێژەرانی بیانیش ئاماژەیەكیان بەم باسە نەداوە، یا بەدەستی ئێمە نەگەیشتوون، بەهیواین لە داهاتوودا دەربارەی ئەم (دوو باگردانە) بەردە نووسراوە زانیاری پێویستیان دەربارە بڵاو بكرێتەوە.

## شاورێ لەسەردەمی بنەماڵی سێەمی ئور

لەپاش لاواز بوون و ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئوور، بۆشایی دەسەڵاتیان سەری هەڵدا، پاشان لەسنووری دەسەڵاتیان پێكهێنانی چەندین شانشینی بەخۆوەبینی، ناوچەی (شاور)یش بەرزی و نزمی زۆری بەخۆوە دیوە، سەردەمێك سنووری دەسەڵاتی (شاڕانی) بووە، سەرپەرشتی هەرێمی بیتوێن یان بەشێكی بیتوێنی كردووە، وەك دەڵێن

---

[١٢٠] هاوڕێ سلێمان گولآنی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور– بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧،، ل ٤.

لەنێوان رانیە و (شاری ڕانی) دا گەرمێن و کوێستانی کردووە، بەم پێیەش دەبێت (شاور)یّ لەژێر فەرمانڕەوایی هەرێمی بیتوێندا بووە و سەردەمێك لەسەر دەسەڵاتی مەساسیر بووە، دواتر شاری (کولونوم KU-LU-NU-UM$^{ki}$) واتە گوندی (گوڵانی ئێستا)[١٢١]، کە یەکێك لەشارەکانی سەر بەشانشینی بیتوێن بووە، لەلایەن شانشینی (کاکموم) داگیرکراوە، لەدوای ڕووخانی بنەماڵەی سێیەمی ئوور و بوژانەوەی شانشینەکان، سەردەمێك ناوچەی (شاور)یّ لەژێر فەرمانڕەوایی شانشینی (کاکموم) دابووە، کە پێشتر لە شانشینی (ئوتویّ= بیتوێن)ی داگیرکردبوو، لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئووردا (کاکموم) یەکێك لە پاشانشینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری ڕۆژئاوای بیتوێن بوو، (کولونوم KU-LU-NU-UM$^{ki}$)یەکیك بوو لە شارەکانی شانشینی (کاکموم)، یەکێکی تر لەنێو ئەم شانشینانەی ئەو سەردەمە (سیموررووم) بوو، بەسەرکردایەتی (ئیددی(ن)–سین)ی پادشای چوست و بەکاری. کە کەوتبووە ڕۆژئاوای شوشاررا (شمشارەی ئێستا) پاشای سیموررووم (ئیددین– سین) پەرەی بە وڵاتەکەیدا و دەسەڵاتی زیادی کرد، دەیویست وڵاتەکەی فراوان بکات،

[١٢١] فرەین کولونوم بەگوندی "گوڵان"ی ئێستای نزیك بێتواتە دەزانێت، بڕوانە: (Frayne,SCCNH 10.177) فرەین شێوەی تری ئەم ناوە جوگرافی یەی هێناوتەوە، کەلە دەقەکانی سەردەمی ئەکەدی کۆن و بابلی کۆندا لە شوێنەوارەکانی حەمریندا هاتوون، وەك: (K\Gul-la-ni) لە تەل سولەیمە و (Kul-la-an) لەتەل حەدداد، بڕوانە: Ibid، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢١٩.

هـەر چـۆنێك بێـت شانشـینی (سـیموررووم) لـە ڕۆژگـاری خۆیـدا گەشـەی بەشانشـینەکەیدا، سـنوورەکانی فـراوان کـردووە، (بێتواتـە)ی سـەر بـە (هەرێمی بیتوێن)ی داگیرکردووە، دواتر شاری (کولونوم)ی داگـیر کـردووە و (زابازونا)ی کوڕی بەسـەرەوە کردووەتـە فـەرمانڕەوا، ئینجـا شانشـینی (کاکموم)ی وێـران کـرد، ئەمـە مانـای وایـە (ئیددیـ(ـن)– سـین) ناوچـە و هەرێمـە ژێـر دەسـتەکانی (کـاکموم)ی یـەك لـەدوای یـەك لـەژێر دەسـتی (کاکموم، دەرهێنا، و دەیخستەسەر شانشینەکەی خـۆی[١٢٢]، دواتـر شـاری (کولونـوم) ڕاپـەڕیوە و هــەولّی سـەربەخۆیی داوە، بـەلاّم لەهەولّەکـەی سـەرکەوتوو نـەبووە و (زابازونـا) سـەرکوتی کـردووە، لـەم بارەیـەوە لـە نەخشەبەردێکدا ڕووداوەکـانی تۆمـار کـردووە، لە(بێتواتـە) دۆزراوەتـەوە، دەڵێـت: شــاری (کولونــوم)ی یــاخی ســەرکوت کــردووە. لــە دەقــی نووسینەکەی (بێتواتە)دا باسی هێرشێك دەکـات بـۆ سـەر شـارێك بـەناوی (کولونــوم KU-LU-NU-UM$^{ki}$)، ئــەم شــارە کەوتۆتــە نزیکــی (بێتواتە)وە، بەبۆچـوونی (فـرەین) شـاری ( کولونـوم)ی کـۆنی بەگونـدی (گـولان)ی ئێسـتا لەقەڵـەم داوە، ئـەم گونـدە دەکەوێتـە دۆڵـی (شـاور)ی لەباکوری گوندی (بێتواتە)[١٢٣].

[١٢٢] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢١٩.

[١٢٣] ئەردەلان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم ٢٠٠٧، کوردستان– هەولێر. ل ١١.

دەبێت (کولونوم= گوڵان ی ئێستا) یەکێك لە شارەکانی وڵاتی (ئوتـو– وێ Utuwe= هەرێمی بیتوێن) بووبێ، وڵاتی (کاکموم) داگیری کردبـێ و دواتر (ئیـددین–سـین) داگـیری کـردووە و لێـی سـتاندبێتەوە، چـونکە لـە بــەردە نووســەکەی (غــەریب هەڵــەدنی)دا تێبینــی دەکــردێ: پاشــا (ئیددی(ـن)–سـین) "وڵاتـی ئوتـو– وێ Utuwe ی لەدەسـتی کـاکموم سەندەوە، ئینجا کـاکمومی وێـران کـرد"[124] بـەم پێیـە دەبێـت (کولونـوم) شارێکی وڵاتی (ئوتو– وێ= هـەرێمی بیتـوێن) بـووبێ، لەلایـەن (کـاکموم) داگیر کرابێ و دواتر (ئیددین– سین) پاشای (سیمورروم) لێی سـەندۆتەوە و وڵاتی (کاکموم)ی داگیر کردووە.




**وێنەی ژمارە (٢٨) گوندی گوڵان– دۆڵی شاور، فۆتۆ: کەریم مەحمود.**

[124] کۆزاد محەمەد ئەحمەد سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

## شاوری بەر لە هاتنی سوپای ئیسلام

بەپێی گێڕانەوەی پیر و بەساڵاچووەکان بەر لە هاتنی ئیسلام، (شاور) ناوچەیەکی پڕ لە ئاوەدانی بووە، پڕ بووە لە باخی جۆراو جۆری داری بەردار تەواوی سنوورەکەی داپۆشیوە، (شاور) خاوەنی سوپایەکی بەهێزی بەرگریش بووە، بە سەرکردایەتی (بەولەس) ناوێك، سوارچاك و شمشێروەشێن و تیرهاوێژێکی کارامە بووە، بەڵام کەسێکی بوغراو لەخۆبایی و بەفیز بووە، ئێستاش لەسنووری (شاور)ی هەر کەسێکی بەفیز و لەخۆبایی ببینرێ، دەڵێن: (لافی بەولەسی لێدەدا)، لەهەمان کاتدا، تائێستاش چەند شوێنێك لەناوچەکە نزیك لەناوی ئەو سەرکردەیە هەیە، وەك: پارچە زەویەکی بەراو لە گوندی (نۆرێ) دەڵێن (زەوی بەولەسی)، لە گوندی (گوڵان)ی دۆڵی (شاور)یش دوو سەرچاوەی ئاوی سازگار هەیە، بەناوی (بەولەسك)، هەر دوو سەرچاوەکەش دارگوێزی کۆنیان لەسەر ڕوواوە کەوتۆتە کوێستانەکانی دەوروبەری گوندی (گوڵان)[١٢٥].

هەر چەندە سوپای (شاهور) یا (شائول)شا بەرامبەر سوپای ئیسلام بەرەنگاری باشیان کردووە، شەڕەکە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە، بەڵام بەهۆی نابەرابەری لەشکری ئیسلام لەگەڵ هێزی (شاهور) شا بەسەرکردایەتی (بەولەس) ناچار دەبن پاشەکشە بکەن، دوای شەڕێکی سەخت لەسنووری گوندی (دێرێ) لەگەڵ سوپای ئیسلام پاشەکشە دەکات و ڕوو دەکاتە چیای (بێترخێن)ی باکوری گوندی (گوڵان)، سوپای ئیسلام دوایان دەکەون، لەوێش شەڕی سەخت لەنێوانیاندا ڕوودەدات،

[١٢٥] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور- بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤

تــەواوی لەشــکری (شــاهور) لــەو شــەڕەدا دەکــوژرێن، ســوپای ئیســلام ناوچەکە داگیر دەکات، بـەڵام چارەنووسـی (بەولـەس) لـەم نێـوەدا چـی بەسەر هاتووە، لەشەڕەکە کوژراوە، یاخود دواتر کوژراوە، چۆنیەتی ئەمە نادیارە[126]. هەندێ لەو بڕوایەدان، پـەنای بردۆتـە نێـو نـۆ ئەشـکەوتەکەی چـیای (بێترخـێن) و دەشـێت لـەوێ مردبێـت. خـەڵکی سـنوورەکەش بـۆ ڕاسـتی ئەمــە ئــەوە بەبەڵگــە دێننــەوە، ئێســتاش لەبــەردەمی ئــەو نــۆ ئەشکەوتەدا، ژمارەیـەکی زۆر ئێسـك و پروسـکی مرۆڤـی لێ بەدیـدەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کوژراوانی شـەڕی ئـەو سـەردەمە، دەشـکرێ ئـەو ئێســك و پروســکانە کــۆنتربن و بــۆ ســەردەمی ژیــانی ئــادەمیزاد لــەناو ئەشکەوت بگەڕێنـەوە، بـەڵام تـەنیا توێژینـەوەی زانسـتی دەتوانێـت ئـەم نهێنیانە ڕوون بکاتەوە، هەروەها لەسنووری چیای (بێترخێن) تەختاییـەك هەیە ناسراوە، بە (جۆخینێ کـافران) تائێسـتاش سـەرەتیری پاشمـاوەی دێرینی لێ هەیـە، هـەروەها لـەخوار ئـەو شـوێنەش تەختاییـەك هەیـە، بـە (گۆڕەسـوار) ناسـراوە، تـا ئـەوێ سـوار توانیویـەتی بـڕوات، بـەڵام لـەوێ بەولاوە لەبەر سەختی شوێنەکە سوار نەیتوانیوە ڕێ بکات[127].

بــەپێی گێڕانــەوەکان و شــوێنەواری شــەڕگەکان دوای پاشەکشــە کردنیش، لە قەڵا و شورەکان بەپانتایی ناوچەکە درێژەی هەبووە، چونکە چـەندین گـۆڕی (سـەحابە)ی ئیسـلامی هەیـە، پێیانـدەڵێن: پیاوچـاك، لەبەرامبـەردا گـۆڕی، ئەوانـەی بـەکافر ناسـراون کەڵەکـە بـەردی زۆریـان خراوەتەسەر، پێیا ندەڵێن: (کەڵەکە کافر)، تا ئەم دواییانەش هەر کەسێك

[126] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور- بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، ل ٥.

[127] مەلا سمایل نورەدینی، پوختەیەك لە مێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٥، هەمان سەرچاوە،ل ١٥

بەلای ئەم کەڵەکە کافرانەدا برۆیشتبایە دەبوایە چەند بەردێك بخاتەسەر (کەڵەکە کافر)، چونکە واباو بوو چەند بەرد بخاتە سەر (کەڵەکە کافر) ئەوەندە خێری زیاتر دەگات و لە گوناھ و خراپە پاك دەبێتەوە. ھاوڕێ (سلێمان گولانی) دەڵێت: "تائێستا من چەند دانەم بینیوە، بە (کەڵەکە کافر) بەناوبانگن، لەوانە: سێ دانەیان لە سەرووی گوندی (مێدێرە) و سێ دانەی تریشیان کەوتۆتەسەر کێوێك بەناوی (زەردێ بێ زێوێ)، لە ڕۆژئاوای ھاوینەھەواری گوندی (بۆتێ) لە دۆڵی (شاوڕ)ێ، دوو دانەی تریش کەوتۆتە خوار قەڵای (کوڕاشەڵ)، لەنێوان (دۆڵەڕەقە) و (سارتکە)، کۆی گشتی دەبێتە (٨٠) کەڵەکە کافر، لەبەرامبەریشدا گۆڕی دەیان لە یارانی پێغەمبەر(د.خ) و مەزاری پیاوچاك بەتاك و کۆ بەرچاو دەکەون، لەلایەن خەڵکەوە ڕێزی تایبەتیان لێ گیراوە، بۆ نموونە: حەوت (سەحابەی حەوت مێردان)، سێ (سەحابەی کوێرەکەمێش)، جوت (ئەسحابەی بن سولێ)، ھەروەھا لەگوندی (گولان) زیاتر لە شەش گۆڕی تر لە یارانی پێغەمبەر(د.خ) لەسەرووی (گولان) بەرچاو دەکەوێ، بەناوی (سەحابەی ئاشکەریان)، (سەحابەی تەلانان)، (سەحابەی دۆڵێ)، (سەحابەی وتکانێ)، ئەمە تەنیا لەسنووری گوندی (گولان)، لەسنووری گوندەکانی تریش کەمتر نین لەوانەی گولان. بەپێی پیر و بەساڵاچووەکانی (شاوڕ)ێ ئەو (سەحابانە) لەشەڕی دژی کافران کوژراون، ئەوەی جێگای سەرنجیشە، تاکو شەڕ بەرەو کێوەکانی دەوروبەر کشاوە، ژمارەی کوژراوانی (سەحابە) کەمتر دەبێتەوە، تەنانەت لە کوشتارگەی (بێترخێن) ھەزاران کەسی تێدا سەربڕاوە، گۆڕی یەك (ئەسحابە)ش بەرچاو ناکەوێ، بەڵگەبێ لەسەر شەڕی دوو ھێز لەوێ ڕووی دابێ، بۆچوونی بەساڵاچووەکانی (شاوڕ)ێ پشت بە گێڕانەوەکانی پێش خۆیان دەبەستن، دەڵێن: "ھەموو گێڕانەوەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، ھیچ شەڕێکی

گران لەوێ ڕووی نەداوە، چونکە ئێستاش کەسی پیادە بەگران دەتوانێ بۆ شوێنی کوشتارگەکە سەرکەوێ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە مەیدانەکە زۆر بچوکە، شوێنی شیربازی چەند کەسێك زیاتری تێدا نابێتەوە، هەروەها ئەگەر جەنگاوەرانی (شاهورشا) بیان ویستایە شەڕ بکەن، دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەرگری بکەن، تەنیا بەخلۆرکردنەوەی بەرد دەیانتوانی بەژمارەیەکی زۆر کەم جەنگاوەر بەر بە هێرشی چەند هەزار کەس بگرن، ئەگەر پەناشیان بۆ بەکارهێنانی شیر و تیر نەبردبایە، کە ئەو کات تاکە چەکی کاریگەر و باو بوون، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی کۆمەڵکوژیەکەی لێ کراوە، تەنیا یەك ڕێگا یان دوو ڕێگای سەرکەوتنی هەیە، ئەویش بۆ سەرکەوتنی تاکەکەس نەك بە کۆمەڵ، باقی شوێنەکانی تر مەگەر باڵدار بتوانێ پێیدا سەرکەوێ، دەنا لە توانای مرۆڤدا نیە"، تێبینیەکی تریش زۆر جێگای بڕوایە، ئەویش بەشداری کردنی خەڵکی کورد بووە، لەشەڕەکاندا لەپاڵ سوپای ئیسلام هەروەك (عبدالله ئۆچ ئالان)یش لەپەرتوکەکانیدا لە (دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەری بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی) دەڵێ: دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە ساڵانی (٦٤٠– ٦٥١ز) کوردەکان دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلام، ناوبراو پێی وایە، هۆزە کوردە دەشتەکییەکان بوونەتە پێشڕەوی سوپای ئیسلام لەشەڕەکانی کوردستاندا، زۆربەی بەساڵاچووەکان و لێکدانەوەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، لەشکری ئیسلام کەڵکی زۆری لە کوردەکان وەرگرتووە، بۆ ناچارکردنی سوپاکەی (شاهورشا) بەسەرکردایەتی (بەولەس) بۆ خۆبەدەستەوەدان و لەناوچوون."[١٢٨]

[١٢٨] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور– بەشی دووەم، گۆڤاری

## شوێنەواری ئەشکەوتی خەزێنێ

یەکێك لە شوێنەوارەکانی (شاوڕ)ێ بریتیە لە ئەشکەوتێك بەناوی ئەشکەوتی (خەزێنێ) باوەڕوایە پێشتر ژیانی تێدا بووە، لە نزیك ئەشکەوتەکە شوێنەوارێك دۆزرایەوە، باوەڕ وایە کاتی خۆی بەندیخانە بووبێت، کەوتۆتە ئەوبەری گوندی (ناوەزینان)ی شاورێ، لە ساڵی (١٩٧٢) بەفەرمانی سەرۆکی ئەو کاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی) و بەسەرپەرشتی مامۆستا (قاسم وەرتی) دەست کرا، بە هەڵکۆڵینی شوێنەواری زیندانەکە، چەندین ڕۆژ کاری هەڵکۆڵینی تێدا کرا، لەئەنجامدا بەهەزاران مۆری جۆراو جۆری نەخشدار و گوڵدار و ڕەنگاو ڕەنگی هەمەچەشنەی تێدا دۆزرایەوە، لەگەڵ بوونی ئێسك و پروسکی مرۆڤ و کەللەسەری مرۆڤ، لەگەڵ پاشماوەی شیر و تیر و کەرەستەی سەربازی.

بەپێی گێڕانەوەی کرێکارەکانی بەشدار لە هەڵکۆڵینی ئەوکات لە هەڵکەندنی زیندانە شوێنەواریەکە کاریان کردووە و هەندێکیان لەژیاندا ماون، دەڵێن: "زیاتر لە دوو تەنەکەی گەورە مۆری گوڵدار و ڕەنگاو ڕەنگ بەقەبارەی گەورە و بچوك و جۆراو جۆر لەگەڵ چەندین جۆری خشتی گرانبەها دۆزرانەوە، ئێمە نەمان دەناسین، هەندێك لە مۆر و خشتە بەنرخەکانیشیان لە ئێمە دەشاردەوە، دوای تەواو بوونی کارەکە ئێمە نازانین ئایا زیندانە شوێنەوارییەکە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی تەواو پاك کرایەوە یا نا، چونکە پێش تەواو بوونی کارەکە ئێمەیان ناردەوە ماڵ، خۆشیان ئەوەی پێیان باش بوو لەگەڵ خۆیان بردیان و گڵێ

---

شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ل ٦.

هەڵکەندراو و پاشماوەکەیان بەدەوری زیندانەکە بڵاوکردەوە، دوای ئەوان زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە، لە شوێنی هەڵکۆڵینەکە کەوتنە گەڕان بەدوای کۆکردنەوەی مورووی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ، هەر کەسێك لە گوندەکە دەیان مورووی جۆراو جۆری کۆکردەوە، تائێستاش هەندێك لە جۆری موورووەکان لای دانیشتوانی گوندەکە ماون"[١٢٩].



**وێنەی ژمارە (٢٩) ئەشکەوتی خەزێنێ، سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە ژمارە (٥٢)، ل ٢٦**

[١٢٩] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

## شوورە و قەڵاتی شاور

شوورەیەکی دوور و درێژ و پـان و مەحکـەم لـە چـیای مـاکۆك یـا وەك دەڵـێن: لـە (تـەختی خورشـیدی خـاوەر) لـە بێتواتـە و لەچـیای ماکـەوە هاتووە، بەشاخەکەدا لێژ بووەتەوە بۆ گوندی (نۆڕێ) و لەوێ دەرگایـەکی هەبووە، پاسەوانی بۆ دانراوە و بە نۆرە پاسەوانیان لـە ڕێگاکـە گرتـووە، پێدەچێت ناوی گوندی (نۆرە)ش هەر لەوەوە هاتووە، ئینجا شوورەکە لە ڕووبارەکـەوە پەڕیوەتـەوە بـۆ گونـدی (دێـرێ) و دووبـارە بـە بـەرزایی چیاکەدا بۆ (باسکی قوچان) و (باسکی جووت دارەبەن) درێژ بۆتـەوە، تـا قەڵای (گردەزاڵ) بەردەوام بووە، تاکو لوتکەی (کوڕاشەڕ)، لەوێوە بەسەر بـەرزایی لوتکـەی کێوەڕەشـدا هـاتووە، تـاکو گەیشـتووەتە (دەربەنـدی ڕەمکان) و لەوێوە بۆ چیای ئاسـۆس درێژبۆتـەوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات، ئـەم شـوورە دووردرێـژ و مەحکەمـە، ڕۆڵێکـی گرنگـی بـۆ ناوچـەکە هـەبووە، بەتایبەت لە ڕووی سەربازییەوە، لە هێرشی دوژمنەکانی پاراستوویەتی.

ئـەم شـوورە گـەورە و سـەخت و بایەخـدار بـووە، گرنگـی شـوورەکە لـەوەدا نییـە هێزێکـی زۆری مرۆیـی لـە دورسـت کردنیـدا بـەکار هـاتووە و سـنوورێکی دوور و درێـژی بڕیـووە، بـەڵکو گرنگـی و گـەورەیی و فراوانـی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەتایبەت دەسەڵاتی (شاهور شا) نیشـان دەدات، کە ئێمە ئەو دەناسین، بەسـەر بەشـێکی زۆر لـە ناوچـەکە و ناوەندەکـەی ناوچەی شاور بووە، چونکە زۆری قەڵاکان لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوللەی چاودێری لە ناوچەکە وێڕای ئاوەدانیـەکی یـەکجار زۆر، لـە هـەمان کاتدا، وەکو پانتاییەکی سەربازی گەورە دێتە بەرچـاو، چـونکە سـەرەڕای

فراوانی قەڵاکان زۆرێک لە قەڵاکانیش چەندین قوللەی لە دەورە بووە، بەتایبەت قەڵا گەورەکەی (گردە زاڵ)[130].

بۆ ئەم مەبەستە بەهیوای بینین و زیاتر شارەزابوون دەربارەی شوورە و شوێنەوارەکانی گوندی (دێرێ) لەڕۆژی (٢٢)ی شوباتی (٢٠١٧ز) لەگەڵ برای بەڕێز کاك (قادر نەبی قادر)[131] خەڵکی گوندی (دێرێ) و دانیشتووی شاری ڕانیە، بەگەشتێکی مەیدانی سەردانی شوێنەوارەکانمان کرد، کات (١)ی دوای نیوەڕۆ بە ئۆتۆمبیل لە ڕانیەوە دەرچووین، بەرەو دۆڵی سەرکەپکان و ئاکۆیەتی، لەنزیك گوندی (سۆرەبنە) ڕێگایەکی خۆڵ بەلای دەستەڕاست و شاخی کێوەڕەشدا لەڕێگای گشتی لادەدات، تا دەگاتە گوندی (دێرێ)، ئێمە ئۆتۆمبیلەکەمان لەناو ماڵەکانی گوندی دێرێ و نزیك باخی کاك قادر نەبی ڕاگرت، گوندی (دێرێ) لەڕابردوودا ئاوەدان بووە، گوندەکە بەشی زۆری لەناو دۆڵەکەدا بووە و بۆ پێویستی ژیان سوودیان لە سەرچاوەی ئاوی (سەرووکانی) وەرگرتووە، کە هەر لەوێ لەناو دۆڵەکە دایە، بەشێکی گوندەکەش لەشوێنی ئێستا بووە، بەڵام لەسەردەمێکی ڕابردووی دووردا بەشی سەرووی چۆڵ کراوە و هاتووەتە شوێنی ئێستای کەبە گوندی (دێرێ) ناودەبرێ، بە پێی سەردەمەکان ئاپۆرای خەڵکی لێ کۆبۆتەوە و زیاد و کەمی کردووە، تاکو پێش ڕاگواستنی هەموو گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیەتی و شاور لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق ڕاگوێزان و ناوچەکە لە دانیشتوان چۆڵ کرا

---

[130] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور- بەشی سێیەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، مانگی ٩ی ٢٠٠٩، ل ١٦.

[131] قادر نەبی قادر، لە دایك بووی ١٩٦٨، دانیشتووی ڕانیە. (ئەندامی کۆمیتەی ڕانیەی (ی. ن. ك) و ئەندامی ناوەندی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ڕێکخستنە درێرینەکانی ی،ن،ك)ە

و بوو به (محرمه) و هاتوچۆی ئـەو نـاوه لـه خاوەنـەكانیان قەدەغـه كـرا، هەرچـەندە دوای ڕاپـەڕین ئـەم گونـدە ئـاوەدان بـووەوە، بـەڵام وادیـارە بـەهۆی نائومێـدی لـه دۆخـی ژیانیـان خـەڵكی گوندەكـه دووبـاره ڕوویـان كردووەته ڕانیه و گوندەكه بەیەكجاری چۆڵ كراوە، ئێستا گوندی (دێـرێ) ئاوەدان نییه، خەڵكەكەی له رانیه نیشتەجێن و هاوینان بۆ بەدەستهێنانی بەرهـەمی ڕەز و باخـەكانیان، بـۆ ماوەیـەكی كـاتی دەچـنه ئـەوێ و دەگەڕێنەوە بۆ ڕانیـه، ئـەم گونـدە سەرچـاوەی ئـاوی تـری هەیـە، بـەڵام نزیكترین سەرچاوەی ئاوی (سـەرووكانی) دەكەێتـە دۆڵـی بـاكوور و كـانی (زوورگە) دەوێكەوێته دۆڵی باشووریەوە.

ئێمـە ( نووسـەر) لەگـەڵ كـاك (قـادر نـەبی قـادر) بـەپیادە بەپشـتماڵـەكانی گونـدی (دێـرێ)دا بـەرەو ڕووی چـیای كێـوەڕەش سـەركەوتین، لەنزیك ماڵەكان كاك قادر نەبی گـوتی: (ئێـرە شـوێنی شـوورەكەیە، كـاتی خۆی بەناو ماڵەكانی گوندی (دێرێ)دا ڕۆیشتووە، تا ساڵانی هەشتاكانیش ئەم شوورەیە شـوێنەواری مـابوو، بـەڵام دواتـر خـەڵك هـەموو بـەردەكانی شوورەكەی بردووە بۆ دروست كردنی خانوو، شوێنەوارێكی شوورەكەی لێ نەماوە)، هەورازێكی ڕك و نـاخۆش بـوو، زۆر نەڕۆیشـتین كـە سـەركەوتین گەیشـتینه تەختاییـەك، بـە (باسـكی قوچـان) ناسـراوە، لـەوێوە دیـواری شـوورەكە مـاوە و دەتـوانرێ سـەرنج و شـارەزایی تێـدا بـەكاربهێنرێ، دیواری شوورەكە لێرە (٢٦٠– ٢٨٠سم) پان و له هەندێك شـوێن (٥٠– تـا ٦٠ سـم) بـەرزە، دیـواری شـوورەكە بـە (باسـكی جـووت دارەبـەن) دا سەردەكەوێت بۆ پاشماوەی شوێنەوارێك پێیدەگوترێ: (قەسرۆك) و دواتر (قەڵای گردەزاڵ)، له (قەسرۆك) ئێسك و پروسكی ئادەمیزاد و پاشمـاوەی شـوێنەواری زۆری لێ مـاوە و قەڵاكـەی (گـردەزاڵ)یش لەوێیـە، ئێسـتاش

شوێنەکەی بە (قەسرۆك) ناودەبرێ، سەرچاوەیەکی ئاویشی لێیە، بە (کانی قەسرۆك) ناسراوە، وادیارە کاتی خۆی دانیشتوانەکەی سوودیان لە ئاوی ئەم کانیە وەرگرتووە، شوێنی قەلاکە زۆر بایەخدارە و بەسەر هەرچوار دەوری خۆیدا دەروانێ، بەسەر هەموویدا زاڵە، ڕەنگە ناوەکەشی لەوەوە هاتبێ، لەسەرووی (گردەزاڵ) گردێکی تری لێیە، سەری تەختە و بە (باسکی شەست ئەستووندە) ناسراوە، بەلام نازانرێ ئایا تەلارێکی لێ بووە شەست ئەستووندە (پایە)ی هەبێت، یاخود ئەم ناوەی لەچیەوە وەرگرتووە، ئەمە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد هەیە، لەسەرووی باسکی شەست ستووندەش کانیەك هەیە، ئاوەکەی زۆرە، بە کانی (شەست ئەستووندە) ناسراوە، ئینجا شوورەکە دەگاتە لوتکەی (کوڕاشەل یا کوڕا شەڕ)، کاك قادر گوتی: (جارێك مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) هات بۆ سەیری ئەم شوێنەوارانە، چەند کەسێکی خەڵکی ڕانیەی لەگەڵ بوون، دەربارەی (کوڕاشەڕ)، مامۆستا عبدالرقیب یوسف گوتی: ناوی ئەمە (کۆڕی شەڕ) بووە، دواتر گۆڕاوە بووە بە (کوڕاشەڕ)، کاتێ لەشکری موسڵمانەکان هاتووەتە ئەم ناوە بۆ داگیرکردنی ولاتەکەیان، خەڵکی خۆجێی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەتەوە، دوور نیە لەم شوێنە گەرمترین شەڕیان لەگەڵ کردبن، بەم ناوەوە بۆتە (کۆڕی شەڕ) دواتریش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆتە (کوڕاشەڕ یا کوڕاشەل))، لەم ناوە چەند کەڵەکە بەردێکی لاکێشەیی هەیە بە (کەڵەکەکافر) ناسراون، گوایە کە موسڵمانەکان هاتوون بۆ ئێرە، ئەو خەڵکە خۆجێییانەی بەرەنگاریان بوونەتەوە ئەوانە کافر بوون، لەئەنجامی شەڕەکە کوژراون و کەڵەکە بەردیان لەسەر کۆکردوونەتەوە. جیا لەوان کەڵەکە بەردێکی بازنەیی هەیە بە (سەلکی کچەکافر) ناودەبرێ، گوایە (کچە کافر یان کچە کافور) کە

پاڵــەوانێکی لێهــاتوو بــووە و قارەمانیــەکی زۆری نوانــدووە و شــەڕێکی سەختی لەگەڵ موسڵمانەکان کردووە، لە دواجار کـە کـوژراوە، هـەر لێـرە ئەو کەڵەکە بەردەی لەسەر دروست کراوە و بەم ناوە ناودەبرێ.

لەلوتکەی (کوڕاشەڕ) بەرەو بـاکوور شـاخەکە بـەلای ڕۆژهەڵاتـدا درێـژ دەبێتەوە، بە شاخی (بێرمکە) ناسراوە، تاکو لەگەڵ چیای وەرتـێ تێکـەڵ دەبێتەوە، لە ڕاستی گوندی (بۆتێ) لەبەرزایی چیاکە تەختاییەك هەیە بـە (گـۆرە بـۆتێ) ناسـراوە، لەوانـە (گـۆڕە بـت) بووبێـت و ئێـرە پـەرستگا و شوێنی پەرستنی (بت) بووبێـت، چـونکە لـەوێ مەزارگەیـەکی لێیـە خـەڵك دەچنە سەری و خێر و قوربانی بۆ دەکەن.



**وێنەی ژمارە (٣٠) شوێنەواری دیواری شورەی گوندی دێرێ.**



**وێنەی ژمارە (٣١) شوێنەواری دیواری شورەی گوندی دێرێ: فۆتۆ نوسەر**



**وێنەی ژمارە (٣٢) شوێنەواری دیواری شوورەی گوندی دێرێ کەلە چیای ماکۆکەوە هاتووە بۆ لوتکەی کوڕاشەڕ لە چیای کێوەڕەش، وێنەکە بەچەند بەشێك درێژی شوورەکە پیشان دەدا، فۆتۆ نووسەر**



**وێنەی ژمارە (٣٣) شوێنی قەڵات و دێگەڵان**

## شوێنەواری قەڵای شارانی

شوێنەواری قەڵاتی (شارانی)، لە بیست کیلۆمەتری باکووری ڕۆژئاوای ڕانیە و باشووری چیای سەرکەشی (بێترخێن) هەڵکەوتووە و کەوتۆتە سەرووی گوندی بەردانگەی شاورێ[١٣٢]. قەڵا و شوێنەواری شاری (شارانی) لە کۆندا شارێکی گرنگ و ناوەندی دەسەڵات بووە، ئاوی لە کانی (شارانی)یەوە بۆ هاتووە بەنۆین، لەسەردەمی پاشای گەورەدا (میر محەمەد ڕەواندزی= پاشا کۆرە)، دووبارە قەڵاتی لەشوێنی دروست کراوەتەوە، ژنێکی بەتەمەنی شاورێ ناسراو بە (پیرنەنك) ئافرەتێکی پیر و بەتەمەن بووە، لە زمانی ئەو بیستراوە، فەرمانڕەوایی (میر محەمەد

---

[١٣٢] هاورێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور– بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ل ٤.

ڕەواندزی) زۆر باش لەبیر بووە، لەکاتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی (میر محەمەد) تەمەنی لە سی ساڵ زیاتر بووە، لە قەڵای شارانی وەکو نانکەر و چێشتلێنەر کاری کردووە، ماڵیان لە قەڵاتی (بەردانگە) بووە، کەبە قەڵاتی (شاڕانی) بەناوبانگە، بەگوێرەی وتەکانی ئەو:" قەڵای شارانی ئەو کات شارێکی حەوت گەڕەکی بەدەورەوە بووە، لەسەر شێوەی شار دروست کرابوو، ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە نۆسەد ماڵ بووە، وتوویەتی: قەڵای شاڕانی لەپێش فەرمانڕەوایی (میر محەمەدی ڕەواندزی)دا هەر هەبووە و گوایە بنیاتنانی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینە کۆنەکانی (سۆران)، گوایە شارییەکان سەر بەمیرنشینە یەك لە دوای یەکەکانی سۆران بوون، لەکاتی دەرکەوتنی میر محەمەدی ڕەواندزی (پاشا کۆرە) شارییەکان چوونەتە ژێر فەرمانڕەوایی ئەم و بوونەتە بەشێك لە میرنشینەکەی[١٣٣]. دوای هێرش و پەلاماردانی تورکە عوسمانیەکان بۆ سەر میرنشینەکەی پاشا کۆرە لەلایەن تورکە عوسمانیەکان شارەکە وێران کراوە، نەخۆشی (تاعون)یش بڵاوبووەوە، ئیتر ئەوان لەگەڵ کەسوکاریان ئەو بەشەی لە شەڕ و نەخۆشی تاعون ڕزگاریان ببوو ئاوارە بوون، وەك خۆی باسی کردووە لەبەرنەبوونی خانوبەرە سێ ساڵ لە ئەشکەوتێکدا ژیاون بە ئەشکەوتی (خەزێنێ) ناسراوە، کەوتۆتە خۆرهەڵاتی گوندی (ناوەزینان) لە دۆڵی شاور[١٣٤]. هەرچەندە شوێنەواری قەڵاکە دەستی وێرانکاری نابووتی کردووە و دیوارەکانی بەتەواوی وێران

---

[١٣٣] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند گێڕانەوەیەك لەمێژووی قەڵای (شارانی–ی شاور) گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٥٢، مانگی ١ی ٢٠١١، ل ٢٥.

[١٣٤] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، بەشی سێیەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

کراون، بەتایبەت لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دانیشتوانی دەوروبەری قەڵاکە دیوارەکانیان بەتەواوی ڕماندن، بۆ دروست کردنی خانوبەرە بەکاریانهێنان، و هیچ دیوارێکیان بەڕاوەستاوی نەهێشتەوە، دوای ساڵی (١٩٨٥ز)ش بووە مۆڵگەیەکی چەکدارە کوردەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس، بەو هۆیەوە هێندەی تر وێران بوو، سیمای دێرینی قەڵاکەیان شێواند، ئەوەی ئێستاکە لە شوێنەواری قەڵاکە ماوەتەوە تەنیا ژێرەوەی قەڵاکەیە، کە چووی بەقسڵ و گەچ دروستکراوی تێدا دەرکەوتووە، کاتی خۆی قەڵاکە دوو نهۆم بووە، نهۆمی یەکەمی بەتەواوی وێران کراوە، تەنیا بەشی دووەمی ماوە، نازانرێ چەند ژوور بووە، چونکە تەنیا ژوورێکی ٣×٤ ی بەتەواوی لێ دیار، ئەویش چەکدارە کوردەکانی سەردەمی بەعس بەدیاریان خستووە، بۆ پارێزگاری خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەوەی شایانی باسە تائێستا کنە و پشکنینی لەلایەن شوێنەوارەوە بۆ نەکراوە[١٣٥].

لەبەشی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین ئەم ناوچەیە کێشە و ململانێی زۆری لێ ڕوداوە، لەیەکێك لەنامەکانی ئەرشیفی شمشارەدا لە نامەی SH.218 لەلایەن (شێپراتۆ) ناوێك بۆ (کوواری) فەرمانڕەوای (شمشارە) نێردراوە، لەو نامەیەدا باسی یەکێك دەکات ناوی (بێردیگێندائی Berdigendae)[١٣٦] بووە و سەر بە شاری (زوتلوم Zutlum) بووە، لە باکووری ڕۆژئاوای دەشتی ڕانیە، لەسەردەمی هاتنی لەشکری سۆمەری و ئەکەدی و ئاشورییەکان زۆرجار ناوەکان پاشگریان

---

[١٣٥] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند گێڕانەوەیەك لەمێژووی قەڵای (شارانی–ی شاور) گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٥٢،مانگی ١ی ٢٠١١، ل ٢٥.

[١٣٦] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

پێوە لکاوە، لێرەدا ئێمە دەتوانین دەنگی پاشگری (ئی) لابەین، وەك (قابرائی) زۆرجار بە(قابرا) هاتووە، بەم جۆرە ناوەکە دەبێتە (بێردیگێندا) (فازل قەرەداغی) لای وایە ئەمە بەشێکی لەناوی پادشای قابرا (ئاردیگاند) نزیك دەبێتەوە، بەڵام بەڕای ئێمە لەدوای لابردنی پاشگری (ئی) دەتوانین بڵێین ناوەکە زۆر نزیك دەبێتەوە لە ناوی گوندی (بەردانگە)ی دۆڵی شاور، کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای ڕانیە، بەپێی شوێنەوارەکەی دەبێ لەسەردەمێکدا شارێکی بەناوبانگ و ناوەندی دەسەڵات و شوێنێکی گرنگ بووە.



**وێنەی ژمارە(٣٤) (قەڵاتی شارانی) لەپشتی گوندی بەردانگە،**

**سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە ژمارە (٥٢)، ل ٢٥**



**وێنەی ژمارە(٣٥) (قەڵاتی شارانی) لەپشتی گوندی بەردانگە،**
**سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە ژمارە (٥٢)، ل ٢٥**

## قەڵای گردە زاڵ

بەپێی گێڕانەوەی یەکێ لە هاووڵاتیانی گوندی (گوڵان) لە دۆڵی شـاور، بەناوی (قادر زرار) کە خۆشەویسـتیەکی زۆری بـۆ پاشمـاوە و شـوێنەوارە دێرینـەکان هەیـە، چـەند جارێـك سـەردانی زۆرێـك لـە قـەڵا درێژینـەکانی کـردووە، زۆر بـەوردی سـەرنجی داوەتـە گـەورەیی و فراوانـی و چـۆنیەتی دروست کردن و بنیاتنانی قەڵاکان، بەتایبەت (قەڵاتی گردەزاڵ) گـەورەیی قەڵاتەکـە، وەکـو نـاوبراو باسـی لێـوە دەکـات، مـرۆڤ سەرسـام دەکـات، دەڵێت: "ژمارەیەك قوللەی چاودێریش بـەدەوری قـەڵا گەورەکـەی (گـردە زاڵ) دەبینرێـت، ئێسـتاکەش شـوێنەواریان هــەر مــاوە، بەشـێوەیەکی ئەندازەیی زۆر جوان بنیات نراون، شـەوانە لەهـەر لایـەکی قەڵاکـەوە سـێ

دانـه قوللـه بەرچـاو دەكـەون، ئەمـە جگەلـە ناوەنـدی قەڵاكـە پێدەچـێت لەوێش چەند دانەیـەك هـەبووبێت، لەهـەمان كاتـدا لەدەوروبـەری شـاور و ئاوەدانیەكانیش قوللەی چاودێری بەرچاو دەكەون، دانیشـتوانی شـاور بـە قەڵات ناویان دەبـەن، بـۆ نموونـە (قـەڵاتی وەتمانـان) كەوتووەتـە بەشـی باكووری خۆرهەڵاتی گوندی (گوڵان) لە دۆڵی شـاور و خۆرهـەڵاتی گونـدی (مێـدێره)، سـێ قــەڵاتی كـۆن كەوتوونەتــە بەشــی باشــووری خۆرئــاوای (گوڵان) و خۆرئاوای گونـدی (مێـدێره)، هـەر دوو قەڵاكـە بناغـەی دیـواره كۆنەكانیان هەر ماوە، دەڕوانێته شاره دێرینەكەی (ئاشكەریان) و تەواوی شاره كۆنەكەیان لەباوەش گرتووە، هەر دوو قەڵاتـە كۆنەكـەش دەڕواننـە یەكتر و بەسەر گوندەكانی (گوڵان، مێدێره، شەكەڵە، ناوەزینان) و بەشێك لە گوندەكانی (بەردانگە) و (بێردبی)دا دەڕوانن[١٣٧].

قــەڵاتی (گـردەزاڵ) سەرگورشـتە و چـیرۆكی جـۆراو جـۆری لـەبارەوە وتراوە، بەپێی گێڕانەوەی پیر و بەساڵاچووان دەڵێن: "قەڵاتی (گـردەزاڵ) شــوێنی نیشــتەجێ بــوونی (بەولــەس) ســەركردەی نــاوداری هێزەكــانی (شاهورشـا) بـووە، نـاوبراو شـوورایەكی پـانی شـێوە بازنـەیی بـەدەوری قەڵاكەدا كێشاوە، ئەسپ بەئاسانی توانیویەتی بەسـەر شـوورای قەڵاكـەدا ڕمبازێن بكات، وەك دەووترێت (بەولەس) لەكاتی هێرشی دوژمن بەسواری ئەســپ بەچــوار دەوری شــووراكەدا ســووڕاوەتەوە، بــێ ئــەوەی بــوار بـەهێزەكانی دوژمـن بـدات، لـەهیچ گۆشـەیەكی شـوورەی قەڵاكـە دوژمـن سـەركەوێ، (بەولـەس) وەك سوارچـاكێكی كارامـە و شمشـێر وەشـێنێكی

---

[١٣٧] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، ، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشاره، ژماره/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

لێهـاتوو، بـەهۆی ئەسـپە شـارەزا و چـاپوکەکەی بـەدەوری قەڵاکـەدا سووڕاوەتەوە، بەتایبەتی لەکاتی هێرشی سوپای ئیسلام بۆ سەر سنووری فەرمانڕەوایی (شاهورشا)، (بەولـەس) فەرمانـدەی هێزەکـانی بـووە، ئـەم سـەرکردە ئـازا و نەبـەردەی کـورد بەڕادەیـەك هێـزە زۆرەکـەی ئیسـلامی هەراسان و شەکەت کردووە، سەرکردەکانی سوپای ئیسلام وەکـو پـەرجو (موعجیزە) سەیری ئازایەتی و سوارچاکی و کارامەیی لەبەکارهێنانی تیر و کەوان و شمشێربازی و ئازایەتی جەنگاوەرانی سوپاکانیان کردووە[١٣٨].

## پاشماوەکانی بەولەس

شـوێنەوارە زۆر و زەوەنـدەکانی دۆڵـی ئاکۆیـەتی و شـاور ئامـاژەی مێژووی کۆنی ناوچەکەن، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە زۆر کەم مێـژووی نووسراویان لەسـەر تۆمـار کـراوە، یـاخود بەدەسـتی ئێمـە نەگەیشـتووە، زۆربەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لەشـێوەی بـەیت و داسـتانی شـەڕەکان لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکە مـاون. یـەکێك لـە بەساڵاچـووەکان بـەناوی (عەبدوڵا حارس حەمەد) بە (حاجی عەبدوڵا) ناسراو بووە، یەکێ بـووە لـە بەیتبێژە بەتواناکی (شاور) لە گوندی (گوڵان) دادەنیشـت، نـاوبراو زۆرێـك لە مێژووی هاتنی ئیسلام و داستانی شەڕەکانی بەبەیت لەبەربووە، یـەکێ لەبەیتەکانی وێڕای گێڕانـەوەی دەیـان بـەیت، سـەبارەت بـە قارەمانیـەتی سوپای ئیسلام و فەرمانده جەنگیـەکانی سـوپای ئیسـلام، بـەیتێکی تـری

---

[١٣٨] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

دەگێڕایەوە بەناوی بەیتی (بەولەس)[١٣٩]. ئێمە لێرە ئەوەندەی پاشماوە شوێنەوارییەکانمان مەبەستە ئەوەندە ڕاستی و دروستی داستانەکانمان مەبەست نیە، ئەگەرچی ئەم چیرۆکانە گرنگی خۆیان هەیە و بێگومان بنەمایەکیان هەیە.

قەڵا و شوورەکانی (بەولەس) بەتایبەت قەڵا قایمەکەی (گردەزاڵ)، شوێنی دانیشتنی سەرەکی (بەولەس) بووە، بەپێی گێڕانەوەی پیر و بەساڵاچووەکان دەڵێن: بەدرێژایی سەدان مەتر ئاوی بەبۆری گڵین لەیەکێك لە سەرچاوەکانی دوور لە قەڵاکە ڕاکێشاوە، بەناوی سەرچاوەی (شێست توونە)، هەروەها باس لەوە دەکرێ گۆڕەپانێکی پاڵەوانبازی لە نزیك قەڵاکە بەرچاو دەکەوێ، واتە (سیرکی) پاڵەوانبازی، دەڵێن: شوێنی دانیشتنی پادشا لەسەرووی گۆڕەپانەکە بەباشی دیار بووە، لەگەڵ بەردە تایبەتیەکەی پاشا ئاڵاکەی تێدا چەقاندووە، لەگەڵ شوێنی پاسەوانەکانی لە چەپ و ڕاستی دانیشتنی پادشا.

لەلایەکی دیکە بەگوێرەی گێڕانەوەی بەساڵاچووەکانی (شاور)، باس لە (بت)ێکی گەورە کراوە، لەناو قەڵا کۆنەکەی (گردەزاڵ)، بەیەکێك لە بتە گەورەکانی دونیا هەژمار کراوە، چەند جارێك لەلایەن شوێنەوارناسەکانی بیانی هەوڵی گواستنەوەی دراوە، بەڵام لەبەر قورسی و گەورەیی بتەکە دەست بەرداری هەوڵەکانیان بوون، باسی زۆرێك لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستانی تێدا کراوە، لەناویاندا باسی یەکێك

---

[١٣٩] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

لەقەڵا گرنگەکان بووە، کەوتۆتە دوو کیلۆمەتر لەسەرووی گوندی (دێرە) گومانی تێدانییە هەمان ئەو قەڵاتەی گردەزاڵە، ناوبراو دەڵێ: گوایە بتێکی گەورە لەناو قەڵاتەکەدا هەیە، قورساییەکەی (٩تەن) دەبێت، دووەمین بتە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا یەك بتی هاوشێوەی هەیە، ئەویش لە وڵاتی لوبنانە"، هەروەها لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تیمێکی شوێنەوارناسی بیانی لە گەڕان بەدوای پاشماوە دێرینەکانی کوردستاندا، سەردانی دەڤەری (شاور)یان کردووە، لەوانە قەڵا گەورەکەی (گردەزاڵ)، دوو کەس لە هاووڵاتیانی شاورێ هاوڕێی سەفەری تیمەکە بوون، وەکو شارەزای ناوچەکە لەگەڵیان ڕۆیشتوون، بەناوەکانی (عبدالرحمان حارس) ناسراو بە (ڕەحمان سار) خەڵکی گوندی (مێدێرە) لە دۆڵی (شاور)، (ئەحمەد بایز حەمەد) دانیشتووی گوندی (گوڵانی) دۆڵی (شاور)، بەم جۆرە باسی ئەو سەردانەیان کردووە، وتویانە: "تیمەکە لەسەر نەخشە سەردانی قەڵاکانیان دەکرد، لە ڕیزی ئەوانە قەڵا گەورەکەی (گردەزاڵ)، زۆر جێگای گرنگی پێدانی تیمەکە بووە، هەروەها گوتوویانە: تیمەکە کامێرای تایبەتیان پێ بوو، لەسەر (سێپا) دایان دادەنا، چەندین وێنەی جۆراو جۆری قەڵاکەیان دەگرت، لەگەڵ گرتنی هەر وێنەیەکیش دەستیان دەکرد بەگریان، ئێمەش لەڕێگای وەرگێڕەکەوە پرسیاری هۆکاری گریانەکەمان لێ کردن، ئەوانیش لەوەڵامدا گووتیان: ئەم قەڵایە لە سەردەمێکی دێرین، شوێنی نیشتەجێ بوونی چەندین ڕێبەری ئاینی مەسیحی بووە، بەر لە هاتنی ئیسلام"[١٤٠].

---

[١٤٠] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور– بەشی سێیەم، گۆڤاری

## کچە کافر یا کافور

دەوترێ (بەولەس) سەرلەشکری (شاور) شا خوشکێکی هەبووە، ناوی (کافور) بووە، ئێستا لەشاورێ ناوی (کچە کافر) بۆ خەڵك زۆر ئاشنایە، دەشێ وشەی کافورەکە بووبێتە کافر بەحوکمی ئەوەی پێش ئیسلام بووە، ئەو ناوەی بەسەردا براوە، ناوبراو لە گوندی گولانی شاورێ دانیشتووە، ئەو کات شارێکی گەورەی لێ بووە، بەناوی (ئاشکەریان)، ئێستاش شوێنەواری شارەکە لەزۆر جێگا ماوە، نیشانەی ئاوەدانیەکی زۆر کۆنی پێوە دیارە، وەکو پاشماوەی (گرك)[١٤١]، پارچەی کۆپە و گۆڕستانی زۆر گەورە و فراوان، ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە دە گۆڕستانی زۆر کۆنی بچوك و گەورە. شێوازی ناشتنی مردووەکانی هەندێك لە گۆڕستانەکانی شاورێ بەپێی داب و نەریتەکانیان سیماکانی (زەردەشت و یەهودی و مەسیحی) یان لێ بەرچاودەکەوێت. لەهەمان کاتدا فراوانی ڕێگاوبانەکان لەناو شارە کۆنەکەدا، پێدەچێت گالیسکەیان بۆ هاتوچۆ و تێپەڕاندنی کار لە شارەکەدا بەکارهێنابێت، چونکە هەمان ڕێگا سەرەڕای بوونی شوورەی بەردین بەدەوری ڕێگاکەدا ئۆتۆمبیلیش بەئاسانی دەتوانی بەهەمان ڕێگادا هاتوچۆ بکات، ئێستاش هەندێ لە ڕێگاکان بۆ ئۆتۆمبیل بەکار دەهێنرێن[١٤٢].

---

شمشارە، ژمارە/ ٤٨، مانگی ٩ی ٢٠٠٩، ل ١٨.

[١٤١] گرك:بەتاشەبەردێکی پانی تەخت کراو دەوترێ، کاتی خۆی بەهۆی بەردێکی لولەیی دانەوێڵەیان لەسەر هاڕیوە.

[١٤٢] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور– بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ل ٥.

کچە کـافر بەشـێکی مێـژووی شـاوری بـۆ خـۆی بـردووە، یـەکێ لـە بەساڵاچـــووەکانی گونـــدی (گـــوڵان)ی شـــاور شـــارەزاییەکی زۆری لـــە بەسەرهاتەکانی کۆنی شاورێ هەبوو، بەناوی (قـادر حەمـەدەمین بـاوەکر) ناسراو بە (مام قادر) لەساڵی (١٩٦٦) کۆچی دوایـی کـرد، لەباسـی (کچـە کـافر) یـا (کچـە کـافور) دەیـووت: "(کافور) وێـڕای براکـەی (بەولـەس) سـەرکردەی هێزەکـانی (شاهور)شـا، خۆشی واتە (کـافور) دەسـەڵاتێکی ڕەهـای هـەبوو، بۆیـە خـاوەنی قـەڵای خـۆی بـوو، قەڵاکەشـی لـە ڕۆژهـەڵاتی شـاورێ بـووە، لـەخوار قـەڵاتی (کوڕاشـەڕ یـان کوڕاشـەڵ)، هـەروەها دەیـووت: (کـافور) وێـڕای ئـەوەی کچێکی زۆر جوان و نازدار و سەرنجڕاکێش بووە، جەنگاوەرێکی زۆر ئازا و تیرهاوێـژ و سـوار چـاکێکی کارامـە بـووە، خـاوەنی بـەهرەی چـاوتیژیش بووە".

کافور ئەو کچە جوانەی بەسـەرهاتەکەمان، تـاکو ئێسـتاش لەسـنووری شاورێ سەرگورشتەی جۆراو جۆری دەربارە دەگوترێ، کەسێك لە خەڵکی شاورێ کچێکی جوان ببینن دەڵـێن: (دەڵێـی کـافورە)، سـەرەڕای ئـەوەی (کـافور) قەڵایـەکی بەناوەوەیـە، لـە ڕۆژئـاوای گونـدی (گـوڵان) بـەدیوی زنجیرە چیای ماکۆکدا، کێلێك هەیە بەناوی کێلی (کچەکافور) یان (کافر)، لـە(گوڵان)یش شـوێنێك هەیـە پێیـدەڵێن: (کـافیر یـان کـەفیر)، بـەڵام چارەنووسـی (کچـەکافر) نادیـارە، نـازانرێ هـەڵاتووە، کـوژراوە یـاخود کەوتۆتە دەست لەشکری ئیسلام[١٤٣].

---

[١٤٣] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧.

## ئەشکەوتی بتکار و چەند ئەفسانەیەك

ئەشکەوتی (بێتکار) یان (بتکار)، یەکێکە لەشوێنە سەرنجڕاکێشەکانی دۆڵی (شاور)، ئەشکەوتی (بتکار) لەسەرووی گوندی (نۆری) لەدۆڵی شاور هەڵکەوتووە. شوێنەواری قەڵایەکی بەسەرەوەیە، بەهۆی گەورەیی و فراوانی ئەشکەوتەکە، چیرۆك و سەرگورشتەی جۆراو جۆری لەبارەیەوە گوتراوە، هەر بۆیەش سەرنجی زۆرێك لە خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەری ڕاکێشاوە، ئەمەش وای کردووە چەندین کەس لەناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە سەردانی بکەن، بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی دەربارەی گوتراوە، یەکێك لەو گەشتانەی بۆ ئەشکەوتی (بتکار) بنەمایەکی لۆژیکی هەبووبێت، گەشتە مەیدانیەکەی مامۆستای ماندوونەناس و خەمخۆری شوێنەوەوار و مێژووی کوردستان مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) بووە، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی ڕانیەی لەگەڵدا بووە، سەردانی ئەشکەوتەکەیان کردووە، پشکنینی وردی بۆ ئەشکەوتەکە ئەنجام داوە، نیشانەی نووسراوی خۆشی لەزۆربەی بەشەکانی ئەشکەوتەکە بەجێ هێشتووە، بەڵام وا پێدەچێت هیچ نیشانەیەك لە شوێنەوار و پاشماوەی دێرین لە ئەشکەوتەدا بەرچاو نەکەوتووە[١٤٤].

---

[١٤٤] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

## چەند چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەربارەی ئەشکەوتی بێتکار

لە کۆنەوە واباوە گەنجینەیەك لەزێڕ و یاقوت لەم ئەشکەتەدا بوونی هەیە، بەهۆی زۆری ڕێژەکەشی نەخەملێنراوە، خەملاندنی کارێکی ئاسان نییە، دەڵێن لەو ئەشکەوتەدا یەك ڕیز دوکان لە شاخدا هەڵکەندراوە، کۆی دوکانەکان پڕیەتی لە زێڕ و یاقوت، لەشێوەی زێر بەئاشکرا لەسەر ڕەفتەی دوکانەکان دەبریسکێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕێگری دەکات لەدەست گەیشتن بە دوکانەکان ڕووبارێکی زۆر گەورەی لێژ و تیژڕۆیە، کاتی خۆی بەهۆی پردێکی دارین لە ڕووبارەکە پەڕیونەتەوە، دەڵێن: گوایە کاتی خۆی کەسانێك هەبوون، تاکو بەردەومی دوکانەکان ڕۆیشتوون، زێڕ و شتەکانیان لێ دەرکەوتووە و بینیویانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پرد بۆ پەڕینەوە کارەکەیان بۆ ئەنجام نەدراوە، ئەو دارانەش لە پردە کۆنەکەدا ماونەتەوە هەموویان بەهۆی کۆنی و تەڕبوون بەئاوی ڕووبارەکە ڕزیون، بەکەڵکی پەڕینەوە نەهاتوون، بۆیە ناچار بوون بەهەمان ڕێگادا گەڕاونەتەوە دواوە و خۆیان نەدەنە دەست قەزا و قەدەر، ئەشکەوتی (بێتکار) سەرنجی زۆرێك لە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، خەیاڵی دەیان کەسی لەناوچەکە و دەوروبەری بەدرێژایی سەدان ساڵی بەئاراستەی دۆزینەوە و دەستکەوتنی گەنجینەی زێڕ و ئاڵتونی بردووە، هەوڵی زۆریشیان بۆ داوە، بەڵام بێ ئاکام بووە[١٤٥].

---

[١٤٥] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

وەك پێشــتر ئاماژەمــان پێــدا (قــادر حەمــەدەمین بــاوەکر) خــەڵکی (گـوڵان)ی شـاور وتویـەتی: "لەسـەرەتای سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم، لەگـەڵ یـەکێ لـە هاوتەمەنـەکانم بـەناوی (کامـەلا ئەحمـەد) دانیشـتووی ئەوکاتی (گـوڵان) بـەهۆی ئـەو قسـە سەرنجڕاکێشـانەوە کـە گوێمـان لێـی دەبوو، سەردانی ئەشکەوتی (بێتکار)مان کـردووە، دەڵـێ: "کـاتێ چـوینە ناو ئەشکەوتەکە دوای ڕۆیشتنی چەند هەنگاوێك بەدەستی ڕاستدا پێچمان کردەوە، تووشی ڕێڕەوێك بووین، لەشێوەی پلیکانـەدا سـەرکەوتین دوای سـەرکەوتنی چـەند پلیکانەیـەك ئـەوجا بەدەسـتی چـەپدا سـووڕاینەوە بەئاراسـتەی قـولایی ئەشـکەوتەکە ڕۆیشـتین، تووشـی هەنـدێك سـەکۆی دانیشتن بووین، لەگەڵ دیتنـی هەنـدێك قـولایی شـێوە لاکێشـەیی هـەر لـە ئاخوڕ[١٤٦] دەچوون"[١٤٧].

نـاوبراو دەیگـووت: لەڕۆیشـتن بـەردەوام بـووین بـەهیوای بـەدیهاتنی خەونــەکانمان، بەمەبەســتی بەدەســت هێنــانی دۆزینــەوەی شــتومەکی شـاراوەی نـاو ڕیـزە دوکانـەکانی ئـەو بـەر ڕووبـارە سـامناك و تیژڕۆکـە، هەروەك زۆری تریش هـەبوون خـەونیان بەدۆزینـەوەی ئـەم گەنجینەیـەوە بینیوە، هەروەها بەپێی ئەوەی باس دەکرێت سەبارەت بـەئاوە زۆرەکـەی (شارۆچکەی سەروچاوە) دەڵێن: لەکاتی ژیانـەوەی زۆر جـار هەڵکـەوتووە

---

[١٤٦] ئاخوڕ : بریتیە لەچاڵی شێوە لاکێشەیی لولەیی لەبەرد و قوڕ و شتی تر دروست دەکرێت لەناو ئاغەڵی مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاخ دادەنرێت.

[١٤٧] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

پارچـــەی بچـــوکی ئـــاڵتونی لەگـــەڵ خۆیـــدا هێنـــاوە، بەبۆچـــوونی بەساڵاچووەکانی شـاور لـە کۆنـەوە بـاس کـراوە دەڵـێن: ئـاوە زۆرەکـەی شارۆچکەی سەروچاوە هەمان ئەو ئاوە زۆرەیە بـە بـەردەمی دوکانـەکانی ئەشکەوتی بێتکاردا تێپەر دەبێـت، پارچـە ئاڵتونـەکانیش هـەمان ئاڵتونـە زۆرەکەی ناو دوکانەکانـە، بـەهۆی بـەرز بوونـەوەی ئاوەکـە بەتایبـەت لـە وەرزی بەهاردا دەیدات لە پارچە زێڕەکانی نێو دوکانەکان و لەگـەڵ خـۆی ڕایـان دەمـاڵێ و لـە ئـاوە زۆرەکـەی سەروچـاوە دەردەکەونـەوە[148]، سەرچاوەی ئەم ئاوە زۆرە، بەشێك لەسەرچاوەکە بە (کانی زێڕ) ناسراوە، بـەهاران لەگـەڵ زۆر بـوونی ئـاو پارچـە زێـڕ و وردە شـوێنەواری کـۆن فڕێدەدات، بێجگەلەوانە بناغە خانووی زۆر کـۆن هـەن لـەو شـوێنەی پێـی دەڵێن: (کۆنەقەڵات). لەنزیك سەرچاوەی ئاوەکەیـە و لەشـێوەی گردێکـی دەستکردی نزمە، کوپـە و گـۆزەی زۆری لێ دۆزراونەتـەوە پـێ دەچـێ لـە کۆندا قـەڵات بـووبێ[149]. هـەروەها (قـادر حەمـەدەمین بـاوەکر) لەدرێـژەی گێڕانـەوەکانی دەربـارەی ئەشـکەوتی بتکـار نـاوبراو دەیگـووت: "بـەهۆی لایتەکانمانـــەوە بـــەردەوام بـــووین لەڕۆیشـــتن بەئاراســـتەی قـــوڵایی ئەشکەوتەکە، لەپڕ ڕۆشناییەك دەرکەوت، دوای ڕۆیشتنی کـاتێکی زۆر لـە تاریکاییدا ڕۆشناییەکە ئێمەی توشی ترسێکی زۆر کرد، خەریك بوو دڵمـان

---

[148] هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

[149] بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٧، ل١٠٤.

بووەستێت، چونکە ئێمە پێمان وانەبوو ئەوە ڕۆشـنایییەکی ئاسـایی بێـت، لەبەرئەوەی زۆرجار باسی تەلیسمی ئەشکەوتەکەمان گـوێ لێ ببـوو، بۆیـە ئێمـەش تووشــی حاڵـەتێکی دەروونــی پەشـۆکاو بـووین، تاڕادەیـەك لـە گەڕانەوەشمان بە سەلامەتی هیوا بڕاوبووین، دوای هێـور بوونـەوەی بـاری دەرونیمان بەوردی سەیری بنمیچی ئەشکەوتەکەمان کرد، ئینجا بەتێڕامان بۆمان دەرکـەوت ڕۆشـناییەکەش لـەبن میچـی ئەشـکەوتەکەوە لەچەشـنی کلاوڕۆژنەیە، خەڵکی دەڤەری (شاور) پێی دەڵێن: (کولاوکە) یان (کولانـە) بــۆ ژووره تاریکــەکان بــەکاردێت، بەتایبــەت ئــەو ژوورانــەی دەکەونــە ناوەڕاستی خانوو، خەڵکەکە پێیاندەڵێن: (نێوکەو) ئەم کولاوکانە هەم بـۆ دەرچـوونی دوکـەڵ بـەکاردێ، هـەم بـۆ بەخشـینی ڕۆشـنایی بەژوورەکـە، دەرکەوتنی ڕۆشنایی ناو ئەشکەوتەکە ئێمەی لە ڕۆیشتن سارد کـردەوە و ڕێگای گەڕانـەوەمان گرتەبـەر، بەهـەمان ڕێگـای پێشـووی خۆمـان، بـەڵام دەبوو دوای دەرچوونمان لەئەشکەوتە بەدوای دۆزینـەوەی کلاوڕۆژنەکـەدا بگـەڕێین، دوای گەڕانـەوەمان لـە ئەشـکەوتەکە کەوتینـە پشـکنینی سـەر ئەشــکەوتەکە لــەپڕ لــەژێر دیــواری شــووڕای دێــرین و دوور و درێژەکــەی (شاور) لە تەختی (خاوەر زەمین)ی (بێتواتە) دەست پێـدەکات، کـونێکی بازنەیی دەرکەوت، گومانی تێدا نەبوو بـە ئـامێری تایبـەت هـەڵکۆڵینی بـۆ کرابوو، پێ دەچوو چەند مەتر شاخی بـۆ هەڵکـەنرابێت، تـاکو گەیشـتووە بەدیواری ناوەوەی ئەشکەوتەکە. ناوبراو دەیگـووت: کولانەکـە بازنەیـەکی زۆر فراوان بوو، مرۆڤ و ئاژەڵ بـە ئاسـانی بەنێویـدا دەچـوو، بـەڵام تاشـە بەردێکی چوارگۆشەی جـوان کولانەکـەی پــێ داپۆشـرابوو، تاشـەبەردەکە

بەهەر هۆیەك بووبێت کەمێك لەسەر کولانەکە لاچوو بوو، مەترسی هەبوو مرۆڤ یاخود ئاژەڵ لەکاتی بێ ئاگایی بکەوێتە ناویەوە، هەر چۆنێك بوو من و هاوڕێکەم بەهەولێکی زۆر توانیمان تاشە بەردەکە بخەینەوە سەر کولانەکە و بەتەواوی داپۆشینەوە، ئیتر بەم شێوەیە هیوا و ئاواتەکانمان لەشەقەی باڵیاندا و بەکولانکەی ئەشکەوتەکەدا فڕین و ئێمەیان سەرگەردان و بێ هیوا جێ هێشتین، لەگەڵ ئاوا بوونی زەردەپەڕی ڕۆژ لەچیا سەرکەشەکەی ماکۆك و ئاوابوونی هیواکانی ئێمەش بەدڵێکی خاڵی لە ئاواتی لە پێشینە گەڕاینەوە بەرەو ماڵ"[١٥٠].



**وێنەی ژمارە (٣٦) شوێنی قەڵاتی نەمرود، لەسەر کلکەی نەمroود بەچیای ماکۆك، سەرچاوە: شمشارە، ژمارە (٤٣) ل ١.**

---

[١٥٠] هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

## کۆئاسن شوێنەواری شارێکی کۆنی دەڤەری بیتوێن

(حاجی غەفوور باویلی) لە گۆڤاری شمشارەدا دەڵێت: "ساڵی (١٩٨٤) ڕۆژێك چوومە لای بەرێز مرادئاغای مامەند ئاغا هەندێك پرسیارم لێ کردن، دەربارەی زانیاری لەسەر تیرە و هۆز و خێڵ و بەرەباب و شوێنەوار و قەڵاتەکانی کۆن، لە دەڤەری بیتوێن، زۆر شتی بۆ باس کردم، یەکێك لەوانە شاری (کۆئاسن)، ئەو شارە دەکەوێتە شوێنی ناحیەی حاجیاوای ئێستا وتی: لەسەردەمێکدا گەورەترین شار بووە لەم ناوە، شوێنی ڕیزە دیواری خانووەکان و شوێنەوارەکانی هەر دیارن، بەتایبەت شوێنەواری ئاشەکانی کەوا زانراوە، نۆ ئاش لەسەر یەك جۆگا دروست کراون، ناوبراو دەڵێت: ڕۆژێك چووم بۆ گوندی کفرەدۆڵ بۆ ئەوەی یەکێك ببینمەوە، لەگەڵم بێت شوێنەوارەکانم پیشان بدات، لە ئەنجامدا هەر سێ برای بەرێز (عومەر مام ڕەسوڵ شاوری، غەفور حمەدەمین حەمەد، ئیبراهیم سۆفی برایم)، بەتراکتۆرێکەوە لەگەڵم هاتن، بۆ شوێنی شاری کۆئاسن، کە چووین ئەو ناوە کرابوو بەگەنم، بەڵام گەنمەکە تازە دەڕوا، شوێنەکان باش دیار بوون، شوێنەواری ئاشەکان زۆر باش دیار بوون، تەنانەت هەندێکیان قۆتەڵیان زۆر لە زەوی بەرز بوو، شوێنەکەیان زۆر پڕ نەبووبونەوە وێنەم گرتن، هەندێك لە دیواری خانووەکان زۆر بەباشی دیار بوون، هەندێکیان بەشۆفلڵ تێکدرابوون بەمەبەستی کشتوکاڵ کردن، دواتر کرا بە ئۆردوگای حاجیاوا هەموو بناغەکان بەبلدۆزەر و شۆفلڵ هەڵکەندران و شوێنەوارەکان تێکدران، بەقسەی هەندێك لە خەڵکی ئامادەبوو، کاتی دروست کردنی خانووەکان زۆر شتی شوێنەواری کۆنی لێ دۆزرابۆوە"[١٥١].

---

[١٥١] حاجی غەفوور باویلی، کۆئاسن کۆنترین شاری دەڤەری بیتوێن، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١–٣.

## کلکەی نەمرود

(عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری) لە زمانی (نەمرودنامە) وە دەڵێت: "وشەی (نەمرود) وشەیەکی ڕەسەنی میدییە بەواتای (دەست ئاسنین)، بەڵام هەندێ زمانەوان، دەڵێن (نەمرود) واتای ( ڕووباری گەورە) دێت، نەمرود ناوی (داشان کوڕی کوش کوڕی ئاشوران کوڕی حام کوڕی نوح)، لەناوچەی بیتوێن لەدایك بووە، لەدوای باوکی بۆتە پاشای وڵاتی میدی، سنووری وڵاتەکەی هەراو و فراوان بووە، پایتەختی دەوڵەتەکەی ناوی (تاقان) بووە، لەسنووری هەرێمی بیوێن، ئێستاش ئەو شوێنەی قەڵای نەمرودی لێ دروست کراوە پێی دەڵێن: (تاقۆڵان)، پەرستگای (بت)ەکان لەتەنیشت قەڵا بووە، لەڕۆژئاوای شاخی ماکۆك لە شاخەوە ئاوی بە کونجی گڵێن بۆ قەڵاکە هاتووە، ئێستاش شوێنەواری ماوە و خەڵك لەژێرگڵ ئەو کونجانە دەدۆزنەوە"[152]. بەڵام (حاجی غەفور باویلی) لە گۆڤاری شمشارەدا دەڵێت: "گردی نەمرود شوێنەوارێکی زۆر کۆنە، دەکەوێتە بەشی سەرووی ڕۆژئاوای کۆئاسن، ئێستاش بەشێك لەو گردە هەرماوە، زۆر کەس باسی ئەو ئاوەدانیەیان کردووە، دەڵێن لەسەردەمی نەمرودەوە هەر ئاوەدانی بووە، نەمرود یەکێکە لەپاشاکانی نەمرییەکان، نەمرییەکان بەشێکیان لە بیتوێن و ئەو ناوە ژیاون، نەمرود یەکێکە لە زنجیرە پاشاکانی نەمرییەکان، چونکە ئەوانەش وەکو زنجیرەی فیرعەونەکان چەند پاشایەك بوون نەك تەنیا یەك بووبێ لەزۆر جێگا شوێنی نەمرییەکان هەیە، لەکوردستانی باکوور زۆر شوێن هەن بەناوی

---

[152] عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری، چەند لاپەڕەیەکی ونبوو لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی – ٢٠٠٢.ل ١٠٦–١٠٧.

نـــەمرود، بـــەگوێرەی مێـــژووی کـــۆن دەبێـــت ئەوانـــە بەشـــێك بـــن لـــە ئارامیـــەکان"[153]. (حـاجی غـەفور بـاویلی) دەڵێـت: نـەمرود یـەکێك بـووە لەپاشـایانی (نامری)یـەکان، هـەر کـەمێك دواتـر دەڵێـت: "لـە ئەشـکەوتی (ئیـبراهیم) پێغەمبـەر(د.خ)دا شـوێنەواری چـەند گـۆڕێکی لێیـە، دەکـرێ خەیاڵمان بـەلای ئـەوەدا بچێت ئەوانـە گـۆڕی پاشـایانی (مـاد) بـن لـەناو ئەشکەوتەکەدا". کەواتە ئەمە دەبێت لەدوو سەردەمی جیاوازدا بووبێت.

لـە دامێنـی شـاخی مـاکۆك و لـە ناوەڕاسـتی شـاخەکە، ئـەو شـاخە پێیدەوترێت (کلکەی نەمرود) لەسەر دەشتایی بەرزییەك هەیـە، قـەڵاتێکی لەسـەر دروسـت کـراوە، دیوارەکـانی دەرەوەی بـە بـەرد دروسـت کـراون، دیوارەکانی ناوەوەی بەخشتی سوور کراون، ئەو قەڵاتە زۆر گەورە بـووە، بەقسـەی بەساڵاچـوان و ئەوانـەی گوێیـان لـەپیاوە بەتەمەنـەکان بـووە دەڵـێن: کـاتی خـۆی (٣٥) ژوور بـووە، شـوێنی دیوارەکـان و ژوورەکـان بەباشی دیار بوون، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس کردوویەتی بەبنکـەی سەربازی (ڕەبیە) بەشۆفلْ تێکدراوە، پاشمـاوەی خشـتی سـووری قەڵاکـە لەو ناوە زۆر بڵاوبووبوونەوە، کاتی دروست کردنی ئۆردوگای حاجیاوا، بـۆ دابین کردنی ئاو، کراوە بە حەوزی ئاوی ئۆردوگای حاجیـاوا، ئەنـدازیارێك بەناوی (مەریوان ئەنوەر) کۆلاو(حەوز)ی ئاوی لەسەر ئەو قەڵایـە دروسـت کردووە، بەیەکجاری وێـران کـراوە، ئـەو شـوێنەوارە ئـاوا لەدەسـت چـوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆلاوەکە بەکارنـەهاتووە، بـۆ ئـاوی پێویسـتی ئۆردوگـای حاجیاوا، لـەدامێنی ئـەو کلکەیـە لـە دەشـتاییەکە دیـواری گـەورە و کـۆن

[153] حاجی غەفوور باویلی، کلکەی نەمرود، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

هەبوون، شوێنەواری جۆگایەکی گەورەش هـەبووە، بـەڵام لەگـەڵ دروسـت کردنی ئۆردوگای حاجیـاوا، گۆرسـتانێك لـەو شـوێنە دروسـت کـراوە، بـەو هۆیەوە شوێنەوارەکان لەناوچوون، لەهەمان کاتدا جادەیەکیش لێدراوە بۆ گەرمکەداڵ و سەرکەپکان شوێنەوارەکە تەواو لەناو چووە، بەهۆی نـەزانی و کەمتەرخـەمی خـەڵکانی نـەزان و نەشـارەزا ئـەو شـوێنەوارانە لـەناو چوون[١٥٤].

## ئەشکەوتی ئیبراهیم خەلیل


ئەم ئەشکەوتە لە چیای ماکۆك دەکەوێتە گەلییـەك لەپشـتی ماڵـەکانی گەرمکەداڵ، کە دەچـیتە ئـەو شـوێنە یـەکێ شـارەزا نـەبێت نـازانێ ئـەوە ئەشکەوتە، چونکە زارکـی ئەشـکەوتەکە دیـار نییـە، زارکـی ئەشـکەوتەکە بچـوکە، یەکـەمجار دەبـێ لەسـەر سـك بـڕۆی، هـەتاکو سـێ مـەتر، ئینجـا دەتوانی کەمێك خۆت بـەرز بکەیتـەوە و بـڕۆی، هـەتاکو دە مـەتر، ئینجـا ئەشکەوتەکە سێ مـەتر بـەرزە، بـۆ کۆتـایی ئەشـکەوتەکە بیسـت مـەتر و نیـوە، بـەڵام هـەژدە مـەتر ڕۆیشـتنی بەدەسـتی چـەپدا دەرگایـەك هەیـە کـونێکی بازنـەیی خـڕی هەیـە، مـرۆڤ دەتـوانێ پێیـەوە بچـێت، مـاوەی دیوارەکەی یەك مەتر و نیـوە دەچـیتە ژوورێکـی تـر، ئـەو ژوورەی دووەم زۆر فراوانە، هەندێك شوێنی سێ چوار مەتر بەرزە، بەڵام هەنـدێك شـوێنی کلس تارمەی لێ دروسـت کـردووە، ئەگـەر چـوار مـەتر ڕۆیشـتی دوو تـاقی بەرز هەیە، بەلای دەستە ڕاستدا دوو تاقی ئەشکەوتی بچوك هەیـە، بـەڵام زۆر فراوان نین، ئینجا دەرگایەکی تر هەیە، لەو تاقانەوە بۆ ئەشـکەوتێکی

---

[١٥٤] حاجی غەفوور باویلی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

تـــر لەســـەر ئەشـــکەوتەکە دێتـــە دەرەوە، وەکـــو قەســـرێکی دوو قـــات، لەسەرەوە دەرگای هەیە، بـۆ هەیوانەکـەی سـەرەوە، بـەڵام ئـەو دەرگایـە گیراوە، بەبەردی قەبارە ناوەنجی لەخوارەوە لەهەر سێ تاقەکانی ئێسکی لاشەی مردوو هەیە، هەمووشیان هی مرۆڤی گەورەن، پێدەچێ ئـەوە هـی گۆرستانی پاشاکان بووبێ، لە ئەشکەوتی دووەم لەسەر تـەختی ئەرزەکـە دوو چاڵی وەکو (سندۆڵ) هەیە، بازنەیی دروست کـراون، قوڵاییـان بەقـەد قوڵکـە سـندۆڵە، خـەت خـەتی پێـدا هـاتوون، زۆر جـوانن، هـەر لـە قـاتی خوارەوە بەبەرزی مەترێك تاقێکی لاکێشـەیی هەیـە، بەدەسـتی چـەپەوە، ئەگەر لەبەردەم ئەشکەوتەکە دەوەسـتی پـاڵ بدەیـە دەرگـای ئەشـکەوت بەدەســتی چــەپەوە تەماشــاکە تارمەیــەکی زۆر جــوان دروســت کــراوە، بەردێکی زۆر گەورە لەسـەر لوتکـە شـاخێکی جـوان دانـراوە، وەك شـێوە خاچی لێ هـاتووە، دوو درەختـی بچـوکی لەسـەر ڕواوە. (حـاجی غـەفوور باویلی) دەڵـێ: "لەگـەڵ مامۆسـتا (عبـدالرقیب یوسـف) لـەڕێگای (حـاجی حەمەدی خدری ئاودەلی) لە گەرمکەدالێ، دوو گەنجی بـەناوەکانی (عومـەر حاجی حەمەد) و (حەمەدەمین حمـد محمـد) لەگـەڵ نـاردن بـۆ پشـکنینی ئەشکەوتەکە، بۆ ڕووناك کردنەوە دەمانەویست لایت بەکاربێنین و دەچـنە ناو ئەشکەوتەکە، بەڵام نەمانتوانی هەموو ئەشکەوتەکە بپشکنین، چونکە لایت لەناو ئەشکەوتێکی وادا ڕوونـاکی نـادات. نـەماتوانی کارەکـە ئـەنجام بدەین، دواتریش دەستی نـەزان و تـەماحکارەکانی شـوێنەوار دەسـتکاری شـوێنەوارەکەیان کردبـوو، دیـارە کـاتێ خـەڵك بـەدوای شـتی کۆنینـە و شــوێنەواردا دەگــەڕان هــەڵیان کەنــدووە، شــتێکی زۆر ســەیری ئــەو ئەشکەوتە ئەوەیە، جاڵجاڵۆکەی زۆر گەورەی تێدایە، بەقەد لەپی دەسـتی

مرۆڤ دەبن. دووپشکی زۆرن بەقەدی دیوارەکانیەوە. (حاجی غەفور) لە گۆڤاری شمشارەی ژمارە (٤٣)دا نووسیویەتی: کاتێ ئیبراهیم لەدایك بوو، بۆ پاراستنی لەدەستی نەمرود پاشای ئەو کاتەی سنوورەکە، دایکی دەیبات لەو ئەشکەوتەدا دەیشارێتەوە، هەتا گەورە بووە، بەڵام ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ئەفسانە و هەڵبەستراویش بێت و ئەو ئەشکەوتە هی ئەویش نەبووبێت، هەر شتێکی گرنگە و شوێنەوارێکی زۆر بەنرخە، بەهەرحاڵ ئەو ئەشکەوتە زۆر نهێنی گەورەی تێدایە، دەتوانرێ لە داهاتوودا، کەڵکی لێ وەربگیرێ[١٥٥].



**وێنەی ژمارە (٣٧)، ئەم بەردە لەبەردەمی ئەشکەوتی ئیبراهیم پێغەمبەردایە، داری قەزوان و چەقالەی لەسەر ڕوواوە، سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٤٣)، ل٢.**

---

[١٥٥] حاجی غەفور باویای، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣،سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.



وێنەی ژمارە (٣٨)، دەرگای دووەمی ئەشکەوتی ئیبراهیم پێغەمبەر(د.خ)، ئەوە دەرگایەکە کەنزیکەی (٢٠م) لە دەرگای یەکەمەوە کەهاتی دەگەیتە ئەو دەرگایە بەتەنیا یەك مرۆڤی پێوە دەچێت لەوێوە دەچیتە ئەو دیو ئەشکەوتی دووەم کە ئەشکەوتێکی فراوانە وەك باسی دەکەن، سەرچاوە: شمشارە، (٤٣) ل٢.



وێنەی ژمارە (٣٩)، جاڵجاڵۆکەئەشکەوتی ئیبراهیم پێغەمبەر(د.خ)،

سەرچاوە: شمشارە (٤٣) ل٢

## دۆڵ ناران

زۆر شـوێنی پـیرۆز و زیارەتگـا لـە کوردسـتان لـەنێوان نەتـەوەکان هاوبەشن، وەك پاشماوەکانی ئیـبراهیم پێغەمبـەر، لـە نموونـەی ئەمـەش (دۆڵ نـاران) شـوێنی پـیرۆزی هاوبـەش لـەنێوان جولەکـە و مەسـیحی و موسـڵمان و ئێزیدییـەکان "گـۆمی ئیـبراهیم"ە لـە "ئورفـا"ی بـاکووری کوردستان هەیە، حەوزێکی لاکێشـە ئاسـای نـاوازە و درێـژ لەناوەڕاسـتیدا دەبینرێت و دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، "ئیبراهیم" بەباوکی نەتەوە جیاجیاکان لە قەڵـەم دەدرێـت"گۆمی ئیـبراهیم"یش ئـەو شوێنەیە "نەمرود" ویسـتی "ئیـبراهیم"ی تێـدا بسـوتێنێت دیـارە دواتـر، وەك (موعجیزە)یەك ئاو لەبن زەوی یەوە هەڵدەقولێت و "ئیبراهیم" ڕزگار دەکات، لەئێستاشدا "گۆمی ئیبراهیم" ژمارەیەکی زۆر ماسی "سازان" لـە گۆمەکەدا بەسەربەستی مەلە دەکەن و لەلایەن خەڵکیـەوە خۆراکیـان پـێ دەدرێـت و بـەهیچ شـێوەیەك ڕاونـاکرێن، چـونکە بـاوەڕ و قەناعـەتێکی تـەواویان بـەوە هەیـە، گوایـە هـەر کەسـێك لـەو ماسـیانە بخـوات کـوێر دەبێت[156].

لەبیتوێن (دۆڵ ناران) دەکەوێتە ئـەودیوی ئەشـکەوتی ئیـبراهیم بـەرەو ماکۆك، ئەو شوێنە زۆر سەرنج ڕاکێشە، چالاییەك لەناوەندی گردێك هەیە، چـەند مـاڵێکی خـاوەن مـەڕ و مـالات لـەو گونـدە خنجیلانـە دەژیـن، بـۆ زستانان بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ زۆر لەبارە هەوایەکەی زۆر خۆشە[157].

---

[156] میهرداد.ر. ئێزەدی، موساییەکان، و:لە تورکیەوە:یوسف عزەدین، پینوسەکان،هەینی ٦– تشرینی دووەم ٢٠١٥.

[157] حاجی غەفوور باویلی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

دۆڵ نـاران لەسـەرووی شـوێنەواری شـاری کۆئاسـن، لەشـاخی مـاکۆك شوێنەواری هەرماوە، لەسەر قسەی خەڵکی ئەو ناوە هەر لەکۆنەوە وایـان گێڕاوەتەوە، گوایە نەمرود پڕی ئەو دۆڵە داری بەخەڵك کۆکردۆتـەوە، ئـەو دۆڵـەی پـڕ کـردووە لـەدار و ئـاگری تێبـەرداوە، ئینجـا بە(مەنجـەنیق)[158] ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ)یان هاویشتۆتە نـاو ئـەو ئـاگرە، ئـەو بەسـەرهاتە لەناوچەکە زۆر بڵاوە[159]. پیاوە ئاینیەکانیش جـەختی لەسـەر دەکەنـەوە و بۆ سەلماندنی قسەکانیان دەقەکانی قورئـانی پـیرۆز بەنموونـە دەهێنـەوە کە خوای گەورە دەربارەی سوتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر(د.خ) لە قورئاندا دەفەرموویت: (قلنا یا نار کونی بردا وسلاما علـی ابـراهیم– سـوره الانبیـا /٦٩.) واتە: کـە ئیبراهیمیـان خسـتە ئـاگرەوە (وتمـان: ئـەی ئـاگر سـارد بەرەوە و بێ زیان بـە بـۆ ئیـبراهیم.)[160] خـۆم هـیچ سـەرنجێکم لەسـەریان نییـە، و لـەهیچ سەرچـاوەیەکی بـاوەڕ پێکراویشـدا ئـەو باسـەم بەرچـاو نەکەوتووە، ئەو باسەمان خستۆتە پێش چاو و لێرەدا تۆمارمـان کـردن، بەمەبەسـتی ئـەوەی ڕۆژێـك بێـت لێکۆڵینـەوەی وردی لەسـەر بکرێـت و ڕاسـتیەکان ڕوون بکرێنـەوە. لـەلای خـەڵکی ناوچـەکە وابـاوە ئیـبراهیم پێغەمبەر (د.خ)، سەرەتا لەم ناوچەیە بـووە و پـەرەی بـەبڵاو کردنـەوەی دینەکـەی داوە، دواتـر ئیـبراهیم پێغەمبـەر (د.خ) چـۆتە وڵاتـی شـام و دواتریش چووەتە جزیرەی عەرەبی لەوێ یەکـەم پەرسـتگای خواپەرسـتی (بیـت الحـرام)ی دروسـت کـرد. پـەروەردگاریش لەسـەر زمـانی حـەزەتی

[158] مەنجەنیق: لەسەردەمی کۆندا ئامێرێك شتیان پێ فڕەداوە، لە کاتی جەنگ لەگەڵ دوژمن بەرد و کەرەستەی بریندار بوونیان بەرەوە ڕووی دوژمن هەڵداوە، بەتایبەت لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای دوژمن شتی وەك بەرد و ئاگریان فڕێداوەتە ناو قەڵاکە.

[159] حاجی غەفوور باویلی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[160] القران الکریم، سوره الانبیا : ٦٩.

ئیبراهیم لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: (ربنا انی أسکنت من ذریتی بواد غیر ذی زرع عند بیتك المحرم ربنا لیقیموا الصلوة فأجعل أفئدة من الناس تهوی الیهم وارزقهم من الثمرات لعلهم یشکرون– سورة ابراهیم/ ٣٦) "واتە ئەی پەروەردگارمان من هەندێ لە ڕۆڵەکانم نیشتەجێ کرد لەشوێنێکی بێ کشتوکاڵدا لای ماڵە پیرۆز و ڕێز گیراوەکەت (مەککە) ئەی پەروەردگارمان تا بەچاکی نوێژ بەجێ بێنن، بەڵکو دڵی خەڵکانێ وا لێ بکەیت سۆزیان ببێ بۆلایان و لەهەموو بەر و میوەیەکیش ڕۆزیان بدە، بەڵکو شوکرانە بژێربن[١٦١].



**وێنەی ژمارە (٤٠) دۆڵێ ناران لەشاخی ماکۆك. سەرچاوە: گۆڤاری شمشارە، ژمارە(٤٣) ل٢.**

[١٦١] القران الکریم، سوره ابراهیم: ٣٦.

# بەشی سێیەم
# شوێنەوارەکانی بێتواتە

ئەگەرچی (بێتواتە) بایەخێکی زۆری لە شوێنەواری ناوچەکە و کوردستاندا هەیە، بەڵام تائێستا زۆر کەمی دەربارە نووسراوە و زانیاری کەم دەبارەی شوێنەوارە مێژووییەکانی دەزانرێ، بێ گومان (بێتواتە) لەڕووی شوێنەوارییەوە گۆڕەپانێکی زۆر گرنگە، سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی مێژوو شوێنەوارەکانی فەوتێنراون، دزراون و بۆ وڵاتانی بێگانە براون، هەروەك تەواوی کوردستان دەوڵەتە داگیرکەرەکان، شوێنەوارە کۆنینە و مێژوویی و شارە دێرینەکان و قەڵا و گرد و شوورا قایمەکانیان

وێران کردووە، بەمەبەستی سڕینەوەی مێژووی ڕابردووی کورد و لێك دابڕینی مێژووی سەردەمە کۆنەکان، لەگەڵ ئەم سەردەمە، بۆ ئەوەی شارستانیەتی و بەرگری و قارەمانێتی نەتەوەی کورد بەرامبەر دوژمنانی بشێوێنن و مێژووی وڵات و ناوچەکەمان بسڕنەوە، لەم بارەیەوە دەرهەق شوێنەوارەکانی (بێتواتە) خراپەکاری زۆر کراوە، دەکرا سوودی زۆر گەورەیان لێ وەربگیرێ، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر پاشماوەکانی ناوچەکە بکرێت، سوودی زۆری دەبێت بۆ مێژووی کەونارای ناوچەکە و کوردستان و دەوروبەریش. لەسەر شێوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی پاشاکانی ناوچەکە و کێشە و ململانێی دەسەڵات لەگەڵ زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە، وەکو سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری، بەردەوام لەشکرکێشیەکانیان بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵات لەکاردابوون.

بەمەبەستی لەنزیکەوە بینین و زیاتر شارەزا بوونی شوێنەوارەکانی بێتواتە، لەگەڵ برای بەڕێزم کاك (محەمەد ئەحمەد عوسمان) بەگەشتێکی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٨- ١٠- ٢٠١٧) کات (١,٥)ی دوای نیوەڕۆ دوای پشوویەکی کورت لەماڵی کاك محەمەد، سەردانی شوێنەوارەکانی بێتواتەمان کرد و لە نزیکەوە شوێنەوارەکانمان بینی و باری سەرنج و تێبینی خۆمان لەسەر دەبڕین، سوپاس بۆ کاك محەمەد لەڕووی پەرۆشی و خەمخۆری شوێنەوارەکان ئەو ئەرك و ماندووبوونەی لەگەڵماندا کێشا[١٦٢].

[١٦٢] محەمەد ئەمەد عوسمان، لەدایك بووی ساڵی (١٩٨٩)، کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕانیە، دانیشتووی گوندی دواوە.

## شوێنی جوگرافی بێتواته

بێتواته له ئێستادا گوندێکی خنجلانـەی جـوان و گەورەیـه، دەکەوێتـه بناری چیایەکی بەرزەوه پێی دەگوترێت" شنێ (شنەیه)"، زنجیره چـیای مـاکۆك لەبەشـی ڕۆژهـەڵات و بـاکوری دایـه و (بێتواتـه) بـەبناری چـیای (ماکۆك) هەڵکەوتووه، زنجیره چیای (شیشار) له ڕۆژئاوا و باکووری دایـه، بەیەکێك له هەره لوتکـه بـەرزەکانی حـەوزی بیتـوێن دادانـرێ و دەڕوانـێ بەسـەر دۆڵـی (بالیسـان) و بیتوێنـدا، (بێتواتـه) پاشمـاوەی شـوێنەواری ئاوەدانیـەکی کۆنـه، پاشمـاوه شـوێنەوارییەکان دەیسـەلمێنن لـه کۆتـایی هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینیەوه، تاسـاڵانی سـەردەمی ئیسـلام و دواتـریش (بێتواتـه) هەمیشـه پێگەیـەکی دیـار و بەرچاوی هەبووه.

لەئێستادا بەهەردوو بەشەکەیەوه (دواوه+ بێتواته) (٣٠٠) ماڵ دەبێت، یەکێکه لـه گونـده جوانـەکانی دۆڵـی (خۆشـناوەتی)، ئـەو دۆڵـه سـنووری هـەردوو پارێزگـای سـلێمانی و پارێزگـای هـەولێر دەگرێتـەوه، ناوەنـدی ناحیەکه سەر به قەزای ڕانیه و پارێزگای سلێمانیه، لەباشووری (بێتواتـه) زنجیره بەرزاییەك هەیه له چـوار قـۆپ پێـك دێـت: (شیشـار، دۆڵئەسـپان، ئاوشێ بەردینی، قـەڵاتك)، لوتکـەی (شیشـار) بەسـەر دۆڵـی (بالیسـان)دا زاڵه.

(بێتواته) دەکەوێته سەر ڕێگای (ڕانیه– خـەلیفان)، کەوتۆتـه نزیکـەی (٢٠) کیلۆمەتر له ڕۆژئاوای رانیەوه، دەتوانرێت لەناو شارۆچکەی ڕانیـەوه بۆ (سەروچاوه) و پاشان بەرێگایەکی بەرزونزمیدا بگەیته (بێتواته).

## ناوی بێتواتە لەچیەوە هاتووە

لەسەر بنچینەی ناوی (بێتواتە) بۆ چوونی جیاواز هەیە، وشەی (بێتواتە) پێ ناچێت لەبنەڕەتدا ناوی کوردی بێت، بەڵکو واپێدەچێت لەزمانێکی تر وەرگیرابێت، هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ئەم ناوە لەبنەڕەتدا ناوێکی ئارامیە، پێدەچێت لە دوو وشە پێك هاتبێت یەکەمیان وشەیەکی (سامی) یە (لەم بارەدا ئارامی) (Be,It) بەواتای وڵات یان ناوچە دێت، هەروەك لەناوی جوگرافی تری ناوچەکەدا دەبینرێت بۆ نموونە بیتوێن (باگەرمێ) لە(بێت گەرمای)ەوە هاتووە، واتە (وڵاتی گەرم) یاخود گەرمیان، (بازەبدا) لە (بێت زەبدا)وە هاتووە، (باعەدرێ) و هی تر، بەشی دووەمی ناوەکەی بریتی یە لە (واتێ– تە= wate=a ) لەوانەیە ئەمەیان هەرناوە کۆنەکە بێت، بۆ ئەم شێوەی ئێستای پەرەی سەندووە[١٦٣]. وەك زۆر ناوی تری (ئارامی) تائێستاش لەناوچەکەدا بۆ هەندێك شوێن لە کوردستان بەکاردێن، دیارترینیان: (بامەڕنی) لەبنەڕەتدا (بەیت موڕنی) واتە (ماڵی شووراکراو یان توند کراو) دەگەیەنێت، (بعشیقە) لەبنەڕەتدا (بێت عیشقا) یە، واتە (ماڵی زۆردار)[١٦٤]. (بیتوێن – (بیت یۆن) یان (بت وێن). توێژەران پێیان وایە ناوی (بێتواتە)، هەروەك ئەم ناوانەی ئاماژەمان بۆ کردن ناوێکی ئارامیە و ڕەزمەکەی خۆی پاراستووە بەم شێوەیە (بێتواتە = بیت واتە)[١٦٥]

---

[١٦٣] کۆزاد محەمەد، کوردستانی ناوەراست ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

[١٦٤] جمال بابان، اصول اسمء المدن والموقع العراقیە بغداد ١٩٨٩ ص ٦٩).

[١٦٥] جمال رشید، دراسات کوردیە فی بلاد سوبارتو بغداد ١٩٨٤ ص ١٨.

(جەمال ڕەشید) پێی وایە: بڕگەی یەکەمی ناوی (بێتواتە) (بیت) بـەواتای _(ماڵ یان ئاوایی) دێت، بڕگەی دووەمی ناوەکـە (واتـە) بـەمانای (بـەرز) دێت، لە کوردی ئەمڕۆدا (بەرزا یان بەرتاوا) دەگەیەنێ، بەهـەردوو بڕگـەی ناوەکە واتای (ئاوایی بەرز) دێت، دوور نییە ئەم ناوە هـەمان نـاوی (بیـت بەروا)ی ئاشووری بێـت، (ئورارتی)یـەکان بـە (بـەراتا) تۆماریـان کـردووە. بەڵام شوێنەوارناس (کەمال نوری) پێی وایە: ئەم نـاوە لـە دوو بڕگـە پێـك هاتووە، یەکەمیان (بیت)ە، بـەمانای (مـاڵ یـان پەرسـتگا) دێـت، بڕگـەی دووەمی ناوەکە (واتە) لە وشـەی (ئوتـو)ەوە هـاتووە مانـای (خواوەنـدی خۆر) دەگەیەنێت، هەردوو بڕگەکە بەیەکەوە بەمانای (پەرستگا یان مـاڵی خواوەندی خۆر) دەگەیەنێن[١٦٦].

ئەوەی قسەی زیـاتر لـە خـۆدەگریَ، بڕگـەی دووەمـی نـاوی بێتواتەیـە (واتە) یە، ئایا دەبێت ئەم بڕگەیە لە خواوەندی خۆر (Utu)ەوە هاتبێت، هەروەکو (کەمال نوری) ئاماژەی پێکردووە، ئەمە تاڕادەیـەك دەشـێت لـە ڕاسـتیەوە نزیـك بێـت، ئـەم بڕگەیـە بڕگەیـەکی سـۆمەریە، ئەگـەر ئـەو ئاماژەیـەی سـەرەوە ڕاسـت بێـت، ئـەوە دەگەینـە ئـەو ڕاسـتیەی نـاوی (بێتواتە) لە دوو بڕگەی جیاوازی دوو زمانی جیاواز پێك هاتووە، ئەوانیش زمـانی سـۆمەری و ئەکـەدین، هـەردووکیان بەسـەر یەکـەوە بـەواتای (پەرستگای خواوەندی خۆر) دێن، بەڵام ئەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیـە بۆچی ئەم ناوە لەدوو زمانی جیاواز پێك هاتووە، هەروەها بڕگەی دووەمی

---

[١٦٦] جمال بابان، اصول اسماء المدن والموقع العراقيه بغداد ١٩٨٩ ص ٦٩– ئەردەڵان عوسمان حەسەن، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو. ل١٠.

ئەم ناوە لەناوی ئەو شارە (Utu) واتە شاری خۆر لەسەردەمی ئاشووری کۆندا لەدەقەکانی شمشارە بەزۆری ناوی هاتووە[١٦٧].

سەبارەت بە ناوی گوندی (دواوە) کەبەشێکە لە گوندی (بێتواتە) و بەرهەدووکیان بێتواتەیان پێکهێناوە، ئەم ناوە ناوێکی کوردی تازەیە، بەمانای (دوو ئاو) دێت، ئەمەش لەوەوە هاتووە لەم شوێنە دوو ڕووبار بەیەك دەگەن، ئەم ڕووبارانە وەرزین، واتە ئەو ناوە لە یەکگرتنی ئاوی بەستی بێکێڵ و ڕووباری دواوە و بێتواتە هاتووە، مەبەستیان لە یەکگرتنی ئەو دوو ئاوە بووە لەم شوێنە، بەپێی تێپەڕ بوونی کات ئەم دەستەواژەیە (دووئاو) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا بەو گوندە دەڵێن (دواوە)[١٦٨]. یان پێدەچێت، ئەم ناوە لەوەوە هاتبێت کاتێك خەڵکی گوندی بێتواتەی کۆن بۆ ئاودێری کشتوکاڵ چوونەتە گوندی دواوەی ئێستا لەلایەن خەڵکی ناوچەکە پێی دەلێن: (لەدوو ئاوێن) لەوانەیە ناوی گوندی (دواوە) هەر لەوەوە هاتبێ، چونکە گوندی دواوەی ئێستا تەنیا شوێنی کشتوکاڵی خەڵکی گوندی (بێتواتە) بووە، پێش زیاتر لە سەد ساڵێك بەهۆی زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانی گوندی (بێتواتە) خەڵکانێك لەوێوە هاتوون لە گوندی ئێستای (دواوە)دا جێگیر بوون، بەڵام ئەوەی جێگای شرۆڤە کردنی زیاترە ئەوەیە جێگیر بوونی دانیشتوان لە

---

[١٦٧] ئەردەڵان عوسمان حەسەن ، بێتواتە لەسەرچاوە مێژییەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو. ل ١١

[١٦٨] بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، خۆشناوەتی لەسەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، پاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٧، ل ١٤٤.

گوندی (دواوه) لەسەردەمانی کۆن و ئیسلامیدا بەرچاودەکەوێت، بۆ ئەم بۆ چوونەش پشت بەچەندین بەڵگەی مادی دەبەستین لەو گوندەدا دۆزراوەتەوە، هەروەها چەندان مۆر و کەلوپەلی تر لەم گوندەدا دۆزراونەتەوە، و لەلایەن قاچاخچیەکانی شوێنەوارەوە تالان کراون، هەروەها بڕێکی زۆر دراوی سەردەمی ئیسلامی لەکاتی لێدانی جادەی (دواوە– هەرتەل) لەسەرەتای هەشتاکانی ڕابردوودا دۆزراونەتەوە، لەو شوێنەی پێیدەوترێت (مەلازادە) هەردوو ڕێگای (هەرتەل) و (بێتواتە) لەو شوێنە لەیەکتر جیا دەبنەوە[١٦٩].

بێتواتە یەکێکە لەو ناوچانەی مێژووی دیاری دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین، دواتر لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین ئاشوورییەکان ئەم ناوچەیان ناسیوە، سەرەڕای هەوڵی زۆری شوێنەوارناسان بۆ دۆزینەوەی سەرەتای ناوی ئەو شوێنەوارانە، گرفتی گەورە لە بردنەوەسەریەك و دۆزینەوەی ناوی شوێنەوارەکانی کوردستان نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر بنچینەی ئەو ناوە کۆنانە، هەرچەندە بۆ دۆزینەوەی بنچینەی ئەم ناوانە پشت بە شیکاری زمانەوانی دەبەسترێ، بەڵام ئەم شیکاریەش تارادەیەك جێی گومانە، هەروەك (فۆرێر) و (ڕایت) هەردوو توێژەری ئەمریکی دەڵێن: ئەم جۆرە کارانە بەکارێکی ئەزموونکاری دەمێنێتەوە، بۆ دۆزینەوەی مانای (بێتواتە) دەبێ دوو سەرچاوە ڕەچاو بکەین، سەردەمی یەکەم بەکارهێنانی زمانی سۆمەری و

---

[١٦٩] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، هەمان سەرچاوە، ١١.

ئەکەدییــە، ســەردەمی دووەمــیش: زمــانی ئــارامی و یۆنانیەکانــە لــە بەڵگەنامەکانی هەورامیدا باس کراوە، لە زمانی سۆمەریدا بەهیچ شێوەیەك وشەی (BIT) بەمانای ماڵ نەهاتووە، بەڵام وشەیەکی دی هەیە، لـەزمانی سۆمەریدا بە (بیتا)دەخوێندرێتەوە، بـەم شـێوەیە دەنووسـرێت ( bi-ta) بەمانای یارمەتی دێ، باوەڕیش وانییە لە زمانی سـۆمەریدا بـەمانای مـاڵی خوای خۆر بێت، چونکە پەرستگای خوای خۆر بەم شـێوەیە دەنووسـرێت ( e-u+u)[١٧٠]،

ئەمەش شتێکی مەحاڵـە نـاوی (بێتواتـە) بێـت. لـە زمـانی ئەکەدیشـدا وشەی ( Bitum= ماڵ) هەیە کەناوێکی تاکی ئەکەدیـە، بـەڵام پێدەچـێ ناوەکە لە سەردەمی بەکاهێنانی زمانی ئەکەدیدا یان ( Bitum) بووبێـت یان ( Utaki) بووبێت و لەدوایدا بەیەکەوە لکابن.

وشەی (Uta) بۆ ناوی (بێتواتە) لەنامەکانی شمشارەدا هاتووە، کاتێ بــەهۆی داگیرکردنــی هەنــدێك لەناوچــەکان لەلایــەن ئاشــوورییەکانەوە پــەنابردنی ئاوارەکــان بــۆ (شوشــاررا)ی پایتــەختی فــەرمانڕەوایی

[١٧٠] ئوتو UTU بریتی یە لەناوی سۆمەری خوا شەمەش. نازناوی (ئین EN)ە، لەسەردەمە کۆنەکانی چەرخی بەرەبەیانی بنەماڵەکان و چەرخی شێوە نووسیندا ڕەوشتێکی دوو سەدەی هەبووە، لەهەمان کاتدا فەرمانڕەواش بووە، بەر لەوەی ئەم ئەرك و فەرمانانە لەچەرخەکانی دوایدا هەندێکیان لە هەندێکی دی جیا ببنەوە زۆربەی مەلیکەکان ناویان لە چەسپاندنی مەلیکەکاندا هاتووە، برگەی (ئین EN) یان لەبەردەمە، ئەمەش نازناوە نەك بەشێك لە ناوەکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەها باقر، مقدیمە فی تاریخ الحچارات القدیمە، اخر ، الاول ، بغداد ١٩٨٦، ص ٢٩٢– ( ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ گەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، ل ١١.

(کوواری)فـەرمانڕەوای بیتـوێن، پێدەچـێت بـەهۆی زۆری پەنابـەرەکان و شێواوی وڵاتەکە (کوواری) مەترسی ئەوەی هەبووە، هەندێك خـەڵك هـەبن لەناو ئەوانـەدا کێشـەی بـۆ دروسـت بکـەن، لـەوەش زیـاتر لـە دەسـەڵاتی (کوواری) یاخی ببن، ئەمەش لەو بارودۆخـەدا کێشـەیەکی وێرانکـەرە، بـۆ (شوشـاررا) و دەسـەڵاتەکەی (کـوواری)، بۆیـە (کـوواری) گەیاندۆتـە ئـەو باوەڕەی بە توندوتیژی مامەڵەیان لەگـەڵ بکـات، دواجـار لەبـەر نیگـەرانی گەنجـەکانی شـاری (ئوتـا= بێتواتـە) دەسـتیان بـە کـۆچ کـردووە، شـاری (شوشــاررا) جــێ دێڵــن، دوورنییــە ئەوانــەی دوای ڕووخــانی شانشــینی (توروککی) لـە (کینشـوم) هاتنـە (شوشـاررا)، ئـەوانیش (شوشـاررا) جـێ بێڵن، بۆیە (شەمشی ئەدەد) پاشای ئاشوورییەکان سەرزەنشتی (کوواری) فــەرمانڕەوای (شوشــاررا) دەکــات و پێــی دەڵێــت: **"تــۆ وات لێ کــردن (کینشـوم) جـێ بـێڵن"**، دیـارە هەنـدێك لـە گـەورەکانیان چـوونەتە لای (شەمشــی– ئــەدەد) نیگــەرانیان لــە ڕەفتــاری (کــوواری) دەربڕیــووە، هەرچـەندە نامەکـە لێـرە شـکاوە، بـەڵام ئاماژەکـانی دیـارن، (شەمشـی ئـەدەد) لـە نامـەی ژمـارە (SH 861)دا بـە نیگەرانیـەوە بـۆ (کـوواری) دەنووسێ:

**گەنجەکانی (؟) (شاری) ئوتا دەستیان پێ کرد و شاری شوشاررا جێ دێڵـن، پێکـەوە لەگـەڵ ڕۆڵـەکانی (شـاری) کینشـوم کـەتۆ وات لێ کـردن کینشوم جێ بێڵن، (؟) دەستیان پێ کردووە، ئێوە جێ بێڵن، ناپاك (و) یاخی (ئەوانەن) ! پێشتر کاتێ ئەمانە لە (شـاری) سـار(ریما) لـە وڵاتـی قەبرا دامەزران، گەورەکانیان هاتنە لام .....شکاوە"**[١٧١].

---

[١٧١] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

پـێش ئـەوەی هاوکێشـەی هێزەکـان بـەم جـۆرە بگۆڕێـت، هێشـتا (شوشاررا) بەشێکی شانشینی (توروککی) بوو، ترسیان لە فراوانخـوازی و نیازەکـانی (شەمشـی– ئـەدەد) لەبەرامبـەر شـاری (شوشـاررا) و وڵاتـی (ئوتوم) هەبوو، ئایا نیازی ئەوەی هەیە ئەمانـە بخاتەسـەر شانشـینەکەی خۆی یان نا، لە کاتێکدا شـاڵاوەکانی (گـوتی) بـۆ سـەر خـاکی (ئوتـوم) و دەوروپشـتی نەوەسـتا بـوو، نامـەی (SH 859+881) لەلایـەن سەرلەشکرێکی (شەمشی– ئەدەد) بـۆ (کـوواری) نووسـراوە، بەڕاشـکاوی ئاماژە بۆ ئەم بارە دەکات: U-ta[im] ڕووی خشتەکە لە سێیەم هێمـای ئەم وشەیەدا تێکچووە، بەڵام ئـەو دەوسـانەی مـاون لەگـەڵ هێڵـی گشـتی هێمای (IM) دەگونجێن، بۆیـە (U-ta[im]ki) وەکـو شـێوەی (مـوزاف ئیلەیهی) ناوی شارێك (Uta) لێکدراوەتەوە، ئەو شارەی دیارە لە نامـەی ماری (a-Lam ki U-ta) (ARM 4,20,10) و بۆی هەیە لـە ARM (4,38,17 ) باسـی کـراوە. یـەکێك لـەو تۆمارانـە بـۆ نیـوەی هـەزارەی دووەم دەگەڕێتەوە، چونکە پاشـگری(ki) بـۆ شـار یـان شـوێن لـە وڵاتـی سۆمەردا بەکار هاتووە[١٧٢].

ئەوەی ئەوە دەچەسپێنێ شـاری (Uta) نـاوی (بێتواتـە)ی ئێسـتایە ئەوەیە، یەکەم ناوی شاری (ساریما) لە دەقـەکانی (شمشـارە)دا هـاتووە، چونکە ناوی شارەکە لە نوسراوەکانی (بێتواتە)دا بە (سیموروم) هـاتووە، بـەم شـێوەیە خوێندراوەتـەوە (SARSI-MU-RI-IMKI)، پێمـان وایـە هـەردووکیان یـەك نـاوبن. لـە ئـەنجامی لێـدان و بـەراوردکردنی نامـەکانی (شمشـارە) و دەقـە نووسـراوەکانی سـەر بـەردەکانی (بێتواتـە) کـە

---

[١٧٢] کامـەران کوێخـا جـەلال، میـژووی کـۆنی کـەرکوك لـە ڕۆشـنایی دەقـەکانی نـزی دا، توێژینەوەیـەکی مێـوویی، سیاسـی، ئـابووری یـە، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی خـانی، هەولێر،٢٠٠٨.، ل٧٠.

هــەردووكیان بــە ئەكــەدی نووســراون، دەگەینــە كورتــە ئــەنجامێكی ناتەواو[١٧٣]. لە ئەنجامی ئەو بەراوردكردنەی پێشوودا تاڕادەیـەك دەتـوانین بڵـێین (بێتواتــە)ی ئێســتا لەســەردەمی بــەكارهێنانی زمــانی ئەكەدیــدا (Utaki) بــووە، دواتــر لەلایــەن ئارامیەكانــەوە پێشــنیاریان كــرد نــاوی (Bit)ی خرابێتەسەر، هەروەك زۆربەی میرنشینە ئارامیەكان، بـەم وشـەیە و وشەی دیكە دەست پێ دەكەن، ئـەوەش لەگـەڵ هـاتنی ئارامیـەكان بـۆ ناوچەكە و نێوان دوو ڕووبار و وڵاتی شام لە نێوان سـەدەی دوازدەی بـەر لە زایین بڵاو بـووەوە[١٧٤] .بـەخێرایی دەسـتی بەگەشـەكردن كـرد، چـونكە زمانی عیسای مەسیح و ئاین بـوو، لێـرەدا هـیچ گومـان نـامێنێ (بێتواتـە) نــاوێكی ئارامیــە، تائێســتاش بەشــێوەی (بیــت واتــە — بێتواتــە) بـەكاردەهێنرێ، بـێ گومـان وشـەیەكی ئارامیـە بـۆ سـەرەتاكانی چـەرخی مەسیحی دەگەڕێتەوە، كاتێـك ئـاینی مەسـیحی لەناوچـەكانی كوردسـتانی باشووردا بڵاوبووەوە[١٧٥]. بەم پێیە دەتوانین ناوی (بێتواتە) بـەم شـێوەیە بخەینەبەرچاو (Bi+tuatta) كتومت شێوەی ناوی (بێتواتە) دەدەبڕێ و بەمانای (ماڵی خوای دایك)ی فینیقی دێت، نموونەی ئەمەش چەندان ناوی تری ئارامیەكە( Bit) یان لەبەردەمە بەمانای ماڵ دێـن، هەمیشـە نـاوێكی پێشووی لەدوادا دەهات وەكو: بێتواتە، بیتوێن...هتد[١٧٦].

---

[١٧٣] ئاسۆس محەمەد مـەلا قـادر، بێتواتـە، گۆڤـاری شـانەدەر، ژمـارە ١٤ گـەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، ل ١١.

[١٧٤] طة باقر، مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة،بغداد ط١٩٧٣،٣،ص ٧٢–٧٤.

[١٧٥] د.جمال رشید احمد، دراسات كوردیە فی بلاد سوبارتو بغداد، ١٩٨٤، ص١٨.

[١٧٦] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢–١١.

## شوێنەوارەکانی بێتواتە

لەبەری ڕۆژهەڵاتی (بیتواتە)دا شوێنێك هەیە، پێیدەڵێن: (شینمار)، وەك باس دەکەن شوێن گۆڕی پادشایەکی یۆنانییە، لاشە مۆمیاکراوەکەشی بەگووتەی خەڵك لە ساڵی (١٩٩٨) لەدەرەوە فرۆشراوە، لە باکووری ڕۆژئاواشدا شوێنێك هەیە پێی دەڵێن (نۆزان)، لەباشووریشدا گردێك بەناوی گردی (دوو سوێسکی) هەیە، هەروەها قەڵای (بێتواتە) دەکەوێتە خوارووی (بێتواتە) و سەرووی (دواوە) بەرزاییەکەی لە بنچینەوە نزیکەی (١٥– ٢٠ م) دەبێت[١٧٧]. ئەم کۆنە قەڵاتە لەسەر بەرزاییەکی سروشتی بنیات نراوە، دەکەوێتە باشووری گوندی (بێتواتە)، ئەوەی گرنگی ئەم قەڵایەی زیاتر کردووە ئەوەیە لەهەموو لایەکەوە هەڵدێرە و هیچ ڕێگایەکی بۆ ناچێ، جگە لەو ڕێگایەی دەکەوێتە بەشی باشووری قەڵاکە، ڕاستەخۆ بەڕووی (تەختی خورشیدی خاوەرزەمین)دا دەکرێتەوە، لەهەندێ شوێنی قەڵاکە تائێستا بەئاسانی پاشماوەی هەندێك دیوار بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لەبەشی باشووری خۆرهەڵاتیەوە، ئەم دیوارە لەبەرد و گەچ دروست کراوە، دەیان چاڵی بچوك بچوك لەپاڵ یەکتری هەڵکەندراون، لە ڕوویەکی تاڕادەیەك تەخت بەرچاو دەکەون، واپێدەچێ ئەم چاڵانە بۆ چراکان و ڕووناك کردنەوە لەشەودا بەکارهاتبن، یان ئەوەتا شوێنی بخور سوتاندن بوون، ئەوەی گرنگی قەڵاکە زیاتر دەکات ئەوەیە سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر

---

[١٧٧] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ گەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، ل ٨.

قەڵاکە[١٧٨]. لەژێر قەڵای (بێتواتە)دا ئەشکەوتێکی گەورە هەیە، پێیدەڵێن (بیر)[١٧٩].

ئەم ئەشکەوتە زۆر گەورە و فراوانە، لەکاتی گەمارۆدانی قەڵاکە لەوانەیە سوودیان لێ بینیوە، ئاوەکە بەشێوەی تنۆك تنۆك لەبەری ئەشکەوتەکە دەگاتە زەوی لە قەڵاکە دێتەخوارێ، لەژێریشیەوە حەوزێکی لەبەرد هەڵکەندراویان بۆ دروست کردووە، هەروەها لەبەشی باکووری خۆرهەڵاتی قەڵاکە لوتکەیەکی درێژ و باریك هەیە لەلایەن خەڵکەکەوە بە (لوتکەی قەنارە) ناسراوە، بەڵام لەبەشی باکووری قەڵاکە چاڵێکی گەورەی شێوە بازنەیی لە شاخەکە هەڵکەندراوە، لە هەموو بەشەکانی تری قەڵاکە بەرزترە، ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە سەر گوندی (بێتواتە)، ڕووبەرەکەی نزیکە (١م) بەرین و (١,٥م) قوڵە، زیاتر ئەم چاڵە لە کۆلاو (خەزان)ی ئاو دەچێت یان بۆ هەر مەبەستێکی تر لە کۆندا بەکار هاتووە، ئەوەی لە کۆندا گرنگی زۆری بەم قەڵایە داوە، باری سروشتی قایمکاری شوێنەکەی بەم قەڵایە بەخشیوە و لە هێرشی دوژمن پاراستوویەتی[١٨٠].

---

[١٧٨] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

[١٧٩] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

[١٨٠] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

## شوێنەواری قەڵاتی خورشیدی خاوەر لەگوندی بێتواتە

لەخوارووی قەڵای (خورشیدی خاوەر) پارچە بەردێکی تەخت هەیە، ڕەنگی شینی ئاسمانییە، لەشێوەی لاکێشە دایە ڕووبەرەکەی نزیکەی (٩٠٠) مەتر چوارگۆشەیە، جێگای کونکراوی داری خێوەتی لێ هەڵکەندراوە، هاوینان (خورشید) و وەزیرەکان خێوەتیان لەوێ هەڵداوە، ئێستاش ئەو قاڵدرمە بەردینانە ماون کە لەسەراو پەردەی (خورشید)ەوە هاتووە بۆ سەر تەختەکە و ماوەی (٢٠٠م) دەبێت. لەدوای قەڵاو تەختەکەدا چوار جێگای ئێشکچی لێیە، ئێستاش خەڵك بەو جێگایە دەڵێن: (باجگران)، لەخوارووی (بێتواتە) دۆڵێك هەیە بەناوی (دۆڵی خشتان) خشتی قوڕی بەئاگر لێ سوورکراوەتەوە. لەخوارووی تەختی (خورشیدی خاوەر) شوێنەواری ئاشێك هەیە بەئاشی (سەرشین) ناسراو بووە. لەگەڵ چەندان شوێنەواری دیکەی پاشماوەی کۆن پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە[١٨١].

## تەختی خورشیدی خاوەر

تەختی (خورشیدی خاوەر) یان (خاوەرزەمین) بریتییە لە تەختێکی لەبەرد داتاشراو، ڕووبەرەکەی لەکۆندا زۆر گەورەتر بووە لەچاو ئێستادا، چونکە لەلایەن خەڵکی تووشی تێکدان و هەڵکەندن بووە، بەڵام تائێستاش

---

[١٨١] عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری، چەند لاپەڕەیەکی ونبوو لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی – ٢٠٠٢، ل ٧١.

بەشێکی زۆری لیٚ ماوەتەوە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەشی باشووری قەڵاکە و دەرگای قەڵاکە بەڕووی تەختەکەدا دەکرێتەوە، بیٚ گومان ئەمەش گرنگی ئەم تەختە زیاتر دەردەخات، پیٚ دەچێت ئەم تەختە شوێنی ئاهەنگ گێڕان، یاخود قوربانی پێشکەش کردن بووبێت، یان ڕەنگە هەمان ئەو تەختەبیٚ (زابازونا) بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر شاری (کولوننوم) دا بۆ خواوەندی گەورەی شانشینەکەی دروست کردبیٚ کە لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پیٚ کردووە، ئەم تەختەش زۆر نزیکە لەو شوێنەی نووسراوەکانی تێدا دۆزراوەتەوە[١٨٢]. لەنزیك دەرگای باشووری قەڵاو لەناوەوە و لەپشت (تەختی خورشیدی خاوەر)ەوە، تەختەبەردێکی لەڕووی جیۆلۆجیەوە سەیرە، سەدان و بگرە بەهەزاران بەبەرد بوو(متحجر)ی زەریایی پێوەیە، کە بۆ کوتانی بخوور و شتی وا بوون، لە خەڵکی ناوچەکە بیستراوە کە شوێنی سوتاندنی بخوورن، ئەم قسەیە وادیارە پشتاوپشت هاتبیٚ، لەبەر ئەوە جێی باوەڕ پیٚ کردنە، دەبیٚ بخور لەم چاڵکانەدا سوتێندرابن، هەم لە کاتی هاتنی هەندێك میوانی گەورەدا بۆ پێشوازی لیٚ کردن و ڕێز لیٚ نان و هەم هەندێك بۆنەی دیکەی وەك ڕۆژانی جێژنیشدا[١٨٣].

---

[١٨٢] ئەردەڵان عوسمان حەسەن ، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[١٨٣] عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەویٚ لە شاخی سورێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.



**وێنەی ژمارە (٤١)، بەردی (تەختی خورشیدی خاوەر) سەرچاوە: مامۆستا عبدالرقیب یوسف.**

## بەردی سنجیان

ئەم بەردە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای قەڵاکە، هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەم بەردە بەشێك بووە لە قەڵاکە و لەوانەیە بەهۆی کارەساتێکی سروشتی لەقەڵاکە جیا بووبێتەوە، ئەمە ئەو بەردە گەورەیەیە، کە نووسراوەکانی بێتواتە و نەخشە و وێنە هەڵکەندراوەکانیش لەژێریدا دۆزراونەتەوە[١٨٤]. لەکاتی کارکردن و لێدانی (کونە تەیارە) بۆ خۆ حەشاردان لە ترسی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس لە

[١٨٤] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

کاتی شۆڕشی ئەیلول، کە بە شەو و بەڕۆژ بەسەر ئاسمـانی کوردسـتانەوە دەسوڕانەوە، ئەو تابلۆیە یان ئەو پەیکەرە بەپێی زانیارییەکانی مامۆسـتا عەبـدولڕەقیب یوسـف ئـەو پاشـایە (ئیـدی– سـین) پاشـای شانشـینی (سیموررروم) بووە، کە یـەکێك لـە گـەلانی چیانشـینەکان (الاقـوام الجبـال) بووە[185].



**وێنەی ژمارە (٤٢)، بەردی سنجیان ئەو بەردەی نووسینەکانی بێتواتەیان لا دۆزرایەوە، سەرچاوە: مامۆستا عبدالرقیب یوسف، ل٧٧**

[185] بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات– هەولێر، ٢٠١٧، ل ٢٤٦.

**بیرته** Birta

بیرته (Birta) پێکهاتووه له تەپۆلکەیەکی شێوه لاکێشەی سروشتی، دەکەوێتە باشووری تەختەکەوە، ئەم تەپۆلکە سروشتیە، لەهەموو لایەکەوە سەخت و دژوارە، هیچ ڕێگایەکی پێناگات، تەنیا لەبەشی باشووری نەبێت، ئەوەی شایانی باسە ئەم تەپۆلکەیە هیچ پاشماوەیەکی شوێنەواری تێدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام ئەوەی بایەخی نووسینی هەیە ناوەکەیەتی (بیرتە Birta) ڕەنگە ئەم وشەیە ناوێکی کۆنە و لەزمانی ئەکەدی کۆن داهاتووە، ناوهێنانی بەمەبەستی ئەوەیە لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ[186]. له خوارووی ڕۆژهەڵاتی قەڵادا (٨) ئەشکەوتی قەبارە جیا بەرچاو دەکەوێت، ڕووبەری زۆربەیان (١,٥) مەتر دەبێت، یەکێك لەو ئەشکەوتانە لەساڵی (١٩٩٨)دا لەلایەن چەند کەسێکی ناشارەزا هەڵکۆڵدرا، ژمارەیەك ئێسقانی مرۆڤ و کەلوپەلی وەك دەرزی و گۆزە و دیزە و پەرداخی سورکراوەی لەقوڕ دروست کراویان لێ دۆزییەوە، هەرچەندە مێژووی ئەم کەلوپەلانە نازانسدرێ، چونکە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام پێدەچوو مێژوویەکی کۆنیان هەبێت. لەهەمان شوێندا ئەشکەوتێك هەیە، بەناوی (بیر) ڕووبەرەکەی (٤٠× ٥٠م) دەبێت، له ژووری ئەشکەوتەکەدا کانیاوێك هەیە درێژی (٣م) و پانی (٢م)ە. لەلای ڕۆژهەڵاتی قەڵادا شوێنەواری دیوارێك هەیە بەبەرد دروست کراوە، بەرزی ئەم دیوارە لەبناغەکەیەوە دەگاتە (٢١٠) مەتر، دیوارەکە لە (١٥) ڕیز پێك دێت، ماددەی دروست کردنەکەی قسڵ و گەچە، بەهۆی کۆنی دیوارەکە

[186] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواته لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١،سەرچاوەی پێشوو. ل ١٢.

کارلێک لەنێوان بەردەکان و مادە پێ دروست کراوەکاندا ڕووی داوە، لەدەرگای باشووری قەڵادا سەکۆیەك هەیە نازاندرێ بۆچی دروست کراوە، سەرەڕای ئەوەی بەشێکی ئەم سەکۆیە شکێندراوە، بەرزیەکەی دەگاتە (٥٣) سم و تیرەکەی دەگاتە (٩٠)سم، شوێنەواری دەرگای قەڵا مەبەست لە ڕووبەرەکەی کاتی خۆی دەرگاکەی تێدا بووە، درێژیەکەی دەگاتە (٢٢× ٣٠سم) ئەو سەکۆیەش باسی کرا لەلای دەرگاکەیە بەگومانی زۆرەوە دەتوانین بڵێین بەڕاگری دەرگای قەڵاکە دادەنرێت[١٨٧]. ئەگەر بەوردی سەیری ئەو سەکۆیە بکەین دەبینین بەهۆی کۆنیەوە تووشی داخوران و کون کون بووە، لەپشت ئەو دەرگایە کۆمەڵێك چاڵی قەبارە جیاواز دەبینرێ ژمارەیان ١٧ دانەیە، تیرەی زۆریان (٢٠– ٣٠سم)ە، ناتوانین بڕیاری تەواو لەسەر ئەوە بدەین ئایا ئەو چاڵانە بۆچی دروست کراون. لەدەوروبەری کورسی (خاوەرزەمین)دا سەکۆیەکی تر دەبیندرێ، لە شێوەی لاکێشەدایە بەرزیەکەی (٥٨سم)، درێژیەکەی (٨٧ سم)، پانیەکەی (٤٠ سم)ە. لەبەشی خوارووی قەڵادا شوێنی دوو کورسی هەیە، بۆ دانیشتنی (خورشیدی خاوەر زەمین) بەکارهاتوون، ئەمەش گووتەیەکی پشتا و پشت هاتووی ناو خەڵکی ناوچەکەیە، یەکێك لەم کورسیانە ڕووی لە خۆرئاوای قەڵادایە ڕەنگی بەردەکە لە ناوەوەدا زەردە، لە دەرەوەشدا بەهۆی باران بارینی زۆر و کاریگەری شێ لەسەری ڕەنگەکەی بۆر بووە، درێژی شوێنی دانیشتنی ئەم کورسی یە دەگاتە (٦٥ سم) و پانی دەگاتە (٦٠ سم) بەرزیەکەشی یەکسانە بەهەمان

---

[١٨٧] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

پێوانـەی پـانی، شـوێنی پشـت پێـوەدانی کورسـیەکە دەگاتـە (٨٠ سـم) شەرفەیەك دەکەوێتە بەردەمیەوە نزیکەی (٣٠ سم) بەرزە، کورسیەکە لـە شێوە لاکێشـەدایە، درێژیەکـەی بەگشـتی (٢٠٠ سـم)ە، لـە خـوارووی ئـەم کورسیەدا کورسیەکی تر هەیە، شـکێندراوە ڕووی لـە باشـووری قەڵادایـە، هەمان پێوانەی کورسیەکەی تری هەیە[١٨٨].

پێکهاتەی بەردەکانی قەڵای (بێتواتە) بەتایبەت ئەو شوێنەی پێیدەڵێن (تەختە= تەختی خورشیدی خاوەر) سەدان بگـرە هـەزاران بەبـەرد بـووی زەریایی پێوەیە بەردەکان چاڵی قوڵن هەندێکیان دەگاتە (١٠–١٥ سـم) وا دەردەکەوێ بچوکەکان بۆ هاڕینی (بخور) بەکارهێنرابن، هەروەها سندۆڵی قەڵای (بێتواتە) دەبینرێ، دەکەونە نزیك دەرگای قەڵا و ناو قـەڵا و پشـت (تەختی خورشیدی خاوەر) لەبـەر ئـەوە دەبـێ بڵـێین ئەمانـە بـۆ کوتـانی بخـــور بـــەکارهاتوون، لەچـــەند کەســـێکی بەساڵداچـــووی (بێتواتـــە) بیستراون[١٨٩]، ئەم چاڵانە شوێنی سـوتاندنی بخـورن، سـوتاندنی بخـور بـۆ کاتی هاتنی هەندێ میوانی تایبـەت بـۆ پێشـوازی و ڕێـز لێنـان، لەلایـەکی تریش بۆ هەندێ بۆنەی تایبەت و ڕۆژانی جـەژن بـەکار هـاتووە، هـەروەها دەڵێ لەپشـت کورسـی (خورشـیدی خـاوەر)دا پـەرسـتگایەکی زەردەشـتی سەر بەتاڵ هەیە[١٩٠].

---

[١٨٨] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

[١٨٩] عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورین، هەولێر، ١٩٩٥، ل ٣٥.

[١٩٠] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠.

## شوێنەواری گوندی نێوە

گونـــدی (نێــوە) لـــەخوارووی (بێتواتـــە) هەڵکـــەوتووە، لەتەنیشـــت گوندەکە، گردێك هەیە بەناوی گردی (میرچاڵان)، لەدەوروبەری ئەم گـردە بەدەیان دیواری کۆن و بناغە و کونی دەستکرد هەیە، زۆر شـتی کـۆنی لێ دۆزراوەتەوە، وەکو گۆزە، شمشێر، خشڵی ژنان و پـارەی کـۆن، لەسـاڵی (١٩٥٠)ی زاینی (عەلی مامەحەم) خـەڵکی گونـدی (نێـوە) لەسـەر گردەکـە بەردێکی چوارگۆشەی دۆزییەوە، ڕەنگی بەردەکە سووری ئاڵ بوو، وێنەی گەنجێکی سەر ڕووتی لەسەر دروست کرابوو، لەلای قاچی گەنجەکە وێنەی مارێکی لەسەر بوو، (عەبدولسـەلام حەیـدەری)، نووسـەری کتێبـی (چـەند لاپەڕەیـەکی ونبـوو لـە مێـژووی گـەلی کـورد) دەڵێـت: "خـۆی بەردەکـەی بردووەتە لای شوێنەوارناسێك لەهەولێر، وتی: ئەم گەنجە سەرکردەی ئەم هەرێمـە بـووە، مارەکـەش نیشـانەی هێـزە، بەردەکـەم دایـەوە دەسـتی خاوەنەکەی، پیاوێکی دانیشتوی (ڕەواندز) بەڕەگەز تـورك بـەناوی (عـەلی ئۆغلـو) ئـەو بـەردەی لەخاوەنەکـەی کڕیبـوو، بەدەفتـەرێك (سـیغارەی بافرە)". هەروەها (عەلی محەمەد) خەڵکی هەمان گوند هەنـدێ پـارەی لـە گردەکە دۆزییەوە، هەردوو ڕووی دراوەکە ئایەتی قورئانی لێ نووسرا بـوو، (عەبدولســەلام حەیــدەری) دەڵێــت: "خــۆم پارەکــەم دیــت ســکەی (عەبدولمەلیك کوڕی مەروان)ی پاشای دەوڵەتی ئەمـەوی بـوو. لـە گونـدی (هەرمك) لەڕۆژئاوای (بێتواتە) شوێنەواری زۆری تێدایە، لەپشتی گوندەکە لەقەدپاڵی کێوێك بناغەی قەڵایەك هەیـە، ئـەم قەڵایـە چـل ژوور بەخشـتی سوورەوەکراو و بەردی داتاشراو کراوە، بەکونجی گڵێن لەکێوەکەوە ئـاوی بۆ هێنراوە، هەروەها لە گوندی (ئەندێك) لەبناری چیای (ماکۆك) بەدەیان

بناغـــەی کۆشـــك و خانوبـــەرە و دیـــواری لێیـــە، زۆر شـــتی کـــۆنی لێ دۆزراوەتـەوە، وەکـو شمشـێر، سـەرەتیر، مـۆر و پێداویسـتی کشـتوکاڵ کردن. لەگەڵ چەندان شوێنەواری تر لەم سنوورە بەرچاو دەکەون"[١٩١].

## هەندی پاشماوەی شوێنەواری دۆزراوەی گوندی بێتواتە

(عەبدولسەلام حەیـدەری) ئامـاژەی بەهەنـدێ پاشمـاوەی شـوێنەواری کردووە، ئێمە تەنیا وەك ئاماژەیەك تۆماریـان دەکـەین، بـەهیوای ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لـە مێـژوو و کـات و ڕووداوەکـان بکرێـت، لەسـاڵی (١٩١٦)ی زاینی بەرامبەر قـەڵای خورشـید (مـام عەبـدوڵڵای تەڵـەوان) لـەبن بـەردێك جێگای تەڵەکەی خۆش دەکـات، بـەردێك دەدۆزێتـەوە لەشـێوەی هێلکـە، هــەردوو ســەری کـون کرابـوون، نووسـینێکی زۆر وردی بەخـەتی بزمـاری لەسەر نووسرابوو، پیاوێك بـەناوی (مـیرزا شـەلە) خـەڵکی سلێمانی بـوو، بەیەك ڕۆپیە بەردەکەی لێ کڕیبوو.

لەسـاڵی (١٩٢٨)ی زاینـی (خاڵـە خێلـە) خـەڵکی گونـدی (بێتواتـە) لـە خوار قەڵای (خورشید) پەیکەرێکی لەبەرد دروستکراوی دۆزییەوە، هەندێ نووسینی لەسەر بـوو، پێدەچـوو پەیکـەری ڕاسـتەقینەی زەردەشـت بـێ. هەروەها (شێخ ئەحمەد تەها) لەقەڵای (خورشـید) پەیکـەرێکی دۆزیـەوە، پەیکەری (گوێرەکە) یەك بوو، دوو کەسی ڕووت سواری پشتی گوێرەکەکە ببوون، یەکێکیان پیاو و ئەوەی تریـان ژن بـوو، پیاوەکـە کتێبێکـی لـەبن هەنگڵ دابوو.

لەســاڵی (١٩٧١)ی زاینــی (تــەها ئەحمــەد تــەها) دانیشـتوی گونـدی (بێتواتــە) لــەخوارووی گونــدی (بێتواتــە) خــەریکی هەڵکەنــدنی نــاو

---

[١٩١] عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

ئەشـــکەوتێك بـــوو بـــۆ خۆپاراســـتنی خـــۆی و منداڵـــەکانی لـــە بۆمبـــارانی فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق، لـەکاتی هەڵکەنـدنی ئەشـکەوتەکە بـەردێکی شێوە لاکێشەیی دۆزیەوە، بەجۆرە مادەیەکی سپی وەکو چیمەنتۆ سـواغ کرابوو، نزیکەی نیو مەتر درێژ بوو، لەسەرەوەی بەردەکە بەخەتی بزماری پان نووسرابوو، لەخوار نووسینەکە وێنەی کچێکی خودە لەسـەر، سـواری ئەسپێك بوو، دروست کرابـوو، سـەربازێکی دیـل کـراو لەسـەر پشـت درێـژ کرابوو، سەربازێکی تر قاچی ڕاسـتی لەسـەر پشـتی سـەربازە ڕاکشـاوەکە دانا بوو، شمشێری بەدەسـتەوە بـوو، پێدەچـوو چـاوەڕێی فـەرمانی کچـە سوارەکە بکات. ئەم بەردە بەقاچاغ گەیشتە ئیسرائیل.

لە ساڵی (١٩٧٨)ی زاینی کاربەدەستانی (ئەنوەربەگ) کە یـەکێك بـوو دەسـەڵاتدارانی سـنوورەکە، لەهـەمان جێگـا بـەردێکی شـێوە بازنـەییان دۆزییەوە، دەوری بەردەکە بەنووسینی بزماری نووسرابوو، ئـەم بـەردەش درا بە (عـزت ئیـبراهیم) جێگـری سـەدام حسـین سـەرۆك کۆمـاری عـێراق. هەروەها لەناو (بێتواتە) و دەوروبەری بەسەدان گـۆزە و کوپـەی گـەورە و شـــتی تـــر دۆزراونەتـــەوە، بـــەڵام بەداخـــەوە لەبـــەر نـــەزانی و بێبـــاکی و بەرژەوەندی تایبەتی ئەم سامانە بەنرخەی گەلەکەمان شکێنراوە و دزراوە و ون کراوە و بۆ وڵاتـانی تـر بـراون[١٩٢]. بـەهیوای ئـەوەی ڕۆژێـك لـە ڕۆژان کورد بتوانێت هەموو ئـەو پاشمـاوە شـوێنەوارییانەی لـەم وڵاتـە براونەتـە دەرەوە بەشێوەیەکی یاسایی داوایـان بکاتـەوە، بیانگەڕێنێتـەوە شـوێنی شیاوی خۆی کە مۆزەخانەی پاشماوەی شوێنەواری کوردستانە.

[١٩٢] عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤-٨٥.

## نووسراو و نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە

نووسـراو و نەخشـە هەڵکەنـدراوەکانی (بێتواتـە)، دەکـرێن بـەدوو بەشەوە، بەشی یەکـەم لـە ڕێگـای ڕێکەوتـەوە لەلایـەن چـەند کەسێکەوە دۆزراونەتـەوە، ئـەم نووسـراوانە لەسـێ پارچـە بـەردی لاکێشـەیی هەڵکەنـدراون، شـێوەکەیان لەیـەك دەچـێ، ئـەم بـەردە نووسـراوانە لـە (بێتواتە) لەژێر (بەردی سنجیان) دۆزراونەتەوە[١٩٣]. ئەو نەخشە بەردانـەی لە ژێر (بـەردی سـنجیان Bardi Sanjian)ی نزیـك (بێتواتـە) بەدەسـت هێنـراون، گەیەنراوەنەتـە سـلێمانی و پاشـان لـە ڕێگـای مۆزەخانـەی سلێمانیەوە کەوتۆتـە دەسـتی مۆزەخانـەی عێراقـی، لـە مـانگی نیسـانی (١٩٧٧) مۆزەخانەی عێراقی چوار پارچە بەردی دەست کەوت، یەکێك لـە پارچەکان ساغ بوو، پارچەکانی تر شکا بوون، هەموو بەردەکان لـە ڕووی شێوە و سروشـت وەکـو یـەك بـوون، نووسـین و هەڵکۆڵراوەکانیشـیان زۆر لەیەکدی دەچوون و هاوڕێك بوون. هەموو بەردەکان لەشێوەدا لاکێشـەین، هـەموو لاکانیـان ڕێـك و سـاف کـراوە، تـەنیا یـەکێك لەلایـە گەورەکـەی لاکێشەکە نەبێت سـاف نـەکراوە، هـەڵکۆڵراوەکان لەسـەر یـەکێك لـە لایـە درێژەکانی لاکێشەکەن. ئەو بەردانـە لـەو شـوێنەی تێیـدا دروسـت کـراوە، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو براونەتەوە و گوێزراونەتەوە بۆ شوێنێکی

---

[١٩٣] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١/، ل ١٣.

تــــر[١٩٤].یــــەكێك لەبــــەردەكان تێكســــتی ( A= IM.81364 ) لەســــەر هــەڵكۆڵراوە، تاكــە بــەردە هێشــتا پاشمــاوەی هەنــدێ لــەو مــادەی لێ ی دروست كراوە، بەسەر لایــە ڕێك نەكراوەكەیــەوە مــاوە، شــیكاری تاقیگــە ئەوەی نیشانداوە ئەو مادەیەی ئەو بەردەی تێدا دانراوە پێك هاتووە، لــە ئــایۆنی كالســیۆم ($Ca^{2+}$) و ئــایۆنی كابۆنــات ($CO_3^{2-}$) كەواتــە ئــەو ماددەیەی بەدوایدا دەگەڕێن، بریتییە لە كاربۆناتی كالیسیۆم ($CaCO_3$). ئەو بەردانە هــەروەك ئــەوەی لــەڕووی شــێوە و كەرەســتەوە لێــك دەچــن، لەڕووی وشەكاری تێكستەكانیشەوە لێك دەچن، تەنیا چەند گۆڕانكاریەكی كەم نــەبێت، زمــانی تێكســتەكە ئەكــەدی یــە. وەســفی ئــەو تێكســتانە لــە مۆزەخانــەی عیراقیــدا بــەم شــێوەیە: (A= IM.81364) و ( B= IM. 81365) و (C=1M. 81366) و(81367)[١٩٥]

گرنگی ئەم سێ بەردە لەوەدایە هەرسێكیان چــەندین دێــری نووســینی مێخیــان لەســەرە، نــاوەرۆكی ئــەم ســێ دەقــە بــەزمانی ئەكــەدی نووسراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەیەك دەچن، بــەڵام هەنــدێك جیــاوازی زۆر كەم لە نێوانیاندا هەیە، بەپێی ڕێنووسی تێكستەكان وا مەزەندە دەكرێ، مێژووەكەیان بگەڕێتەوە بۆ كۆتایی هەزارەی سێیەمی بەرلە زایــن، یــەكێك

[١٩٤] كتۆر عەبدول هادی فوئادی، نوسراو و نەخشە هەڵكۆڵراوەكانی بێتواتە، وەرگێڕانی، ژیان ئەحمەد عارف، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٤، ساڵی چوارەم ، كانوونی یەكەم ٢٠٠٠، سلێمانی، ل ٨٥.

[١٩٥] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: كتۆر عەبدول هادی فوئادی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارەی ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨


لـەم تێکسـتانە لەلایـەن (د.عەبـدول هـادی فوئـادی) خوێندراوەتـەوە و ماناکەشی بۆ لێکداوەتەوە، بەڵام بە پێویستی نەزانیوە دوو دەقەکـەی تـر شی بکاتەوە، چونکە هەمان دەقیـان پێکهێنـاوە، کـە لـە دەقـی یەکەمـدا هەبوون لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی کەم[196].

بەشی دووەم لە خشتەکانی (بێتواتە)، دەکرێن بە سێ نووسین، واتە دوو نەخشە و هەڵکەندراوێك. لە سـاڵی (١٩٦٤) بەڕێگایـەکی نایاسـایی لـە کوردستانەوە بردرانە ئەوروپا و لەوێشـەوە گوازراونەتـەوە بـۆ فەلەسـتین، ئێسـتا کەوتوونەتـە بەردەسـتی مۆزەخانـەی زانکـۆی (عیـبری) لـە (ئۆرشـەلیم– قـودس)[197]. لـە دەقـی نووسـینەکەی (بێتواتـە)دا، وەك: لەبەشـی دووەمـدا ئاماژەمـان پێـدا، باسـی هێرشـێك دەکـات، بـۆ سـەر شارێك، بەناوی (کولونوم KU-LU-NU-UM$^{ki}$)، ئەم شارە کەوتۆتە نزیکی (بێتواتە)وە، بۆچوونی (فرەین) شاری (کولونوم)ی کۆنی بەگونـدی (گـوڵان)ی ئێسـتا لەقەڵـەم داوە، ئـەم گونـدە دەکەوێتـە دۆڵـی (شـاور) لـەباکووری گونـدی (بێتواتـە) و بـاکووری ڕۆئـاوای ڕانیـە هەڵکـەوتووە، دووبارە ئەوەمان بیردێنێتەوە شاری (کولونوم) لەگەڵ گوندی (بێتواتـە)دا یەکانگیر دەبێت. ناوەڕۆکی ئەم تێکستانە باس لەهێرشـی پادشـای وڵاتـی (سـیمووروم) دەکـات، بەسەرپەشـتی (زابازونـا)ی کـوڕی پادشـا (ئیـددی سین) ی پادشای وڵاتی (سیمووروم)

---

[196] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/٢،سەرچاوەی پێشوو. ل ١٠.

[197] دکتۆر عەبدول هادی فوئادی، ، نوسراو و نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی بێتواتە، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.



وێنەی ژمارە (٤٣)، نووسینەکانی بێتواتە A و B و C لەگەڵ دوو پارچەی C سەرچاوە: مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد.ل ٢١٢.

بۆ سەر شاری (کولوننوم)[198]. دەشێت پێشنیاری ئەوە بکەین پاش ئەوەی (ئیددین– سین) شاری (کولونوم) دەخانە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، (زابازونا)ی کوڕی دەکاتە فەرمانڕەوای (کولونوم) و نوێنەری پادشا تیایدا، –بابەتی نوسینەکەی (ئورشەلیم– کولوننوم) لە دژی (سیموررووم) ڕادەپەڕێت و ڕاپەڕینەکەی لەلایەن (زابازونا) خۆیەوە تێك دەشکێنرێت، بەڵام هەر بەناوی باوکیەوە یادی ئەم کارەیان لە نووسینەکانی (بێتواتە) پارێزراوە[199].

تێکستی یەکەم: ئەم تێکستە لەلایەن (د. عەبدول هادی فوئادی) خوێندرایەوە و شیکردنەوەشی بۆ ئەنجامدراوە کە (٦٦) دێر لە خۆدەگرێت، زۆر بەباشی ماوەتەوە و تووشی هیچ جۆرە شکانێك نەهاتووە، ڕووبەری ئەم بەردەش (٩٠×٥٤×١٢سم)ە، ئەمەش دەقی خوێندنەوەی نووسراوەکە، و ماناکەیەتی: "(ئیدی سین) (خواوەند ئیدی سین: ئەم پادشایە خۆی بەخواوەند دەزانی) پاشای بەهێز پاشای وڵاتی (سیمورووم)، شاری (کولوننوم) بووە دوژمنی (زابازونا)ی کوڕی و دژی وەستاوەتەوە، (زابازونا)ش هێرشی سەربازی کردە سەر (کولوننوم) نیازی خواوەندەکانی (تششوپ) و (شاووشکا) و (نییشبا) گوێ بیست بوو، ئەویش شارەکەی بۆ ئەو خواوەندانە وێران کرد، عەرشەکەشی تەرخان کرد بۆ خانمەکەی، (خواوەند شاووشکا) و تێیدا دانا، هەرکەسێ ئەم نووسراوەم ڕەشکاتەوە یان تێکی بدات یان دژی ناوەکەی بێ، یان

[198] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ل١٠– ١١.

[199] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

ئەو کەسەی بۆ ئەو کارەی هان دەدات، ئەوا دەکەونە بەر نەفرەتی ئەم خواوەندانە (ئینلیل، نینخورساك، ئێنکی، سین، تیششوپ)ی بەرپرسی چەکەمەنی، (ئوتو)ی گەورەی دادپەروەری و (شاووشکا)ی خانمی جەنگ و (نینانسیاننا)، خواوەندەکان و خواوەندی گەورە (نیشبا) خراپە و نەفرەت لەکەسەکە و تۆوی دەکەن، ڕەچەڵەك و بناغەکەی وێران دەکەن، ژیانیش نابەخشن بەنەوەکانی، بارانیش لەکاتی دروێنەدا بەسەری دا دەبارێنن، سەرەڕای ئازاردانی سەربازەکانی"[٢٠٠].

(زابازونا) لەگەڵ دراوسێکەی کەوتە دوژمنایەتیەوە، کە ناوی (کولوننوم kulunnum) بوو، ناوی ئەم شارە تەنیا لە دەقە نووسراوەکانی (بێتواتە)دا هاتووە، تائێستا بەرچاومان کەوتووە، لە نزیکی (بێتواتە)یە و چیای (ماکۆك) لەنێوانیان دایە، هەڵمەتێکی سەربازی دژی (کولوننوم) ئەنجامدا، پێدەچێت خواوەندەکانی (ئەداد Adad )، (عەشتار Ishtar)، (نیشبا Nishba)، نیازەکانی شارەزا بوون بە (کولوننوم) بۆیە دەردەکەوێت، خواوەندەکانی قایل بوون بەوەی (زابازونا) بتوانێت ئەو شارە خاپوور بکات. بۆ پێزانین بەو خزمەتەی خواوەندەکان بۆیان کرد (زابازونا Zabazuna) شاری (کولوننوم kulunnum ki)ی تەرخان کرد بۆیان و مێزی بۆ (عەشتار Ishtar) و (ئەدادAdad ) داناوە، بەڵام (زابازونا Zabazuna)

[٢٠٠] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/٢،سەرچاوەی پێشوو. ل ١٥

تـەختی پادشـایەتی بـۆ خواوەنـد (نیشـبا Nishba) دانـا[٢٠١]. دواتـر لـەو تۆمارە مێژووییەدا بڕگەیەکی دوورودرێژ دێـت پڕیـەتی لـە نـەفرەت دژ بـەو کەسەی نەخشە هەڵکەندراوەکانی دەسڕێتەوە، یاخود کارە دەستیەکانی تێك دەدات، کارە نەفرەتیەکانیش لەلایەن خواوەنـدەکانی (ئـانو Anu، ئینلیـل Enlil ، نیخورسـاگ Ninkhursag، ئینکـی Enki، سـوێن Suen، ئـەداد Adad، شـەمەش Shamash ، عەشـتار Ishtar، ئینانسیاننا Ninansianna و نیشبا Nishba) دێن، نەفرەتەکە تەنیا بـەو کەسـە کۆتـایی نایـەت، بـەڵکو دەگوێزرێتـەوە بـۆ نـەوە و میراتگرەکانی[٢٠٢].

بابەتی نووسـینەکان بـۆ پاراسـتنی یـادی سـەرکەوتنی (سـیموررووم)ە، بەسەر شاری (کولەننوم)ی یاخیدا، نووسینەکە بەڕاشکاوی دەڵێت: گوایـە (کولوننوم) دەسـت پێشـکەر بـووە، لـە دوژمنایـەتی کردنـی (سـیموررووم) شەڕی هەڵگیرساندووە. ئەمەش مانای وایە دوای داگیرکردنـی (کولوننـوم) لەلایەن (ئیددین– سین) پاشای (سـیموررووم)، شـاری (کولوننـوم) هـەوڵی خـۆ ڕزگـارکردنی داوە، (ۆوکـەر) نووسـینەکەی (بێتواتـە) بەیەکـەمین نووسـینێکی تائێسـتا زانـراو لەقەڵـەم دەدات، باوکێـك بـۆ یـادەوەری دەستکەوتەکانی کوڕەکەی تەرخان کرد بێـت، ئەگـەر وەرگێڕانەکـەی ئـەو واتایە بێت نووسەرەکەی ویستوویەتی بیدات، یـان بەشـێوەیەکی سـادەتر وەری بگرین: (ئیددین– سین) خۆی هێشـتا پاشـا بـووە نوێنەرەکـەی کـە

[٢٠١] کتۆر عەبدول هادی فوئادی، نوسراو و نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی بێتواتە، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

[٢٠٢] کتۆر عەبدول هادی فوئادی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

کوڕەکەیەتی، بەناوی پادشای باوکیەوە کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام داوە، سەرکەوتنەکەی لەلایەن پادشای کارا خۆیەوە پێشکەش بە خواوەندەکان کراوە، بەڵام دەبوایە ناوی (زابازونا)ش لە نووسینەکەدا بهێنرێت، بەپێی ئەوەی (زابازونا) فەرمانڕەوای ئەو شوێنە بووە، ئاژاوە و یاخیگەریەکە لێی بەرپا بووە، هیچ نەبێت بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەیی. نووسینەکە ناوی خواوەندان (ئەدەد، ئیشتار، نیشبا)ی هێناوە فەڕیان بەپادشا بەخشیوەو لەشەڕی دژی (کولوننوم) یارمەتیان داوە، بۆیە وەك سوپاس و پێزانین خوانی بۆ (ئەدەد) و (ئیشتار) ڕازاندۆتەوە و تەختێکی بۆ (نیشبا) هەڵبەستووە[٢٠٣].

باوەڕ وایە ئەم نووسینانەی لەسەر بەرد هەڵکەندراون، لەدیوارەکانی بینایەك گیرابن، کە تایبەتن بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابێت، لەوانەیە پەرستگا بووبێت و لەوانەشە بینایەکی یادگارانە بووبێت، ئەم باوەڕەش لەوەوە هاتووە پاشماوەی کەرەستەی بیناکە لەم حاڵەتەدا کاربۆناتی کالسیۆم (CaCo)ە، لەسەر قەراغی ڕوونووسی لەلایەن (الفؤادی)یەوە تێبینی کراوە، لێرەدا دەشێت ئاماژەیەك بۆ هەندێك لە شوێنەوارەکانی ناوچەی (بێتواتە)، لەوانەیە پەیوەندیەکیان بەم نووسینانە و ناواخنەکانیانەوە هەبێت، لەو شوێنەی پێی دەوترێت (بەردی سەنجیان)[٢٠٤].

ئەم بەردانە نووسینەکانیان تەنیا لەڕوویەکدا هەڵکەندراوە، نووسینەکان بەزمانی ئەکەدی نووسراون، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ

---

[٢٠٣] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.

[٢٠٤] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

سەردەمی (ئیددی– سین)ی پاشای (سیموروم)[205]، ئەم تێکستە لەڕووی مێژووییەوە گرنگی زۆری هەیە، چونکە بۆ یەکەم جارە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشێك لە پادشاکانی (سیموروم). ئەم شارە چەند جارێك لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی پادشاکانی (بنەماڵەی سێیەمی ئور) ناوی هاتووە و ئامانجێك بووە بۆ شەڕەکان بەتایبەت لەسەردەمی (شولگی) دا[206].

ئەو ناوانەی لەو نووسراوانەدا ناویان هاتووە:

١– (ئیدی– سین= Edi- sin): هەرچەند مێژووی ڕاستەقینەی (ئیدی– سین) دیاری نەکراوە، بەڵام لەوانەیە بۆ سەردەمی (بنەماڵەی سێیەمی ئور) بگەڕێتەوە، بەڕوونی دیارە ئەم پادشایە کاریگەری (بنەماڵەی سێیەمی ئور)ی لەسەر بووە، چونکە دەتوانین هێمای خوایەتی شانبەشانی ناوەکانیان ببینین (eg. Edi- sin)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات لاسایی (بنەماڵەی سێیەمی ئور)یان کردۆتەوە، بۆ یەکەم جار ناوی ئەم پادشایە بۆ چەند جارێك لە نووسراوەکانی سێیەمی ئوردا دووبارە کراونەتەوە، بەتایبەت داگیرکاریەکانی (شولگی– ٢٠٥١ پ.ز). هەروەها لەچەند سەرچاوەیەکی تردا خوایەتی ئەمانە جەختی لەسەر کراوەتەوە، (ئیدی– سین) هەڵساوە بەدانانی هێمای خوایەتی لەبەردەم ناوەکانیان و خۆی بە پادشا باس کردووە[207]، (ئیدی– سین) پادشای

---

[205] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

[206] کتۆر عەبدول هادی فوئادی، نوسراو و نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی بێتواتە، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٤، سەرچاەی پێشوو، ل ٨٨.

[207] د. جمال رشید، فوزی رشید، تاریخ کورد قدیم، اربیل ١٩٩٠ ل ٦٩.

(سـيموروم) يـەكێك بـووە، لەوانـەی نیشـانەی خوایـەتی لەبـەردەم بـووە، بڕگەکەشی بەمانای بەرزی هاتووە[٢٠٨].

٢- (زابازونا= dzaba-zu-na): نووسراوەکان دەڵێن (ئیدی- سین) کوڕێکی هەبووە، ناوی (dzaba-zu-na) بووە، لە دەقەکەدا وەك پاشا بـاس نـەکراوە، بـەڵام ئـەویش وەك بـاوکی هێمـای خوایـەتی لەبـەردەم ناوەکـەی بـووە، ( A،fouadi(sumer).p.p.12[٢٠٩] دەقەکـە پێمـان دەڵێـت: (زابازونـا) بۆتـە دوژمنـی شـاری (کولوننـوم=kulunnum) و هێرشـی سـەربازی کردۆتەسـەر (کولوننـوم)، ئـەو خوایانـەی ئـەو دیـاری کردوون (ئادەد، ئیشتار، ئیشبان)، بەئامانجەکەیـەوە پەیوەست بـوون و مزگێنـی سـەرکەوتنیان پیشـانی ئـەودا، (زابازونـا) تـوانی شـارەکە کـاول بکات[٢١٠].

٣- (سـيموروم= Si-mu-ri-imki): هەرچـەندە لـەناو دەقـەکانی (بێتواتە)دا شوێنی جوگرافی ئـەم شـارە دیـاری نـەکراوە، بـەڵام چـەندین سەرچاوەی تـر شـوێنی ئـەم شـارەیان دیـاری کـردووە، نـاوی ئـەم شـارە چـەندین جـار لەلایـەن (بنەماڵـەی سـێیەمی ئـور) (٢١١٢- ٢٠٠٤ پ.ز) بەتایبـەت (شـولگی) دووبـارە کراوەتـەوە، ئـەم شـارە نـاوی لەگـەڵ مەڵبەنـدەکانی بـاکوور، وەك (ئوربیلـوم، ئـەربائیلو= هـەولێر) و

---

[٢٠٨] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ سەرچاوەی پێشوو، ل 16.

[٢٠٩] د.جمال رشيد، تاريخ كورد قديم، ص ٦٩.

[٢١٠] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١، سەرچاوەی پێشوو، ل 16.

(سـيموروم simurrum)، هـاتووه، هـەروەها (شـولگی) لـە بیسـت و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایدا لە شالاٌوە سەربازیە ساڵانەییەکەیدا بەسـەر زنجیرەیەکی درێژی دەشت و گردەکانی کوردستان سەرکەوت، شانۆی ئەم چـالاکیانە (ئۆپەراسـیۆن)انە هــەرێمێکی لاکێشــەیی بـوو، بەشـارەکانی (شاشروم= شمشـارە)، (ئوربیلـوم= هـەولێر)، (هارشـی) دیـاری دەکـران، مەڵبەندی ئەم هەرێمە لاکێشەییە (سیموروم) بوو، دەستی بەسـەرداگرت و کاولی کـرد، ئـەم هەرێمـە (خووری)یـەکانی تێـدا نیشـتەجێ بـوون. لەگـەڵ (لوللوبی)یەکان هاوپـەیمان بـوون، هۆکـاری هێرشـی دوژمنـەکان لەوانەیـە هەڕەشەیان لە دوو ڕێگای گەورەی بازرگانی کردبێت، یەکێکیان بەدرێژایی (دیالـە) بـەرەو (ئێـران) بـووە، ئـەوەی تریشـیان بـەرەو (ئـەرمینیا) و (ئــەنادۆڵ) ڕۆیــوە. لــە کۆتایــدا (شــولگی) ســەرکەوت و ئــەم بەشــەی کوردستانی خستە سەر ناوچەی سۆمەرییەکان (٢٠٥١ پ.ز)[٢١١].

٤- شاری (کولونوم= ku-lu-nu-um ki ): نـاوی ئـەم شـارە تـەنیا لەدەقــە نووســراوەکانی (بێتواتــە)دا هــاتووە، کــە دەکەوێتــە نزیــك (بێتواتــە)[٢١٢]. بـەلاٌم وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد دەربـارەی شـاری (کولونــوم KU-LU-NU-UMki)، بــە بۆچــوونی (فــرەین) شــاری (کولونوم)ی کۆنی بەگوندی (گـولاٌن)ی ئێسـتا لەقەڵـەم داوە، ئـەم گونـدە دەکەوێتە دۆڵی شاورێ لەباکوری گوندی (بێتواتە)[٢١٣].

[٢١١] ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ سەرچاوەی پێشوو، ل 17.

[٢١٢] ئاسۆس محەمەد مەلا قاد، بێتواتە، هەمان سەرچاوە، ل 17.

[٢١٣] ئەردەلاٌن عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

## نووسینەکەی ئورشەلیم

لە سالانی (١٩٦٠ز) پیاوێکی بێتواتە بەناوی (شێخ تەها) لە بێتواتە تاشە بەردێکی دۆزییەوە وێنەی پاشایەکی لێ هەڵکەندرابوو، تاشە بەردەکە وێنەی سەربازێکی لێ هەڵکەندرابوو، سەربازەکە بەپێوە ڕاوەستا بوو، کولاوێکی لەسەر بوو، گورزێکی لەدەست گرتبوو، سەربازێکی تری لەبەردەم کەوتبوو، پێیەکی لەسەر سنگی دانا بوو، وێنەی ژنێك لەسەر تاشە بەردەکە لە بەرامبەری هەڵکەندرابوو، لەتاشە بەردەکەدا چەند دێرێك نووسین هەڵکەندرابوو، لەو کاتەدا (ژنێکی ڕۆژنامەنووس) لەوانەیە فەڕەنسی بوو لەوێ بوو، سەردانی بارەگاکانی شۆڕی دەکرد، کاتێ چاوی بە نووسینی تاشەبەردەکە کەوت ، گوتی: ئەوە نووسینی مێخیە و من ناتوانم بیخوێنمەوە، مێردەکەم ئێستا لەفەڕەنسایە ئەگەر بینیبای دەیتوانی بیخوێنێتەوە، (تەها شێخ ئەحمەد) ئەو پەیکەرەی بە (سامی بەگی بێتواتە) فرۆشت و ئەویش بە چەکوچ کردیە چەند پارچەیەك، دواتر فرۆشتی.

مەلا کاکۆ گوتی لە سالانی (١٩٦٨ز) پیاوێکی بێتواتە بەناوی (شێخ تەهاشێخ ئەحمەد) لەبن بەردی (سنجیان) لە بێتواتە تاشە بەردێکی دۆزییەوە لەدیوێکی وێنەی کچێك کە سواری ئەسپێك بوو بوو، لەگەڵ ئەژیهایەك هەڵکەنرابوو، کچەکە لە سواری ئەسپەکە ڕمبێکی لەدەست گرتبوو،نوکی تیژی ڕمەکەی بەسەری ئەژدیهاکەدا کێشابوو، ئەو تاشە بەردە چەند ڕۆژێك بوو لەبەردەمی مزگەوتی کارەشان (خانزاد) دانرابوو، خەڵك بۆ جوانی دەهاتنە سوێی، ئەو تاشە بەردەیان لە جێب وەسەتێکی ڕەنگ فستەقی بارکرد، زۆر گەورە بوو لە ئۆتۆمبیلەکەدا جێگای نەبووەوە، بۆیە بە کوینێك شکاندیان و کردیانە دوو، سێ پارچە، ئینجا لە

ئۆتۆمبیلەکە باریان کرد، بەرەو سەروچاوە کەوتەڕێ، تاشە بەردەکە وەك بەردی سۆنە بوو[٢١٤].

ئەم هەڵکەندراوە لە دوو وێنە پێکهاتووە، ئەویش وێنەی پادشایەکە لەبەردەم خواوەندی ڕاوەستاوە، هەروەها پادشاکە پێیەکی لەسەر زگی (دیلێك) داناوە لەبەردەمی کەوتووە، لەسەر ڕووی ئەم هەڵکەندراوە نووسین لە دەوروبەری وێنەی پادشاکە و خواوەندەکە بەرچاودەکەوێت، ئەم هەڵکەندراوە لە ساڵی (١٩٦٤ز) بەشێوەیەکی نایاسایی گەیەنراوەتە ئەورووپا لەوێشەوە بۆ مۆزەخانەی زانکۆی (عیبری) لە (ئۆرشەلیم= قودس) لەو مۆزەخانەیە پارێزراوە[٢١٥]. ئێستا لە ئەنتیکەخانەی (ئیسرائیل) دایە لە شاری (ئورشەلیم– قودس)، سەرباری شکاوی و داخوراوی زۆری، بەڵام هێشتا گرنگی گەورەی لەدەست نەداوە، نووسینەکە نەخشێکی پادشایشی لەگەڵ دایە، پێی بەدوژمنە بەزیوەکەیدا ناوە و ڕووی لە خواوەند (ئیشتار)ە، نووسینە هەشت ستوونیەکە یادی سەرکەوتنی (سیمورروم)ی بەسەر (کولوننوم)دا پاراستووە، (کولوننوم) هەروەك لە نووسینەکە خۆیەوە دەردەکەوێت، لەژێر دەستی شانشینی (کاکموم)[٢١٦] دا بووە، ئەو دێرانەی لە نووسینەکە ماونەتەوە بە ناونیشانە شاهانەکانی

---

[٢١٤] بەختیار محەمەدئەمین، خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠١٧،ل ٢٤٦.

[٢١٥] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١،. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

[٢١٦] تکایە تێبینی ئەوە بکە ناوی کاکموم لەلایەن شافەر و ڤاسەرمانەوە بەهەڵە بە،نیموم Nimum، خوێندراوەتەوە. (کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢١٨.

پادشا دەست پێ دەکەن، پاشان سەربوردەی (کاکموم) و شارەکانی ژێر دەستی دەگێڕێتەوە کە (ئیددیـ(ـن)– سین) توانیویەتی لەتاکە یەك شەودا داگیریان بکات و وێرانیان بکات، (کاکموم) (کولوننوم)ی داوەتە دەست (سیمورروم)، لە نووسینەکەی (هەڵەدنی)شدا تێبینی دەکردێ: "ولاّتی ئوتو– وێ Utuwe ی لەدەستی کاکموم سەندەوە"[٢١٧]، ئەمجا کاکموم/ی وێران کرد" ئەمە مانای وایە (ئیددیـ(ـن)– سین) ناوچە و هەرێمە ژێر دەستەکانی (کاکموم)ی یەك لەدوای یەك لەژێر دەستی شانشینی (کاکموم) دەرهێنا و دەیخستەسەر شانشینەکەی خۆی، دیارە (کاکموم) زلهێزەکەی تری کوردستانی کۆنی ئەو سەردەمە بووە، چونکە هەر وەك دەبینین، (سیمورروم) تەنیا لەسەر حسابی شانشینی (کاکموم) دەیتوانی فراوان بێت، زۆربەی ئەو سەرزەمینانەی (سیمورروم) دەیویست دەستیان بەسەردا بگرێت، لە ژێر دەستی شانشینی (کاکموم) دابوون، (ئیددین– سین) خۆی باسی ڕابردووی شکۆداری شانشینی (کاکموم) دەکات و دەڵێت: "ولاّتی کاکموم، لە ڕۆژانی زوویەوە باجی بەهیچ کەس نەداوە"، بەڵگەکان واپیشان دەدەن ئاراستەی (ئیددین– سین) لەباشوورەوە بەرەو باکوور هەڵکشابێت. لەم بارەدا دەبوایە لەپێشدا (ئوتوم) بگرێت، کە بەدەشتی ڕانیە و دەوروپشتی دەزانرێت[٢١٨]، ئینجا (کولوننوم) داگیر بکات، لەکاتێکی وادا دەبێ باوەڕ بەوە بێنین

---

[٢١٧] بەم پێیە دەبێت کولوننوم شارێکی ولاّتی ئوتو– وێ) بووبێ لەلایەن کاکموم داگیر کرابێ.

[٢١٨] سەبارەت بەوەی ئوتوم ناوچەی دەشتی ڕانیە و دەوروبەری بووە، بڕوانە Laessoe, J., JAOS 88 (1968), p.122. (کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩ )

له(بێتواته)وه بەسەر چیا سەختەکەی (ماکۆك) تێپەڕیوه بۆ داگیرکردنی (کولوننوم)، یاخود بەجۆرێکی تر بڵێین له پێشدا (دەشتی ڕانیه)ی گرتووه و یادی گرتنەکەی له نووسینەکەی (هەڵەدنی) دا تۆمار کردووه، له کاتێکی دواتردا (کولوننوم)ی له ناوچەی (بێتواته) گرتووه، که کەوتۆته باکووری ڕۆژئاوای (ئوتوم)ەوه، بۆ یادی ئەمیان نووسینەکانی (بێتواته)ی بەجێ هێشتووه، له نووسینەکەی (هەڵەدنی)شدا تێبینی دەکردێ: "وڵاتی ئوتو– وێ Utuwe ی لەدەستی کاکموم سەندەوه"، پێدەچێت ئاراستەی (ئیددین– سین) لەباشوورەوه بەرەو باکوور هەڵکشابێت. بەڵگەیەکی تر ناونیشانی (نیشبا)ی گەورە خواوەندی شانشینەکەی (ئیددین– سین) تۆماری کردووه، له نوووسینەکەی (هەڵەدنی)دا پێیدەڵێت:"پادشای هەشت کولیشوم Kulisum" واته (٨) هەشت (هەرێمان)، کەچی لەنووسینەکەی (ئورشەلیم) دا دەبێته" پادشای (٩) نۆ کولیشوم Kulisum" ئەویش پاش ئەوەی (کولوننوم)ی خستووەته سەر خاکی شانشینەکەی. دیاره چەندین هەرێم لەم نۆ هەرێمە ژێردەستە ئەوانەن لەهەردوو نووسینەکەدا ناویان ڕیزکراوه. ناوی یەکێك له پادشایانی (کاکموم) لەم سەردەمە دەزانین، ناوی خوری (موشکاوێ Muskawe)ی هەبووه[٢١٩]. دەشێت پێشنیاری ئەوه بکەین، پاش ئەوەی (ئیددین– سین) دەیخانه ژێر ڕکێفی خۆیەوه، (زابازونا)ی کوڕی دەکاته فەرمانڕەوا و نوێنەری پادشا تیایدا، –بابەتی نوسینەکەی (ئورشەلیم) (کولوننوم) له دژی (سیموررووم) ڕادەپەڕێت و ڕاپەڕینەکەی لەلایەن (زابازونا) خۆیەوه تێك دەشکێنرێت، بەڵام هەر

---


[٢١٩] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

بەناوی باوکیەوە یادی ئەم کارەیان لە نووسینەکانی (بێتواتە) پارێزراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (بێتواتە) کەمێك لە نووسینەکەی (ئورشەلیم) دواترن، کە ناوی (زابازونا)ی تێدا نەهاتووە، هیچ نەبێت لەو بەشانەی ماون، مەحاڵ نییە، نووسینەکەی (ئورشەلیم) دوای نووسینەکانی (بێتواتە) نووسرابێت، واتە یەکەمیان: بۆ تۆمار کردنی ڕووداوی تێکشکاندنی یاخیگەری شارەکە بووبێت لەلایەن (ئیددین–سین) ی باوکەوە بۆ یارمەتی کوڕەکەی، ئەوانەی دووەم: بۆ تێشکاندنی یاخیگەرییەکی دووەم بووبێت، (شافەر) و (ڤاسەرمان) باوەڕیان وایە هەردوو نووسینەکە یەك بەسەرهات دەگێڕنەوە، چونکە هەردووکیان لەیەك شوێندا دۆزراونەوە، لەهەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێن دەشێت نووسینەکەی (ئورشەلیم) کەمێك پاش نووسینەکەی (بێتواتە) نووسرابێت، بەڵام دەکرێت (ئیددین– سین) نووسینە نوێیەکەی لە هەمان شوێنی نووسینە کۆنەکە داناوە، وەك نیشانەیەك بۆ گێڕانەوەی هەموو شتێك بۆ بارودۆخی جارانی پێش یاخیگەرییەکە، تێبینی ئەوەش بکە، (گێلب) و (کیناست) لەگەڵ ڕای یاخیگەری دووەم و کۆمەکی ڕاستەوخۆی سەربازیانەی (ئیددین– سین)دا کۆکن، بەڵام هیچ بەدوایەکدا هاتنێکی کرۆنۆلۆجی یانەیان نەداوە. بروانە: ئەوەی پاڵپشتی ئەم ڕایەشمان دەکات ئەو تێبینییەی (شافەر) و (ڤاسەرمان)ە سەبارەت بە نووسینەکەی (ئورشەلیم)[٢٢٠]. ئەم دەقانەدا گومانی ئەوە دەکەین، لەسەردەمی

---

[٢٢٠] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

(بنەماڵەی سییەمی ئور) و پـێش (کـوواری) ناوچـەکە لەلایـەن شانشـینی (کـاکموم) داگیرکرابێـت. بـۆ ڕوون کردکرنـەوەی ئـەم باسـە پێویسـتە سەرچـاوەی تـری بـۆ بگـەڕێین، یـان باشـتر وایـە بڵـێم تـاکو گەوهـەری شوێنەواری تر لەژێر خاك دەدۆزرێنەوە هەروا دەمێنێتەوە.



**وێنەی ژمارە (٤٤)، نەخش و نووسینەکەی ئورشەلیم لەشەنتیکەخانەی ئیسرائیل، سەرچاوە: مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد، ل219.**

## بەردەکەی غەریب هەڵەدنی


شەهیدی سەربەرز (غەریب هەڵەدنی) لەبەسەرهاتێکی داستان ئامێزدا ئەم بەردەی لەچنگی فەوتان و قاچاخچیەکانی شوێنەوار ڕزگارکرد و بەئەنتیکەخانەی سلێمانی بەخشی، لە کتێبەکەی مامۆستا (کۆزاد ئەحمەد) ئاماژەی بۆ کراوە، شەهیدی ناوبراو ئەو کاتەی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بووە، بەهۆی یەکێك لە جوتیارەکانی گوندی (قەرەچەتان) لە دامێنی چیای (پیرەمەگرون)ەوە، لەسالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەزەویەکی بەردێ دەیدۆزێتەوە، شەهید (هەڵەدنی) هانی دەدا، ئەم بەردە لەشوێنێکی نهێنی بپارێزێ، بەلآم گوندەکە وەك چوار هەزار گوندی تری کوردستان لەساڵی (١٩٨٨) بەر شالآوی ئەنفال دەکەوێ و بەردەکەش وەك کەلوپەلی تری ماڵەکە بوو بەژێر دارو پەردووی دێ یەکەوە، هەڵەدنی لە چاکیەکی پێشمەرگانەدا بەنهێنی دەچێت بەردەکە دەدۆزێتەوە و بەمەبەستی پاراستنی لە شوێنێك دەشارێتەوە، لەساڵی (١٩٩٣)دا بەردەکەی دەرهێنایەوە و گوێی نەدا بە هەوڵ و تەقەلای قاچاخچی و تالآنکەرانی شوێنەوار بردنی بۆ دەرەوەی ولآت، تەنیا مەردی و گوردی ئەم پیاوە بەردەکەی لە فەوتان ڕزگار کرد و پێشکەش بە ئەنتیکەخانەی سلێمانی کرد، ئیتر لەو ساوە بەبەردەکەی (غەریب هەڵەدنی) ناسراوە[٢٢١].

بەردەکەی هەڵەدنی (بەردێکە سپیە و لاکانی بەم جۆرەیە (٢٧× ٣٧× ٧٦) سانتیمەترە (١٠٥) دێڕی لەسەر نووسراوە، سێ بڕگە هەن بەم جۆرە (با–نی–نی) هێماکانی ئەمانیش نەماون، بۆیە هەردوو توێژەر (کۆزاد) و (رافدە) بۆ ئەوە چوون ئەمە ناوی (ئانوبانینی) (پادشای لوللو)بێ،

---

[٢٢١] کۆزاد ئەحمەد محەمەد ئەجمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١

ئەمــەش زۆر ڕێــی تــێ دەچــێت، چــونکە پێدەچــێت دوو پادشــاکەی (ســیمورروم) لەهــەمان ســەردەمی (ئاننوبــانینی)دا ژیــابن، ســەردەمی (ئیسین– لارسا). هەندێك شتی هاوبەش لەنێوان نـەخش و نووسـراوەکەی (بێتواتە) و نەخشەکەی (ئاننوبانینی) هەیە، وەکو هەبوونی ناوی خواوەند (نیشــبا) لــە نووســینەکەی (بێتواتــە) دا خواوەنــد (نیســبا) لــەوەی (ئاننوبـانینی)، بێگومـان ئەمـە واتـای ئـەوە ناگەیـەنێ ئـەم دوو پادشـایە هاوچــەرخن، چــونکە نــاوی خواوەنــدەکان بــۆ مــاوەی ســەدان ســاڵ دەمێنێتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندە دەتوانین بڵـێین نیسـبا (نیشـبا، نیسـپا، نبشپا) خواوەندێکی ناوچەیی هاوبەش بووە، نەك تەنیا خەڵکی (لوللو) و خەڵکی (سیمورروم)، بەڵکو پێدەچێت هی گەلانی تریش بووبێت[٢٢٢].



**وێنەی ژمارە ( ٤٥)، ڕوونووسی نووسینەکەی بەردەکەی غەریب هەڵەدنی، سەرچاوە: کۆزاد محمد ئەحمەد، ل١٥٢**

[٢٢٢] فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ٢٠٠٤ل ٢٢.

# بەشی چوارەم

# شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی بیتوێن (بەری مەرگە)

ئەو بەشەی دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی بیتوێن، واتە (بەری مەرگە) سنوورێکی فراوان و سەربەخۆیە، هەمیشە جێگای ململانێی هێزە دەسەڵاتدارەکان بووە، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر (لوللویی)یەکان و دەسەڵاتدارانی تر حوکمڕانی ئەو ناوچەیان کردووە، شوێنەوارێکی زۆریان لەناوچەکە بەجێ هێشتووە، بەتایبەت شوێنەوارەکانی سەرچیای ئاسۆس واتە (کۆللار)ی ئاشوورییەکان، ئێمە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە، بەوردی ئاوڕ لە شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە بدەینەوە، ئێستا تەنیا وەك ناساندنی بەشێك شوێنەوارەکانی ئەو سنوورە فراوانە ئەوەندەی پێویست بێت ئاوڕ لەو سنوورە دەدەینەوە، هیوادارین لەداهاتوودا دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێت و هەوڵ بدەین زیاتر گرنگی بەم ناوچە فراوان و پڕ پاشماوەی شوێنەوارییە بدەین.

لەڕووی جـوگرافی و سـەربازییەوە ئـەم ناوچـەیە سـنوورێکی هـەراو و فـراوان و چـڕ و سـەختی هەیـە، لـەباکوور و ڕۆژهـەڵاتی چـیای (ئاسـۆس، کورکورِ، کـورِیس، زنجـیرە چـیای بابـل) هەڵکـەوتووە، لـە باشـوور چـیای (قەرەسرد) و لەڕۆژئاوا (زێی بچوك) هەیە. لەناو ئەم سنوورەدا دەشـتێکی پان و بەرین و چەندین چیا و گردۆڵکە و کانیاوی تێدا هەڵکەوتووە.

لەڕووی کارگێڕیەوە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا مەرگە وەك (سنجەق) ناوەندی سنوورەکە بووە، دواتر گوازراوەتەوە قـەڵادزێ و قـەزای پشـدەر پێکهێاتووە و ناوەندی سنوورەکەش گۆڕاوە، بۆ ناحیەی بنگرد و سەر بـە قەزای پشدەر بووە، تا ساڵی (١٩٧٠) سەر بە قـەزای پشـدەر ماوەتـەوە، دواتر خراوەتە سەر قـەزای ڕانیـە و دواتـر خراوەتـە سـەر قـەزای دوکـان، سەرەڕای ئەوەی ئێستا داخوازیەکی زۆر لەلایەن دانیشتوانی ئەو سـنوورە هەیە، جارێکی بخرێتەوە سـەر قـەزای ڕانیـە، بـەڵام تـاکو ئێسـتا ناحیـەی بنگرد ناوەندی ناوچەکەیە و سەر بەقەزای دووکان – پارێزگای سلێمانیە، ژمـارەی گونـدەکانی سـەر بـە  ناحیـەی بنگـرد (٥٦)گونـدە و ناوچـەکە بەگشتی بەدەڤەری مەرگە(بەری مەرگە) ناسراوە.

لە ڕووی مێژووییەوە ناوچەیەکی شوێنەواری گرنگـە، بەداخـەوە لەبـەر دووری و لاچـەپی ناوچـەکە لـەو بارەیـەوە ئـاوڕی لێ نەدراوەتـەوە، هـەر چـەندە لەسـاڵی (٢٠١٤) ڕێکخراوێکـی شـوێنەواری فەڕەنسـی سـەردانی ناوچەکەی کردووە، بـۆ ڕووپێـوی پاشمـاوە شـوێنەواریەکانی سـنوورەکە. هــەروەها بەڕێوەبەرایــەتی شــوێنەواری ســلێمانی ســەردانی ناوچــەکەی کەردووە و (١٠) دە پاشماوەی شـوێنەواری لـە ناوچـەکە تۆمـار کـردووە،

هەردوو گۆڕستانی (پیرۆتەسوور)ی مەرگە و (لۆتەر)ی وەك پاشماوەی شوێنەواری تۆمار کردووە، ناشتنی مردوو بۆ لەمەودا تێیدا قەدەغە کراوە[٢٢٣]، بەڵام زیاتر پێویستی بە پاراستن هەیە، تاکو لە داهاتوو لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەوڵێکی سەرەتاییە و پێویستە ئاوڕێکی زیاتری لێ بدرێتەوە، چونکە پاشماوە شوێنەواریەکانی ئەم ناوچە زۆر لەوە زیاترە، بە دەستنیشان کردن و تۆمار کردنی شوێنەوارەکان سامانێکی نەتەوەیی زۆر و گرنگ لە فەوتان ڕزگار دەکرێن.

ئێمە بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون لە شوێنەوارە کۆنەکان و پشتڕاست کردنەوەی زانیاریەکان، بەگەشتێکی مەیدانی سەردانی ناوچەکەمان کرد، لە ڕۆژی ٢٨- ٨- ٢٠١٧ لەگەڵ برای بەڕێزم (شەماڵ عەبدولڕەحمان عەلی)[٢٢٤] کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ لە ڕانیەوە بەڕێکەوتین بەرەو بنگرد، لەسەر پێشنیاری کاك شەماڵ لە بنکەی پۆلیسی بنگرد کاك (غەریب)[٢٢٥] مان لەگەڵ خۆمان برد، بۆ سەردانی گۆڕستانی پیرۆتەسوور، هەم شارەزا و هەم دانیشتووی ناحیەی بنگردە، گۆڕستانەکە کەوتووەتە ڕۆژئاوای باشووری ناحیەی بگرد، لە دامێنی ناحیەکە هەڵکەوتووە، دوای ئەوەی سەردانی گۆڕستانی پیرۆتەسوورمان کرد، بۆمان دەرکەوت گۆڕستانێکی شوێنەواری کۆنە، لەڕۆژئاوای گورستانەکە گردێکی

---

[٢٢٣] هەردی حەسەن، مردووناشتن لە دوو گۆڕستاندا قەدەغە کرا، ١٦-٦-٢٠١٤ www. Xendan. Com.

[٢٢٤] شەماڵ عەبدولڕەحمان عەلی، لەدایك بووی ١٩٨٥، خەڵکی مەرگە و دانشتووی ڕانیە.

[٢٢٥] غەریب عەزیز حمد ڕەسوڵ ، لەدایك بووی ١٩٧٩، دانیشتووی ناحیەی بنگرد.

شـوێنەواری یـا وەك بـاوە گردێکـی تورەکەڕێـژ هەیـە، کـەمێك بـەرزە و بنکەکەی فراوانە، گـۆڕی پیرۆتەسـوور کەوتۆتـە ڕۆژهـەڵاتی گۆڕسـتانەکە، گۆڕی خودی پیرۆتەسوور سەرەڕای ئـەوەی خـۆی لـەژێرخاك داپۆشـراوە، لەسەر زەویش پاردەی بە وشکەکەڵەك لەسـەر دروسـت کـراوە و بەبـەردی پـان و لاکێشـەی گـەورە داپۆشـراوە، ئینجـا پاردەیـەکی تریشـی بـە وشکەکەڵەك بەبازنەیی بەدەوری گۆڕەکەدا دروسـت کـراوە، بـۆ پاراسـتنی گۆڕەکـە، هـەر لـە گۆڕسـتانی پیرۆتەسـوور هەنـدێك گـۆڕی تریشـی لێیـە کێلەکانیان بەرزە و یەکێك لە گۆڕەکان بینیمان کێلێکی بەرز و نەخشـێکی بازنەیی لە بەرزی کێلەکە دروست کـراوە، دوای گەڕانـەوەمان بـۆ ناحیـەی بنگرد سەردانی بەڕێز(مەلا عومەر عبدولخالق عەبدولسەمەد)مان کـرد، کـە بـرازای (مـەلا محـەڕەمی مەرگـە) و نـەوەی (مـەلا سـەمەدی مەرگەیـە) بەداخەوە لەماڵـەوە نـەبوو، بـەڵام بـەڕێزیان دواتـر بەتەلـەفۆن پەیوەنـدی پێـوەکردم، گـەڵێ زانیـاری پێـدام و ئامـادەیی خۆیشـی دەربـڕی بـۆ هـەر پێویستیەك ئەگەر هەمان بێت، دواتر لەبنکەی پۆلیسـی دەربەنـد چـاومان کەوت بە بەڕێز (دەحام عبدولخالق عەبدواسەمەد) کە برای (مەلا عومـەر)ە و پۆلیسـی بنکـەی بنگـردە، هەرچـەندە بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری سلێمانی، وەك پاشماوەی شوێنەواری تۆماری کردووە، و ناشـتنی مـردوو بۆ لەمەودا تێیدا قەدەغە کراوە، بەڵام پێویستی بە پاراستنی زیاتر هەیە، تاکو لە داهـاتوو لێکۆڵینـەوەی تایبـەتی لەسـەر بکرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەمـە هـەولێکی سـەرەتاییە و پێویسـتە ئـاوڕێکی زیـاتری لێ بدرێتـەوە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت.



**وێنەی ژمارە (46) وێنەی گۆڕی پیرۆتەسوور**



**وێنەی ژمارە (٤٧) دیمەنێك لە گۆڕستانی پیرۆتەسوور**



وێنەی ژمارە (٤٨) کێلێکی بەرز لە گۆڕستانی پیرۆتەسوور



وێنەی ژمارە (٤٩)، هێمای سەر کێلێك لە گۆڕستانی پیرۆتەسوور

# چیای گەورەقەڵا شوێنەواری قەڵای کۆنی فەڕوح(فەڕوخ) پاشا

## گەورەقەڵا

مێژووی نووسراو دەربارەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردووی دووری کورد کەم و دەگمەنن، لەبەر ئەوە مێژووی شوێنەواری لەمێژووی ڕابردووی نەتەوەی کورد دا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم ناوچەیە گەنجینەیەکی شوێنەواری پڕ بایەخی هەیە، لەناو مێژووی کۆنی ئەم ناوچەیەدا (فەڕوح) یا (فەڕوخ پاشا) ناوێکی دیار و ناسراوە، بۆیە ویستمان بەشێك لە پاشماوە شوێنەواریەکانی تۆمار بکەین، بۆ ئەوەی هەر نەبێت، بیخەینە بەر دیدەی خوێنەران و دواتر پسپۆڕانی ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکەن، و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە ویستمان بچین لەنزیکەوە پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵاکە ببینین، پێشنیارم بۆ هاوڕێی خۆشەویستم کاك (کەمال مەرگەیی)[٢٢٦] کرد، مایەی سوپاس و پێزانیە

---

[٢٢٦] کەمال ڕەسوڵ عەزیز ناسراو بە (کەمال مەرگەیی) لە ساڵی (١٩٦٠)لە گوندی مەرگە لەدایك بووە، لەساڵی (١٩٧١) لەمەرگە چووەتە بەرخوێندن، بەڵام بەهۆی بارودۆخی کوردستان خوێندنی بۆ تەواو نەکراوە، لەکاتی شکستی شۆڕشی ئەیلولدا لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خانەوادەکەیان ئاوارەی ئێران بوون و لەئۆردوگای (بابك) نیشتەجێ بوون، دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خانەوادەکەیدا گەڕاوەتەوە عیراق، لەلایەن حکومەتی عیراق ڕێگایان پێ نەدراوە بگەڕێنەوە ناوچەی خۆیان، دوورخراونەتەوە بۆ خوارووی عیراق لە (پارێزگای ناسریە)، (ناحیەی گرمەر)، گوندی (شیواوشە)، لەساڵی (١٩٧٧) لە خوارووی عیراقەوە گەڕانەونەتەوە کوردستان و لەناحیەی سەنگەسەری سەر بە قەزای پشدەر نیشتەجێ بوون، ئەو ساڵە شەهید (سەعید)ی برای دەبێتە پێشمەرگە، لە (١٥-١-١٩٧٩)

بەخۆشــحاڵیەوە داواکــەمانی قبــوڵکرد، ڕۆژی(١٤)ی تشــرینی دووەمــی (٢٠١٥) کات هەشتی بەیانی من و کاك (کەمال مەرگەیی) و (هیوا ئەحمەد) لە ڕانیەوە بەڕێ کەوتین، لەناحیەی (بنگرد)ەوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات ڕووەو گونـدی (مەرگـە) ڕۆیشـتین، لـە جـادەی گشـتی (بنگـرد– مەرگـە) نزیـك بەناوەڕاست، بەدەستی ڕاستەوە واتـە لـەلای باشـووری ڕێگاکـە چـیایەکی سەخت هەیە، بە (گـەورە قـەڵا) ناسـراوە، شـوێنی فـەرمانڕەوایی (فـەڕوخ پاشا)ی کوردان، گەورەقەڵا بریتیە لە چـیایەکی سـەخت و ڕك و قوچـەکی هەڵکـەوتووە، لەگـەڵ گـردی (دەوڵـەتیار)ی دراوسـێی ڕۆژهـەڵاتی تـەنیا لوتکــەکانیان لەیــەك جیــان، ئــەگینا بنکــەکانیان پێکــەوە نووســاون، (گەورەقـەڵا) دەکەوێتـە دامـێن گونـدی (مەرگـە)، و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی (ناحیـەی بنگـرد)، لەچوارچێوەی بەڕێوەبەرایـەتی ناحیـەی بنگـرد دایـە، لەسەر دوندی چیاکە تەختاییە و گلێکی ڕەش و نەم و جـوانی هەیـە، ئـەم تەختاییەی سەر لوتکەی چیاکە، پاشمـاوەی شـوێنەواری کۆنـە قەڵایـەکی

---

کەمال مەرگەیی خۆشی دەبێتە پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لە مەکتەبی عەسکەری، دوای شەش مانگ دەگوازرێتەوە بۆ هەرێمی چوار، لەساڵی (١٩٨١)چووەتە (قوەتی مەرگە)، لەساڵی (١٩٨٢) قوەتی مەرگە بووە بە تیپی (٤٣ ئاسۆس)، ناوبراو لەم تیپە درێژەی بە کاری پێشمەرگایەتی داوە و بەردەوام بووە تا کاتی ئەنفالەکان لەساڵی (١٩٨٨)، دوای ئەنفالەکانیش لەگەڵ مەفرەزەیەکی (٢٤) پێشمەرگەیدا بەپارتیزانی لەسنووری مەرگە ماوەتەوە، تاکو داوایان لێکراوە بگەڕێنەوە سەرکردایەتی، لەکاری پێشمەرگایەتی دانەبڕاوە، لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەبەهاری ساڵی (١٩٩١) لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیووە، دوا پلەی سەربازی (عمید)ە، ئێستا جیگری لیوای (١٢٨ دوکان)ە، ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین شەڕی کردووە و بریندازیش بووە.

سـەخت و (مەحکـەم)ی زۆر کـۆنی لەسـەرە، هـەردوولای بەشـی بـاکوور و باشووری قەڵاکە ڕەوەزە شاخی سـەخت و ئەسـتەمە و پێـدا سـەرکەوتنی سـەختە، بۆیـە دیـواری بـۆ نـەکراوە، هـەردوو لای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای دیـواری زۆر ڕەختـە و تۆکمـە و (محکـم)ی بـە بـەرد بـۆ دروسـت کـراوە، بەردەکان سـەخت و بچـوك و گـەورەن، گـەورەکان (1,5–٢)مـەتر بـەرەو خوار بچوك ترن، هەموو بەردەکان لە گڵی قەڵاکە گیراون، واتە ئەمە وەکو بناغـەی لێ هـاتووە، چـونکە لـە تـەختی حەوشـەی قەڵاکـە بـۆ سـەرەوە دیوارەکان نەماون و لـەناوبراون، دیـواری لای ڕۆژهـەڵات بەدرێـژایی قەڵاکـە ماوە، تائێستاش لە هەندێك شوێنی زیاتر لە (٣م) بـە بـەرزی ماوەتـەوە و نەڕووخاوە، پاشماوەی دیواری لای ڕۆژئاوای ئەم سەر و ئەو سەری ماوە، تەنیا ناوەڕاستەکەی ڕووخاوە، نێوانی هەردوو دیواری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا و هەردوو ڕەوەزە شاخی باکوور و باشـوور، واتـە نێـو حەوشـەی قەڵاکـە، زەویەکی نەرمان و تەختە و نزیکەی (٥٠م) درێژ و (٤٢م) پانە، ئەم قەڵایە شـوێنەوارییە بە(گـەورە قـەڵا) ناسـراوە، بنـەمای ناونـانی ئـەم قەڵایـە بەگوێرەی گێڕانەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قەڵای سەرەکی و ناوەندی دەسەڵاتی (فەڕوخ پاشا)ی کوردان بووە، ئێستا هـەر بـەو نـاوە ناسـراوە، گوایـە (فـەڕوخ پاشـا) خـۆی لـەوێ نیشـتـەجی بـووە، بـەناوی ئـەوەوە ناونراوە، هەرچەندە لەناو حەوشەی قەڵاکـەدا دیـوار و شـوێنەواری زەق و دیار نەماوە، چونکە بەهۆی گرنگی و بایەخداری شوێنەکەی زۆربـەی کـات شوێنی سەنگەر و ڕوانگە و مەتـەرێزی دەسـەڵاتدارەکانی ناوچـەکە بـووە، لەسـەردەمی تازەشـدا جـێ سـەنگەری پێشـمەرگە و بنکـەی سـەربازی حکومەتەکان بووە، خەڵکی ئەوێ هـەموو دیـوار و شـوێنەواری قەڵاکـەیان

تێکداوە، بەڵام تائێستا شوێنی ژوورەکان چاڵاییە و شوێنەواری دیوارەکان بەچاو دەبینرێت، جێگای داخە لەزۆربەی سەردەمەکان جگە لە سەردەمی (میتانی) و (ماد)ەکان کورد دەوڵـەتی فـراوان و گـەورەی نـەبووە، بـەڵکو لەشانشینی بچوك بچوکدا فەرمانڕەوایی ناوچەکانیان کردووە، (فەڕوخ شا) بەهــەمان پێــوەری ئــەو ســەردەمە، لەشانشــینێکی بچــوکدا ســنووری دەســەڵاتی لــەخۆرئاوا لــەزێی بچــوکەوە تــاکو قەڵاچــوالان، لــەژێر فەرمانڕەوایی (فەڕوخ شا)دا بووە، بەپێی گێڕانەوەکان ناوچەیەکی بـەخێر و بێـر بـووە، هەمیشـە گەنجینـەی (فـەڕوخ پاشـا) پـڕ لەئەنتیکـە و زێـڕ و گەوهەر بووە، لەدوا کاتی ژیانیدا کـاتێ لەشـکری ئیسـلام هێـرش دەکەنـە سەر وڵاتـی کوردسـتان، لەشـکرەکە تـەواوی ناوچـەکەی داگـیر کـردووە و پـەلاماری وڵاتـی (فـەڕوخ شـا) دەدەن، بڕیـاردان لەشـەڕ هەسـتیار و یـەك لاکـەرەوە بـووە، لەبەرئـەوە (فـەڕوخ شـا) کاربەدەسـت و فەرمانـدەکانی کۆدەکاتــەوە، پێیانــدەڵێت: لەبــەر ئــەوە کــۆم کردوونەتــەوە بــۆ ئــەوەی ڕاوێژتان پێ بکەم و لەسەر شەڕ کردن لە گەڵ دوژمن ڕای ئێوە وەربگـرم، ئایـا بــەرەو ڕووی دوژمــن ببینــەوە و شــەڕیان لەگــەڵ بکــەین، یــاخود وڵاتەکــەیان بدەینــە دەســت و خۆمــان بپــارێزین، ئــەوانیش دەبنــە دوو دەسـتە، بەشـێکیان لەگـەڵ شـەڕ و بـەرگری دەبـن، بەشـێکیش لەگـەڵ خۆپاراستن، ئینجا یـا بەئاشـتی یابـەڕەو، (فـەڕوخ پاشـا) دەڵێـت: ئەگـەر بەبێ شەڕ وڵاتەکەمان بدەینە دەست دوژمن نائومێد دەبین و لە داهاتوودا هەوڵی ڕزگار کردنی نادەین، بەڵام ئەگـەر بـەرگری لەوڵاتەکـەمان بکـەین و بەشەڕ لێمان داگیر بکەن، هەمیشە بەئومێدی سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنـدا لەهەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتەکەماندا دەبین، لەبەرئەوە بڕیار دەدەیـن تـا دوا

هەناسەی ژیانمان بەرگری لە خاك و ئاوی وڵاتەكەمان دەكەین، ئیتر بڕیاری شەڕ دەدەن و تا دوا كات بەرەو ڕووی دوژمنان دەبنەوە، دوای ئەوەی لەسەركەوتن نائومێد دەبێت، بڕیاردەدات سامان و گەنجینەكەی بشارێتەوە بەنیازی ئەوەی ئەگەر ڕەویش بكەن، لەداهاتوودا وڵاتەكەیان ڕزگار بكەن و گەنجینەكەیان فریایان بكەوێت، لەژیان و گوزەرانی خەڵك و بنیاتنانەوە و ئاوەدان كردنەوەی وڵاتەكەی، بۆ ئەم مەبەستە چەند كەسێك لەنزیكانی خۆی بانگ دەكات و ڕێنماییان دەكات، لە فلان شوێن گەنجینەكە بشارنەوە، دوای ئەوەی ئەو دەستەیە لەنهێنی شەودا گەنجینەكە دەشارنەوە هەموویان دەكوژێت[227]، بەمەبەستی ئەوەی نەوەكو یەكێك لەوان تەماع و بەرژەوەندی تایبەتی بەسەریدا زاڵ بێت و بچێت ڕاستییەكان بۆ دوژمن بدركێنێت، سەروەت و سامانەكەیان بكەوێتە دەست دوژمن یا بەهەدەر بڕوات، دوای ئەو چەند كەسە، جگەلە (فەڕوخ پاشا) كەس بەگەنجینەكە نازانێت و تائێستا ئەنجامەكەی دیار نیە، وەك لە كاك كەمالی هاوڕێشم بیست، ئەمە دەنگۆیەكی بڵاوە، لەناو خەڵكی سنوورەكە و تائێستاش خەڵك بەنیازی ئەوەن شانس و بەختی ئەوەیان هەبێت ئەو گەنجینەیە بدۆزنەوە.

---

[227] هەرچەندە ئەمە قسەیەكی ناو خەڵكە، بەڵام پێناچێت ئەمە ڕاست بێت، چونكە كاتێك فەروخ پاشا ڕاوێژ بەدەست و پێوەندەكانی بكات، هیچ پێناچێت هێندە دڕندە بووبێت لەگەڵ كەسانی نزیكی خۆی، لەكاتێكدا ئەگەر ئەو دەستەیە هێندە دڵسۆزی پاشا و جێگای ماتمانە بووبن، ئیتر بۆچی ئەمانە بكوژرێن، لە كاتێكدا لەو ڕۆژگارە زۆر پێویستی بەم جۆرە كەسانە هەبووە، بەڵام ئێمە ڕووداوەكان وەكو خۆی تۆماری دەكەین بەپێی تێڕامان و نزیك لەڕاستیەوە.

## شوێنی گەورە قەڵا

قەڵای (گەورەقەڵا) لەسەر دوندی چیایەك بەناوی چیای گەورەقەڵا بنیات نراوە، وەك هیلانەی هەڵۆ هەڵکەوتووە، لەباشووری ڕۆژهەڵات شاری (مەرگە)ی کۆن و (زینوی مەرگە) و چیای (بەردقەڵیشو) هەیە، لەڕۆژهەڵات چیاکانی (کوڕکوڕ، کوڕیس، زنجیرە چیای بابل)، کەمێك نزمتر لەمانە بەرزایی (قەڵاتەڕەش) هەیە، لەباکوور (چیای کۆللارە)، لەباکووری خۆرئاوا (قۆنگرە)، ئەم لوتکە چیایانە بەهەموویان لەگەڵ چەند لوتکە چیایەکی دیکە زنجیرە چیای ئاسۆس پێك دێنن، کەلە (دەربەندی ڕەمکان)ەوە دەست پێدەکات و بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێ، لەخۆرئاوا گردی (پیرۆتەسور) و لەباشوور گوندی (سێناجیان) هەڵکەوتووە.

## قەڵای دەوڵەتیار

گردی دووەم بە(دەوڵەتیار) ناسراوە، لەبەرئەوەی قەڵای (دەوڵەتیار)ی هاوسەری (فروخ شا)ی لەسەر بنیات نراوە، دیارە دەبێ ئەم شارە پێش سەردەمی (فروخ شا) و (دەوڵەتیار)ی هاوسەری ناوێکی تری بووبێت، لەکاتی فەرمانڕەوایی خۆیاندا بەناوی (دەوڵەتیار)ی هاوسەری (فروخ شا) ناوەکەیان گۆڕیبێت، یاخود دەشێت ئەم شارە نەبووبێت، بۆ (دەوڵەتیار) ی هاوسەری (فەڕوخ شا) دروست کرابێت و بەناوی خۆیەوە ناوی نابێت.

(گەورە قەڵا) دەکەوێتە ڕۆژئاوای گردی (دەوڵەتیار)، شاخی (بەرقەڵشیو) لە ڕۆژهەڵات و ڕووباری مەرگە باکوور و شاری (مەرگە)ی کۆن دەکەوێتە باشووری قەڵای (دەوڵەتیار)، (دەوڵەتیار) ژنی فەڕوخ شا بووە، خۆی و دەست و پێوەند و خزمەتکار و کارمەندانی چێشتخانە لەم گردە نیشتەجێ بوون، لەسەر ترۆپکی گردەکە قەڵای (دەوڵەتیار) دروست

کراوە، کونێکی گەورە لەسەر گردی (دەوڵـەتیار) هەیـە، لـەژێر زەوییـەوە بەرەو خوار هاتووەتە سەر ڕووبارەکە، گوایە بەناو ئەم کونەدا لەقەڵاکەوە چوون لەڕووباری دامێن گردی قەڵایەکە ئاویـان هێنـاوە، هەرچـەندە ئەمـە هەڵوەسـتیەکی دەوێـت، بۆچـی ئەمـەیان کـردووە، لـە کاتێکـدا ئاوهێنـان لەسەر زەوییەوە زۆر ئاسان تر بووە، مەگەر ئەمە تـەنیا بـۆ کـاتی شـەڕ و گـەمارۆدانی قەڵاکـە دروسـت کرابێـت، خزمـەتکار و چێشـت لێنـەرەکان، لەقەڵای (دەوڵـەتیار) کارەکانیـان ئـەنجام داوە و لـەوێوە دابـەش کـراوە، وابـاوە لـەکاتی هــەر ژەمــە خواردنێـك بەدرێــژایی ڕێگـای نێـوان قــەڵای (دەوڵەتیار) و (گەورە قەڵا) خزمەتکار بەڕیز وەستاوە، دەست بـە دەسـت خوان و سینی خواردەمەنی بەڕێ کراوە، تاکو گەیشـتووەتە گـەورە قـەڵا، بۆ ژەمە خـواردنی (فـەڕوخ پاشـا) و میـوان و فەرمانـدە و سـەربازەکانی، لەکاتێکـدا نێـوانی هــەردوو قــەڵا زۆر زۆرە و هــەورازێکی ڕك و ناخۆشــە، هەرچـەندە دیـارە لـەم باسـە زیاڕۆییـەکی زۆری تێـدا کـراوە، بـەڵام هـەر چۆنێك بێت ئەمە ئاماژەی هێز و توانا و خـاوەن دەسـەڵاتی (فـەڕوخ شـا) دەردەخات. ئەوەی شایانی باسە گردی (دەوڵـەتیار) کەوتۆتـە ڕۆژهـەڵاتی (گەورەقەڵا) و لەباشـووری ڕۆژهـەڵات شـاری مەرگـەی کـۆن سێگۆشـەیەك پێکدەهێنن، بەداخەوە بەهۆی کەمی کات نـەمانتوانی بچینە سـەر گـردی دەوڵەتیار، بەڵام خەڵکی ناوچەکە دەڵێن: هەتا پێش نەوەدەکانیش بناغـە و دیواری خانوو کۆشك و تەلاری شارەکە و کۆشـك و تـەلاری (دەوڵـەتیار) لەسەر گردەکە هـەرمابوون، خـەڵکی ئاسـایی شـارەکەش لـەدامێن کۆشـك لەشــاری (مەرگــە) خــانوو و ماڵــەکانیان ئـاوەدان کردۆتــەوە و ژیانیــان گوزەراندووە.



**وێنەی ژمارە (٥٠) دیمەنێك لە دیواری گەورەقەڵا بەشی ڕۆژهەڵات.**



**وێنەی ژمارە (٥١) دیمەنێك لە دیواری گەورەقەڵا بەشی ڕۆژئاوا.**

## گردی پیرۆتەسوور

گــردی (پیرۆتەســوور)، گەوتۆتــە خۆرئــاوای گــەورە قــەڵا، گوایــە (پیرۆتەسور) پیاوێکی بازرگان بووە، بەهۆی بازرگانییەوە زۆربەی وڵاتانی دەوروبــەر گــەڕاوە، لــەو ڕێگایــەوە موســڵمانەکانی ناســیووە و ســەردانی (مەککە)ی کردووە و ڕێنمایی کردوون بۆ داگیرکردنی وڵاتی (فــەڕوخ شــا)، کــاتێ ســوپای ئیســلام دەگەنــە ناوچــەکە پەیوەنــدیان پێــوە دەکــات، (حەســەن مــەحمود حەمــەکریم) لەلاپــەڕەی (٢٤١) کتێبــی "کوردســتان لەبــەردەم فتوحــاتی ئیســلامی دا" دەڵێــت: "لــە ســپیارە فارســیەکەدا[٢٢٨] هاتووە (پیرۆت کوڕی بارام) بەخۆی و دوانـزە کەسـەوە موسـڵمان بـوون، بەڵام حاکمی کـورد لـەڕقان خۆیـان و خـاو و خێزانـی کوشـتوون، چـونکە بوونەتە موسڵمان، ئێستا لە وڵاتی (مەرگە) گۆڕەکانیان کراوەتە زیارەتگـا و پێیدەڵێن: (پیرۆتە سوور)"، مامۆسـتا (جـەمیل ڕۆژبـەیانی) لەلاپـەڕەی (٣٥) لە کتێی " فتوح سواد العراق" دەڵێت: "کاتێ سوپای ئیسلام لەگەڵ ســوپای (فــەڕوخ شــا)، بەخەســتی شــەڕ دەوامــی کــرد، (فــەڕوخ شــا) و سوپاکەی بۆ حەسانەوە چوونەوە قەڵاکە، سوپای ئیسلامیش حەسانەوە، ...شەو کابرایێ کەناوی (پیرۆت کوڕی بارام) بوو، خۆی و دوازدە کەس لە خزمـانی لەقـەڵاوە هـەڵاتبوون و چـووبوون موسـوڵمان ببـوون، ئـەم کـارە (فەڕوخ خان)ی زۆر شڵەژاند، لەبەر ئەوە خـۆی لـە قـەڵا هاتـە خـوارەوە و شاڵاوێکی توند و تیژی کرد، کە شەڕ گەرم بـوو لـەم حەلـەدا (میقـداد) لـە

---

[٢٢٨] مەبەست سیپارە فارسیەکەی عبدولعەزیر واعزیە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی ژمارە (٣) لاپەڕە (٢٥) دا دەڵێ: ئەم سیپارەیە لەبنەڕەتدا بەدەست هەڵبەستی دەزانم و لام وایە مەلایەکی کورد لەسەدەکانی ئەم دواییەدا هەڵیبەستووە.

تالآنی (شهرین= شارستێن) دەگەڕایەوە، کەوتە شەڕەوە، (فەڕوخ شا) کە دی لای پشتەوەشی لێ گیراوە، شڵەژا و سەری لێ تێکچوو، تەنانەت دەستووری دابوو خێزانی ئەو دوازدە کەسە و خزم و کەسیان قەلآچۆ کرا بوون، فیغان و گریان و زاری دەگەییە کەشکەلانی فەلەك، (میقداد) لەلای پشتەوە کەوتە کوشتار، هەر دوولا خەڵکێکی زۆریان لەدەستدا (فەڕوخ شا) (مەرجین)ی[229] بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ قەلآکەی، دوای ئەوەی (فەڕوخ شا) بڕیاردەدات قەلآ جێ بهێڵن بەرەو پشدەر، بەلآم (میقداد) ڕێگای لێ گرت و لەگەڵ (فەڕوخ) کەوتە شەڕەوە و بەسەریدا زاڵ بوو کوشتی، ئینجا پیرۆت گەڕایەوە سەر جێگای خۆی"، بەلآم لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکە واباوە پێش ئەوەی (فەڕوخ) بڕوات پیرۆتی کوشتووە.



**وێنەی ژمارە (٥٢) گردی پیرۆتەسوور، فۆتۆ: شەماڵ عەبدولڕەحمان**

[229] مەرجین بەقسەی مەلا سەمەد بێت مەرگەیە. بەپێی قسەی مەلا سەلیم ڕەئوف حەوێزی لە کتێبی کوردستان و ئایینی ئیسلام.

## شاری مەرگەی کۆن

شـاری (مەرگـە)ی کـۆن، کەوتۆتـە خـوارووی ڕۆژهـەڵاتی گەورەقـەڵا، لەنێوان گەورەقەڵا و گردی (دەوڵەتیار) و (زینوی مەرگـە) و چـیای (بـەرد قەڵشیو) هەڵکەوتووە، لەدامێنی چیای (بەردقەڵشیو) لە زەویـەکی تـەخت و کـەمێ لێـژ لەپێدەشـتێك بنیـات نـراوە، ئێسـتاش شـوێنەواری بناغـە و دیوارەکانی ماون، زۆر لە کاری گڵکاری و لەتە سواڵەتی گـۆزە و کەلوپـەلی لـەقوڕ دروسـت کـراوی سـوورەوە کـراو دۆزراونەتـەوە، لـەلای ڕۆژهـەڵاتی شاری (مەرگە)ی کۆن، گوندی (مەرگە)ی ئێستا، چەند سەرچـاوەی کـانی و ئاوی لێ بووە، تائێسـتاش زۆربـەی ئـەو سەرچـاوانە مـاون، بـەهۆی ئـەو کـانی و سەرچـاوانەوە هەمیشـە سـەوزە گیـای هـەبووە، و دیمـەنی وەك مێرگێك سەوز چووە، کاك (کەمال مەرگەیی) وتی: ناوی شاری مەرگە لـەو (مێرگ)ەوە هاتووە. هەروەها باسی لەوەش کـرد پاشمـاوەی شـوێنەواری لەم شوێنە زۆرە، بۆ نموونە، گێڕایەوە: کاتێـك بـاوکم لـەناو زەویەکەمانـدا کاری دەکـرد، لـەکاتی هەڵکەنـدانی زەوی لـەژێر زەویـدا تووشـی چـاڵێکی بازنەیی بوو، پڕ بوو لە دانەوێڵەی کۆنی بەسەرچوو، بەڵام ئێمە هیچمان لە بارەی پاشماوەی شوێنەواریەوە نەدەزانی و بەبێباکی لـەناوبرا. هـەروەها ناوبراو دەڵێت: (مەرگە) هەر لە کۆنەوە گونـدێکی گـەورە بـووە و تـا ئـەم دواییانەش نۆ ئاشتی گەنم هاڕین لە گوندەکـە هـەبوو، خـەڵك لـەو ئاشـانە گەنمیان دەکرد بـە ئـارد، ئێمـە پاشمـاوەی شـوێنەواری چـەند ئاشـێکمان بینی تەنیا شوێنەکانیان ماون.

ئێستا شاری (مەرگە) لە شوێنە کۆنەکەی خۆی نەماوە، دواتر شارەکە گوزراوەتەوە ئەودیوی ڕۆژهەڵاتی چیای (بەردقەڵشـیو) و گونـدی جـوان و خنجیلانەی (مەرگە) بنیاتنراوەتـەوە، تائێسـتاش ئاوەدانـە و سروشـتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە، ئێستا شوێنی کۆنی شـاری (مەرگـە) لـە زەویـەکی

تەختی وەرزێری بەولاوە هیچی تر نیە، هەرچەندە تائێستاش پاشماوە و سواڵەتی کۆنی کڵکاری لەو شوێنە بەرچاو دەکەون، بێ گومان ئەگەر کنە و پشکنینی شوێنەواری بۆ بکرێت زۆر مێژووی شاراوەی ناوچەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## سەرچاوەی ئاوی شاری مەرگە

شوێنی کۆنی شاری (مەرگە) کانی و سەرچاوەی ئاوی لێ نیە، چونکە شوێنی شارەکە لە ئاوەکە بەرز ترە، دۆڵی (مەرگە) هەمیشە ئاوی زۆری هەبووە و ئەوان نیگەرانی ئاو نەبوون، لەکانیەکانی ئێستای گوندی (مەرگە)وە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی شاری (مەرگە)ی کۆن، سەرچاوەی ئاوی شاری (مەرگە)یان هەڵبەستووە، کاتی خۆی ئاویان لە دۆڵی باکووری شارەکە بۆ هێناوە، بەلاقەدی چیای (بەردقەڵشیو)دا پێدەچێت بە جۆگا ئاویان بۆ ڕاکێشاوە و لە (زینوی مەرگە)وە ئاوەکە ئاودیوی شاری (مەرگە)ی کۆن کراوە، ئینجا لەوێش بەسەر قەلا و کۆشک و ماڵەکانیاندا دابەش کراوە، یاخود ئاویان لێ هەڵێنجاوە.

## مەرگەیی ئەسحابەکوژ

لەناو خەڵکی ناوچەکە واباوە کاتێك (فەڕوخ شا) بەهۆی نابەرابەری هێز بەشەڕ دەرۆستی سوپای ئیسلام نەهات، بڕیاری دا شەڕ لەگەڵ سوپای ئیسلام نەکات و قەلا جێ بهێڵێت، بەلام سوپای ئیسلام ڕێگای لێ دەگرن و (فەڕوخ شا) لەگەڵ سوپای ئیسلامدا دەکەوێتە شەڕ و لەشەڕدا دەکوژرێت، سوپای ئیسلام دێنە ناو شاری (مەرگە)، شارەکە داگیر دەکەن و چەند ڕۆژێك لەناو شارەکەدا دەمێننەوە، ئینجا چەند کەسێك لە

(ئەسحابە)کان لەوێ بەسەر خەڵکەکەوە جێ دەهێڵن، بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە، فێری خواپەرستی و بنەماکانی ئاینی ئیسلام بکەن، ئینجا (خالید) سەرۆکی سوپای ئیسلام بەخۆی و سوپاکەی دەچێت بۆ گوندی (شارستێن) و (سێناجیان)، بەڵام کاتێك (خالید) خۆی و سوپاکەی دەڕوات بۆ (شارستێن)، خەڵکی (مەرگە) هەموو (ئەسحابە)کانی لای خۆیان دەکوژن و کۆتاییان پێ هێنان، کاتێ (خالید) هەواڵەکە دەبیستێت و دەزانێ هەڤاڵەکانی لەلایەن خەڵکی (مەرگە)وە کوژراون، زۆر نیگەران و توڕە دەبێت، بەخۆی و سوپاکەیەوە پەلاماری خەڵکی (مەرگە) دەدات و کۆمەڵکوژی و کوشتارێکی زۆر لەخەڵکەکە ئەنجام دەدەن، لەمەوە ناوی (مەرگەیی ئەسحابەکوژ) بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا دەبڕێت. بەڵام لە یادی خەڵکی ناوچەکەدا گۆڕستانێك نیە ئەم (ئەسحاب)انەی لێ نێژرابێت، جێگای سەرنجە ئەم کوشتارە زۆرە کرابێت، و گۆڕی دیاری کراویان نەبێت، هەرچەندە قین و توڕەیی خەڵکی شاری (مەرگە) و سنوورەکە، بەهۆی لەدەستدانی پاشا و سەروەری وڵاتەکەیان لەبارێکدا نەبووە ئارام بگرن و (تەحەمول) بکرێت، بەڵام کورد نەتەوەیەکی میوان دۆستە و جێگای گومانە میوانەکانی خۆی بەم شێوەیە کوشتبێت، باوەڕ ناکرێت کورد لەبێ دەسەڵاتی و کەساسیدا بەم شێوەیە ژێر دەستەکەی بەلاوازی بکوژێت، لە کاتێکدا هێشتا سوپای خالید دوونەکەوتۆتەوە و لە گوندەکەی دراوسێیان بووە، مەگەر ئاکارێکی وایان لێوەشابێتەوە شایانی ئەو سزایە بووبن، بەڵام من ڕووداوەکان چۆن دەبیستم تۆماری دەکەم، بۆ ئەوەی شارەزا و پسپۆڕانی ئەو بوارە لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی وردتری لەسەر بکەن.

## گۆڕستانی مەرگە

گۆڕستانە کۆنەکەی (مەرگە) بەگۆڕستانی (کێلەقوچان) (واتە: بڵند) ناسراوە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندی (مەرگە)ی ئێستا و نزیك خانووی (دار الظیافة)، لەسەر نەریتی ئیسلام مردووەکانیان لێ ناشتوون و ناویان ناوە گۆڕستانی (کێلەقوچان)، هەریەك لەو گۆڕانە دوو کێلی بەردی تاشراویان بۆ چاك کردووە و لای سەری گۆڕەکە کێلێکی بەرز و لای قاچی کێلێکی نزمتر، بۆ ئەوەی خەڵکەکەش بۆ لەمەودوا لەسەر نەریتی ئیسلام مردووەکانیان بنێژن، ئەمەش بووە نەریتێك و تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، مەلازادەکانی (مەرگە) تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش مردووەکانی خۆیان لەم گۆڕستانە دەناشت، بەڵام دواتر گۆڕستانەکەیان گواستەوە، ئێستا گۆڕستانی (مەرگە) دەکەوێتە پشتی گەڕەکی (کانی سەردەشت)ی گوندی مەرگەی ئێستا.



**وێنەی ژمارە (٥٣)، گۆڕستانی مەرگە**

## فەڕوخ پاشا لەسەردەمی هاتنی لەشکری ئیسلام دا

بەسەرهاتەکانی مێژووی (فەڕوخ شا) لەسەردەمی لەشکرکێشیەکانی سوپای ئیسلام، بەسەرکردایەتی (خالیدی کوڕی وەلید)، کەمێك دواتری بابەتی ئەم کتێبەیە، و لە بەرگەکانی داهاتوودا باسی دێتە پێش، بەڵام ئێستا وەك ناساندنێك ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر زاری خەڵکەوەیە باسی دەکەین، سەرەڕای ئەو چیرۆکانەی دەما و دەم بەسەر زاری خەڵکەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هاتوون، لەهەمان کاتدا هەردوو کتێبی (عبدالعزیز واعظی– فتوحات سواد العراق) و (مەلا رەئوف سلیم حویزی– کوردستان و ئاینی ئیسلام) کەوتوونەتە ناو خەڵك، سەرچاوەی هەردووکیشیان ئەو دەست نووسەیە لەماڵی (مەلا سەمەدی مەرگە) هەبووە، گوایە ڕوونووسەکە بەشێکە لە کتێبێکی چاپ نەکراوی بەرگی سێیەمی (فتوح الشام)ی، (واقدی)[230] و هەر لەسەر شێوەی ئەو هێنراوەتەدی، جێگای داخە ئەوەی ئەوانیش نووسیویانە زۆر جێگای باوەڕ نییە و لە هیچ سەرچاوەیەکی تر پشت ڕاست نەکراوەتەوە، بەگوێرەی هەندێ شیکردنەوەی (جەمیل ڕۆژبەیانی) و (مەسعود محەمەد) و (ئەحمەدی شەریفی مەهابادی) زۆر لەو ناوانەی ئەو کتێبە ناوی بردوون

[230] واقدی (١٣٠–٢٠٧ك) ناوی محەمەد کوڕی عومەر لەبنەڕەتدا خەڵکی مەدینەیە، شیعەیە، بیروباوەڕی وەهایە ئیمامی عەلی (خ.خ) یەکێکە لە (معجزە)کانی محەمەد(د.خ) وەکو عەساکەی موسا و تیماریەکەی عیسا (د.خ)، ئەم پیاوە دەربارەی شەڕ و شۆڕی ئیسلام زۆر کتێبی داناوە، پاش مردنی (٦٠٠) کتیبخانەی (؟) لێ بەجێ ماوە، (ئیبن نەدیم) چونکە خۆی شیعە بووە، هەڵی ناوە، بەڵام (ئیبن حەجەر) بەدرۆزنی داوەتە قەڵەم هاتووەتە بەغدا (هاروونە ڕەشید) کردویە بە (قازی). بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ١٨.

ناوی شار و شوێنە جوگرافیەکان، ئەو شار و جێگایانە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا نەبوون، دواتر بەم تازەییە لە سەردەمی (قەرەقۆینلو) و (ئاق قۆینلو) و سەردەمی (عوسمانی) و تورکدا دروست بوون و ناوی تازەن، وەك (ساوجبلاغ، ئیسماعیل قولی، قەرەجولون، قەرەبابا، خۆشقدم)، بەوانەدا وادیارە سەرچاوەی ئەم کتێبە تازە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.

ئەو ڕووداوانەی لەم کتێبەدا هەیە هیچ کام لە مێژوونووسە بڕوا پێکراوەکان باسیان نەکردووە، وەك (ئیبن کەسیر، ئیبن ئەسیر، تەبەری، ئیبن ئەعسەم، بەلازەری، یاقوتی حەمەوی، ئیبن خەلدون، خزری بەگ، کارل بروکلمان و ویل دیورانت...هتد).

ئەو (سەحابانە)ی ئەو باسیان دەکات، گوایە هاتونەتە کوردستان و شەڕیان کردووە و شەهید بوون، ڕاست نیە، هیچیان نەهاتونەتە کوردستان و زۆربەیان بەشەهیدیش نەڕۆیشتون و ساڵەکانیشی ڕاست نین. ئەو پاشایانە یان ئەو حکومەتە کوردیانەی ناویان هاتووە، هیچ مێژوونووس و مێژوویەك باسیان ناکات و ناویان نەهاتووە، جگە لەو کتێبەدا. یەکێکی تر لە هەڵە گەورەکان دەڵێ: لەشکری ئیسلام، ساڵی (٢٥)ی کۆچی ڕوویان کردە کوردستان، بەمەرجێ (خالید)ی سەرکردەیان ساڵی (٢١)ی کۆچی لەشاری (حومس) مرد[٢٣١].

[٢٣١] حەسەن مەحمود حەمەکەریم، کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامییدا، چاپی چوارەم، ٢٠٠٧، ل ٢٣٠.

باسـی هـاتنی سـوپای ئیسـلام دەکـەن بـۆ کوردسـتان، بەهـەموو وردەکارییەکـەوە، تەنانـەت لەگـەڵ لاچـەپی و دووری و ونـی و ئـاڵۆزی شوێنەکەیدا، ناوی زۆر لە دیهات و شاخ و دۆڵ و کانیـاو و چـەم و پاشـا و زانا و باخەوانی کوردیان بردووە، هەر ئەوە جێی گومانە، ئەو وردەکارییـە باسی گرتنی شام و عیراق و تەنانەت یەمەن و نیـوە دوورگـەی عەرەبیـدا. ئەمانە هیچیان مایەی دڵخۆشی نین و جێگای گومانن. لەبەر ئەوە لەلایـەن مامۆستای مێژوونووس (محمەد جەمیل ڕۆژبەیانی– وڵاتگێریی ڕەشەخاکی عێراق) و (حەسەن مەحمود حەمەکەریم– کوردستان لەبـەردەم فتوحـاتی ئیسـلامی دا) دوای ئـەوەی کتێبـەکانی (واقـدی) و زۆر سەرچـاوەی دیکـە گەڕاون، هیچ شتێکیان دەربارەی ڕاستی ناوەرۆکی کتێبەکـەی (عبـدالعزیز واعظی) و (مەلا رەئوف سلیم حەویزی) دەست نەکەوتووە، لەلایەن ئـەوان ڕەخنەیان لێ گیراوە و بـەدرۆ و هەڵبەسـتراویان لەقـەم داوە، لەبەرئـەوەی ئـەم بابەتـە پەیوەنـدی بـەم دەڤـەرەوە هەیـە، ئێمـە سـوود لـەم دوو سەرچـاوەیە وەردەگـرین، لێـرە تـەنیا وەك ناسـاندنێك باسـێکی کـورتی دەخەینەبەرچـاو، پەراوێزیشـی بـۆ دەنووسـین بـۆ ئـەوەی خوێنـەرانی خۆشەویست ڕاستیەکان بزانن و خەڵکی ناوچەکە و کوردیش پێیان وانەبێ چاو لەمێژووی ناوچەکە و نەتەوەکەمان دەپۆشین، قارەمانی و لێهـاتوویی پاڵەوانانی کورد و بەتایبـەت نیشـتمانپەروەرانی ئـەم دەڤـەرە لای هـەموو مێژوونووسان ئاشکرایە و پێویستی بـە گەواهیـدان نیـە، بـەڵام واپەسـندە هەر مێژوویەك تۆمار بکرێ سەرچاوە و ڕاستەقینەیەکی هەبێت، ناوەرۆکی هـەردوو کتێبـی (عبـدالعزیز واعظـی) و (مـەلا رەئـوف سـەلیم حـەوێزی)

سەرچاوەكەی ئەو دەنووسەیە لەماڵی (مەلا سەمەدی مەرگـە) بـووە، هـەر كامێكیان وەربگری وەكو یەكە، بۆ ئەوەی باسەكە درێـژ نەبێتـەوە، ئێمـە كتێبـی مامۆسـتای مێـژوونووس (محمـەد جـەمیل ڕۆژبـەیانی– وڵاتگێڕیـی ڕەشەخاكی عیراق) كە لە فارسیەكەوە وەری گێڕاوەتـە سـەر كـوردی، بـە نموونە وەردەگـرین، هـەر چـۆنێك بێـت پوختـەی مەبەسـت ئەمەیـە: "كـە لەشكری ئیسلام بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا كەوتنە جمین و جوڵە، شیر و تـیر و گـورز و ڕمـی خۆیانیـان سـاودا، بـۆ گیـانی دوژمـن و خـاك و خـۆڵی وڵاتانیان لە خوێندا سوور كرد، ئەوی سەری شۆڕكردبێ و موسڵمان بووبێ یا بەڵێنی سەرانەدانی دابێ، خۆی لە مەرگ ڕزگاركردووە، ئەگەرنا ئـەوەی سەرچڵی كردبێ یا دژی ئیسلام وەستابێ ئـەوا سـەر و سـامان و دارایـی و ناموسی بەرتاڵان و (ئەنفال) كەوتووە".

قسەگێڕەوە (واقدی) وتویە (ئەبوعوبەیدەی جەڕاح) سەرداری سـوپای ئیسلام، پاش داگیركردنی وڵاتی شام دوای ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانی، نامـەی بۆ خەلیفەی دووەمی موسوڵمانان (عومەری كوڕی خـەتاب)[٢٣٢] نووسـیوە، ئایا لەشكری ئیسلام بەرەو (حیجـان) بگەڕێتـەوە؟ یـا ڕوو بكاتـە عـێلات و

[٢٣٢] عومەری كوڕی خەتاب: دووەمین خەلیفەی موسوڵمانان، یەكێكە لە گەورە پیاوان و ئازایانی یارانی پێغەمبەر(د.خ)، ساڵی ١٣ ك پاش مەرگی ئەبوبەكر بووە بەخەلیفە، لەسەردەمی ئەودا هەموو وڵاتی شام بەتەواوەتی لەڕۆم داگیر كرا، عیراق لەساسانی داگیركرا، بەشی زۆری ئیران و میسریش هەر لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا داگیركرا، ساڵی (٢٣ك) فەیروزی نەهاوەندی (أبو لؤلؤ) هەڵی كوتایە سەری و بەشمشێر لێی دا برینداری كرد، چونكە شمشێرەكە ژەهراوی بوو چاك نەبووەوە و مرد. —ڕۆژبەیانی، وڵاتگێری ڕەشەخاكی عیراق، ل ١٩.

**خێڵەکانی کوردی ناو چیا؟ نامەکەی داوەتە دەست (عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس جوهەنی) و ناردوویە بۆ (مەدینە)، خەلیفەی دووەمی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب)، لەوەڵامی نامەکەیدا نامەی نووسی بۆ (ئەبوعوبەیدەی جەڕاح)[٢٣٣] لە (وڵاتی شام)[٢٣٤] پیرۆزبایی لێ کرد و فەرمانی دایێ لەسەر نەبەردی ئیسلام بەردەوام بێ: چوار هەزار سوار بخاتە ژێر فەرماندەی (خالد بن ولید)[٢٣٥] و دەستەیە لەم سەرانەی**

---

[٢٣٣] ئەبوعوبەیدە: عامر عەبدوڵڵا جەڕاح لەتەمەنی ٢٧ساڵیدا موسوڵمان بووە، لە (شەڕی بەدر)دا هاوبەش بووە، کە پێغەمبەر بریندار کراوە و دوو گرێی زرێکەی چووە بەناو زگیا (ئەبوعوبەیدە) زرێکەی بەددان ڕاکێشاوە و دوو ددانی پێشەوەی شکاوە، پاشان عەمری کوڕی عاس لەسەردەمی پێغەمبەردا لەدەوروبەری شام تەنگەتاو کراوە، پێغەمبەر خۆی ئەبوعوبەیدەی ناردووەتە فریای، کە ئەبوبەکر بووە بە خەلیفە ئەبوعوبەیدەی کردووە بەسەرداری لەشکرەکەی شام ساڵی ١٨ك لە (عەمواس شام) بەدرمی پەتا (طاعون) مردووە، نەگەیوەتە کوردستان، ئەوەی لە کوردستاندا قاوەکە گوندی (عەبابەیلێ) بەناوی ئەوەوە یە درۆیە.بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ١٩.

[٢٣٤] شام: لەسەردەمی کۆندا ناو بووە بۆ ئەم وڵاتانەی ئێستا ( سوریا، فەلەستین، ئوردن، لوبنان) لەلایەن خەلیفەی یەکەمی موسوڵمانان ئەبوبەکری سدیق، سوپایەکی چوار لەشکری ئیسلام بەسەرداری ئەبوعوبەیدەی جەڕاح و فەرماندەیی یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان، عەمری کوڕی عاس، شورەحبیل کوڕی حەسنە، (نیردرا بۆ داگیرکردنی) شام، هێزەکانیان لەسەرەتادا بەرامبەر بەسوپای ڕۆم شکستی خوارد، ئەبوبەکر فەرمانی دا بە (خالید کوڕی وەلید) کە لە شەردا بوو لە دژی ( مناذرة)ی فەرمانڕەوای حیرە (سواد العراق) ی ژێر دەسەڵاتی ساسانی، سوپای ئیسلام جێ بێڵێ بۆ (مثنا حارثة) خۆی و هێزەکەی بەپەلە بگاتە فریای (ئەبوعوبەیدە) لەشام، خالید (شثاثة) (عەین تەمر)ی بەجێ هێشت و بەسەر ئەنبار و حەدیسەدا ڕووی کردە شام و بەسەر سوپای ڕۆمدا زاڵ بوون، و کەوتنە داگیرکردنی وڵاتەکە زۆری پێ نەچوو ئەبوبەکر مردو عومەر بوو بە خەلیفە خالیدی گۆشەگیرکرد.

[٢٣٥] خالید کوڕی وەلید: ساڵی حەوتەمی کۆچی موسوڵمان بووە، لەوەبەر یەکێ بوو لەفەرماندەکانی قوڕەیش، دژی پێغەمبەر جەنگیوە لەشەڕی ئوحوددا، ساڵی ٨ ك لەشەڕی موئتەدا ئازایەتی نواند، لەبەرئەوە پێغەمبەر ناوی نا (شمشێری هەڵێشراوی خوا= سیف الله

ئیسلامی لەگەڵ بنێریّ، (زوبەیری کوڕی عەوام)[٢٣٦]، (فەزڵ کوڕی عەباس)[٢٣٧]، (میقداد کوڕی ئەسوەد)[٢٣٨]،(عبدولڕەحمان کوڕی

---

المسلول)، لە شەڕەکانی داگیرکردنی (مەککە) و (حونەین) و (تائف) دا هاوبەش بووە، ئەو بوتی (عوزرا)ی لە (نەخلە) ڕوخاند، ساڵی ١٠ك پێغەمبەر ناردوویە بۆ (نەجران) پاش مەرگی محەمەد(د.خ) ئینجا خەلیفەی یەکەم (ئەبوبەکر) ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوانەی لەدین هەڵگەڕاونەوە (اهل الردە)، ساڵی ١٢ك ناردوویە بۆ داگیرکردنی عیراق، سەرەتا (حیرە)ی پایتەختی نەعمانی (منازیرە)ی داگیر کردووە، لەسەردارانی عەرەبی ژێر دەستی ساسانی بوو پاش (حیرە)، (شثاثة) (عەین تەمر)ی داگیرکردووە، ساڵی ١٣ك ئەبوبەکر ناردوویە بۆ فریای (ئەبوعوبەیدە لەشام) خالید کە بووە بە سەرداری لەشکری ئیسلام (زەراری کوڕی ئەزوەر)ی ناردووە بۆ سەر (مالك کوڕی نوەیرە) و لەشەڕا کوشتویە، خالید ژنە جوانەکەی مارە کردووە، ساڵی ١٤ك عومەری کوڕی خەتاب بووە بە خەلیفە لەسەر ئەو کارە ناشیرینە خالیدی لەسەرداری لەشکر لاداوە، هەر لەشام ماوەتەوە، ساڵی ٢١ ك لە (حومس) مردووە، پاش خۆی (سلێمانی کوڕی) و هەموو بنەماڵەکەی نزیکەی ٨٠ کەس بوون، هەموویان بە پەتا نەخۆشی (طاعون) مردوون، هەر کەس بەنەژاد خۆی ببەستیّ بەخالید کوڕی وەلید درۆ دەکات، ئەوانە لە خالیدیە کوردەکانی کۆنن (اسد الغابە١٠٤/٢– نهایە الادب ٣٥٦/٢الاصابە فی معرفە الصحابە ٤٢٥/٢. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ١٩.

[٢٣٦] زوبەیر کوڕی عەوام: لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا موسوڵمان بووە، لەتەمەنی ٦٤ ساڵیدا لەشەڕی (جمل) دا کوژرا، گۆڕی لەشاری بەسرەیە، زوبەیر کوردستانی نەدیوە درۆیە.بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٦.

[٢٣٧] فەزڵ کوڕی عەباس: ئامۆزای پێغەمبەر بوو، ئەو ژنی بۆ خواست و مارەیی بۆدا، لە (حجەالوداع) لەگەڵی دابوو، لەشام لەشەڕی (ئەجنادین) کوژرا، کوردستانی نەدیوە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٦.

[٢٣٨] میقداد کوڕی ئەسوەد: ناوی باوکی (عەمر کوڕی سەعلەبە)یە (لەماڵی ئەسوەد گەورە بووە) پێغەمبەر خۆشی ویستووە، کچێکی ئامۆزای خۆی داوەتیّ، لەشەڕی بەدردا هاوبەش بووە، لەسەردەمی خەلیفەی سێیەم (عوسمان)دا لەشەڕی میسردا هاوبەش بووە و لەویّ مردووە، هێنراوەتەوە مەدینە خەلیفە نوێژی لەسەر کردووە لە ساڵی ٣٣ك، ئەو گۆڕەی لە

ئەبوبەکر)[٢٣٩] .(عەبدوڵڵا کوڕی عومەر) [٢٤٠] (زەراری کوڕی ئەزوەر)[٢٤١]بکەونەڕێ بەرەو شار و دێهاتی چیا و دژەکان، ئەوەشی نووسی، بیستومە کوردەکان سێ پاشایان هەیە ناویان (فەڕوخ خان)[٢٤٢] و

---

شارەبانە هی کابرایەکی (شێخ میقداد) ناوە، ئەو نەهاتووە بەرەو کوردستان. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل٢٤.

[٢٣٩] عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر: لەشەڕەکانی بەدر و ئوحود دا بووە، لەگەڵ خالید لە شەڕی یەمامە هاوبەش بووە، لەشەڕی (جمل) دا پشتیوانی عایشەی خوشکی بووە دژی ئیمامی عەلی، پاشان (موعاویە) داوای لێ کردووە ڕابدات بۆ (یەزید) ئەم کارەی نەکردووە، ساڵی (٥٣ یا ٥٥ك) لە مەکە مردووە نەگەیوەتە کوردستان درۆیە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل٢٤.

[٢٤٠] عەبدوڵڵای کوڕی عومەر: ساڵی سێی پاش ( بعثت) لەگەڵ باوکی کۆچی کردووە بۆ مەدینە، لەهەندێ شەڕی دژی قوڕەیشدا تێکەڵ بووە، چاك و لەخوا ترس بووە، دژی ناڕێکی و شەڕی نێوان عەلی و عایشە بووە، ساڵی ٨٣ یان ٨٤ك لەمەکە مردووە، ئەوەی گوایە هاتووەتە کوردستان و گۆڕی لە (قەرەچوغە) و ئەوەی کە بە (عەبدوڵڵای عارەبی) بەناوبانگە هەمووی درۆیە.بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٤.

[٢٤١] زەراری کوڕی ئەزوەر: سوارچاك و ئازا بووە، لەشەڕەکانی یەرموك و داگیرکردنی شامدا لەگەڵ خالید بووە، ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ (بەنی ئەسەد) لەوێ ژنێکی جوانی داگیرکردووە، خالید بەئاشتی بۆی مارە کردووە، ئەوەی کە قاوە گوایە هاتووەتە کوردستان و لەوێ مردووە، درۆیە کوردستانی نەدیوە، خالید لەشام ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ (مالك کوڕی نویرە) کوشتویە و خالید ژنە جوانەکی خواستووە، زەرار کابرایەکی شەڕابخۆر و مێباز بووە و لەشەڕی (یەمامە)دا کوژراوە.بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٤.

[٢٤٢] فەڕوخ خان: بەم ناوە لە دەورانی ساسانیدا سێ کەس هەبووە، (فەڕوخ خان) فەرماندە ساڵی ١٥ك لە (سورات) بابل کوژرا، (فەڕوخ خان) ئەهوازی ساڵی ١٤ك لەشەڕی قادرسیەدا کوژرا، (فەڕوخ خان) برای (شەهربەرازی) فەرماندەی پەروێزی شای ئێران، ئەمانە هیچیان لە

(مالك هەشتەڕ)[٢٤٣] و (دانی کورە)[٢٤٤]، داوایان لێ بکەن، یا پــەیڕەوی ئـاینی ئیسلام بکەن، یاخود سەرانە بدەن، ئەگەر ئەم مەرجـەیان پەسـند نـەکرد شەڕیان لەگەڵ بکەن، جگـە لـەوەش بیسـتومە لـە (مـەرجێن) (پـەترەکێ) هەیە، ئەویش هەر ناوی (فـەڕوخ خـان)ە، سـتەمکار و سەرکێشـە، لەسـەر چیایەکی بەرز دژێکی زۆر قایم و سەختی هەیە. دوای ئـەوەی (عەبـدوڵڵای

---

کوردستان نەکوژراون، (فەڕوخ خان)ی خارجی دژی (حەجاج) لە کوردستانەوە هەڵاتووە بۆ ئێران (هەرێمی گەیلان). بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٧.

[٢٤٣] مالك کوڕی ئەژدەر: (هەشتەر، ئەشتەڕ) هەرکامێکیان ڕاست بێ تەنیا (ئەژدەر)ەکە کوردیە، مامۆستا (مەسعود محەمەد) نووسیویە: حاکمی (دوگومان) بووە، کە لە دیوی پشدەری بەشی مەندەمەرایەتی بووە، ئەم قسەیەی مامۆستا مەسعود مێژوو کتێب نیە، قسەی کتێبەکەی مەلا سەمەد و گێڕانەوەی خەڵکە، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: من لام وایە هەر ناوی (مالك کوڕی ئەشتەڕ)ی کوفەییە کە دژی (بەنی ئومەییە)، بۆ خوێنی حوسەین شۆڕشی کرد، زیارەتگاکانی کوردستان چ لە نزیکی (سیوەیل)ی سلێمانی چ لە (پشدەر) هی دەورانی (ئاق قوینلو، قەرە قوینلو، قزلباش) ناوی (دوقمان) هەر(طوقما) یە و تورکیە و لە (سورداش) بووە بە (توکما). بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٧.

[٢٤٤] دانی کور: مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: ناوێکی وەهامان لە فەرهەنگەکانا نەدۆزیەوە، مامۆستا (مەسعود محەمەد) بەپێی کتێبی (مەلا سەمەد) و گێڕانەوەکان دەڵێ حاکمی زۆربەی وڵاتی (پشدەر) بووە، پایتەختی نزیك گوندی (نورەدین)ی ئێستا بووە، لەو ناوە قەڵای (دنگە) هەیە، ئەمیش بێ سەرچاوەی مێژووییە، مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێ: من قەڵای (دنکە) بەیادگاری دایکی پەروێزی ساسانی دەزانم. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٧.

کــوڕی ئەنــــەس جوهــــەنی)[٢٤٥] وەڵامـــی نامـــەی گەیانـــدە (خالیـــد) و (ئەبوعوبەیدە). لـەڕۆژی (٢٠)ی جومـادی یەکـەم سـاڵی (٢٥)ی کۆچـی[٢٤٦] هێزێکی چوار هەزار سوار، لەژێر فەرماندەیی (خالید) لە (نەینەوا)وە ڕووی کردە کوردستان، (هەولێر)ی گرت و دواتر (هەرمۆتە)ی گرت و ڕووی کردە گوندی (ڕۆستەم)[٢٤٧] خەڵکەکە هاتنـە پێشـوازیان و سـەرجەم سـەریان بـۆ ئیسـلام دانەوانـد، لەبەرئـەوە (خالیـد) فەرمانیـدا تـەنیا یـەك شـەو لـەوێ بمێننەوە، بەڵام ئەو شەوە بەفرێکی زۆرباری، ناچار سـوپای ئیسـلام یـەك مانگی تەواو سێ ڕۆژیش پتر لەوێ مانەوە، پاشان بڕیاریاندا لە زێی بچوك بپەڕنەوە، ئینجـا (خالیـد) فەرمانیـدا بـە (ئەبودوجانـە)[٢٤٨]، بچێت بـۆ لای

---

[٢٤٥] عەبدوڵلا کوڕی ئونەیسی جەهەنی لەشەڕی ئوحودا هاوبەش بووە، لەشکاندن و ڕووخاندنی بوتەکانی (بەنی سەلمە) دا هاوبەش بووە، ساڵی ٥٤ك لەسەردەمی معاویەدا لەشام یا لە مەدینە مردووە کوردستانی نەدیوە درۆیە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٥.

[٢٤٦] واعزی ٢٥ ی کۆچی نووسیوە، مەلا ڕەئوف و مەلا محەڕەم هەردووکیان ٢٠ی کۆچیان نووووسیوە، بەڵام شام لە ١٥ ی ڕەجەبی ساڵی ١٤ی کۆچی داگیرکراوە، ١٣ مانگ پاش مردنی ئەبوبەکر و هاتنی عومەر بۆ سەر کورسی خەلافەت.

[٢٤٧] بەقسەی مەلا سەمەد بێت گوندی (میرزا ڕۆستەم)ی ئەم دوایییەیە.

[٢٤٨] ئەبودوجانە: سماك کوڕی خەرشەی ئەنساری سەر بە هۆزی (بەنی ساعیدە)، پیاوێکی ئازا بوو، لەو هێزەدا بوو پێغەمبەر(د.خ) ناردبووی بۆ لەناوبردنی پێغەمبەرە درۆزنە (موسلیمەی کذاب) (وەحشی و ئەبودوجانە) هەڵیان کوتایە سەری و کوشتیان، هەروا (ئەبودوجانە) لەشەڕی ئوحودا خۆی کردە سوپەری پێغەمبەر(د.خ)، هەر تیرێ بۆ محەمەد دەهات (ئەبودوجانە) پشتی دەدایە بەری، گوایە لەشەڕی (دەیلەم)یشدا هاوبەش بووە، ئەمانە دەڵێن: (ئەبودوجانە) بەدەستی کورد کوژراوە، لەسالی ٢٥ك بەڵام ئەم سەرچاوانە وا

(فەرۆخ خـان)ی پاشـای (مـەرجین)، (ئەبودوجانـە) سـوار بـوو، بـەڵام زۆر دوور نەکەوتبووەوە لە وڵاغەکەی کەوتو خوارەوە (زەرار کوڕی ئـەزەوەر) چاوی لێ بوو، وتی وادیارە سەرما کەرەسەی کـردووە، وشـك بووەتـەوە و کەوتووە، (خالید) فەرمووی برۆ بزانە چی ڕووی داوە؟ (زەرار) زۆر بەپەلە چوو بەهانایەوە، سەرنجیدا خوێن بە لەشیدا دێتەخوارەوە و هێشتا گیانی نەسپاردبوو، پرسیاری لێ کرد چ قەوماوە؟ لەوەڵامدا وتـی: کافرێـك بـەتیر ئەنگاوتمی، (زەرار) کەوتە ملۆمۆش و چاوگێڕان دی کابرایێ هەڵدێ، بەغار کەوتەدووی تاگرتی و لێی پرسی: ئـەو پیـاوەت بـۆ کوشـت؟ کـابرا لـەبری وەڵام خەریك بوو تیرێك بگرێتە (زەرار)، بەڵام (زەرار) ماوەی نەدا و گرتی و هێنای بۆلای (خالید)، کە دوواندیان تەقەی سەری دەهـات نەیانـدەزانی چی دەڵێ، ناردیـان لـەدێی (ڕۆسـتـەم) کابرایـەکی عـەرەبی زانیـان هێنـا و

---

ناڵێن (واقدی– لە الردە ص ٧٤)، (ئیبن سەعد– لە الطبقات الکبیر ج٣ ص ٥٥٧)، (بەلازەری– لە فتوح البلدان)، (یەعقوبی– لەمێژوەکەی ج٢ ص ١٣٠)، هەموویان لەسەر ئەوەن (ئەبودوجانە) لە ساڵی ١١ یان ١٢ك لەجەنگی (ئەلرەدە) شەهید بووە، لەکاتی موسەلەمەی درۆزندا موسەلەمە بەبرینداری لە (ئەبودوجانە)یدا و شەهیدی کرد، بەڵام (الکامل) نووسیویە ئەو (سەماك کوڕی خەرشە)یە چووەتە شەڕی (دەیلەم) کابرایەکی ترە، (ئەبودوجانە) نەبووە، کەوابێ ئەبودوجانە نەگەیوەتە کوردستان ئەو گۆڕەی لە ماوشانی قەزوێن زیارەتگایە و گوایە گۆڕی ئەبودوجانەیە، لەبنەڕەتدا درۆیە، گۆڕی ئەو کابرایەی هاوناویەتی، سەیر ئەوەیە کۆلکەمەلاکانی دیهاتی جاران خانمە ئاوسەکانیان دەخەڵەتاند، نوشتەیەکی مەتر درێژیان بۆیان دەنووسی بۆ پاراستنی منداڵەکە لە دێو و درنج بەو نوشتەیان دەوت (ئەبودوجانە) کە منداڵەکەی لەبەرنەچێت. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٢٥.

قسەی لەگەڵ کرد، وتی: ئەم کابرایە خزمی (فەڕوخ خان)ە، هاتووە هەواڵی ئیسلام بزانێ، ئەم سوارەی دیوە کوشتویەتی، (خالید) بەکابرای وت: لێی بپرسە لەشکری (فەڕوخ خان) چەند دەبێ؟ کابرا وتی: (فەڕوخ شا) هەواڵی ناردووە بە وڵاتدا لەشکری بۆ بنێرن بۆ بەرەنگاری دوژمن، هەروا نامەی نووسیوە بۆ (مەلك ئەژدەر) و بۆ پاشای (شیدەر)[٢٤٩] و پاشای (منجورات)[٢٥٠] و سەرانی وڵات، تائێستا دە هەزار سوار و پیادەی بۆ هاتووە، پشتی لەسەر بەرەنگاری و شەڕ بەستووە، پاش ئەم قسانە (خالید) داوای کرد لە کابرا موسڵمان بێت، وتی: نا ئاینی خۆم ناگۆڕم، ئینجا (خالید) دایە دەست (زەرار) و پێی وت: ها ئەوە تۆ و نێچیرەکەت، (زەرار) کوشتی و فڕێی دایە ئاوەکەوە، ئینجا چوون لاشەکەی (ئەبودوجانە)یان هێناو ناشتیان.

## هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر فەرمانڕەوایی فەڕوخ شا

قسەگێڕەوە (واقدی) وتوویە: (فەڕوخ خان) پیاوێکی زۆر ستەمکار و زۆردار بووە، بەسام و بەزەبر ستەمی زۆری لەخەڵك کردبوو، داوێن پیس و چەپەڵ بوو، ناموسی خەڵکی پایماڵ دەکرد، تەنانەت کیژی پاشای (قەرەجاون)ی[٢٥١] ڕاکێشا بوو، بەزۆر داگیری کردبوو[٢٥٢]، سەرەڕای ئەوانە

[٢٤٩] شیدەر کاك مەسعوود و مەلا سەمەد نووسیویانە مەبەست پشدەرە.

[٢٥٠] مەنجورات مەبەست مەنگوراتیە (ڕاست خوا دەیزانێ).

[٢٥١] بەپێی قسەی کاك مەسعوود قەرەجاون (قەڵاچولان)ی نزیك بنگردە بە گەورە قەڵا بەناوبانگە، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: من لام وایە (قەڵاچوالان)ی کۆنە پایتەختی

پاڵەوانێکی بەهێز و زەبەر بەدەست بوو، لە ڕاوشکاردا بەمشت ملی بەراز و ورچی دەشکاند، خوشکێکی هوشیار و زرنگی هەبوو، ناوی (ئەزمیرە) بوو، سەرکار و سەرپەرشتی کاری دارایی وڵات و کشتوکاڵ بوو، دەرئامەدی وڵاتی دەپاراست، لە گوندی (ئەزمیرە) دادەنیشت هەر بەناوی خۆیەوە ناوی نابوو، (خالید) پاش ئەوەی گوێی لەم ڕاپۆرت و گوزارشتە دوور و درێژە بوو، کاغەزێکی نووسی بۆ (فەرۆخ خان): "ئامۆژگاریتان دەکەین موسوڵمان بن، ئەگەر نەتانەوێ موسڵمان بن دەبێ سەرانە بدەن، ئەگەر ئەم دوو مەرجە پەسند نەکەن، بەشەڕ بەسەرتاندا زاڵ دەبین و سەر و ماڵ و دارایی و سامانتان هەموو (ئەنفال) دەکەین، ئێوە نابێ بەدژ و قەڵای سەختەوە بنازن و بایی ببن، ئێمە سەرمان بە (هراکلیوس)[253] و (کیسرا)[254] شۆڕ کرد و تەخت و بەخت و هێز و پێزیانمان تێك دا، هەموو

بابانەلەپشت سلێمانیەوە بەلای باکووردا. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٢.

[252] هەروەك لەپێشەکی دا باسمان کرد زۆربەی کات دوژمنانی کورد هەر کاتێ نەیاتوانیوە بەشەڕ دەرۆستیان بێن و زیانی زۆریان لێ کەوتووە ناو و ناتۆرەی خراپیان بۆ کورد هەڵبەستووە.

[253] هیراکلیوس (٦١٠-٦١٤ز) قەڕاڵێکی بێزەنتی بوو، لەسەر سوریا شەڕی لەگەڵ ساسانیەکان کرد و بەسەریاندا زاڵ بوو، بەڵام بەرامبەر سوپای عەرەب لەشەڕی (یەرموك) دا شکا، و بەرەو ئەستەمبوڵ (قسطنطینیة) هەڵات. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٣.

[254] کیسرا: یەزگورد پاشای ئێران لە (مەدائن و تیسفۆن) بەرامبەر سوپای ئیسلام شکستی خوارد و هەڵات بەرەو کوردستان لە (نەهاوەند) خۆی گرتەوە، پاش شەڕێکی هەرە گەورە

وڵاتیان کەوتە ژێر چنگی ئیسلام، هەموو چیا سەختەکانی ئەرمەنستان داگیر کران" ئینجا نامەکەی بەکابرایەکی گوندی (ڕۆستەم)دا بۆ نارد، کابرای ڕۆستەمی چوو، سوپا دەنگیاندا وتی: پەیکم هێناوە، بەگوریس هەڵیان کێشایە سەر دیواری قەڵا و بردیانە لای (فرۆخ شا) کابرا کەوتە هەڵنان و بەتانا چوونی باسی هێزی ئیسلام، (فەرۆخ شا) دەستووری بە (فسطور)[255]ی نووسەری دا کە هەم کوردی و هەم عەرەبی باش دەزانی نامەکە بخوێنێتەوە، ئەنجام (فەرۆخ) بە کابرای ڕۆستەمی وت: بڕۆ بەسەرۆکی سوپای عەرەب بڵێ: خۆی ماندوو نەکا، ئێمە نەموسوڵمان دەبین، نەسەرانە دەدەین، نەڕێ بەدوژمن دەدەین بێتە ناو خاکمانەوە، ئینجا کابرای ڕۆستەمیان بەگوریس کردە خوارەوە، پاشان سەرنجیاندا سوپای عەرەب خەریکە گەمارۆی قەڵاکە دەدات، (فەرۆخ شا) (فسطور)ی نارد بۆ لای سەرداری سوپای ئیسلام تێی بگەیەنێ بگەڕێتەوە، هێزی ئەوان ناتوانێ زاڵ بێ، (فسطور) چوو بەعەرەبی قسەی لەگەڵ (خالید) کرد، بەڵام (خالید) کۆڵی نەدا و لە هەڕەشە و گوڕەشەکان نەترسا و پێی داگرت، کە (فسطور) ورەی قایمی (خالید)ی بینی، دڵی نەرم بوو لەسەر دەستی (خالید) موسڵمان بوو، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای (فەرۆخ شا) و باسی پێ داگرتن و زات و ورە قایمی (خالید)ی بۆ کرد و ترسی نایە

---

لەوێش شکاو ڕای کرد بەرەو خوراسان و لەوناوەمرد. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٣.

[255] دەبێ ناوەکە (نسطور) بێ لە (نەستۆریۆسی) بەناوبانگەوە هاتبێ نەك ( فسطور).بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی ،ل ٣٣.

بەری، (فەڕوخ شا) هەستی کرد (فسگور) خۆی دۆڕاندووە و موسوڵمان بووە، لەبەر ئەوە بەشمشێر دای لە ملی و کوشتی، لاشەکەی پارچە پارچە کرد و لەقەڵاوە فڕێی دایە خوارەوە، قسەگێڕەوە، وتی: (خالید) کەوتە فێڵی شەڕ، دەستووریدا بەسوپا بگوێزنەوە بۆ گوندی (سنجان)[٢٥٦] سوپا جما و چوو لە (سنجان) لەشکربەزی کرد، خەڵکی ئاوایی (سنجان) پێشوازییان لەسوپای ئیسلام کرد و نان و خۆراکیان بۆ خۆیان و ئاڵفیان بۆ وڵاغەکانیان ئامادەکرد، بۆ بەیانی (خالید) (١٠٠) کەسی خستە ژێر فەرمانی (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) و ناردی بۆ (شیدەرە)[٢٥٧] بگرێت، هەروەها هێزێکی خستە ژێر فەرمانی (میقداد) و ناردی بۆ (شهرین)[٢٥٨] هەمووی ڕاماڵیٚ و تالانی بکات، خۆی و ئەو دوای یاران (فەزل، زوبەیر، زەرار، عەبدولڕەحمان، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری)[٢٥٩] بەسوپای گەورەوە ڕوویان کردە (مەرجین= مەرگە) و لەوێوە لە قەڵای (فەڕوخ شا) نزیك بوونەوە، هەر کە (فەڕوخ شا) ئەم هەواڵەی زانی خۆی

---

[٢٥٦] (سنجان) مامۆستا (مەسعودمحەمەد) و (مەلا سەمەد) و (مەلا ئرەئوف) لایان وایە گوندی (سێناجیان)ی ئێستایە، لە پێدەشتی وڵاتی مەرگە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٣.

[٢٥٧] شیدەر: (مەلا رەئوف) کردویە بە(سیدەر)، کاك مەسعود نووسیویە (شیدەر) مەبەست (پشدەر)ە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٤.

[٢٥٨] شهرین: مەبەست (شارستێنە) یەکێکە لە گوندەکانی مەرگە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٥.

[٢٥٩] عەبدوڵڵای ئەبو ئەیوب: بەداخەوە سەرگوزشتەی ئەم یارەمان دەست نەکەوت نەلە (الاصابە) و نە(الاستعاب) دا. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٤.

ئامادە کرد و سەرلەبەیانی زوو بە (٥٠٠) جەنگاوەرەوە لە قەلاّ هاتە خوارەوە و دەستووریدا بەتیرهاوێژان سوپای عەرەب سەرکوت بکەن، ئینجا شەڕ گەورە بوو، هەرا و هوریا لەهەموو لاوە بەرز بووە، سوپای عەرەبیان شکاند و گەڕانەوە قەلاّ، (خالید) بەم شکستە زۆر شڵەژا و دلگیر بوو، بەلاّم کەوتە هاندان و ئافەرینیان وتی: ئاینی ئیسلام قوربانی زۆری دەوێ، کۆڵ مەدەن، ئینجا خۆیان (خالید) و سەران چوونە مەیدان، لەپڕ پاڵەوانێ خۆی هەڵدایە سەرپشتی (خالید) و نەڕاندی، (خالید) خۆی ڕاپسکاند و شمشێرێکی بۆی داهێنا بەر تاس کلاّوەکەی کەوت و شمشێرەکە بوو بەدوو کەرتەوە، ئینجا بووبە زۆرانبازیان، (خالید) کابرای خست، شەڕەکە بەسەختی چەند ڕۆژ دەوامی کرد، (فەڕوخ شا) و سوپاکەی بۆ حەسانەوە چوونەوە ناو قەلاّکە، سوپای ئیسلامیش حەسانەوە، (عەبدوڵلاّ کوڕی عومەر)یش کە چوو بووە (شیدەرە) گوند و ئاواییەکانیان هەموو تالاّن کرد بوو، گەیشت و تالاّنی زۆری هێنا بوو، چڕ و سەلاّوات دەستی پێ کرد (مەبەستی بنەڕەتی هەر ئەوە بوو) شەو لەناوێ کابرایێ کەناوی (بەیرون کوڕی بارام)[٢٦٠] بوو خۆی و دوازدە کەس لە خزمانی لەقەلاّوە هەلاّتبوون و چووبوون موسوڵمان ببوون، ئەم کارە (فەڕوخ خان)ی زۆر شڵەژاند، لەبەر ئەوە خۆی لە قەلاّ هاتە خوارەوە و شالاّوێکی توندوتیژی کرد، کە شەڕ گەرم بوو لەم حەلەدا (میقداد) لە

---

[٢٦٠] بەیرون کوڕی بارام: ناوەکە دەبێ هەڵەبێت و ڕاستیەکەی (پیرۆت کوڕی بارام) بێت مامۆستا (مەسعود) نووسیویە قەبری (پیرۆتەسور) لە ولاّتی مەرگە مەشهورە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، ولاّتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٥.

تالآنی (شهرین) دەگەڕایەوە، کەوتە شەڕەوە، (فەڕوخ شا) کە دی لای پشتەوەشی لێ گیراوە، شڵەژا و سەری لێ تێکچوو، تەنانەت دەستووری دابوو خێزانی ئەو دوازدە کەسە و خزم و کەسیان قەڵاچۆ کرا بوون، فیغان و گریان و زاری دەگەییە کەشکەلانی فەلەك، (میقداد) لای پشتەوە کەوتە کوشتار، هەر دوولا خەڵکێکی زۆریان لەدەستدا (فەڕوخ شا) (مەرجین)ی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ قەڵاکەی، (میقداد) بەهێزەکەیەوە کەوتە دوایان بەرەو چیا سەختەکان، ئینجا کەچوون سەرژمێری کوژراو و بریندارەکان بکەن سەرنجیاندا لاشەی پەنجا پیاو ماقوڵی کورد بەجێ مابوو، بەڵام تەنیا دوو کەس لە یارانی (میقداد) کوژرابوون، هەردووکیان لە عیلی (طەی) بوون، ناویان (حارپ و عباد)[٢٦١] بوو، (فەڕوخ شا) ئەو شەوە لەقەڵاوە پەیکی نارد بۆ لای (ئەزمیرە)ی خوشکی گوندی (ئەزمیرە) بەجێ بێڵێ، گرانبار و سامان و دارایی وڵات بگەیەنێتە لای (مالك ئەشتەر)ی مامی ئەو پاشای (دوقومان) بوو، ڕاشی سپارد بۆی بگێڕێتەوە لێرە چ قەوماوە، کابرای ئەسپەردە هەواڵی گەیاندە (ئەزمیرە)، جا ئەو ژنە هوشیارە، سامان و دارایی کۆکردەوە و چوو هەواڵی شەڕی گەیاندە گشتیار و فەلاحەکان، هەندێکیان لەگەڵی باریان کرد و هەندێ سەرپێچیان کرد، سەرەنجام (ئەزمیرە) گەیشتە لای مامی (مالك ئەژدەر)

---

[٢٦١] نووسەری ئەم داستانە تەنیا ناوی عیلی (طەی) زانیوە، هەندێکیان لە دەشتی قەراجی هەولێرن ئەم عیلە عەرەبانەی لە(قەراج) و (حەویجە)ن لە(شەمەر)ەوە تا (ئەلعەزە) هەموو لەسەردەمی عوسمانی دا هێنراونەتە کوردستان. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٦.

و هەموو باسی بۆ گێڕایەوە، مالك زۆر بەپەلە نامەی نووسی بۆ پاشایانی هەرێمە دوورەکان، داوای کۆمەك و یارمەتی کرد، ترسی تەواوی خستە مێشکیان، (فەڕوخ شا) خۆی لەگەڵ سپێدەی بەیاندا لەقەڵا هاتە خوارەوە، بەهەموو هێز و سوپای خۆیەوە هەڵی کوتایە سەر سوپای عەرەب، (خالید) فەرمانیدا بە بەرەنگاری، شەڕ گەرم بوو، لەهەردوولا کوشتار زۆر بوو، تەنانەت ئەم سەردارانەی سوپای ئیسلام هەموو شەهید بوون، (فەزل کوڕی عەباس، زوبەیر کوڕی عەوام، زۆری تر) ئینجا (بەیرون) گەڕایەوە شوێنی خۆی، پاش ئەم شەوە (خالید) سوپای کۆکردەوە، ئافەرینی لێ کردن بەرامبەر بە سەرکەوتن بەسەر ئەو کوردانەدا کە لە ئازایی و دلێریدا بێ هاوتان، یاران داوایان لێ کرد بنوسێ بۆ (ئەبوعوبەیدە) هێزیان بگەیەنێتە فریا، (خالید) گووتی: ئێمە تائێستا لاواز نەبووین، ئەگەر هەست بەلاوازی و شکست بکەین، هاوار دەنێرین بۆ هێزی (خەرصط) بەفەرماندەیی (قەعقاع)ە[٢٦٢] لە(شارەزوور)، داوای یارمەتی و کۆمەك دەکەین، لەولاوە (فەڕوخ خان) پاڵەوانانی کوردی کۆدەکردەوە و پێیدەوتن: ئەم عەرەبانە بەسەر زۆر وڵاتان زاڵ بوون، وەها بەباش دەزانم بەرلەوەی بەسەرماندا زاڵ ببن و دارایی و سامانمان هەموو تاڵان بکەن، هەرێمی (مەرجین) بەجێ بهێڵین و بچینە دوگومان و

[٢٦٢] قەعقاع لە ساڵانی (١٦-١٧ك) (٦٢٧-٦٢٨ز) هەرێمی (حەلوانی) لەدوای جەلەولا (گولولالا) داگیرکرد، ئەو نەگەیوەتە (شارەزوور) ئەوانەی ڕوویان کردە (شارەزوور) (عیزرە کوڕی قەیس) و (عورتبە کوڕی فەرقەد) بوون و (شارەزوور)یان بەرێککەوتن و ئاشتی داگیرکرد. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٧.

خۆمان لە بەدکرداری و بەدڕەفتاری عەرەب ڕزگار بکەین، خۆتان دەزانن ئێمە، ئەم هەرێمەمان لەسەرەتادا (واتا سویسنی و جالکون)[٢٦٣] لەئەرمەنستان دابڕیوە و داگیرکردووە، سەردارانی وڵات، قسەکانی فەڕوخیان پەسند کرد و بڕیار درا شەو قەڵا چۆڵ بکەن، برایەکی (فسطور)ی نووسەری فەڕوخ کە موسوڵمان ببوو فەڕوخ کوشتبووی، هەر ئەو شەوە هەواڵی بردبوو، بۆ سەرانی ئیسلام.

## کوژرانی فەڕوح شا و لەناوچوونی سوپاکەی

(خالید) کە زانی فەروح شا نیازی کشانەوە و جێهێشتنی قەڵاکەی هەیە، فەرمانی دا بە (عەبدوڵڵا کوڕی عومەر) و (میقداد) بەدوو هەزار سوارەوە ڕێگاکان بگرن، هەر ئەو شەوە هەردوو سوپا تووشی یەك بوون دایان بەیەکدا، (میقداد) بەسەر (فەڕوخ)دا زاڵ بوو، کوشتی و سوپاکەی ورەیان بەردا و هەڵاتن و بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان ڕوویان کردە چیای (ئەزمیرە) و بەشێکیان گەڕانەوە ناو قەڵاکە، (عەبدوڵڵا) کەوتە دوای ئەوانەی بەرەو پێ دەشتەکان هەڵاتبوون، زۆری لێ کوشتن و ئەو دوای لێ بەدیل گرتن، زۆریان خۆیان خستە شیوێکی قوڵەوە، کە ڕووباری پێدادەچوو بڵاوبوونەوە، لەشیوەکەدا دوو ئەشکەوتی زۆر گەورە هەبوو،

---

[٢٦٣] سوسنی و جالکون: لە فەرهەنگەکاندا دەست نەکەوت، لە (ئەرمەنستان) دابڕیوە و داگیر کردووە (نازانرێت مەبەستی لەکوێیە) ئەگەر مەبەستی (مەرگە) بێت ئەوا نووسەر بەهەڵە چووە ئێرە قەت خاکی (ئەرمەنستان) نەبووە، پاش دۆزینەوەی ئەرشیفی (شمشارە) دەرکەوت ئەم ناوچەیە لەدێر زەمانەوە (خوری) یەکان باپیرانی کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، سەردەمێك لەژێر فەرمانڕەوایی (لۆللۆ)کاندا بووە

هاوڕێیـــانی (عەبـــدوڵڵا) (١٥٠٠) مـــەڕیان لـــەو ئەشـــکەوتانە بـــەتاڵانی دەسـتکەوت، ئـەو بەشـەکەی تـری (میقـداد) تەنگـەتاوی کـردن، زۆری لێ کوشتن و زۆری لێ بەدیل گرتن، بـەڵام لـەیارانی دوو کـەس شـەهید بـوون، ناویـان (حـارث و عبـاد) لـە عێلـی (گـەی)[٢٦٤] بـوون، سـوپای ئیسـلام پێشـکەوتن تـا گەیشـتنە زورگ و هەڵـەتێکی چـڕی پـڕ جەنگـەڵ، لەوێـدا کابرایەکی کوردیان لێ پەیدا بوو، نـاوی (برابـەك)[٢٦٥] بـوو(؟) لـەپڕ هـەڵی کوتایەسەر (عومەر کوڕی عەدی)[٢٦٦] هاوڕێی (میقداد) و کوشـتی، (مقـداد) بەم کارەساتە زۆر شڵەژا و دڵگیر بـوو، سـوێندی خـوارد تۆڵـەی بسـتێنێ، کابرا بۆی دەرچوو، (میقداد) کەوتـە دوای، لـەپاڵ بەردێکـدا گرتـی، (مـەلا رەئـوف) دەڵێـت: (میقـداد) لەهـــەر لاوە بـۆی دەچـوو ئـەو بـەدەوری بەردەکەدا هەڵدەسوڕا، (میقـداد) مانـدوو بـوو بەشمشـێرەکەی وت: ئـەی شمشێر بەخوای گەورەت سـوێند دەدەم، لـەو بـەردەت ڕادەکێشـم دەبـێ بیبڕیـت، دەنـا لای خـوا شـکاتت لێ دەکـەم، ئـەنجا، وەك هـەوری بـەهار گرمانـدی و شـیری لەبـەرددا، ئەوەنـدە بـەقارەوە شـیرەکەی بـۆ داهێنـا

---

[٢٦٤] حارث و عباد: ئەم دوو کەسە کەمێك پێشتر کوژرابوون، ئەوا بۆ دووەم جار بەکوشتی دان، وەك مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێ وا دووبارە بەهیمەتی نووسەری ئەم سیپارەیە جارێکی تر زیندووبوونەوە بۆ کوشتنی کوردی کافر و تاڵان کردنیان.

[٢٦٥] برابەك: (محرەم مەلا سەمەد) نووسیویە (باربك) ڕەنگە هەردووکیان هەڵەبن.

[٢٦٦] عومەری کوڕی عەدی: مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێت: ئەم ناوەمان لەفەرهەنگەکان و ناوی یاراندا (الاصابە) و لە (الاستعاب) نەدۆزیەوە، تەنیا لە (الکامل) (ئیبن الئەسیر)دا (عومەری کوڕی عەدی) ئەمیری (حیرە) سەرۆکی (رەبیعە) بووە، بەدەستی ساسانیەکان کوژراوە، لەیاران نەبووە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، ولاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٨.

پاڵەوانە کوردە کە و خودی بەردەکەی لەت کرد(؟)[٢٦٧]، ئینجا بەناو باخ و جەنگەڵەکەدا سوڕا، لەپڕ کابرایەکی پیری پەڕپوتی دی ناوی (کەڕاکەڕ)[٢٦٨] بوو، هەواڵی کوردەکانی لێ پرسی وەڵامی نەدایەوە، لێی پرسی: تۆ چ کارەی وتی: من باغەوانی (فەڕوخ خان)م، (میقداد) وتی: من (فەڕوخ)م کوشت و سوپاکەیم تەرتە و پەرتە کرد، کابرا هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وتی: خۆزگە تافی جوانیم دەبوو، هەر بەبەرد سەری هەمووتانم دەهاڕی، (میقداد) لێی پرسی: ناتەوێ موسوڵمان ببی؟ وتی: ئێمە بەندەی ئەو خۆرە جوانەین، ئەو ڕووناکیە جیهانیە، ئینجا (میقداد) بەشمشێر دای لەملی پەڕاندی، پاش ئەوە گەڕایەوە لاشەی (عومەر عەدی) بنێژێ، پێنج کەسی تریشی لە یارانی دۆزیەوەکە کوژرابوون، (سالم، عەبدولقادر، وائلە، سەعد، جوندوب)[٢٦٩] پاش ئەوە (خالید) سێ ڕۆژی تەواو لە قەڵاکەی (فەڕوخ) دا حەسایەوە.

قسەگێڕەوە دەڵێ: هەواڵی کوژرانی (فەڕوخ شا) گەیشتە (مالیکی ئەژدەر) کە سوپاکەی شکستی خواردووە و پشتیان کردووەتە دوژمن، چەندین نامەی نووسی بۆ پادشایانی (سوسنی) پێیان دەگوت ( سوسن پاشا) و بۆ پادشای (ڕەبەت) کە خاکی گەورەکانە و ناوی (قەیروان) بوو،

---

[٢٦٧] حەسەن مەحمود حەمە کەریم، کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، چاپ چوارەم، ٢٠٠٧ ل ٣٦٥

[٢٦٨] کاك مەسعود نووسیوە (کوڕ کوڕ) بەرزترین لوتکەی شاخی ڕیزە چیای ئاسۆسە کەبەسەر (مەرگە)دا دەنواڕێ تۆ بڵێی ئەو ناوە یادگاری (کڕکڕ) بێت، یا کەلاری کوڕکوڕی پێوە نیشتبێ. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٩.

[٢٦٩] وادیارە (مەلا رەئوف) و (مەلا محەرەم) ئەم ناوەیان بەهەڵە یاداشت کردووە لە کتێبە مێژووییەکانی باسی شەڕەکانی وڵاتی چیا (کوردستان) دەکەن تۆمار نەکراوە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، ل ٣٩.

مەشهوور بە (خضیر)[٢٧٠] و بۆ پادشای (پشتدەر)– هەرچەندە لەگەڵ یەك دوژمن بوون– هەروەها بۆ پادشای (دوگومان) ئەگەرچی خۆی نەهاتە هاوار، کوڕەکەی نارد بەهێزەوە بۆ مەرگە (مەرجین) سوپای کورد هەموو لە (ئەزمیرە) سوپا بەزیان کرد، (خالید) هەواڵی زانی لەشکری پاشای (دوگومان) پازدە هەزار کەسە، سوپای ئیسلامی ساودا بەرامبەر سوپای کورد دامەزران، سەرەنجام سوپای ئیسلام ڕووی کردە سوپای کورد و شەڕ گەرم بوو، (زەراری کوڕی ئەزوەر) سەرنجیدا فەرماندەیەکی بەرچاو کەوت، خەریك بوو دەستوور و فەرمانی دەدا، هەڵی کوتایە سەری و بەرِم کوشتی، گوایە ئەوە (قەیوانی پاشا)ی (ڕەبەت) بووە، (فەزڵ کوڕی عەباس)یش خۆی گەیاندە (پاشای مەنجوران) و کوشتی، (عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبوبەکر)یش هەڵی کوتایە سەر (فەیرووزی کوڕی مالك ئەژدەر) و کوشتی، سوپای کورد کە زانیان سەرانیان کوژران شکستیان خوارد و هەڵاتن، سوپای ئیسلام ڕاویان نان بەرەو گوندی (قەرەبابا)[٢٧١] ئاغاکەی هەرناوی (قەرەبابا) بوو، گوندەکەیان تالان کرد و ئاغاکەیان کوشت و چوونە سەرچاوەی ئاوەکە باغاتی هەنجیر و هەنار بوو. لەوێ حەسانەوە

---

[٢٧٠] خضیر: ئەم ناوە عەرەبیە لەوەرگێڕانە فارسیەکەی (مەلا عەزیز)دا (هەزووری) نووسراوە لەگەڵ ناوی (قەیوان) تورکیە کە زۆر هەموارترە، ئەوەش ئاشکرایە ناوی تورکی تا دەورانی سەلجووقی لە وڵاتی کوردستاندا باو نەبووە.

[٢٧١] قەرەبابا: ناوی (قەرەبابا) هی دەورانی تورکمانەکانی (ئاق قۆینلو) و (قەرە قۆینلو) و (قزلباش)ە، لەوەوبەر تەنانەت لەسەردەمی سەرەتای موسولمانێتیدا ناوی وەها لە کوردستاندا نەبووە، کاك مەسعود نووسیویە: ئەم گوندە لەم دواییەدا ناوەکەی گۆڕدراوە بووبە (قەرەتەپە) و نزیکەی ٦٠ ساڵێك لەمەوبەر لەناکاو ئاوی گوندەکە وشك بوو خەڵکەکە گواستیانەوە بۆ دێی (مەمەندئاوا) ئەم گوندانەش کەناویان نووسراوە هەموویان لەدەشتی (مەرگە)دان ڕەنگە لە (ئەزمر)ەوە بەسواری سەعات و نیوێك بن واتا ١٢کم.

(عەبدوڵڵا کوڕی عومەر)یش لەولاوە تالآنی خۆی هێنا و هەموو لەپاڵ چیاکە حەسانەوە و کەوتنە نەفرین و جنێو بەو کوردە سەرسەختانەی سەریان شۆڕ نەدەکرد[٢٧٢].پاشان لەشکری ئیسلام لەگەڵ کوردەکان کەوتە شەڕ، (عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەیوب)ی ئەنساری[٢٧٣] کوژرا، (خالید) بەم هەواڵە زۆر شڵەژا و نیگەران بوو، لاشەی کوژراوەکانیان شاردەوە و سێ

[٢٧٢] سەیرە سوپای ئیسلام جێگەیەکیان بۆ داگیر نەکرابێ یا خەڵکەکەی زوو سەریان شۆڕ نەکردبێ کەوتبنە نەفرین و جنێودان.

[٢٧٣] لەبەرامبەر قەلآدزێ لەسەر چیای ئاسۆس گوندێك هەیە بەناوی (سەرچیا) گۆڕێکی لێیە بەناوی (ئەسحابە عەبدوڵڵا) گوایە سەحابەی پێغەمبەرە و ناوی (عەبدوڵڵای ئەبوئەیوبی ئەنساری)یە، لەجەنگێکدا شەهید بووە لەسەر ئاوەکە، سالآنە دەیان کەس دێن بۆ زیارەتی، خێرو مەولودی بۆ دەکەن بەتایبەت ژنان داوای مندال بوونی لێ دەکەن، وەکو پێشتر وتمان لەسەرچاوە مێژووییەکان ناوی عبدوڵڵامان دەست نەکەوت بەڵام (ئەبو ئەیوبی ئەنساری) ناوی (خالد کوڕی زەید کوڕی کلیب) لە (بەنی نەجار)ە، لەسەحابە بەرزەکانە، (ئەبو ئەیوبی ئەنساری) یەکێ بوو لە گەورە پیاوانی مەدینەی مونەوەرە پێغەمبەر(د.خ) لەمەککەوە گوێزایەوە بۆ مەدینە لەسەرەتادا لەماڵی ئەم پیاوە دابەزی، یەکێك بوو لە (ئەنسار)، بەڵام وادیارە لەدواییدا لەگەڵ (معاویە)دا چووەتە شام هەر لەبەر ناو و نازناوی بوو معاویە داوای کرد (سەرەڕای پیری و فەرتەتی) لەگەڵ (یەزید) بچێت بۆ داگیر کردنی (قستنتینیە= ئەستەمبوڵ) ئەوە بوو هەر لەوێ مردوو گۆڕستانەکەی لەوێ بەناوبانگە، (عەبدوڵڵا) نەهاتووە بۆ کوردستان درۆیە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی، وڵاتگیری ل ٤١. ئایا (ئەبا ئەیوب) کوڕی هەبووە ناوی (عەبدوڵڵا) بێت، لەسەردەمی خەلیفە عومەر دا هاتبێتە کوردستان و شەهید کرابێت، (حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، خاوەنی کتێبی کوردستان لەبەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا لەلاپەرە ٣٩١ دەڵێت: دوای گەڕانی زۆر لەسەرچاوەکاندا بەو ئەنجامە گەیشتم (ئەبوئەیوب )کوڕی نیە ناوی (عەبدوڵڵا) بێت، تەنیا (ئیبن سەعد) کاتبی واقدی دەڵێت: (ئەبو ئەیوب) تەنیا کوڕێکی هەبوو ناوی (عەبدولڕەحمان) بووە نەك (عەبدوڵڵا)، ناوی سەحابە عەبدوڵڵا لەچیەوە هاتووە، لەڕاستیدا ئەو دەست نووسە هەڵبەستراوە بوو (مەلاسلیم حەوێزی) و (عەبدولعەزیز واعزی) ئەو باسەیان دروست کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوە.

ڕۆژ لەوێ مانەوە، پاشان (خالید) (زەراری کوڕی ئەزوەر)ی گاز کرد و (٦٠٠) کەسی خستە ژێر فەرمانی و (عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر)یشی لەگەڵ نارد، کەبچنە گوندی پاڵ چیاکە، ئەو چیایەی عەرەبەکەی تیا کوژرابوو، دواتر (خالید) فەرمانی دا بەلەشکری ئیسلام بەرەو (دوگومان) و (شیدەرە) بجمێن و ڕۆیشتن[٢٧٤].





**وێنەی ژمارە (٥٤)، مۆرێکی لاکێشەیی ڕووتەخت، لەمەرگە دۆزراوەتەوە، سەرچاوە: کەمال مەگەیی**

---

[٢٧٤] واقدی، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، جەمیل ڕۆژبەیانی، کردوویەتی بەکوردی و لێی کۆڵیوەتەوە و پەراوێزی لەسەر نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر– ٢٠١١، ل ٢٣– ٣٩.

## گردی ئەزمەرە شوێنەواری شاری کۆن
## قەڵا و کۆشکی ئەزمەرە

گــردی شــوێنەواری (شــاری ئەزمەرە)دەکەوێتــە دامــێن گونــدی (بەردەشان) لەناوچـەی مەرگـە، لەچوارچـێوەی بەڕێوەبەرایـەتی ناحیـەی بنگـرد، گـردی ئەزمـەرە بریتییـە لـەو گـردەی شـاری (ئەزمـەرە)ی کـۆنی کردۆتە کڵاوەی خۆی، ناویەتە بان سەری خۆی و دەکەوێتە سـەر جـادەی گشتی (دەربەندی رانیە– بنگرد)، لە گوندی (بەردەشان)ی تێکدراو بەپاڵ گونـدی دروسـت کـراوی (بەردەشـان)ی تـازە، ئـەم شـارە شـوێنەوارە بـەگوێرەی گێڕانـەوەکان بـەناوی (ئەزمـەرە، یـا ئـەزمیرا، یـا ئەسمـەر) ماوەتەوە، بنەمای ناونانی ئـەو شـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ خوشـکی (فـەروخ پاشا)ی کوردان، بەناوی ئەوەوە ناونراوە، ئەم شارە لەسێ گردی بەسـەر یەکەوە پێکهاتووە، بنکەکانیان پێکەوەن، تەنیا لوتکەکانیان لێـك جیـان، گردی یەکەم لەسەر تەپکی ئەم کردە شوورەیەکی پانی بـەدەوردا کـراوە، پانی دیواری شوورەکەی دوو مەتر بووە، ئـەم گـردە قـەڵای (ئەزمـەرە)ی لەسەر دروست کراوە، ئێستا هەر بەو ناوە ناسراوە، بەدەوری ئەم گردەدا بناغـە و شـوێنەوارێکی زۆری خانووبـەرە و کۆشـك و تـەلار و مـاڵ هەیـە، بوونی شوێنەوارێکی زۆر خانووبەرە لـە دەشـتی دامـێن گـردی ئەزمـەرە و جادە قیرتاوەکـەی ئێسـتا، بەقسـەی جوتیارەکـانی ئـەم ناوچـەیە، کـاتی خۆی ئـەوان کشـتوکاڵیان لـەم شـوێنە کـردووە، بناغـە و لادیـواری تـەواو مابوون، لەئەنجامی کێڵان و کردنیان بەکشتوکاڵ، ساڵ لـەدوای سـاڵ ئـەم بناغانــە هەڵوەشــێنران و لابــران، و زەویــەکانیان لێ خــاوێن کراوەتــەوە،

لەساڵانی هەشتاکانیش لەکاتی ڕاگوێزانی خەڵکی ناوچەکەو تێکدانی شار و دیهاتی ناوچەکە لەلایەن ڕژێمی بەعس ئەوەندەی تر بە (شۆفلێ) ئەو شوێنەوارانە تێکدران و تەفروتونا کران، بەمەبەستی دروست کردنی بنکە (ڕەبیە) سەربازییەکانی، هیچ دووریش نییە بە ئەنقەست و مەبەستی تێکدانی شوێنەوارەکان ئەمەی کردبێت.

جێگای داخە سەر ترۆپکی گردەکە جێگای قەڵاکەی (ئەزمەرە) کێڵدراوە و کراوەتە بێستان و هیچ شوێنەواری بناغەیەکیان لەشوێنی خۆی نەهێشتووە، هەموو شوێنەوارەکانیان بەگردەکەدا خلۆر کردوونەتەوە بۆ خوارەوەی بنی گردەکە، شوێنەوارەکان بەتەواوی تێکدراوە. وەك دەردەکەوێ شوێنەواری زۆربەی زۆری سەرانی ئەم شارە لە گردی یەکەم گردبوونەتەوە و نیشتەجێ بوون، بە گردی (ئەزمیرا) یا (ئەزمەرا) بەناوبانگە، شوێنەاری قەڵا و شوورەکان و باڵەخانە و شوێنە گرنگەکانیان لەوێ دروست کراون[٢٧٥]. دیارە ئەم شارە پێش سەردەمی (فروخ پاشا) و (ئەسمەرە)ی خوشکی ناوێکی تری بووبێت، لەکاتی فەرمانڕەوایی خۆیاندا بەناوی (ئەزمەرە)ی خوشکی (فروخ شا) ناوەکەیان گۆڕیبێت، یاخود دەشێت ئەم شارە نەبووبێت (ئەزمەرە) دروستی کردبێت، بەناوی خۆیەوە ناوی نابێت، ئەو شارە لە نووسینە بزماریەکانی ئاشوور و بابل بەکار هاتووە[٢٧٦].

---

[٢٧٥] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، گەشتی شاری ئەزمەرە و شوێنە دێرینەکان، گۆڤاری شمشارە،ژمارە ٤٦، مانگی ٣ی ٢٠٠٩، ل٨.

[٢٧٦] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

گـردی دووەم پێیـدەوترێت (وەكاشـە) لـەلای سـەرەوەی ئـەم گـردە بناغەیـەك هـەبوو، هەنـدێ لەبـەردەكانی بناغەكـە (٩٠) سـم بـوو، لەسـەر ترۆپكـی گردەكـەش گـۆڕی (وەكاشـە)[٢٧٧]ی لێ بـووە، پـێش ڕاگواسـتنی گونـدەكان لەناوچـەكە و بـەری مەرگـە بـەناوبانگ بـوو، بـەڵام لـەكاتی ڕاگواستنی گوندەكان لەلایەن سوپای بەعس تێكدراوە. گردی سێیەم هیچ شـوێنەوارێكی وای نییـە مایـەی پشـت پـێ بەسـتن بێـت بـۆ پاشمـاوەی شوێنەواری[٢٧٨].

[٢٧٧] عوكاشە كوڕی موحسن كوڕی حورسان كوڕی قەیس كوڕی موڕە كوڕی كبیر كوڕی غەنەم كوڕی دودان كوڕی خوزەیمەی ئەسەدیە، كونیەی (ئەبا موحسەن)ە، هاوپەیمانی (عەبد شەمس) بوو لە (بەنی ئومەیە)یە لە گەورەكانی ئەوانە لە (سابقین الاولین)ی ئیسلامە، لەمەكەوە كۆچی كردووە بۆ مەدینە، بەشداری غەزای بەدر و ئوحودی كردووە، لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) بەشداری (خەندەق) و غەزاكانی تری كردووە، لەغەزای (بەنی قورەیزە) و (زی قیرەد) لەڕێی مەدینە بۆ شام (خەیبەر) بەشداری كرد، ساڵی ١١ی كۆچی دوای وەفاتی پێغەمبەر خەلیفە ئەبوبەكر سوپای نارد بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەكان لەنیوە دورگەی عەرەب، (عوكاشە) لەو سوپایەدا بوو، خالید (عوكاشە) و (سابیتی كوڕی ئەقرەمی) لە (بەنی تەی) لە (قوزاعە) نارد وەك چاو ساغ، لەو ناوەدا چاویان كەوت بە (حبال) برای (تەلیحە) و كوشتیان، (تەلیحە) ئەوەی بیست خۆی و (سەلمە)ی برای چون بۆیان (عوكاشە) و (سابیت)یان كوشت و بڵاویان كردەوە، (عوكاشە) كوژرا ساڵی ١١ی كۆچی بوو، نەهاتۆتە كوردستان، ئەو كاتە كوردستان هێستا لەلایەن سوپای ئیسلام نەگیرا بوو.(حەسەن مەحمود حەمە كەریم، كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامییدا،ل ٣٦١.

[٢٧٨] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

## سەرچاوەی ئاوی شاری ئەزمەرە

سەرچـاوەی ئـاوی شـاری (ئەزمـەرە) کـاتی خـۆی ئاویـان لـە کـانی (سەرچـاوە) وە بـۆ هێنـاوە لـە دامـێن (گـرد کەروێشـکە)، دەکەوێتـە خۆرهـەڵاتی ئـەم سـێ گـردە، ئاویـان بـەژێر زەویـدا بـەکونجی قـوڕی سوورەوەکراو بۆ هێنـاوە و لـەوێش بەسـەر قـەڵا و کۆشـك و ماڵەکانیانـدا دابەش کراوە، یاخود ئاویان لێ هەڵێنجاوە، بناغەی ئەم حەوزە هـەر مـاوە و لەگـەڵ بیرازەکـەی بەبـەردی زل زل دروسـت کـراوە، کـێش و قورسـی هەریەك لەو بەردانە یەك تەن، یان پتریـش دەبێـت، ئـەم حـەوزە شـێوەی دروسـت کردنەکـەی شـێوە نیمچـە بازنـەیی بـووە، پـانی بناغەکـەی (١,٢٠)مەتر و تیرەی حەوزەکە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا (٢٣,٧٠) مەتر و لە باکوور بۆ باشوور (١٦) مەتر بووە، کاك (قـادر بەردەشـانی) دەڵێـت: ئەم حەوزە بەگەچکاری سواغی ناوەوەی کرا بوو، خـۆی دیویـەتی، بـەڵام ئێستا شوێنی حەوزەکە تەنیا چاڵایی ماوە، بـوونی بڕێکـی زۆری ڕووەکـی (زەل) لەو شوێنە ئاماژەی شێداری و کانی و ئاوی شـارەکە دەسـەلمێنی. دیارنـەمان و ژێرگـل کـەوتنی پاشمـاوەی ئـەو کونجـە قوڕینـە سـوورەوە کراوانەی کاتی خۆی وەك بـۆڕی ئاوەکـەیان لـەکانی سەرچـاوەوە لـەخوار دێی بەردەشانەوە پێ هێناوە، دووریـش نییـە کونجـەکانیان دەرهێنـابن و

بردبیـــانن، لـــەدامێنی گردەکـــان شـــوێن و چـــاڵاییەکی بـــاریکی جۆگـــەیی وەبەرچاو دەکەوت، دوور نیە ئەمە شوێنی کونجەکان بووبێت[٢٧٩].

(ئیدمۆندس) ئاماژە بەوە دەکات: هەواڵەکانی ناوچە تائیێستاش لـەوە دەدوێن لەسەردەمی کۆنـدا ئـاوی کـەناڵی سـەرەکی ڕانیـە بـەهۆی لولـەی "هەڵواسراو" لە (زێ) وە براوەتە دەشـتی مەرگـە و دەربەنـد. کوردەکـان ژمـارە قوڵکەیـەك پیشـان دەدەن، کەبەسـەر زنـار و گابـەردەکانی ڕۆخـی ڕاستەوەن و دەڵێن: ئـەو زنجـیرەی ئـەو چـاڵاوانەن کـە لولـەی ئاویـان لـە هەوادا ڕاگرتووە[٢٨٠].

## شوێنەواری شاری ئەزمەرە

ئەوەی شایانی باسە شاری (ئەزمیرا) کەوتبووە ئەو پێدەشتەی نێـوان دەریاچـەی بیتـوێن و شـاخی ئاسـۆس، مـام (قـادر محەمـەد بەردەشـانی) جوتیارێکی ناوچەکەیە دەڵێت: هەتا پێش نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش بناغـە و دیـواری خـانوو کۆشـك و تـەلاری شـارەکە و کۆشـك و تـەلاری (ئەزمـەرە)ش لەسـەر گردەکـە هـەرمابوون، خـەڵکی ئاسـایی شـارەکەش لەدامێن کۆشك و لەپێدەشتەکەدا بوون، ئەم شارەی (ئەزمەرە) دەکەوێتـە نێـــوان گـــردی (دارەگـــرد) لەقـــەرەبابان– قەرەتەپـــە– لـــەباکوورەوە،

---

[٢٧٩] ئەحمەد مەمەند میرزا ڕۆستەمی ژێروو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

[٢٨٠] ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.

لەباشووریش گردی (پیرۆتەسوور) و گردی (دەوڵەتیار) هاوسەری (فروخ شا) بووە، لەخۆرهەڵاتیشەوە زنجیرە چیای ئاسۆس، کە بریتین لە لوتکەکانی: (کۆللار، قۆنگرە، دزە، پانکەسوور، هۆڵیجان، ئەشکەوتی کوێخا ڕەسوڵ، خاڵ خاڵ، کۆپکی کانی لان، میر سوار)، لە خۆرئاواش دەشتی مەرگە و زێی بچوك و دەشتی بیتوێن[٢٨١].



**وێنەی ژمارە (٥٥)، گرنگترین شارستانیەتی کورد لەناوچەی پشدەر (لولەکێشی ئاو و ئاوڕۆ) لەسەردەمی ساسانی و میدیاکاندا**

[٢٨١] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

## هێرشەکانی ئەکەد و بابل و ئاشوور بۆ سەر ئەزمەرە

ئـــەم شـــارە لەنووســـینێکی بزمـــاری ســـەردەمی بابلییـــەکان و ئاشـوورییەکاندا نـاوی هـاتووە، ئـەو کـات بـە سـەرکردایەتی (ئاشـوور بانیپاڵ)ی دووەم هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و ئەم ناوچەیە، ئەو کاتە شاری (ئەزمەرە) لەژێر ڕکێفی لوللوبییەکاندا بووە، کە یەکێك بوون لە بنچینە و باپیرانی کورد، ئەم وڵاتە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بووە، لە پشدەرەوە دەکشا تا دەگەیشتە (دەربەندی بێلولە) لە ناوچەی (بەمۆ) تا دەگاتـە (سـەرپیلی زەهـاو) ئێسـتا لـە خـاکی ئێـران دایـە، چـەندان جـار، لەوانەیە بتوانین بڵێین زیاتر لە حەوت جار شەڕی سەخت و بێ ئامانیـان لەگەڵ سۆمەری و ئاشووری و بابلییەکان کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ مەلیك (شول دی= شولگی) و (نارام– سین) هێرشیان هێناوەتە سەر ئەم شـارە و لوللوبییـــەکانیان لێ دەرپەڕانـــدووە و دووبـــارە لێیـــان ســـتاندونەتەوە، لەنووسـینەکانی خۆیانـدا باسـیان کـردووە، بەتایبـەت لوتکـەی چـیای (کـۆڵلارە) دەکەوێتـە خـوارووی خۆرهـەڵاتی ئـەو شـارە، زنجـیرە چـیای ئاسۆس لە خۆرهەڵاتی (بنگرد) و (بێدەلان)[٢٨٢].

شاری (مەرگە) یا شاری (شارسین = شارستێن) بووبێـت، دوو گونـدن لەبەشـی خـوارووی ئـەم شـارە شـوێنەوارە، (د. جـەمال ڕەشـید) لـە کتیبەکـەی خۆیـدا لێکۆڵینەوەیـەکی زمانـەوانی دەربـارەی مێـژووی وڵاتـی کودەواری، لـە (لاپـەڕە ٢٨٥) بـەولاوە لـەژێر ناونیشـانی وڵاتـی (زامـوا)دا بـیروڕای دوو نووسـەری جیهـانی هێنـاون، بـریتین لـە (سـپایزەر و لـویس

[٢٨٢] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، هەمان سەرچاوە، ل ٦.

لیڤـارین) دەربـارەی چـیای (کـۆللار) یـا (کۆلارە)دەڵێـت: (سـپایزەر) کوتوویەتی مەبەست لە (کوللار) هەر هـەمان شـاخی (کـۆللار)ی ئەمڕۆیـە، لـەنزیك (قەڵاچـوالانە)وەیە، بـەڵام ڕای (لـویس لیڤـارین) لەبارەیـەوە بـەم شێوەیە: بەهیچ شێوەیەك یەك نین، چونکە هیچ ڕێگایـەك لـە ئاشـوورەوە بەم چیایەدا تێناپەڕێت، بۆ ئەوەی پاشایانی ئاشـوور پێیـدا بگەنـە وڵاتـی (زاموا) لەبەر ئەوە تـەنیا شـاخێك (کـۆللار) بووبێـت، هـەر بازیانـە، بـەڵام نـاوبراو بەهەڵـەدا چـووە، چـونکە دۆزینـەوەی ئەرشـیفەکەی (شمشـارە) ئەوەی ڕوون کردەوە، سـەرەڕای سـەختی ڕێگاکـەی ئاشـوورییەکان چـۆن دەستیان گەیشتۆتە ئەم ناوچەیە و داگیریـان کـردووە، وڵاتـی (زامـوا) بـۆ یەکەمجار لەیاداشتەکانی (ئەدەد– نیراری دووەم)دا تۆمار کراوە، لـەدوای ئەویش (سەرگۆنی دووەم) و (ئەسەرحەدون) باسیان کـردووە، لەدوایشـدا لەنامەیـــەکی (ئاشـــوور بانیپـــاڵ)دا ئـــەم نـــاوە بەرچـــاودەکەوێت، وا دەردەکـەوێت ئـەم وڵاتـی (زاموا)یـە وڵاتـی لوللوییـەکان بووبێـت، بـەپێی بیروبـاوەڕی (سـپایزەر) لەسـاڵەکانی (٨٥٠ پ.ز) لـەخواروو تـا وڵاتـی (هاڵمان) لەباشووری ڕۆژئاوا فراوان بووبێت، لە ڕۆژهەڵاتیش تـا (سـەرپوڵی زەهاو) لەباکووریشدا تا (پشدەر) و هەنـدێکیش دەڵـێن لـە (ورمـێ) وە تـا (سەرپیلی وەهاو) دایان گرتووە، بێ گومان بەپێی سەردەمەکان و هێـرش و پەلامار بۆ سەر دراوسێکانیان سنوورەکان زیاد و کەمیان کردووە .

(کـۆللارە) لوتکەیەکـە لـە زنجـیرە چـیای (ئاسـۆس) لـەنێو سـنووری جوگرافیای دەولەتی لوللو دابووە، ئـەم بەڵگەنامـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت ئەو نەخشە و نووسراوەی (ئانوبـانینی)ی پاشـای لوللوییەکانـە، کـە(نارام

سـين)ی ئەکـەدی داگـیری کـردووە، لەوانـە سـوودی لـە هێرشـە یـەك لەدوایەکەکانی گوتیەکان وەرگرتبێـت. (د.جـەمال رەشـید) وادیـارە کـاتی خـۆی ئـەم مێژوونووسـانە شـوێنی چـیای (کـۆللارە) یـان بـاش دیـاری نەکردبێت، گومانیان خستۆتە دڵی نەوەکانی دوای خۆیانـەوە، هەنـدێکیان دەڵێن: (چیای کۆللار) و وڵاتـی (زامـوا) دەبێـت لەدەربەنـدی بازیـان بێـت، هەنـدێکیش دەڵـێن: دەبێـت لـەنزیك (قەڵاچـوالان)ەوە بووبێـت، هـەروەها (شاری ئەزمەرا)شیان بەتەواوی بۆ دیاری نەکردووین، هەندێك دەڵێن: ئـەو چـیایەی (ئەزمـەڕ)ی خۆرهـەڵاتی سـلێمانیە[٢٨٣]. بـەڵام لەڕاسـتیدا شـاری (ئەزمـەرە) ئەوەیـە لـەم باسـەدا هـاتووە و دەکەوێتـە نزیـك گونـدی (بەردەشان)، چیای (کوللار)یش یەکێکە لەلوتکەکانی چیای ئاسۆس.

(ئەحمەد مەمەند میرزاڕۆستەمی ژێـروو) لەگـەڵ مامۆسـتا (عبـدالرقیب یوسـف) لـە ٦-٦- ١٩٩٢ سـەردانی شـوێنەکەیان کـردووە و چـەند زانیاریەکی گرنگیان دەست کەوتووە، لایان وایە ئەو گردە سێ چـوکڵەییە پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد گـردی (ئەزمەرا)یـە، کـاتی خـۆی (ئەزمـەرا= ئەسمەڕ)ی خوشکی (فەروخ= فەروح) پاشای (مەرگـە)، کۆشـك و تـەلار و قەڵاتی خۆی لێ دروست کـردووە و دواجـار بـووە بـە شـار و ئاوەدانیـەکی گەورە و بەناوی خۆی (ئەزمەرا) وە ناوی دەرکردووە و تا هـاتنی سـوپای ئیسلامیش شارەکە هەرماوە.

---

[٢٨٣] ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، هەمان سەرچاوە، ل٧.

دەربارەی چیای (کۆللار) یش لوتکەیەکە لەزنجیرە چیای ئاسۆس، لەهەنداوی (ئاقاری) شوێنەواری (ئەزمەرا) و گوندی (بەردەشان) تا ئێستاش دانیشتوانی ناوچەکە پێیدەڵێن (چیای کۆلارە)، ئەمە هەمان (کوللار)ی ساڵنامە ئاشوورییەکانە[٢٨٤]، دووریش نیە ئەو چیای (کۆلارە)ی (سپایزەر) و (لویس لیڤارین) باسیان کردووە و لەنووسینە ئاشوورییەکانیشدا ناوی هاتووە، هەر هەمان چیای (کۆلارە) بێت، بەپشت (بنگرد) و شاری (ئەزمەرە)ی کۆن و گوندی (بەردەشان)ی ئێستاوەیە، لەوڵاتی (زاموا)ی لوللوییەکان بووە و کەوتۆتە سەر زێی بچوك، بەڵام ئەوان نەیانتوانیوە بەجێگیری جێگاکەی دەست نیشان بکەن.

سەبارەت زنچیرە چیای بەرزی (کوڕ کوڕ) کە پەیوەستە بەزنجیرە چیای (کوڕەکاژاو) –گۆجار– کوڕکوڕی شارباژێڕ. چیای (کوڕکوڕ) بەسەرگوندی (کانی توو)دا دەڕوانێت، ئەم ناوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، وشەکە لەزمانی سۆمەرییدا بەمانای وڵات هاتووە، هەروەها وشەی (کوڕ) واتای (چیا) دەبەخشێت، دووبارەبوونەوەی وشەکە بە(کوڕکوڕ) بۆ (چیای بەرز) بەکارهاتووە، واتە بەچیای نزمیان دەگووت: (کوڕ)، بەچیای بەرزیشیان دەوت: (کوڕ کوڕ)، خەڵکی ناوچەکەش لایان وایە (کەڕکەڕ) کابرایەکی ئازا و پاڵەوان بووە، باخچەوانی (فەروح شا) بووە، ئەو کات پیر و بێ هێز بووە، (ئەسحابە)کان (سپایزەر) و (لویس لیڤارین) لەوێ کوشتوویانە، ئەو

---

[٢٨٤] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

لوتکەی چیایەش بەناوی ئەوەوە ناو نراوە (کەڕکەڕ) دوایی بەتێپەڕبوونی کات لەسەر زمانان سواوە و سوك تر بووە و بووە بە (کوڕکوڕ). باسەکەی (سپایزەر و لیڤارین) کۆنترە و لێکۆڵینەوە نوێیەکان باشتر ئەمە دەردەخەن، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە و بوونی چیای (کوللار) و (کوڕکوڕ) و (زاب) و (دەربەندی ڕانیە) و پەیوەندی بەم ناوچەیە، باسی هەڵمەتی هەشتەمینی (سەرگۆنی دووەمی وڵاتی ئاشوور (٧١٤ پ. ز ) کە (فێ. تورۆ. دانژان) بەناوی باسێکی (هەڵمەتی هەشتەمی سەرگۆن – ١٩١٢) بڵاوی کردۆتەوە کارێکی بەرزە، بۆ ئەو زانیاریە دوور و درێژەی تیایەتی لە باسی گەشتنامەی سوپای ئاشووری لە (کالحو) (نەمرودی ئێستا) بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ ناو چیاکانی زاگرۆس و لەوێوە بەرەو باکوور دژی (ئارارتو) تا دەگاتە (گۆلی وان)، سوپاکە لەوێوە گەڕاوەتەوە بنکەی خۆی. (تورۆ دانژان) لەو پێشەکیەدا بۆ دەقەکەی نووسیوە، بەفراوانی لە گیروگرفتی ئەو ڕێگایەی کۆڵیوەتەوە کە ئاشوورییەکان پێیدا ڕۆیشتوون (op, eit, iii ff.) لەو پێشەکیەدا ئەو گریمانەیە دەکات، (سەرگۆن) بەڕێگای (ئاڵتون کۆپری) نوێدا بەرەو دەشتی سلێمانی چووە و لەوێ لە (شارەزوور) ( op, eit, iii) بەر لەوەی پەلاماری زنجیرە بەرزەکانی چیای زاگرۆس بدات لەشکرەکەی خۆی پشکنیوە، ئەو پارچانەی لەدەقەکەدا پەیوەندی پتەویان بەم باسەوە هەیە ئەمانەن (دێرەکانی١٠ و دواتر).

(10) ID za- ban kl. TA-û ŝa ni- bir –ta – ŝû pa- aŝ –qa- at um- ma- na-at

“UTU” AM AR. uTu pal- gi – iŝ  û- ŝā- āŝ- hi- it (11) i-na  ni-ir-bi –ŝa[kuR] Kul- la-ar  KUR-i- zaq-ri  ŝa  KUR Lu-la-im-l-ŝa [kuR] Za-mu-a  l-qab  ŝu-ni e-tar- ba

(١٠) زێی بچووك كه لێ پەڕینەوەی زەحمەتە وام كرد لەشكری شاماش و ماردوك وەكو خەندەق بەسەریدا باز بدەن.

(١١) چومە ناو دەربەندەكانی چیای كوللار، كە (زنجیرە) شاخێكی ڕكە لە وڵاتی لوللومی و ئەوان خۆیان پێی دەڵێن زاموا. پشكنینە سەربازیەكەی دوای ئەمە لە ناوچەیەكدا بووە (سەرگۆن) بە سومبی ئاماژەی بۆ دەكات (دێری ١٢)

i-na [kuR] Su-um-bi  na-gi-i  pi-pit-ti  um-ma-ni-ia aŝ-kun

(من سوپاكەی خۆمم لە ناوچەی سومبی پشكنی)

دەری خستووە سومبی پەیوەندی بە ( Bit-Habban) ەوە هەیە لەنامەیەكی ئاسووری (ئایا بیت– خابیان) یەك شتە.

(تورۆ دانژان) ئەم ناوچەیەی بەشارەزووری باشووری سلێمانی داناوە، بەڵام (ئی. ئێم. ڕایت) لە لێكۆڵینەوەیەكی گەشتنامەی (سەرگۆن)دا ئەمەی ڕەت كردۆتەوە.

(ڕایت) بەئەزموونی خۆی زۆر شارەزای وڵاتی دەوروبەری گۆلی ڕەزاییيە (گۆلی ورمێ) بوو، تێبینیەكانی خۆی لە وتارێكدا پێشكەش كردووە، بەناوی (هەڵمەتی هەشتەمی سەرگۆنی دووەمی وڵاتی ئاشوور)

(JNES[1943]173-186) ئەمە بۆچوونی ئـەوە دەڵـێ: (سـەرگۆن) لەڕاسـتیدا لـەلای ڕۆژهەڵاتـەوە لـەڕێگای دەشـتی ڕۆژئـاوای گردەکانـەوە نەچۆتە سلێمانی، بـەڵکو سـوپاکەی لـە بـاکووری شـارەزوور بایداوەتـەوە بەدەم زێی بچووکەوە، چۆتە دۆڵی فراوانی باشووری (ڕانیە)، کە ئەمڕۆ بە (دەشتی بیتوێن) ناسراوە، بە درێژایی زێیەکەدا بەناو گەلی (سەنگەسەر)دا (دەربەنـدی ڕەمکـان) ڕۆیشـتووە و لـەوێوە چـۆتە دۆڵـی (ناودەشـت) لەباکووری ڕۆژئاوای (قەڵادزێ )ی نوێ، کە گردێکی گەورەی لێیە. (ڕایـت) دەڵێ سێ باریکە ڕێ هەن ڕێ دەدەن لە دۆڵی (ناودەشـت)ەوە بچـنە نـاو زنجـیرە چـیای زاگـرۆس، ئـەوەش پێشـنیاز دەکـات دەشـتی (ڕانیـە) و (قەڵادزێ) لەگەڵ ناوچەی (سومبی) یـەك شـت بـووبن. (لەگـەڵ نەخشـەی لاپەڕەی (١٧٦)– ١٧٧–١٧٥ ,JNES 2)[٢٨٥]

[٢٨٥] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٥–٢٧.

# بەشی پێنجەم
# هەوڵە شوێنەوارییەکان

لە سنووری (بیتوێن) و (پشدەر) سەدان پاشماوەی شوێنەواری هەیـە، هێشتا شاراوەیە و لەژێر خاك دایە، پێویستە کنە و پشکنسنی بۆ بکرێـت، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی نەزانراوی کوردسـتان و ئـەم دەڤـەرە، ئەگەرچی هەندێك پاشماوەی شـوێنەواری کـۆن لەناوچـەکە دەرکـەوتوون، لەڕێی کنە و پشکنین یاخود بەقاچاغ براونەتە دەرەوە و لەلایەن پسپۆڕان خوێنراونەتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بەڵام ئەمە کەرەسـتەیەکی زۆر کەمە و ناتوانین بەمەندە کەرەستەیە ڕووداوەکانی مێژووی پێش زایین لـەم ناوچـەیە هـەنگاو بەهـەنگاو بەرینـەوە سـەریەك، پێویسـتە هـەوڵ و بەدواچوونی زۆر و ماندوونەناسانە بکرێت، بۆ ئاشکرا کردنی ئەو گەنجینـە بەنرخەی ژێر زەوی بۆ نووسـینەوەی مێـژووی ڕووداو بەسـەرهاتی پاشـا و دەسەڵاتدارانی ڕابردوو، وە شارەزابوون لە شارستانیەتی کۆنی ناوچەکە و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر.

ئەو پشکنینانەی چەند نێردەیەك لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و لە سلیمانی کردوویانە بەڵگەی ئەوەیان دەرخستووە کۆبوونەوەی نیشتەجێ بوون (التجمع الاستیطانی)ی جۆراوجۆری پێش مێژوو لە ناوچەی دەشتی بیتوێن هەبووە[٢٨٦]. ئەو هەوڵانەی بەتایبەتی بۆ ئەوە دراون دەشتی ڕانیە لەگەڵ ئەو خاکە ڕۆژهەڵاتیە داگیر کراوانەدا ببەنەوە سەر یەك، کە مێژوونوسە ئاشوورییەکان باسیان کردوون، زۆر کەم و دەگمەنن. .... ئەو ناوەی لە سەدەکانی زووی هەزارەی یەکەمی پێش زایین ئاشوورییەکان دەشتی ڕانیەیان پێ ناسی بوو هەر بە نەزانراوی ماوەتەوە، ئەو ناوانەش لەوە دەکەن، وەکو ئەوانەی (فۆرێڕ) و (ڕایت) پێشنیازیان کردووە، هەر بەکارێکی ئەزموونکاری ماونەتەوە، هەرچەندە ئەو هەڵێنجان و بەراوردانەی لەسەر بناغەی سەرچاوە نووسراوەکانەوە کراون، زانیاری تۆبۆگرافی گەڕیدەکانیش چەسپاندویانن و زۆر ئەنجامی جێ بڕوایان لێ کەوتۆتەوە، لەبارەی بردنەوە سەر یەکتری شوێن و ناوچەکانی کوردستانی باشوور، لەگەڵ ناوی ئەو شوێنانەی لەسەرچاوە کۆنەکانەوە هاتوون. بەڵام ئەمەش ڕاستە پشکنینی شوێنە مێژووییەکان (لەوەش باشتر دۆزینەوەی نوسراوەکان) کارێکی پێویستە بۆ سەلماندنی ئەو بردنەوە سەریەکە، وادیارە دەشتی ڕانیە مەیدانێکی زۆر لەبارە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستانی باشوور، دەوری زیاتر لە چل گرد لەو دەشتە هەیە، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێرە هەر لە کۆنەوە ئاوەدان بووە، دەشێ ئەو گردانە، وەکو (ماك کاون) گوتەنی ناوبەین دابنرێن. دەبێ ئەوەشمان لە بیربێ سەرچاوە مێخیەکانی چاخی مێژووی میسۆپۆتامیا

---

[٢٨٦] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە ل ١٧.

بەڵگـەن بـۆ ئـەو پەیوەندیـەی لـەنێوان کوردسـتانی باشـوور و دەشـتی میسۆپۆتامیا هەبووە. هەروەکو دەشێ مرۆڤ قەناعەت بێنێ دەشتی وڵاتی دەوروبـــەری ڕانیـــە کەوتبێتـــە ژێـــر کاریگـــەری کولتـــوری بـــابلی و ئاشوورییەوە[287].

نەخشـەی شـوێنەوارە کۆنـەکانی عـیراق، بەشـی شـوێنەواری کۆمـاری عیراق بڵاوی کردۆتەوە (بەغدا ١٩٥٤)، وادەگەیەنێ شتی سـەردەمی ئـورك و هی سەردەمی ئیمپڕاتـۆری ئاشـووری لـە ڕانیـە دۆزاونەتـەوە، هـەروەها نەخشەی ئەو شتانەی (حەسونە) و (ئورك) و (ئاشوور)ی تۆمـار کـردووە، لە گوندی (گیدری باسکین) کە لـە ناوچـەکە پـێ ی دەگـوترێ (بۆسـکێن) دۆزراونەتەوە.

وا چـاکە زیـاتر چـالاکی دەسـت خسـتنی ئـارکیۆلۆجی لـە ناوچـەکەدا بکرێ. ئەمەش لەبـەر چـەند هۆیـەکی جیـاواز یـەکێ لـە هۆیـەکان ئەوەیـە کـەلێنێکی گـەورە لـە بەڵگـەی ئاشـکرا هەیـە، دەربـارەی سروشـتی پەیوەندیـەکانی پـێش مێـژوو، لـە نێـوان بـانی ئێـران و بـاکووری میسۆپۆتامیا[288]. ئەوەندە زانیاریەی ئێستا لەبـەر دەسـتدان بەشـی ئـەوە ناکەن بتوانین میکانیزمی (هەنگاو بە هەنگاو) ئەم جۆرە پەیوەندیـە ڕوون بکەینـەوە. لەبـەر مـاوەی دووری سـەردەمەکە و بـەهۆی دژواری هۆکـاری گواستنەوە و سەختی ڕێگـا، لەبـەر ئـەوە مـاوەی دووری نێـوان بـاکووری میسۆپۆتامیا و ئەم سنوورە و سەختی گواستنەوەش لـە پێدەشـتەوە بـۆ چیا کارەکەی گرانتر کـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دۆزینـەوەی هۆکارەکـانی

---

[287] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوول ٢٩.

[288] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

پەیوەندی کردن کارێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە ڕوون کردنــەوە ســەرەتاییە بــۆ پەیوەندیــەکانی نێــوان هــەرێمی چــیا و میسۆپۆتامیا.

کاتی خۆی (سـەید سـەبری شـوکری) فەرمانبـەرێکی بەشـی شـوێنەوار بــوو، لــە (حکومــەتی عێــراق) بــە ڕاســپاردەی بەڕێوەبەرایــەتی گشــتی شوێنەواری عێراق، زانیاری سەرەتایی لـەبارەی گردەکـانی دەشـتی ڕانیـە کۆکردەوە و لە (٢٠ ی شـوباتی ١٩٥٠) بـەڕاپۆرتێك پێشکەشـی کـرد بـوو، سـاڵی (١٩٥٦) بەشــی شـوێنەواری عێـراق لـەو ناوچـەی پاشـان بـوو بـە (دەریاچـەی دوکـان)، لــە چــوار شــوێن دەســتی بەهــەڵکۆڵین کــرد[٢٨٩] و پشکنینی سەرەتایی کرد[٢٩٠]، ئەمەش ئەو کاتە بوو فەرمانبەرێکی بەشـەکە نرخ و بایەخی گردە مەبەستەکانیان ( لەگەڵ دۆزینەوەی شتی سەر زەوی ) بـەکارێکی زۆر گـەورە و پێویسـت زانـی، (نـاجی ئەسـیل)، لـە (گۆڤـاری سۆمەر، ١٢– ١٩٥٦) ڕاپۆرتێکی لەبارەی ئەنجامەکانی بڵاو کردەوە[٢٩١].

لەسـاڵی (١٩٥٠) حکومـەتی عـێراق بڕیاریـدا بەشـێکی کارۆئـاوی لـە (دوکان) دروست بکات، لە کۆتـایی باشـووری دەشـتی ڕانیـە، کـە بـەهۆی دروسـت کردنـی بەنـداوێك (سـد) دەریاچـەیەکی گـەورەی دروسـت کـرد، ئەمەش زیاتر لە (٤٠) شوێنی پاشماوەی شوێنەواری کۆنی ژێر ئاو خست،

---

[٢٨٩] ئەم زانیاریە بۆ R.S.Solecki دەگەڕێتەوە لە 103 (Sumer(1953 لەگەڵ ئەو نەخشەیەی تیایەتی A.Billerbeck A. لە Das sandschak Suleimania (1898) بڵاوی کردەوە.

[٢٩٠] لەڕاستیدا یەك شوێنی کۆن لەدەشتی رانیە دەست نیشان دەکات ئەویش گردێکە پێیدەوترێت گولەك Gulek (لەناوچەکە بە کۆلاكkolak) ناسراوە.

[٢٩١] یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

لەکاتی دروست کردنـی پـڕۆژەی ئـاوی بەنداوەکـە لـە ناوەڕاسـتی (١٩٥٠) شوێنەواری عیراق لە بەغداوە نێردرا بوون، بۆ دروست کردنـی لیسـتێك لـە ناوچەکە و لە کـوێ بـەر ئـاو دەکـەوێ بـۆ ڕزگـار کردنـی هەڵکەنـدراوەکان کامیان زۆر بەناوبانگ ترە بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

یەکـەم کنـە و پشـکنین لەسـاڵی (١٩٥٦) دەسـتی پێکـرد، لـە سـاڵی داهـاتوو (١٠) شـوێنی کـۆنی تـر تـاقی کرانـەوە، لەلایـەن گروپێـك لاوی بەپەرۆشی شوێنەواری عیراقی، چالاکی ڕزگـارکردن لـە پـڕۆژەی (دوکـان) ئەمە یەکەم جۆریان بوو، زۆر پاشماوەی شوێنەوارە کۆنەکان لـە عـیراق و وڵاتانی ناوچەکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەبوون، بەدڵنیاییەوە پشـکنین کـراوە لەلایـەن شوێنەوارناسـی خۆمـاڵی و بیـانی، بـەڵام بـێ گومـان ئـەو ناوچانە بە وریاییەوە بۆ پشـکنین هەڵبـژێراون، لەبەرئـەوەی بڕوایـان وایـە گرنگـی تایبـەتی هەیـە و گـەواهی هەڵپەسـتراون. ئـەم هەڵبژاردەنـە بەدادوەرانـە بـووە، لـە شـوێنێکی بچـووکی دوور، وەك (دەشـتی ڕانیـە)، هەڵبژاردنەکـەی بـۆ ئـارەزووی ئـەوان ناگەڕێتـەوە، بـەڵکو تـەنیا بـەهۆی مەترسی داپۆشینی ناوچەکە بە ئاوی (بەنداوی دوکان)، ئەو لێکۆڵینەوەی دروست کرد، وەك کارێکی بەپەلە، زۆر لە پـڕۆژەی ڕزگـارکردنی پێویسـت لەلایەن عیراق، سـوریا، تورکیـا و هەنـدێ وڵاتـی تـر ئـەنجام دراون، بـەڵام ئـەوە باشـترین بەبیرهێنانەوەیـە لـە پـڕۆژەی (دوکـان) وەك پێشـڕەوی هەوڵدان بۆ پشکنین، بەر لەوەی زۆر لە زانیاریەکان بزر بـن، پشـکنینەکان

لەشوێنێکی بچووکی دوور ئەنجامدرا، کە دەتوانرا زانیاری گرنگی مێژوویی وەدەست بخرێ[٢٩٢].

لەساڵی (١٩٥٦) هەمان پشکنین دەستی پێکرد، لە پرۆژەی دوکان لەعیراق (Professor JØrgen LæssØe, Danish) داوایان کرد ئەگەر (دانیمارك) هاوکار بێت بۆ هەوڵی ڕزگار کردنی پاشماوە شوێنەواریەکانی دەشتی بیتوێن، ئەوا دووپاتی کردەوە بەڵنیاییەوە، دوای ئەوەی ئەو گەڕایەوە بۆ (دانیمارك) دەستی کرد بەدامەزراندنی تیمی (Danish) بۆ پشکنینی دەشتی ڕانیە، بۆ بەڕێوەبەری پشکنین (Harald Ingholt) دەست نیشان کرد، (Danish) پسپۆڕێکی شوێنەوارناسەکە زانیاریەکی زۆری هەبوو لەسەر لێکۆڵینەوەکانی سووریا، و پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی (Yale)، ساڵی (١٩٥٧) تیمەکەی (Danish) گەیشتە دەشتی ڕانیە، و بڕیاریدا گردی (شمشارە) بپشکنێ، بەڵام نەیاندەزانی پێشبینی چ بکەن، شوێنەکەی دەکەوێتە ناوچەیەکی گرنگ لە نزیك شاخە سەرەکیەکانی زاگرۆس لە نێوان ئێران و عیراق، ئەوان هیوایەکی زۆریان هەبوو کەدەستیان بە هەڵکەندنەکە کرد[٢٩٣].

---

[٢٩٢] لێکۆڵینەوەی ئاوایبە کۆنەکانی دەشتی بیتوێن ئەو کاتە بووە پێویستیەکی ڕاستەوخۆ کەدەستەی گەشەپێدانی عیراق بڕیاریدا نەختی لە باکووری گوندی دوکان بەولاوە ئاوبەستێك (سد) دروست بکات. ئەو پرۆژەیە کە تەواو بێت بەشێکی زۆری دەشتی بیتوێن دەکا بە دەریاچە و نزیکەی ٢٣٠ کم٢ زەوی دادەپۆشێ، (ئار.ئێس.سولیکی) بوو، کە لە وتاری (پرۆگرامێك بۆ پاراستنی ئارکیۆلۆجیا لەنەورایی جێ پەنگاوی پرۆژەکەی عیراق لە گوڤاری سۆمەر ٩ لە ١٩٥٣ سەرنجی خەڵکی بۆ ئەم بارودۆخە ڕاکێشا.

[٢٩٣] Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2011).p.13.

لـه مايسـی (١٩٥٧) نێردەیـەكی دانیمـاركی بەسەرپەرشـتی هاوبەشـی دەزگای (كالیسـمبێرگ) و دەزگـای پـەرەپێـدانی لێكۆڵینـەوەی حكومـەتی (دانیمـــارك) دەســـتی بەپشـــكنینی شـــوێنێك كـــردووە بـــەناوی گـــردی (شمشـــارە)، دەكەوێتـــە كـــەناری دەســـتە ڕاســـتی زێیـــی بچـــوك، هەشـــت كیلۆمـەتر لـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ڕانیـە و پێـنج كیلۆمـەتر لـە ڕۆژئـاوای (دەربەندی ڕەمكان) (گەلی سەنگەسەر) دوورە. (ئیج ئینگۆلت) ڕاپۆرتێكی لەبارەی ئەنجامە گشتیەكانی ئەو پشكنینەی سێ مانگی خایانـد بـەناوی: نێردەیـەكی (دانیمـاركی دوكـان)، لـە گۆڤـاری سـۆمەر (١٣–١٩٥٧) بـڵاو كردەوە.



**وێنەی ژمارە(٥٦)، گردی شمشار لەكاتی هەڵكۆڵین (١٩٥٧)، سەرچاوە:**

**Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden and Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2011).p:14.**

## ژیان لە ڕانیە

کـاتێ تیمەکـە گەیشـتە شـوێنی مەبەسـت واتـە گـردی (شمشـارە)، کەشـوهەوایەکی ئـاڵۆز و ڕۆژێکـی بارانـاوی بـوو، بەزەحمـەت توانیـان خێوەتەکـە هەڵـدەن، لـەنزیك گـردی سـەرەکی لـەو کاتـە بـارانێکی زۆر دەبـاری. چـەند ڕۆژێـك بایـەکی زۆر بـەهێزی دەهـات، سـەرەڕای ئـەم بارودۆخـەش کـار کـردن لـە پشـکنین زۆر خـۆش بـوو، هەنـدێ کـات نـەگونجاویش بـوو، هـەتا هـاوین هـات هـەر بـاران زۆر دەبـاری، لەشـەودا دەتتوانی گوێت لە لورەی گورگـەکان بێـت، لـە نزیـك کەمپەکـە، پاسـەوان بەکرێ گیرا بوون، لە ماوەی مانگی جون و جولای لەناوەڕاستی ڕۆژ پلەی گەرمی دەگەیشتە (٥٥) پلە، تیمەکە زۆر بێزار بوون، بەهۆی گیانەوەرێکی بچووکەوە[٢٩٤].

دەسـت کـرا بـە کنـە و پشـکنینی شـوێنەواری لـە عـیراق، لـە گـردی (شمشـارە) کـە درێـژی (٣٣٠م)، پـانی (٦٠م) بـوو، لـە کۆتـایی بـاکووری گردەکە (١٠) مەتری بەرز ترە لە هەمووی، ئـیتر (Danish) بڕیاریـدا بـۆ کردنەوەی پشکنین لەناوچەیەك لـە بـەرزایی بـاکووری گـردی (شمشـارە)، هەڵکەنـدن لەلایـەن کرێکـاری خۆمـاڵی ئەنجامـدەدرا، بەسەرپەرشـتی (ماستەر Foremen) لەشاری (شەرگات) لە سەنتەری عیراق.

لـە کـاتی هاوینـدا (Danes) لەبـەرزایی تەپۆلکەکـە، واتـە گـردی (شمشارە)دەسـتی بەهـەڵکۆڵین کـرد، لـەو شـانزە چـینە دانەپۆشـراوەی

---

[٢٩٤] پێ دەچێت ئەم گیان لەبەرە بچووکە مێشولە یان تەپۆ بووبێت، بەهۆی بوونی مەرەزەیەکی زۆر لەناوچەکە، ئەو بیانیانەی پێش ئەوانیش هاتونەتە ناوچەکە ئاماژەیان بەبوونی تەپۆ و مێشوولە کردووە وەك کاپتن لاین و ئیدمۆندس.

بەدوای یەکدا هاتوو، دانیشتوانی تێدا بووە، لە نزمترینەوە یەکەم چین دەکرێ تۆمار بکرێ، بە چاخی بەردینی نوێ، هەروەها پێیدەڵێن (حەسونە= Hassuna) دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لەسەرووی ئەو چینە کە ژیانی لەسەر بووە تۆمار دەکرێ بە هەزارەی دووەمی پێش زایین، بەڵام بەپێی ئەوەی خانووی کەوتووی ڕووخاوی ئاشکرای دیاربێ، لە کۆتاییدا شوێن پێی دانیشتوان دەکەوێتە ژێر ڕووکەشی خانووەکە، لە سەدەی (١٤) لەسەردەمی ئێمە – وە هەندێکیان بۆ (٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێنەوە[٢٩٥]. لەناوەڕاستی مانگی حەوت (جولای) بڕیاریدا هەڵکەندنێکی بچووک لە خوارووی ناوچەکە بکات، سەرەتا ئەوان هەندێك شتیان دۆزیەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لەبەرزایی ناوچەکە، دوای ئەوەی زیاتریان هەڵکەند گەیشتە چینێکی تر، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین، لێرە هەندێك (ژوور) دۆزرانەوە، کە پڕ بوو لەخۆڵەمێش بەئاشکرا سوتێنرا بوو، پڕ بوو کلتوری کۆن، لەیەکێك لە ژوورەکان، کە تەختی زەویەکەی بە کەرپوچ دروست کراوە، چەند ڕۆژێك پێش کۆتایی هاتنی وەرزەکە، هەندێك ئەرشیف کە خشتی لە قوڕ دروست کراو دۆزرانەوە، بەخەتی بزماری نووسراوە.

(لیسۆ) شارەزا لە زمانی کۆن، کەتەلۆگێکی بۆ خشتەکان کرد، لەماوەیەکی زۆر کەمدا پێش ئەوەی کامپەکە کۆی بکاتەوە، ئەو ئەنجامی ئەوەی دۆزییەوە، کە زۆربەی ئەو خشتانە نامەن، لەلایەن پاشای بەناوبانگی ئاشووری (شەمشی– ئەدەد Ŝamŝi- Adad ) بۆ

[٢٩٥] Jesper Eidem, (2011).p.14,15.

فەرمانڕەوای (شمشارە) نێردراون، کە ناوی (کوواری=Kuwari)یە، لە ڕاستیدا زۆربەی نامەکان ناردراون بۆ (Kuwari)، ئەوەی ناسراوە بەوەی ئەرشیفەکان هی ئەون، ئەو ئەرشیفەی دۆزرایەوە نەتوانرا وەك پێویست سوود بگەیەنێ، بەڵام لەچەند ساڵی داهاتوودا (لیسۆ) توانی بخوێنێ و هێماکان لێکداتەوەو هەموو ئەو نامانە بوو بە بەختێکی باش بۆ هەڵمەتی (Danish) بۆ دۆزینەوەی زانیاری لەسەر ناوەرۆکی ئەو نامانە.

ئەو چیرۆکەی خشتەکان بەئێمە دەڵێ ئەمە ڕوون دەکاتەوە دەبێ سنوور دروست بکەین بۆ پیشاندانی مێژووی عیراق، لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین ئەو کاتەی (حامورابی) پاشای بابلیەکان بوو، وە (شەمشی– ئەدەد) پاشای ئاشوور بوو. (شەمشی ئەدەد) کەسێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو، سەرکردایەتی فراوان کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی خۆی کرد لە ناوچەکە، هەتا باکووری میسۆپۆتامیاشی گرتەوە، بەشێکی ئەرشیفێکی (شمشارە) باسی ئەو چیرۆکە دەکا، ئەم نامانە نووسراون دوای ئەوەی یان پێش ئەوەی (شەمشی– ئەدەد) و کوڕەکەی هەوڵیانداوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە. ئەوانە کارێکی گەورە و مێژوویەکی دیار نیشانی ئێمە دەدەن، دەری دەخات لە ماوەی چەند مانگێك لە ساڵی (١٧٨٠–١٧٨١پ.ز) هەروەها ئەرشیفەکە هەندێ ناوی کۆن لە (شمشارە) نیشانی دەدات، بەر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ناوی (شوشاررا Šušarra) بوو، ئەمە شتێکی سەرنجڕاکێشە و لەم کاتی تازەشدا ناوەکەی وەکو خۆی (شمشارە) بەزیندوویی ماوەتەوە[٢٩٦].

---

[٢٩٦] Jesper Eidem, (2011).p.17.

هەرچەندە ئەرشیفی (شمشارە) مێژوویەکی دەوڵەمەندی بۆ دەشتی بیتوێن و ناوچەکە و میسۆپۆتامیاش ڕوون کردەوە، بەڵام لەدوای ئەوەی پشکنین لە (ماری)[٢٩٧] کرا و لەئەنجامی پشکنیەکە خشتەکان دۆزرانەوە. دەرکەوت لەناویاندا ژمارەیەکی زۆر نامە هەن کە (شەمشی– ئەدەد) ناردوونی بۆ کوڕەکەی. نامەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن شانیشنەکە گەشەی کرد و گەورە بوو، بەرەو ڕۆژهەڵات لەدەشتی ڕانیە نزیك بۆتەوە، بەڵام کێشەی زۆری تووش بووە، لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەو سەردەمە لەدەشتی بیتوێن و ناوچەکە دەژیان.

دوای ماوەیەك کارکردن لە شمشارە (Danes) داوای لە تیمەکەی کرد بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەدڵنیاییەوە دەیویست بگەڕێنەوە بۆ پشکنینی زیاتر، لە کۆشکەکەی کەنامەکانی (کوواری)یان لێ دۆزرانەوە، هاوینی داهاتوو ئەوان ئامادەبوون بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە، بۆ (شمشارە) و بەردەوام بوون لە کاری کنە و پشکنین، بەڵام ئەو ساڵە کە ساڵی (١٩٥٨) بوو، شۆڕش لەعێراق ڕوویدا (جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم) لەگەڵ هەندێك لە ئەفسەرانی ئازادیخواز کودەتایەکیان بەسەر بنەماڵەی پاشایەتیدا کرد، لەم بارەدا بارودۆخ ئاڵۆز بوو، کێشەو دڵەڕاوکێ هەبوو، بۆیە ( Danes) گەشتەکەی پوچەڵ کردەوە، کاتێ (بەنداوی دوکان) تەواو بوو شوێنەوارناسی عێراق چوون بۆ (شمشارە) و بەردەوام بوون

[٢٩٧] ماری: سووریای ئازاد کەبەشاری ماری ناسرابوو، پشکنەری فەڕەنسی ١٩٣٠ ئەرشیفێکی خشتی گەورەی شاراوەیان دۆزیەوە کە ژمارەیان ٢٠،٠٠٠ نامە لە خانووی پاشماوەی کۆن لەکۆشکی شارەکە دۆزرانەوە، ئەم ئەرشیفە ژمارەیەکی سەرسوڕ هێنەر زانیاری بوو لەو ماوەیەدا، ئەرشیفەکە پێکهاتبوو لە هەزاران نامە کەنێردرابوون بۆ پاشای ماری لەلایەن پاشاکانی تر لە دیبلۆماتی گشتی. Jesper Eidem, (2011).p.١٥ ..

لەسەر پشکنین، ناوچەیەکی زۆر گەورەیان پشکنی لەدەوروبەری ئەو ژوورانەی ( Danes) پشکنیبووی، کە دوو ژووری بچووك بوو لە شوێنێکی هەمان کۆشك ئەوان هەندێ ئەرشیفی نووسینی بزماریان دۆزییەوە، ئەو کەمتر بوو لەوەی پێشتر، نزیکی (١٠٠) سەد دانە بوو، کە لە لیستێك بەرهەمی کشتوکاڵی بەکارهاتوو دەدوان لە کۆشکەکەی (کوواری). هەروەها بەشی شوێنەواری عیراقی پشکنینیان کرد، لە نزیك ئەو گردەی کە لە گەشتی (Danes) ساڵی ڕابردوو کردبووی، کە (DAnish) تێبینی کردبوو ئەم گردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، بەڵام هیچ کاتی نەبوو پشکنین لەو گردەدا بکات، دوای پشکنین بەشی شوێنەواری عیراق پاشماوەی خانووی کۆنی ڕووخاوی دۆزییەوە، کە پاشماوەی سەردەمی نیوەی دووەمی هەزارەی بەرلە زانیین بوو، بەڵام درێژەی ئەو پشکنینە چی بوو نازانین[٢٩٨].

دەرکەوت (شمشارە) یەکێك لە گرنگترین گردە شوێنەواریەکانی کوردستان بریتیە لە (١٦) چین و لەسەردەمی پێش مێژوو دەست پێدەکات، تا دەگاتە سەردەمی ئیسلام، (شمشارە) ئەرشیفێکی بزماری سەردەمێکی زۆر کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، بەهۆی دەقی نامەکانی ئەم گردە زۆر زانیاریمان پێ دەدات، لەبارەی دانیشتوان و کاری رامیاری و سەربازییان، پێش نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەناوچەی رانیە و ناوچەکانی دراوسێی کۆبوونەوە. هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوەکانی (شمشارە) بەرچاو ڕوونی لە سەردەمە کۆنەکان نزیك دەکەنەوە و دەتوانین بەهۆی ئەم هەڵکۆڵینەوانە لەبەشێك ڕۆژگاری ئەو سەردەمە ئاگادار بین، چونکە

---

[٢٩٨] Jesper Eidem, (2011).p.19.

ئەو زنجیرە نیشتەجێ بوونە(استطان)یەی لە جۆری (چەرمۆ)دایە و بۆ مێژووی پێش نیشتەبوونی (حەسونە) دەگەڕێتەوە، کە لەبارێکی ئاسۆییدا لە گردی (شمشارە) دۆزراوەتەوە. بەڵگەیەکی گرنگی نوێیە بۆ پەیوەندی نێوان قۆناغەکانی (چەرمۆ) و (حەسونە)ی ڕۆژهەڵاتی نزیکی پێش مێژوو .

دەشتی ڕانیە مەیدانێکی زۆر لەبارە بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری کوردستانی باشوور، دەوری (چل گرد) لەو دەشتە هەیە، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێرە هەرلە کۆنەوە ئاوەدان بووە، دەشێ ئەو گردانە زانیاری زۆر ڕوون لەسەر ڕۆژگاری کەونارای سنوورەکە و پەیوەندی لەگەڵ سەردەمە کۆنەکانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری بەدەست بخەن، بەو مەبەستە بەر لەوەی (دەریاچەی دوکان) زۆربەی ئەو شوێنەوارانە دابپۆشێت، هەڵمەتێکی گەورە و بەپەلە کرا بۆ پشکنینی ئەو شوێنەوارانەی کەوتونەتە ژێر دەریاچەی دوکانەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە لە و شوێنانەی پشکنراون بەرهەمەکەیمان نەچنیوەتەوە، ئەنجامێکی ڕوونمان لە مێژووی ئەو سەرچاوە زوڵاڵانەوە چنگ نەکەوتووە، کە سەرچاوەیەکی ئومێد بەخشە بۆ شیکردنەوەی بەشێکی مێژووی ئەو سەردەمە، چونکە ئەو تیپ و دەستانەی پشکنینەکانیان کردووە ئەنجامەکەیان لە عێراق بڵاو نەکردونەتەوە، یاخود ئێمە دەستمان پێڕانەگەیشتوون، جگە لە چەند شتێکی کەم نەبێت. لەسنوری ڕانیە چەندین گردی شوێنەواری هەن، تائێستا کاریان تێدا نەکراوە، لەوانە: (گردی/ قەڵاتی ڕانیە، گردە دێمە، گردی بۆسکێن، گردی قوڕەگۆ، تەپکەقەل، قەرەتەپەی کۆن، گەورەقەڵا، دەوڵەتیار، ئەزمەرە، مەلاشەل، گولەك، بارەبەست، برایمەکەچەڵ، خوێڕیزان، باب و کوڕان، وەرانگەی

سـەروو، وەرانگـەی خـواروو، گـۆلێ خـڕان، گردەمـارە، گـرد کەنـدوو، گردەهیزە، بایزاغا، دووگردکان، قڕوجە، سارد و قامیشە، کۆڵەکە، ئاڵیاوا، سەرخمە، بلێلێ، گردکە گوڵە، کانی ماران، گردی سوروشەم، گـرد قوڕاڵـە، گـردی ئـالا، گـردی مەلائۆمـەر، گـردی کامـەم، گـردی قوڕەشـین، گـردی سەلکی، گردی شەوزان (خدران)، گردمەمەند، گردی تلێ، قـەلاتی نـەمرود لەسەروچاوە...هتد). لەو شوێنانەش هەندێکیان کنە و پشکنیان بۆ کراوە و حـەوت گـرد دەسـتی پشـکنینیان گەیشـتۆتێ و شـتی کۆنیـان تێـدا دۆزراوەتەوە بەم ناوانە:

**گردی ئادەم:** پەرستگایەکی سەردەمی دوای ئاشووری لە (تل ئـادەم) دۆزراوەتەوە.

**گردی بۆسکێن:** نەخشەی شوێنەوارە کۆنـەکانی عێـراق بەغـدا (١٩٥٤) ئـەو شـتانەی سـەردەمی (حەسـونە)[٢٩٩] (٥٨٠٠–٥٥٠٠ پ.ز) و (ئـورك) و (ئاشووری) (٢٠٠٠ پ.ز) تۆمار کردووە لە گوندی (بۆسکێن) دۆزراوەتـەوە. گردی (بۆسکێن) گردێکی تورکـە ڕێـژە قـەلای لەسـەر دروسـت کـراوە، لـە دەوری قەلا سەرەتیر و ڕم و بەردەستێ زۆر هەیە، چونکە سەرەتای پەیدا بـوونی چـەکی پێشـکەوتوو (تفەنگـە شـینکە) بـە (بەردەسـتێ) دەتـەقی، لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بەکار هاتووە[٣٠٠].

---

[٢٩٩] حەسسونە: دەکەوێتە باشووری موسڵ بەدووری ٢٢ کم یەکەم جار ئەو پاشماوانەی ئەم چاخە لەم پێگەیەدا دۆزراونەتەوە، بۆیە هەر بەم ناوە ناسراوە. برەوانە: کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، ل ٦٧.

[٣٠٠]

**باسموسـيان:** ئـەم گـردە بەرزیەکـەی (٣٦) مـەتر بـووە، لەسـاڵانی (١٩٥٦– ١٩٥٨ز) پشکنینی تێدا کراوە، هاوتای شوێنەوارەکانی (ورکـا) و (جدەنصر) بووە، پەرسـتگایەکی تێـدا دۆزراوەتـەوە، چـەندین سـەردەمی بەخۆیەوە بینیووە و نویێ کراوەتەوە، لـە بنەماڵـە (سـلالە)ی (سـێ یـەمی ئـور)ەوە (٢١٠٠ پ.ز) تـا سـەردەمی بـابلی و خورییـەکان هـەر پەرسـتگا بووە، خوایەکی تێدا پەرستراوە هاوشانی خوا (عەشتار)ی بابلی بووە، لـە هەنـدێ سەرچـاوەدا ئـەم خوایـە بـە خـوا (ئـەدەد) نـاوبراوە و خـوای (بـاوبۆران) بـووە، لەسەرچـاوەیەکی تـردا بـەم جـۆرە باسـی باسموسـیان دەکرێت: (١٦) شانزە چینی ئاسـەواری هـەبووە، کـۆنترین پاشماوەکـانی دوو پەرسـتگایە، لـە چـینەکانی سـێ یـەم و چـوارەم دەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی ئاشوورییەکان (ئاشووری کۆن ٢٠٠٠ پ.ز )، دەتوانین بڵێین ئەم شوێنەوارە، ئەم سەردەمانەی بەخۆیەوە بینیـوە (سـامرا، حلـف، العبیـد، ورکا، ئاشووری ناوەند و کۆن)[٣٠١].

**دوو گـــردان:** پاشمـــاوەی ســـەردەمی (العبیـــد)[٣٠٢] دوو پەرســـتگای پاشماوەی سەردەمی (ورکا) (٣٠٠٠پ.ز)، ئاشووری کۆن (٢٠٠٠ پ.ز) تێـدا دۆزراوەتەوە.

---

[٣٠١] محەمەدامین عارف، رانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گ رانیە ژ٤ لە ٢–٥–٢٠٠٣، ل ٢٠.

[٣٠٢] عبید: گردێکە لە باشووری شاری (ناسریە) بەهۆی ئەوەی یەکەمجار جۆرێکی کەل و پەلی شارستانی لەم شوێنە دۆزرایەوە، ناوی ئەو سەردەمەی ئەو جۆرە کەل و پەلەی تێدا بڵاو بووە، بەناوی ئەم گردەوە ناونرا، سەردەمی (عبید) لە٤٠٠٠ ساڵ پ.ز لە باشووری میزۆپۆتامیا باو بووە، دواتر باکووریش (کوردستان) ی گرتەوە، یەکەم کەس (لیۆناردۆ ولی) لە ساڵی ١٩١٩ پشکنینی تێدا ئەنجامداوە، بروانە: کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، ل ١٥٠.

**کامەریان:** ئاسەواری ئەم سەردەمەیان تێدا دۆزراوەتەوە،( العبید) (٣٥٠٠پ.ز)، (الورکا) (٣٠٠٠پ.ز)، (ئاکرێ) (٢٥٠٠پ.ز)، (ئاشووری کۆن) (٢٠٠٠پ.ز)، (خوری).

**کامەم:** چەند گوندێك لەو ناوچەیەدا پاشماوەی شوێنەواری کۆنی سەردەمی (العبید) و (ورکا) تێدا دۆزراوەتەوە، لەناو یەکێکیاندا لەوحێکی گەورە نووسینی سەردەمی بابلی کۆنی (١٨٠٠پ.ز) بەسەرەوە بوو، لەسەر گوندەکەش شوێنەواری ئاوەدانی سەردەمی (هلنستی) (٣٠٠پ.ز) هەبووە، لە دەوروبەری (گولەك)یشدا هەندێك شوێنەواری ڕۆمی و ڕۆمانی هەبووە.

**گردەدێمە:** شوێنەواری ئەم سەردەمانەی تێدا بووە (الورکا)، (ئەکەدی)، (ئاشووری کۆن)، (خوری)، (میدی)، هەروەها پەرستگایەکی تێدا بووە.

قوڕە **شینە:** دوو پەرستگای تێدا دۆزراوەتەوە، هی سەردەمی (العبید) لەگەڵ پاشماوەی (ورکا)[٣٠٣].

**شمشارە:** گردی (شمشارە) یەکێکە لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چێوەکەی (٣٣٠× ٦٠م) و بەرزیەکەی (١٩) مەترە، بەشی باشووری گردەکە (١٣م)[٣٠٤]، لەدوو کاتی جیاوازدا پشکنینی تێدا کراوە، ئەنجامی گرنگی شوێنەواری هەبووە و سەرنجی تیمە بیانیەکانی ڕاکێشاوە، بەهۆی دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواری بەتایبەت

---

[٣٠٣] محەمەدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری رانیە ژمارەی٤، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[٣٠٤]

له سالآنی (۱۹۵۷–۱۹۵۹ز) کەتێیدا کۆشك و پەرستگای تێدا دۆزرایەوە، لەگەڵ (٢٤٥) تابلۆی شوێنەواری نووسراو، کە زۆربەیان نامەن و بۆ (کووارى) فەرمانڕەوای (شمشارە) نێردراون، هەروەها لەسالآنی شەستەکان تیمێکی شوێنەواری عیراق کاری تێدا کردووە بەشێوەی ڕزگارکاری (ئینقازی)[٣٠٥].

نێردەیەکی دانیمارکی بۆ هەڵکۆڵین و پشکنین لەساڵی (۱۹۵۷)بە لێپرسراوێتی (یورگین لیسۆ) و (هنگری ئنگاون) گردی (شمشارە)ی پشکنیوە، دوای ئەوانیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار دەرکەوتووە، ئەم گردە لە سەردەمی بەردینی نوێ دا ئاوەدان بووە، واتە خۆی لە گوندی (چەرمۆ) و (حەسونە) نزیك دەکاتەوە (هەزارەی شەشەمی پێش زایین)، تەلار (بینا)یەکی لە خشت دروست کراوی تێدا دۆزراوەتەوە، چەندین ژووری تێدا بووە، پێدەچێت کۆشك یان پەرستگایەك بووبێت، یان هەردووکیان بووبێت پێکەوە، کۆمەڵێك تابلۆ (خشت)ی گڵینی نووسراوی تێدا دۆزراوەتەوە، تیمە (دانیمارکی)یەکە پشکنینی بۆ گردی (شمشارە) کردووە، (١٦) چین چوونەتە خوارەوە هەرچینێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك لەچینی پێنجەمدا (٢٤٥) تابلۆی قوڕینی بزماری سەردەمی ئاشوورییان دۆزیوەتەوە، دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشووری کۆن، لە دەوروبەری (۱۸۰۰پ.ز.) خشتەکانی (شمشارە) لە ژوورێکی سەر بە خانوویەك دۆزراونەتەوە، نێردەی (دانیمارك)ی لە کلکەی خوارەوەی گردە قوچەکیەکەوە دەریهێنا، ئەگەر لەسەرەوەڕا حیسابی بۆ بکەی خانووەکە دەکەوێتە ئاستی چینی

---

[٣٠٥] شێرزاد حەسەن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

پێنجەمی نیشتەجێ بوون (الطبقة الاستيطانية الخامسة)، خشتەکان لەسەر زەوی ژوورەکە (Floor)یان لەناو خۆڵ یەکسەر لەسەرەوەی ئاستی زەوی ژوورەکە کەوتبوون. لەسەر چواریەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی شۆستەکەدا بڵاوببوونەوە، هەندێ لە خشتەکان لەسەر پارچە سواڵەتی گۆزەیی کەوتبوون، پاشماوەی ئەو دەفرانە بوون خشتەکانیان تێدا دۆزرابوونەوە. لەمە بەولاوە هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەبوو، وا بکا بیچەسپێنیت داخۆ خشتەکان لە بنچینەدا لەو ژوورە هەڵگیراون یان داخۆ ئەو دەفرە یان ئەو دەفرانەی خشتەکانیان لەناودا هەڵگیراوە، بەڕێکەوت هێنراونەتە ئەم شوێنەی لێی دۆزراونەتەوە[٣٠٦]. گردی (شمشارە) بەرزی گردەکە (١٩) مەتر بووە، پانیەکەی (٦٠) مەتر بووە، درێژیەکەی (٣٣٠) مەتربووە، نێردە (دانیمارکی)یەکە توانیویەتی پاشماوەی شوێنەواری تێدا بدۆزێتەوە، بەگشتی گردەکە، بریتیە لە (١٦) شانزە چینی شوێنەواری کۆن، هەر چینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك، لە سەدەکانی پێش مێژووەوە دەست پێدەکات، تاکو سەردەمی ئیسلام، لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان سەلماندووە، بوونی مرۆڤ لەم شوێنەدا قۆناغ بەقۆناغ بەردەوام بوو، ئەم گردە وەك گوندێك هەموو کاتێك ئاوەدان بووە، چینی (١–٣) پاشماوەی ئیسلامی سەدەی (١٢–١٤ز) تێدا بووە، چینی (٤–٨) خوری و ئاشوری کۆنی تێدا بووە، لەچینی پێنجەمیدا چەند تابلۆیەکی قوڕینی تێدا بووە، بەخەتی بزماری لەسەردەمی ئاشوورییەکان نووسراوە، لەو نووسراوانەدا لە چینی (٥)دا دۆزراوەتەوە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٠٠ پ.ز) یان (١٧١٢– ١٧٨١ پ.ز) سەردەمی فەرمانڕەوایەتی

[٣٠٦] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشاری، ل ٣٥.

پادشـای ئاشـووری (شەمشـی– ئـەدەد) لـە سـەردەمی ئـەودا شوشـاررا (شمشـارە) بەشـێك بـووە لـە قەڵـەمڕەوی ئاشـووری، لـە هـەمان کاتـدا ناوەنـدی دەسـەڵاتی سـنووری بیتـوێن و ناچـەکە بـووە، چـینی (١–٩) چـینیان تێـدا دۆزراوەتـەوە، دەشـێ هاوکـات بـن لەگـەڵ (تـل الحسـونە)، چونکە جۆری چینەکەیان لەیەك دەچێت، چینی (٩–١٦) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە مێژوو، چـینی (١٤–١٦) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمانی پێش فەخفوری، لە سەردەمی بەردینی نوێدا زۆر نزیکە، لـەوەی هاوکـاتی (چـەرمۆ) بێـت، چـونکە ئـەویش دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش سـەردەمی بـەکارهێنانی (فخـار) یـان (چـینی)، وردە کـەل و پـەلی بـەردینی تـری (مایکرۆلیتیە) تێدا بـووە، لـە ئـەنجامی هـەڵکۆڵین و پشـکنینەکەدا (٢٤٥) تـابلۆی نووسـراوی گڵێنـی (سـەدەی هەژدەهـەمی پـێش زایـین)ی تێـدا دۆزراوەتەوە، زۆربەی ئەو بەڵگەنامانـەی لـە ژووری خشـتەکانی شمشـارە دۆزراونەتـەوە، نامـەن بـۆ (کـوواری) فـەرمانڕەوای شوشـاررا هـاتوون، سـەرجەمی ئـەو نامانـەی ئاراسـتەی (کـوواری) فـەرمانڕەوای ئـەو کاتـەی ناوچەی بیتوێن کراون، ژمارەیان (٥٠) نامەیە، بەڵام ڕەنگە هی تریش لـەو نامانەدا هەبێ کە ناوی بۆ نێردراو (المرسل الیە)ەکانیان ون بـووە[٣٠٧]. لـەو کاتەدا (شوشاررا) ناوەندی دەسـەڵاتی ناوچـەکە بـووە، سـەر بـە یـەکێتی شانشینی (توروککو= توروککی) بووە، دواتر سەر بـە دەوڵـەتی ئاشـووری بووە، لە ژێر دەسەڵاتی پادشای ئاشـووری (شامشـی– ئـەدد) لـە سـایەی فەرمانڕەوایی (کوواری)دا، (شوشاررا) شارێکی ئەوەندە بـەناوبانگ بـووە، هـەموو ناوچـەکەی دەوروبـەری بـەناوی ئـەوەوە هەڵـدراوە، دیـارە ئـەوە

---

[٣٠٧] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە ل ٣٩.

دەگەیەنێ (شوشاررا) لە سەدەی هەژدەمینی پێش زایین، بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی دەشتی ڕانیە بووە، نامەکان لەچەند کەسێکی تری کەم کە لەلایەن بنێری واوە ڕەوانە کراون، لەوە دەکا دانیشتووی شاری (شوشاررا) یان وڵاتی دەوروبەری واتە دەشتی ڕانیە بن، یان لەلایەن فەرمانڕەوا ناوچەییەکانی ناوچەکانی تری کوردستانی خواروو ناردراون. سەرەڕای ئەمە دەقی بازرگانیشیان تێدایە، بارودۆخی دۆزینەوەکە دەری خستووە ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ قۆناغی دەسەڵاتی ئاشووری لە (شوشاررا) هاوچەرخن[308]. کاتی کاری هەڵکۆڵین لە گردی (شمشارە) لیژنەکە چەند خشتێکی نووسراویان دۆزییەوە، یەکێکیان پارچە خشتێکی زەرفە[309] و بەشێکی نووسینی مۆرێکی لوولەیی و نیگارێکی بچوکی بابلی کۆنی لەسەرە، ئەمەیان خواوەندێکی ئافرەتە (Gaddess) بەرامبەر بەخوایەکی دانیشتوو وەستاوە[310] سەرەرای بنکە جەرەیەکی قوڕی قاوەیی خوساو، نامەی ژمارە (SH.712) جامێکی ڕێك و پێکی قوڕی قاوەیی کراوە، نامەی ژمارە (SH.713)، مودێلێکی بچوکی چوارپێ قوڕ

---

[308] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارەلا ٧٧.

[309] مەبەست لە کیفی لەوحی قوڕ توێ یەکی تەنکی قوڕە پاش نووسینی قەواڵە و بەڵگەنامەی گرنگ دەگیرایە لەوحەکەی و هەمان ناواخنی قەواڵەکەی لەسەر دەنووسرایەوە و مۆر دەکرا، ئەم بەرگە یان ئەم کیفە تەنیا لەکاتی کێشە و ناکۆکی نێوان لایەنەکانی مۆرکەرانی قەواڵەکە لەبەردەم دادوەر و بەئامادەبوونی گەواهان دەشکێنرا و تەماشای نووسینی سەر لەوحەکە دەکرا.(کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ل ٢٠٤.

[310] تێبینی بکە ئەو خوایەی دانیشتووە و داردەست و ئەڵقەی بەدەستەوەیە خواوەندی ئافرەتە Gaddess، خشتەکانی شمشارە ل ٤٠.

و نامـەی ژمـارە (SH.714)، خشـتەکان مـۆخی قۆچـی ئـاژەڵێکی سـەر بـەخیزانی قۆچــە کلـۆرە شــێردەرە سمــدارەکارەکانیان لەگــەڵ دابــوو، (یورگێن لیسۆ) دەڵێت: من بەش بەحاڵی خۆم هیچ لێکدانەوەم نیە، ئـاخۆ ئەم کەرەستەیە بۆچی کەوتۆتە ئێرە و لەم دەوروبەرەدایە. یەکێکی تر لە نووسینی خشتەکان لە مەسەلەی کاروباری ناوچەیی دەدوێن، واتە دابەش کردنــی دانەوێڵــەی ئەمانــەت و دروســت کردنیخانوویــەك لــە شــارەکەی (کوواری) کە ناوی (شوشاررایە= Šu- šar-ra-a) ئەم زانیاریە نرخێکـی زۆری هەیــە، چــونکە یەکــەم پەیوەنــدی ورد و ئاشــکرای نێــوان وڵاتــی ئاشووری و ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانی پێشکەش دەکات[٣١١].

لیژنە (دانیمارك)ییەکە، دوای پشکنین و لێکۆڵینــەوە لـەم شـوێنەوارە، چەندین بەڵگەی نووسراو و پاشماوەی شوێنەواری خانووی قوڕین و چـەند ئامێرێکی بەردین، وەك (چەقۆ)ی تێـدا دۆزراوەتـەوە، ئـەم بەڵگانـە ئـەوە دەسەلمێنن نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەم شوێنەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیــان لــە گونــدی (چــەرمۆ) واتــە (٦٧٥٠ پ.ز)، پێدەچـێت ئــەو کاتــە (شوشاررا)ش گوندێکی بچوکی ئاوەدان بووبێت، هـەروەها گلێنەیـەکی لـە قــوڕ دروســت کـراویش لـە گـردی (شمشــارە) دۆزراوەتـەوە، مێژووەکـەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی (حەســوونە) (٥٨٠٠–٥٥٠٠ پ.ز) بەڵگــەی دووەمـیش بـوونی ئـەو گۆڕسـتانە گەورەیـە کەوتۆتـە دەوروبـەری گـردی (شمشارە)، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەو باوەڕەمـان لا دروسـت دەبێـت کـە مسـۆگەرە نـاوی نـوێی گـردی (شمشــارە) زایەڵــەی نـاوە کۆنەکـەی

---

[٣١١] یورگێن لیسۆن خشتەکانی شمشارە، ل ٣٦،٤١.

(شوشاررا)یە. جێگای ئاماژەیە ئەرشیفە دۆزراوەکانی (شمشارە) بەسەر سێ کاتدا دابەش دەبن:

یەکەم: لەسەردەمی پێش ئاشوور.

دووەم : بالا دەستی ئیمپراتۆری ئاشوور

سێ یەم: سەردەمی ڕووخانی پاش ئاشوور[٣١٢].

شوشاررا (شمشارە) ئێستا تەنیا شوێنەواری گردێکی نیمچە درێژکۆڵە و بەرز ماوە، ئەم شوێنەوارە گرنگە مێژووییە بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دوکان (١٩٥٩) کەوتۆتە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە زۆربەی کاتەکانی ساڵ ئاو دەیدەپۆشێت تەنیا هاوینان دەردەکەوێت.

لە مارتی (١٩٥٨) بەڕێز (ئی.وێلدان براون) زنجیرەیەك قەڵای لەیەك نزیکی دۆزیەوە بەکەڵەکە بەردی وشکی بیناکاری لەسەر لێوی زنجیرە چیایەك دروست کراون، پێی دەگوترێ خاڵی دەربەند و لەخوارووی (دەربەندی ڕەمکان)ەوە بەدرێژایی لای ڕۆژهەڵاتی دەشتی ڕانیەوە درێژ دەبێتەوە، بەڵگە هەیە دەری دەخات ئەم قەڵایە بەمەبەستی بەرگری کردن لە دەشتی ڕانیە دژی هێرشی ڕۆژهەڵات دروست کراون، تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی بەمێژووەوە نەدۆزراوەتەوە. بەم شێوەیەنووسیویەتی:


(A Report on the Descovery of Fortificans on aRidge to the East of the Rania plain, sulaimaniyah[1958]).[٣١٣]

---

[٣١٢] عومەر ئیسماعیل باوزی، گردی شمشارە(شوشاڕڕا)ی مێژوویی، گۆڤاری پشدەر ژ ٤، هاوینی ٢٠٠٨، ل ٥٠.

[٣١٣] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

لـه هـاوین و پـاییزی سـاڵی (١٩٥٨–١٩٥٩) تیمێکـی عیراقـی لەلایـەن (عەبـدوالقادر تکریتـی) سەرپەرشـتی کـراوە و هـەڵکۆڵین بـەردەوام بـووە لەشمشـارەدا، بـەڵام زانیـاری کـەم لەسـەر ئـەم کـارە و ئەنجامەکـەی دەزانرێ[٣١٤]. هەروەها لە ساڵی (١٩٦٣) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەوار و کەلەپووری عیراق هەڵکۆڵین کراوە[٣١٥].



**وێنەی ژمارە (٥٧)، نووسینێکی مێخی کە باس لە ناوی شمشارە دەکات، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن، ل ٤٢**

[٣١٤] ئێرزاد حەسەن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[٣١٥] شێرزاد حەسەن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.


## ئەرشیفی شمشارە

دەشتی بیتوێن بەگشتی و گردی (شمشارە) بەتایبەتی ئەرشیفێکی بزماری سەردەمێکی زۆر کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، بەهۆی دەقی نامەکانی ئەم گردە زۆر زانیاریمان پێ دەدات، لەبارەی دانیشتوان و کاری رامیاری و سەربازییان پێش نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر لەناوچەی رانیە و ناوچەکانی دراوسێی کۆبوونەوە. سەرەڕای ئەوەی دەشتی بیتوێن چەندین گردی پاشماوەی شوێنەوای کۆنی هەیە، پشکنینی بۆ نەکراوە، چەندین پاشماوەی شوێنەواری تریشی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕانیە بەزیاتر لە ٣٠٠ شوێنەواری خەملاندووە. ئەرشیفەکانی (شمشارە) بۆ مێژووی کوردستانی ئەو سەردەمە لە هەموو ئەرشیفەکانی تر گرنگترن، پەنجەرەیەکن دەتوانین لێیانەوە بروانینە مێژووی ئەو ڕۆژگارەی ناوچەکە، زانیاری مێژوویی و زمانەوانی و نەژادی و جوگرافی زۆر بایەخداریان تێدایە، بەتایبەت لەسەر بارودۆخی(شمشارە) لەو سەردەمەدا زانیاری گرنگ بەدەستەوە دەدەن. ئەرشیفی (شمشارە) سەر بەو کاتەیە کە (شەمشی– ئەدەد=Šamše-ada)ی یەکەم پادشای ئاشوور بوو، لە ئەنجامی هەڵکۆڵین و پشکنینەکە دا(٢٤٥) تابلۆی نووسراوی گڵینی (سەدەی هەژدەهەمی پێش زایین) ی تێدا دۆزراوەتەوە، زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی لە ژووری خشتەکانی (شمشارە) دۆزراونەتەوە، نامەن بۆ (کوواری =Kwari) فەرمانڕەوای (شوشاررا =Šušarra) هاتوون.

سەرەڕای ئەوەش لە (بێتواتە) چەند نەخشەبەرد و نوسراو دۆزراوەتەوە، ئەوانیش دەکرێن بەدوو بەشەوە: بەشی یەکەمیان سێ پارچە بەردی نووسراو لە مۆزەخانەی بەغدا دانراون، بەشی دووەم لە نەخشەکانی (بێتواتە) دەکرێن بە سێ نووسین، واتە دوو نەخشە و

هەڵکەندراوێك، ئێستا لە مۆزەخانەی (ئۆرشەلیم) لە (ئیسرائیل) دانراون، ئەوانە مێژووی سەردەمێکی کۆنی ناوچەکە ڕوون دەکەنەوە، دواتر باسی دەکەین.

وەك وتمان نووسراوی سەر تابلۆکان (٢٤٥) تابلۆیە و (٥٠) دانەیان نامەن و بۆ (کوواری =Kware) فەرمانڕەوای (شوشاررا =Šušarra) نێردراون، هەموو نامەکان بایەخی تایبەتیان هەیە، یەکێك لەو نامانە، نامەی ژمارە (SH.218) بۆ کوواری نێردراوە، داوای هاوکاری لە(کوواری =Kware) دەکات، لەمەوە دەردەکەوێت کوواری خاوەن پێگەیەکی سەربازی و ئابووری باش بووە، چونکە بنێری نامەکە کە خۆی وەك برای (کوواری =Kware) ناساندووە، داوای لێ دەکات، هاوپەیمانی و هاوکاریان بکات و لەکاتێکدا سێ ساڵە دوژمن شارەکەی ئابلۆقەداوە پێویستیان بەیەکگرتنی زیاتر هەیە، و دانەوێڵە لە عەمبارەکان دانەماوە، لەمەوە دەردەکەوێت دەشتی بیتوێن و شانشینەکەی (کوواری =Kware ) لەڕووی بوونی دانەوێڵە بارودۆخی باش بووە، بۆیە داوای لێ دەکات دانەوێڵەیان بۆ مسۆگەر بکات، سەرەڕای ئەوەش پێدەچێت (کوواری =Kware) بۆ ئەو هاوپەیمانیە زۆر پەرۆش نەبووە، چونکە دەیلاوێنێتەوە و دەڵێت: با بەدگۆییت لەدژ نەکەن، بڵێن: ئەوە سێ ساڵە شاری گەورەکەی ئابلۆقە دراوە، بەڵام (کوواری =Kware) کەمتەرخەمی کردووە، لێرەدا دەقی ئەو نامەیە بڵاو دەکەینەوە بۆ زیاتر شارەزا بوون لە گرنگی و بایەخی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەند و بایەخدارەی شمشارە لە دەشتی بیتوێن.




**ڕووی پێشەوە و قەراغی سەرەوە ڕووی پشتەوە و قەراغی خوارەوە**

**وێنەی ژمارە (٥٨) نووسینی تابلۆی ژمارە (SH.218)**

**یەکێك لەنامەکانی شمشارە، سەرچاوە: یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە.**

(obverse)

*a-na Ku-wa-ri qí-bí-ma*
*um-ma $^{m}$Še-ep-ra-tu*
*a-ḫu-ka-a-ma*
*$^{m}$Zu-zu-um ḫa-ni-za-ru-um*
*ša I-lu-ur-e$^{KI}$ ša a-na Ku-sa-na-ar-ḫi-im*
*iš-pu-ru-nu il-li-kam-ma*
*ù il-li-šu* LUGAL *ša Ku-sa-nu-ri-im*
*it-ru-am a-na A-li-a-e$^{KI}$*
*ù il-li Ki-gi-ir-za ù $^{m}$Ta-al-pu-šar-ri*
*in-na-me-er ù ni-iš* DINGIR.MEŠ *ga-am-ra-am*
*i-na bi-ri-ti-šu-nu iš-ku-nu*
*ù* LUGAL *ša Ku-sa-na-ri-im $^{m}$Na-aš-šu-ma-ar*
*ù ma ru ta ru me ur $^{m}$Šu(?)-úr(?)-ti*
*it-ti ṣa-bi-im 3 li-mi i-la-ku-nim*
*ù $^{m}$Be-er-di-ge-en-da-e* GAL. $^{d}$⟨MAR.⟩TU
*ša Zu-ut-li-im it-ti um-ma-na-ti-ka(?)*
*a-na* URU.KI *Ku-un-ši-im$^{KI}$ i-la-kam*
*ù $^{m}$Ki-gi-ir-za it-ti ṣa-bi-šu*
*ù ṣa-bi-im ša Ku-sa-na-ri-im ù Šu-da-ma-li-im*
*a-na Ar-ru-ni-im$^{KI}$ la-we-em*
*it-ta-al-ku i-na li-bi* URU.KI
*i-ba-aš-ši ša i-da-bu-bu*
*um-ma al-kam* URU.KI *li-di-na-ak-kum*
*i-na-an-na šum-ma* LUGAL.MEŠ *ma-du-tum*
*ša Lu-ul-li-im ša il-li-ku*
*i-ki-ru is-sa-al-mu ù ni-iš* DINGIR.MEŠ

*ṣa-am-ra-am ta-ad-di-na-šu-nu-šum*
*ṭà-ba-li-šu-nu ṣa-ba-al-ma*

(Lower edge.)

*su-li-im-šu nu le-qé al-ta-ma*
*ti-de ki-ma na-ka-ma-t[um]*
*ri-qa ù* ŠE *a-na ṣa-bi-i[m]*

(Reverse.)

*an-ni-im ša i-la-ka-am la i-ba-aš-šu-ú*
*i-na-an-na it-ti Lu-ul-li-im sa-li-ma-am*
*da-am-qi-iš e-pu-úš-ma*
*ša su-úš-ši-im* ŠE *ù qé-me-em*
*e-pu-úš ki-ma be-el-ka ù ma-tum*
*i-ḫa-du-ú ù šum-ka a-na da-ar i-ša-ka-nu*
*ù* WA AZ BI 5 *me-tim šu-ul-qí-am*
*ù al-la wa-ar-ka-at* ${}^{m}$*Sa-am-si-*${}^{d}$IM
*pu-ru-ús-ma šum-ma ul-li-iš pa-ni-šu*
*iš-ta-ka-an-ma ni-ša-tum a-na ma-at*
*Ú-te-em*${}^{KI}$ *la* [illegible]
*ṣa-ba-ka* [illegible] *-ma*
*i-na qa-ti-ka* [illegible]
*ù Lu-ul-li-i* [illegible] *-li-bi*
*Šu-šar-ra-e*${}^{KI}$ *a-di* [illegible] *-te-li-am*
*li-ki(! DI)-la-šu-nu-ti šum-ma wa-ar-ka-tam*
*ta-ap-ru-ús-ma pu-lu-uḫ-tum a-na ma-at*
*Ú-te-em ṣa-ba-am ⟨šu-⟩ uš-ba-am-ma*

*ma-at Ú-te-em ù* URU.KI *Šu-šar-ra-e*^KI^ *li-ṣúr*
*ù at-ta il-li ṣú-ḫa-ri-ka*
*e-li-am ù ma-tum me-em-ma la i-ga-bi-kum*
*at-ta-a-ma ti-de* KA-*šu-nu ur-ra-am*
*ši-ra-am i-te-bu-ma ki-am i-ga-bu-ú*
*um-ma šu-nu-ma šu-ma ki-a-am i-te-pé-eš*
*ša a-bu-šu ú a-bi a-bi-šu-nu ul-da-nu-tam(?)*
*i-pu-šú ù* ⌈*ša*⌉*-tu be-el-šu ki-ma na-pi-iš-ti-šu*
*i-ra-mu-šu i-na-an-na be-el-šu iš-tu* 3 MU
*la-wi-ma ù šu-ú ú-ul it-li-kam-ma*
ZU UD *be-li-šu ú-ul ù-ša-di-il*$_5$
*ù i-na i-di-ni ú-ul i-zi-iz*
*an-ni-a-tim i-qa-bu-ni-kum-ma*

(Upper edge.)

*ù a-na wa-ar-ka-at* UD-*me*
*bi-*[*i*]*š-tum ù li-ba-ni i-ma*(! BA)*-ra-aṣ*
*le-er-tam a-na šu-tum* URU.KI *Šu-šar-ra-e*^KI^
*su-pi-iš-ma*

(Left edge.)

*ù at-ta li-be-ma at-la-kam*
*ù* ŠE-*am i-pa-ni-ka šu-uš-ši-a-am*
*ap-pu-tum ar-ḫi-iš la tu-ḫa-ra-am*
*ṣa-bu-um wu-di qú-ru-ub*

## وەرگێڕاوی دەقی نامەی 218 :SH

" بەکواری بڵێ: شێپراتوی برات ئاوها (دەڵێ): زوزوم/ی خانیزاروم Hanizarum/ی (شاری) ئیلالائێ، کە بۆ پەیمانێکی بۆ ئیشپورونو isparunw بۆ، کوسانارخوم Kusanarhum، نێردرا بوو، هات و لەگەڵ خۆی دا پادشای کوساناریم/ی لەگەڵ خۆی هێنا بوو بۆ (شاری) ئالیایێ و لەگەڵ کیگێرزا و تالپوشارری کۆبووەوە و سوێندی تەواویان لەنێوان خۆیان خوارد(سەپاند)و ناششومار/ی پادشای کوساناریم (و) ، شەرتی (؟) ....وا بەلەشکرێکی ٣,٠٠٠ یەوە دێن و بێردیگێندائێ/ی راب ئەمورریم rabAmurrim/ی زوتلوم وا بەخۆ و بە لەشکرەوە دێتە شاری کونشوم و کیگێرزا بەخۆی و بەلەشکری خۆی و لەشکری کوساناریم و ،شودامێلیم – (ئەوان) بەڕێ کەوتوون بۆ ئابلۆقەدانی


(شاری ئارڕونیم Arrunum؟) (دێری ١–٢١)...لەشارەکەدا (ڕەنگە اەوێ) (یەکێ) هەیە ئەوها بڵێ: وەرە من شارەکە دەدەم(تەسلیم دەکەم) بە تۆ. ئێستا ئەگەر پادشا زۆرەکانی لۆللۆم کەبوونەتە دوژمنی تۆ، ئاشت بوونەتەوە و تۆش سوێندێکی تەواوت پێ داون (کەواتە چاکەکەیان بقۆزەوە (وشەیی: [مەرجە] پەسندەکانیان) و ئاشتیەکەیان قبول بکە! تۆ خۆت دەزانی عەمبارەکانی دانەوێڵە بەتاڵن و هیچ دانەوێڵەیەك بۆ لەشکرەکە نیە کە دێ، ئێستا ئاشتی و پەیوەندی باش لەگەڵ لۆللۆم پێك بێنە و گواستنەوەی ئارد و دانەوێڵە ڕێك بخە، بۆ ئەوەی سەروەری تۆ و وڵاتیش شاد بن و (بۆ ئەوەی) ئەو هەتا هەتایە ناوت بچەسپێنێ و و وابکە ٥٠٠ ... دەستی بەسەردا بگێرێ بۆ من! ئەگەر بیری (وشەی: ڕووی) خستبێت ئەو دیو (ئەمەوە؟) (واتە: دوورتر

ڕۆیشتی)ئەوسا با هیچ نیگەرانیەك سەبارەت بە( ئانا– ana ) ولاَتی ئۆتێم نەبێ و (ئەوساکە) ئەوساکە لەشکرە چاکەکەت (واتە: باشترین لەشکرت) بگرە دەست وەرە لام، و وابکە ئەوان لۆللاییێ جێ بڕواکان لە (شاری) شوشارراییێ گل بدەنەوە تا تۆ دێیتە لام. ئەگەر تۆ لە هەلۆێستەکەت کۆلێوەتەوە و ترس لەبارەی (ئانا) ولاَتی ئۆتێم (هەیە)، (ئەوسا) وابکە لەشکرەکە بمێننەوە(وشەیی: دابمەزرێ) بۆ ئەوەی ولاَتی ئۆتێم و شاری شوشارراییێ بپارێزێ، تۆش بە خۆو بەتۆکەرەکانت، وەرنەلام ! – و وامەکەن ولاَت هیچ بەتۆ بلێ (واتە: دژی تۆ)بلێ. تۆ خۆت شارەزای بیروڕا(واتە: زاری؟)ی ئەوانی. هەموو لە ئایندەدا قیت دەبنەوە و بەم جۆرە ئەمەی خوارەوە دەلێن:

"ئەو بەتەنێ ئاوهای کردووە(؟)، (ئەو) کە باوکی و (؟)....و ئەوەی، بەش بەحالی خۆی سەروەرەکەی وەکو ژیانی (خۆی) خۆش دەوێ– ئێستا، ئەوە سێ سالە سەروەرەکەی لەژێر ئابلۆقەدایە، کەچی ئەو نەهاتووە(٦٠ و دد) و ....سەروەرەکەی (؟) درێژنەکردووە و لەتەك ئێمە نەوەستاوە" ئەمانە (ئەم شتانە)، ئەوان بەتۆی (واتە: دژی تۆ) دەلێن و (ئەمەش) کارێکی نەگریسە تا ڕۆژگارێکی دوور دلمان نیگەران دەبێ. با نەزری خۆشکوزەرانی (واتە: ڕزگاری) شاری شوشارراییێ بکرێ و تۆش بەڕێ بکەوی و بێیتە لام. و وابکە دانەوێلەکە لەژێر سەرپەرشتی خۆت بگوازرێتەوە بۆ من! هانت دەدەم: بەزووترین کات(جێبەجێی بکە)، و دوا(ی) مەخە، وەکو خۆت دەزانی، لەشکر نزیك بۆتەوە[٣١٦].

---

[٣١٦] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، ل ١٠١



**وێنەی ژمارە(٥٩)، نامەیەکی (Šamši- adad) یەکەم پاشای ئاشوور بۆ(Kwari) فەرمانڕەوای شمشارە، سەرچاوە: Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden and Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2011).p:16.**

## خەونەکە بوو بەڕاست

ساڵی (١٩٥٧) بوو، شوێن ڕانیە بوو، دەکەوێتە باکووری عێراق، لەباشووری کەناری (دوکان) کە پڕۆژەی کارۆئاوی لەژێر بنیاتنان بوو، ئاوەکەی زەویەکانی بیتوێتی داپۆشی و زیاتر لە (٤٠) شوێنەواری کۆن دەزگای شوێنەواری عێراق سەرگەرمی بنیاتنانی ڕزگارکردنی کنە و پشکنینەکان بوو، لەگەڵ زانایەکی شوێنەوارناسی (دانیمارکی) هاوکار بوون، کە ئاشووریناس بوو، (یورگین لیسۆ) (١٩٢٤–١٩٩٣ز) پشتگیری دەکرا لەلایەن (Danish) بەڕێوەبەری دامەزراوەی (کالیسبێرگ Carlsberg). (لیسۆ) وە بەڕێوەبەری زەویەکە (Haeald Ingholt) (١٨٩٦–١٩٨٥ز) گردی (شمشارە)ی دیاری کرد بۆ هەڵکەندن. کە نزیك شوێنی ستراتیژی (دەربەندی ڕەمکان)ە، درێژ دەبێتەوە هەتا شاخەکانی سنووری نێوان عیراق – ئێران. (لیسۆ) بەردەوام بوو لەسەر ژماردنەکانی: "…. لەهەمان ڕۆژدا (١٨)ی مانگی مەی ئێمە گۆڕەپانی کەمپەکەمان دیاری کرد، لەماوەی شەودا باران زۆر باری و چادرەکان دەلەرینەوە و هەورەکان دەنگیان دەهات، بەدرێژایی شاخەکان. لورەی گورگەکان لەشوێنێکی زۆر نزیك دەبیسترا، ڕۆژی دواتر لەگەڵ دوو کوردی خەڵکی (بۆسکێن) چەکدار کران بەتفەنگ و بۆ پاسەوانی شەوانە. لەبەرئەوەی دەستی کرد بە سەرکەشی. لەماوەی سێ مانگی داهاتوو تەنیا گەشت و ئارام گرتن و سوتاندنی شت بۆ گەرمی، (دووپشك، جاڵجاڵۆکەی گەورە، تەپۆ= sandflies) بێزار کەر بوون، لە کۆتایی هەفتە بایەکی بەهێز دەهات. ئێستا هەندێ شتی پاشایەتی لەو دەشتانە هەیە، هەڵۆکان

دەبینرێن بەرەو خواری گردی (شمشارە)، مانگی پڕ وای لەسەر لوتکەی شاخەکان کردووە تیژ دەربکەون، دەستەبەرێکی گەورەیان لەو شەوە زیویە هەبوو، ڕووبارەکە دەدرەوشایەوە و بەرەو باشوور دەڕۆیشت بەرەو دیجلە، ئێمە لەژیانی خۆماندا بووین، ئەو خەڵکانەی لەڕابردوو پەرستگایان دروست کرد، ئێمە لە(شمشارە) دۆزیمانەوە لێرە ئێمە گەیشتین بە ئاستێکی (حەسونە)ی مێژوویی (٨٠٠٠) ساڵ دێرین، بەرەو کۆتایی وەرزەکە، پشکنینێکی بچوك کرایەوە، لە نزمایییەکانی باکوور بەدرێژایی سایتەکە، هەندێ ژووری تێدا دروست کرابوو، لەناوەڕاستی چاخی بەردین ( Bronzeage) هەزارەی دووەمی پێش زایین، کە دانەپۆشرابوون. وەکو (موجیزە)یەك و لێدانی بەخت یەکێك لە ژوورەکان پڕ کرابوو لە ئەرشیف کە نزیکەی (١٥٠) خشت وە هەندێ نامە و تێبینی، لەلای چەپی خانووەکە کە سوتاوە، نزیکەی (1780پ.ز) شارەزا لە نووسینی بزماری میسۆپۆتامیا (لیسۆ (LæssØe) توانی ئەم دیکۆمێنتانە بخوێنێتەوە، ئەو ئەرشیفانە دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانڕەوای (شمشارە) بەدڵنیاییەوە (کوواری Kuwari)، (شمشارە) خاڵی سەر سنووری شانشینە کۆنەکە بوو، زیاتر بەلای ڕۆژهەڵات، لە ئێرانی ئێستا، ئەرشیفی (کوواری) پەردە لادان بوو لەسەر هەواڵێکی دڵخۆشکەر، لەشەڕ، ناپاکی، یاخی بوون، سەرفرازی و تراژیدی کە (٤٠٠٠) چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش دەگرێتەوە، بەداخەوە خانوو باڵەخانەی (کوواری) سوتێنرا، (ئەم بابەتە لەبەرگەکانی داهاتوو ڕوون دەکەینەوە) لە ئەنجامی توند و تیژی و یاخی بوون، چی

بەسەر (کوواری) هاتووە نەزانراوە، بەداخەوە (شمشـارە) وا پـێ دەچـێت خــەڵکی تێـدا نیشــتەجێ نــەبۆوە، هــەتا لــەکاتی پشــکنینەوە، ئەمــەش بەڕوونی نەبوو[٣١٧].

دواتر چـی ڕووی دا لە(شمشـارە)؟ وا دیـارە ئـەو ناوچـەیە دەسـتی لێ هەڵگیراوە، بۆ چەند هەزار ساڵێك هـەتا سـەدەکانی ناوەڕاست، بـەدیاری کراوی هـەتا سـەدەی (١٤ز)، کاتێـك کـە گونـدێکی بچـووك هـەبوو لەسـەر تەپۆلکـەی سـەرەکی، لـەو دەشـتەی نێـوان لـە خـانووە ڕووخاوەکـان، کۆمەڵێکی زۆر سەرەتیر دۆزرانەوە، ئەوە پیشانی دەدا ئـەم گونـدە لـەژێر هێرشدا بووە و وێـران کـراوە، کـاتێ سـەرۆکی مەغۆلـەکان (تەیمورلـەنگ) لەگـەڵ سـوپاکەی پێیـدا تێپـەڕین لەسـەدەی (١٤) شـوێنەواری کاولکـاری لەدوای خۆی بەجێ هێشت[٣١٨].

## گەڕانەوە بۆ شوینی ڕووداوەکان

لەسەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیاری کراوی ساڵی (٢٠١٢ و ٢٠١٣) تیمێکی شـوێنەواری (دانیمـارك)ی سـەردانی گـردی (شمشارە)ی کـردووە و کارەکـانی لـە سـێ ڕاپۆرتـدا بڵاوکۆدۆتـەوە، بـەم شــێوەیە نووســیویەتی: دوای ڕۆیشــتنی تیمــە (دانیمارکی)یەکــە و دوای ماوەی دەساڵ دەزگای شوێنەواری عیراق تـوانی لـە بـاکووری عـیراق کـار

---

[٣١٧] Jesper Eidem, (2012).p.5.
[٣١٨] Jesper Eidem, (2011).p.91.

بکــات، لــەگردی (شمشــارە) پشــکنین ئــەنجام بــدات، بــەڵام بــەهۆی ناسەقامگیری سیاسی هەمان ساڵ دۆخەکە گۆڕا و نـەیانتوانی بـەردەوام بن، بـەڵام ئێستا ناوچـەی کـوردی ئۆتۆنۆمیـە، ناوچـەیەکی ئارامـە لـەژێر دەسـەڵاتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، کـە بەشـێکە لـە دەسـەڵاتی فیدراڵی عیراق، باشترین و ئـەمینترین شـوێنی وڵاتەکەیـە، لـە هاوشـێوەی زەویە نزمەکان (Netherland) ئێستا هەر شوێنەوارناسێك بێـت لەهـەر وڵاتێکەوە دەبێ لەگەڵ کۆلیژی کوردی کار بەیەکەوە بکەن.

لەوکاتەی ئاستی ئاوی دەریاچـەی دوکـان ڕووی لـە دابـەزین کـردووە، بیرۆکــەی پشــکنین گەڕاوەتــەوە بــۆ دەشــتی ڕانیــە و بــەدیاری کــراوی (شمشـارە)، لـە شـوباتی (٢٠١٢) تیمێـك ڕۆیشـت بـۆ عـیراق بـەهاوکاری شوێنەوارناسی پەیوەندیدار، تـوانرا بـە ئاسـانی سـەردانی ڕانیـە بکرێـت، دەستنووسێکی نوێی پرۆژەی (ئەڵمانی) لێ بـوو، لەسـەرەتای ئـەیلول (٩) گەڕانەوە، هاوکاریەکی باشمان لێ کرا، لەلایەن کۆلیژی سلێمانی و هەولێر، توانرا توێژینەوەیەکی تازە دەست پێ بکرێت لە (شمشارە). بەدڵنیاییەوە جیاوازیەکی زۆر ڕوویداوە، لە دەشتی ڕانیـە لەگـەڵ سـاڵی (١٩٥٧). شـتی بەرچاو ڕوویان داوە لە (دەربەند)[٣١٩]. لەگەشتی ڕابردوو خێوەتمان لەسـەر گردێکی بچـووکی (شمشـارە) هەڵـدا بـوو، بـەڵام ئێمـە شـوێنێکی گونجـاو ترمان دۆزیەوە نزیك گوندی (بۆسکێن) دابەش بووین بۆ ئەو دوو خانووەی

[٣١٩] Jesper Eidem, (2011).p.5.

که به کرێمان گرتبوو، شوفێری خۆماڵیمان بەکرێ گرت بۆ گواستنەوەمان بـۆ (شمشـارە) و کەلوپـەل کـڕین لـە شارۆچـکەی ڕانیـە، کرێکـاران لـە (بۆسـکێن) هـاتبوون، هەڵکەنـدێکی باشـیان دەکـرد، لـەماوەی گەشـتە کورتەکە، لەسەرەتای مـانگی (٩) بـۆ سـەرەتای مـانگی (١٠)، کەشـوهەوا بەگەرمی مابوویەوە، هەندێ جـار لـە ناوەڕاسـتی ڕۆژ (٤٠) پلـەی گـەرمی بـوو، بـەڵام ئێمـە لـە خۆرکەوتنـەوە هەڵدەسـتاین و دواتـر دەگەڕاینـەوە کەمپەکە بۆ خواردنی نیوەڕۆ و پشـوو لـە کاتـە گەرمـەکان، دوای نیـوەڕۆ نزیك ئێوارە ئێمە دیکۆمێنتەکانمان بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی پرۆسەکە.

دەشتی ڕانیە دەکەوێتە لێـواری گۆشـەی میسـۆپۆتامیای کـۆن، بـەڵام بایەخی ئەو ناوچـەیە لێـرە دایـە پەیوەسـتە بەکـەلتورەکانی دوای خـۆی، کەلـە شـاخەکانی ئێـران (زاگـرۆس) دێـن، ئـەوە لایـەنێکی گرنگـە، ئێمـە دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین لە ساڵی داهاتوودا، لەگەڵ ئەوەشدا پشکنینەکانی (شمشارە) و ئەوانی تر، کـە پێشـتر لەباشـوور دانیشـتوون، ئێمە پلانمان دانـا بـۆ پێوانـە کردنـی ناوچـەیەکی فـراوان لەدەشـتەکە بـۆ خستنەناو ئەنجامەکان لە نەخشـەی ناوچـەکە. بـەڵام ناوچـەکە لەبـەردەم هەڕەشەی ئاو داپۆشینی ساڵانەی بەنداوەکـە دایـە، وێرانکـاری بـەردەوام زیاتر بێت، ئەوەی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لەو مۆڵگە کۆنەکان پێش ئـەوەی دیار نەمێنن[٣٢٠].

[٣٢٠] Jesper Eidem, (2012).p.5.

## هەڵکۆڵینی وەرزی ٢٠١٢

بـــۆ بـــەردەوامی و درێـــژەدان بـــە پـــڕۆژەی ڕزگـــارکردنی تۆمـــاری ڕووداوەکـــان، لـــەعێراق (Jesper Eidem١٩٥٦-٦٠) ئـــەمجارە بـــۆ هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەواری کۆن، لە دەشتی بیتوێن تیمێـك دەسـت بەکاربوو، پێکهاتوون لـە گروپێـك لـە ئەنـدامانی زانکـۆی (Leiden)، وە زانکۆی (Leipzig) پەیمانگای نینـۆ بـۆ ڕۆژهـەڵاتی نزیـك (NINO)وە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، پێکهاتبوون لە (١٢) کەس[٣٢١]، لـەڕۆژی (٥-٩-٢٠١٢) هاتن بۆ ناوچەکە و لە گوندی (بۆسکێن) سـەر بـە قـەزای ڕانیـە نیشـــتەجێ بـــوون. لـــەپایزی (٢٠١٢ ) گـــەڕان بـــەدوای تۆمـــاری دەســـت نووسەکان دەستی پێکردەوە لە باکووری عێراق. لەیەکەم دۆخدا گەڕانەوە بۆ دەشتی ڕانیە لەناوچەی گردی (شمشارە)، بـەکورتی ئـەو هەڵکەنـدن و پشکنین کراوە لەلایەن (Danish) وە دەزگـای شـوێنەواری عـێراق (٥٠) ساڵ لەمەوبەر، ئێسـتا سـەرەتای کـار وا بڕیـار بـوو لـە دوو شـوێن کنـە و پشکنین بکرێت، ئـەوانیش گـردی (شمشـارە) و گـردی (بۆسـکێن) بـوون. هیوادارین بتوانین ڕەسمی ئەو کارە بکەین لەڕاپۆرتی ساڵانەدا. ئێمە لێـرە زانیاری بەدەست دەهێنین بۆ ناوچەکە و پرۆژەکە.

---

[٣٢١] ئەندامانی تیمەکە لەساڵی ٢٠١٢ گروپێکی بچووك پێکهاتبوون لە دانەر و بەڕێوەبەری کێڵگەکە (تۆمارکەر) Kanoderson (پێوانەر) G.R.van veen and M.uildriks (سەرپەرشتیار) M.Merlino and L. E. vand peut (بەڕێوەبەری داتابەیس) D. socc لەوەرزی داهاتوو لێکۆلەر لە شتی بچووك ، پارێزگار.



**وێنەی ژمار(٦٠) داڕوخانی گردی شوێنەواری (شمشارە) بەهۆی داپۆشینی ئاوی بەنداوی دوکان، سەرچاوە: کوردستانی نوێ، کامەران عەبدە ٦- ٧- ٢٠١٢**



**وێنەی ژمارە(٦١)، کاتی کارکردن لە گردی شوێنەواری (شمشارە)، سەرچاوە:**

**Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden and Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2012).p:6.**

## پشکنین لە گردی بۆسکێن

گوندی (بۆسکێن) شارە دێیەکی گەورەیە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی رانیـە، هەرچەندە شارەوانی تایبەت بەخۆی هەیە، بـەڵام گوندەکـە لەگـەڵ رانیـە تێکـەڵ بووتــەوە و دەتوانرێـت وەك گـەڕەکێك لەرانیــە ئــەژمار بکرێـت، لەناوەڕاسـتی گوندەکــە گردێکــی شــوێنەواری گــەورە هەیــە، گردەکــە تاڕادەیەك بەرزە لەئاستی گوندەکە، گردێکی تورکە ڕێژە، قـەڵاتی لەسـەر دروســت کــراوە، ســەردەمی دروســت بــوونی نــەزانراوە، بــەباوەڕی شوێنەوارناســان گردێکــی شــوێنەواری کــۆنی زۆر گرنکــە، وەك پێشــتر ئاماژەمان بۆ کرد نەخشەی شوێنەوارە کۆنەکانی عێـراق– بەغدا لەسـاڵی (١٩٥٤) ئەو شتانەی سەردەمی (حەسونە) و (ئـورك) و (ئاشـووری) تێـدا تۆمار کردووە، کە لـە گونـدی (بۆسـکێن) دۆزراوەتـەوە. لـەدەوری قـەڵات ســەرەتیر و ڕم و بەردەســتیٚ زۆر هەیــە، ئــەوەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەو سەردەمەی (تفەنگە شینکە) بەبەردەستیٚ دەتەقی، کە لەسـەدەی نـۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بەکار هاتووە[٣٢٢].

دوای نیشــتەجیٚ بــوونی تیمەکــە لــە گونــدی (بۆســکێن) و پــاش حەوانــەوە، هەســتان بەئەنجامــدانی گەشــتێکی ســەرەتایی بــۆ ســەر شوێنەواری گردی (بۆسکێن) بەمەبەستی ئاشنابوون بەناوچەکە، لـە کـاتی گەڕان و پشکنینی سەرەتایی تیمی پەیمانگای (نینۆ) بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیـك، لەسەر گردی (بۆسکێن) چەندین پارچەی شوێنەواری بەدی کـرا، لەپارچـە گۆزە و ئێسك و (بەردئەستیٚ)ی تێدا بوو، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی دروست کردنی خانوو لە چواردەوری گردەکە بەرتەسك بۆتەوە و تووشی تێکچوون

[٣٢٢] مەلا سمایلی نورەدینی، ڕانیە، گۆڤاری شمشارە ژ ٤٣، مانگی ١٢–٢٠٠٧ ، ل ١٦

و داخـوران بـووه، دەسـتدرێژیەکی زۆری کراوەتەسـەر لەلایـەن مرۆڤـەوە، بەچـەندین مەبەسـتی جیـاواز، هەنـدێك جـار بـۆ دەرهێنـانی پارچـەی شوێنەواری، لەهەر چوار دەوری گردەکەش خـانوو دروسـت کـراوە و گڵـی گردەکە بەکارهاتووە لە دروست کردنی ئەو خانووانەدا، سەرەڕای ئەوەش وەکو گۆڕستانیش سوودی لێ وەرگیراوە و پێشتر هەندێ خەڵکی گوندەکە مردووەکانیان لەسەرپشتی گردەکە ناشتوون، ئەوانـە پێدەچـێ زۆر کـۆن نەبن، چونکە گۆڕەکان بەشێوەی ئیسلامی نێژراون. هەروەها دروست کرن و لێدانی چەندین چاڵی گـەنم و هـەڵگرتنی دانەوێڵـە بـۆ پاشـەکەوت کـردن ئەنجام دراوە، سەرەڕای ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هەسـتاوە بەدروسـت کردنـی پـڕۆژی کۆئـاو (حـەوز)ی پاشـکەوت کردنـی ئـاو، بـۆ دانیشتووانی گوند لەسەر ترۆپکی گردەکە، ئەمانە و چـەندان هۆکـاری تـر بۆتـە هـۆی وێـران بـوون و لەناوچـوونی ئـەو پارچـە شـوێنەواریانەی لـەم شـوێنەدا بـەدی دەکـرا، لـە مـاوەی (حەسـونە، حەلـەف، عبیـد، وەرکـا، ئاشوور) پێکهاتبوون، هەروەها چەندین گۆڕی کۆنی بەسەرەوە بوو. پاش دەرکـەوتنی ئـەم ڕاسـتیانە تیمـی نـاوبراو کـە نیـازی پشـکنینی گـردی (بۆسـکێن)ی هـەبوو، لـەم شـوێنە کارەکـانی ڕاگـرت و وازی لـە کـاری پشـکنینی گـردی (بۆسـکێن) هێنـا. لەبـەر ئـەوە لـەڕۆژی (٦-٩-٢٠١٢) تیمەکـە سـەردانی (گردەمـارە)ی کـرد، دەکەوێتـە باشـووری ناحیـەی چوارقوڕنە، پاش پشکنین و وەرگرتنـی نموونـە، گردێکـی شـوێنەواری لـە باشـووری (گردەمـارە) لـە ئـەنجامی کشـانەوەی ئـاوی بەنـداوی (دوکـان) بەدەرکـەوتبوو، گردێکـی تاڕادەیـەك بـەرزە لەبەشـی سـەرەوەی تەختـە، شـوێنەواری هـەڵکۆڵین لەلایـەن هاوڵاتیـانی ناوچـەکە و قاچاخچـیانی

شوێنەوار بەمەبەستی دەرهێنانی پارچەی شوێنەوار دیار بووە، هەروەها لەئەنجامی هەڵکشان و داکشانی ئاوی بەنداوی دوکان زیانی زۆری بەرکەوتووە، لەئەنجامی هەڵکۆڵین و پشکنینی تیمەکە چەندین پارچەی شوێنەواری گرنگ دۆزرایەوە، لەگەڵ پاشماوەی شوێنی دیوار، زۆربەی بەڵگەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە ئەم گردە بۆ سەردەمی وەرکا دەگەڕێتەوە، زۆر دەوڵەمەند بوو بە پارچەی شوێنەواری، بۆیە لەلایەن تیمی یەکەم ئەم شوێنە دیاری کرا بەمەبەستی هەڵکۆڵین لەجیاتی گردی شوێنەواری (بۆسکێن)[٣٢٣].




**وێنەی ژمارە (٦٢)، تابلۆی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین لە گردی بۆسکێن**

[٣٢٣] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

**ڕزگارکردنی یەکەم**

کۆتا شـوێنەوارناس کـە لـە سـاڵی (١٩٦٠) لـە دەشـتی ڕانیـەی بـەجێ هێشت، کاتێ لە بەستی (دوکان) تەواو بوو دەریاچەکە دروسـت بـوو، بـۆ ماوەیەکی زۆر (شمشارە) کەوتە ژێر ئاوەوە، ئێستا بارودۆخەکـە گـۆڕاوە، بـارودۆخی ناوچـەکە جـێگیرە، وادیـارە دەریاچـەکە وردە وردە بچـووك دەبێتەوە، (شمشارە) زیاتر وشکانی بووە، لـە سـاڵانی پێشـتر کـاتێ ئـەم ناوچەیە هەرگیز بەگشتی پشکنینی تێدا نەکراوە، ئێمـە (نینـۆ=NINO) دەمانەوێ هەلێك دروست بکەین بۆ ئەنجامدانی هەندێ لێکۆڵینەوە لـەوێ، لە کۆتایی (٢٠١٢) لە گردی سەرەکی کە کۆشکی (کوواری) تێدایـە، تیمـی پەیمانگای شوێنەواری بۆ ڕۆژهەلاتی نزیك (نینۆ=NINO) لـەڕۆژی (٧-٩-٢٠١٢) سەردانی گردی شوێنەواری (شمشارە)ی کـرد، پـاش گـەڕانێکی ورد بەچوار دەور و هـەر سـێ گردەکـە، چـەندین پارچـە گـۆزە و ئێسـك و (بەردئەستێ) و بەردی (ئۆبسیدین) بەدی کرا، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خشتی ساغ و لەتە خشت دەبینرێ، لەگەڵ پارچە گـۆزەی نەخشـێندراو و ڕەنگاو ڕەنگ و بێ ڕەنـگ و بـەردی (فلێنـت)، کـە بەڵگـەن لەسـەر بـوونی چەندین جۆری چەند چینێکی شوێنەواری جیاواز، لەپێش مێژوو و چـاخی مێژوویی و چاخی (برۆنزی).....هتد[٣٢٤]. بەڵام لەدوو لاوە زیانی گـەورە بـەر شـوێنەوارەکان کـەوتووە، لەلایـەك پشـکنینێکی هەسـت پێکـراو بەرچـاو دەکەوێت لەلایەن هاوولاتیانی ناوچـەکە و قاچاخچیانی شـوێنەوار کـراوە،

[٣٢٤] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

زەرەرێکـی زۆری پێگەیشـتووە، لەلایـەکی دیکـە لـە کاریگـەری بـن ئـاو گەوتنی گردەکە بەهۆی ئاوی بەنداوی دوکان.

لەبنەڕەتدا شوێنەواری (شمشارە) لە سێ گرد پێکهاتووە، یەکـەمیان: گـردە سـەرەکیە و دووەمیـان: بەشـێوەیەکی ڕێـك گردێکـی گـەورە لـە باکووری خۆرئـاوا، لەدەسـتەکەی تـر، دوو گـردی تـر لـە بـاکووری گـردە گەورەکە بەڕاستی پشکنینیان لێ نەکراوە، لەوانەیـە بەڵگـەی بـاش لەوێدا بدۆزرێتەوە، مێژووی گشتی ناوچەکە پێویستی بـە لێکۆڵینەوەیـەکی بـاش هەیە[٣٢٥].

یەکەم ئەرك لە (شمشارە) دروست کردنی نەخشـەیەکی لوتکـەیی بـوو بۆ ناوچەکە، پشکنینە کۆنەکانی (Danish) لە (گردی سەرەکی) بـوون، تـەنیا ئـەو لەسـەر نەخشـە بـوو، بـەڵام ئێمـە دەمـانزانی گـردی دراوسـێی زیادەی هەبوو، ئەوەی خێوەتیان تێدا هەڵدا، پێیاندەوت (کامپی گردەکە) لە (٢٠١٢)، پێ دەچێ دوو گرد بن باکوور یان باکووری خۆرئاوا لـە گـردی سەرەکی، باکوور باشترین سەلماندنە بۆ سروشت، بەڵام پڕ بوو لە قـەبری کـۆن چـاخی کـۆنی دزراو، لـەو گـردەی دەکەوێتـە بـاکووری گـردە بنچینەییەکە(سەرەکیەکە)، ئێمە پێیدەڵێین: گردی باکوور دیار بوو کە بـۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە، دەنگێکی نزم هەیە لێرە دەری دەخا لە ڕێگەیـەکی تەنگ، کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵی پێش زایین، بەشی ڕۆژئاوای لە ئاوەکە دەپەڕیەوە گردێکی بچووکی تر هەیە، خـەڵکی خۆمـاڵی بـە گـردی

---

[٣٢٥] Jesper Eidem, (2011).p.19.

(بــەرد ئەســتیٚ) نــاوی دەبــەن، ئێمــە کــاتی ئــەوەمان نــەبوو درێــژە بەنەخشەکەمان بدەین[٣٢٦].

لەگردی سەرەکی هەڵکۆڵین دەستی پـێ کـرد، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (٩) چاڵ لێدرا، لەسەر هەر سێ گردەکە و بەقەبارەی جیاواز لەچەند شوێنێکی جیـاواز، لـە چـاڵی پێنجـەم (جەڕەیـەکی بچـووك) دۆزرایـەوە، لەبەشـی ڕۆژهەڵاتی گردەکە دیوارێکی بەردین دۆزرایەوە، پـێ دەچـوو ئـەم شـوێنە پێشتر کاری لێ کرابێ، دواتر (جەڕە) و (تەنوور) و (گۆڕێك) و (سێ مووروی ڕەنگ سپی)، لەگەڵ (قاوغی جـۆرە ئـاژەڵێکی دەریـایی کـون تێکـراو) بـۆ مەبەستی جوانکاری و (بەردێکی چـاك کـرا) و (دوو ئەنگوسـتیلە) و چـەند شتێکی تر دۆزرایەوە، دواتر لەچاڵی پێنجـەم (گـۆڕی منـداڵێك) دۆزرایـەوە لـەناو (گۆزە)یەکـدا نێـژرابوو، (ملوانکەیـەکی لـەمل) دابـوو لەچـواردەوری گۆڕەکەش چـەندین مـوورو هـەبوو[٣٢٧]. هـەروەها لەچـاڵی ژمارە(حەوتـەم) لەبەشـــی ڕۆژهـــەڵات پێچـــکە(تایە)یەکی عەربانـــە دۆزرایـــەوە. دوای دەستهەڵگرتن لە هەڵکۆڵین، تەواوی چاڵەکان پڕ کرانەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو شوێنە لەناوچوون بپارێزرێت، بەم جۆرە کاری هەڵکۆڵین لەم وەرزە تـەواو بـوو[٣٢٨]. لەبەشـی خـوارەوەی گـردی سـەرەکی (شمشـارە) زنجـیرەی (٦) چـــینی جیـــاوازی دەخســـتووە، لەســـاڵی (٢٠١٢ز) وەرزی پـــایز ئـــاوی دەریاچەکە هەندێ ژوور و چینەکانی خاوێن کـردەوە لەبەشـی ڕۆژهـەڵاتی گردەکـە، دوا کـارکردن لەچـاڵەکەدا هەنـدێ پاشمـاوەی شـکاو و سـوتاو

---

[٣٢٦] Jesper Eidem, (2012).p.7.

[٣٢٧] شێرزاد حسن هەمزە ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

[٣٢٨] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

دۆزرایـــەوە، دواتـــر لاشـــەی کەســـێکی هـــەرزەکار دۆزرایـــەوە، لـــەنزیك کەللەسەری مرۆڤەکەوە دوو گۆزەی بچووك دۆزرایەوە، لەگەڵ دوو (دەرزی برۆنزی) تەواو، هەندێ لـە دیـواری ژوورەکـان بەخشـتی سـوورەوەکراوەی قـەبارە (٤٥×٤٥) دروسـت کـرا بـوون، زۆربـەی ژوورەکـان یـا هەنـدێ لـە ژوورەکان زۆر بە قورسی سوتا بـوون، پارچـە گـۆزەی شـکاو (تابلۆیـەکی بزماری) دۆزرایەوە[٣٢٩].

گـردی گـەورە (سـەرەکی) کـاتێ کـە (Danes) و عیراقیـەکان کنـە و پشکنینیان کردبوو، لە ساڵی (١٩٥٠)، باش دیـار بـوو تـەواو تێکچـووە لـە ئەنجامی داپۆشینی ساڵانەی ناوچەکە، کـاتێ دەریاچـەی دوکـان دروسـت کـرا بـوو، بەدرێـژایی لێـژی باشـووری خۆرئـاوا ئاوەکـە بەشـێکی زۆری شـۆردۆتەوە، تـەنیا لێـواری گلینـی (سـیرامیك) لەسـەر ڕووی چـەوە سروشتیەکە جێ هێشتووە، هەندێ ڕێـزی بـەردی دۆزراونەتـەوە و لەسـەر ڕووی گردەکە دەبینرێ، هی ئەو کاتەیە کۆشکەکە دروست کـراوە، دیـارە ئاوەکـە خشـتە قوڕەکـانی شـۆردۆتەوە لـە خـواری ناوچـەی کۆنـە هەڵکەندراوەکەیە، بەگوێرەی ئەو ناوچـەیە هەنـدێ لەبـەردەکانی بناغەکـە بەدڵنیاییـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ ئەرشـیفە بەناوبانگەکـەی تێدادۆزیـەوە، لەساڵی (١٩٥٧ز)، کە لـە بناغـە بـۆ باشـوور دەڕۆن، ئێمـە دەزانـین ئـەوە دەگەڕێنەوە بۆ دروست کردنـی دیـواری حەوشـەکە، لەلایـەن شـوێنەواری عیراقـی هەڵکەنـدراوە، لـە سـاڵی (١٩٥٨ز)، یـەکێك لـە نموونـە هەڵکەنـدراوەکانی سـاڵی (٢٠١٢ز) سـێ چـینی زووتـری ئـیش کردنـی دەردەخست.

---

[٣٢٩] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

ئەو کۆشکەی لە (شمشارە) پشکنرا بوو، ساڵی (١٩٥٠ز) لە پێنجەم چینی ئیشکردنەکە دۆزرایەوە، لەسەرووی ئەو چینەی کۆشکەکەی لێ ماوە، دەگەڕێتەوە بۆ گوندی سەدەکانی ناوەڕاست، سەدەی (١٢– ١٤)ی زاینی، لەساڵی (٢٠١٢ز)، ئێمە هەمان پاشماوەی پشکنینمان دۆزیەوە، لەبەشی باشووری ناوچەکە، لەدوای ئەو کەوتنەبەرەی (١٩٥٠ز) ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دەتوانین پشکنینی زیاتر بکەین، لە ئێستادا لە (شمشارە) کە لە سەردەمی (کوواری) بوونیان هەبووە. لەهەمان کاتدا بەڵگەیەکی نوێ لەچینی ژێر زەوی کۆشکی (کوواری) زۆر دڵخۆشکەر بوو، لەچینی یەکەم ژمارە شەش کراوە، لەدوای ئەوە بەشێوەیەك کەم تەنگ پارێزراوە، هەروەها دوو ئاستی ترمان دۆزیەوە (٧) و (٨) هەردووکیان کەوتنە ژێر زووری خشتە پانەکان. ئەوە دەری دەخات کە گشتییە، لەوەدەچێ کە ئەندازیاری تەلارسازی تایبەت بێت، وادیارە ئێمە بواری هەموو کۆشکی (شمشارە) مان هەیە، سیرامیکەکان و ئەو دۆزراوانەی ئێمە دۆزیومانەوە، بەشێکی بچووك هەڵکەندراون، دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای نیوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠٠ پ.ز) هەندێ کات بۆ پێش سەردەمی (کوواری)، کە سوتێنرا لە(١٧٨٠پ.ز)، دروست کرا بوو، ئاستی (٨) کە قوڵترین بەشی هەڵکۆڵینەکەی ئێمەیە، لە ساڵی (٢٠١٢ز) پێیگەیشتین، کە لەوێ ئاوەدانی زیاتر چاوەڕێی ئەوەیە کە بدۆزرێتەوە[٣٣٠].

[٣٣٠] Jesper Eidem, (2012).p.9.

**خشتە(تابلۆ)ی تازە**

دوای بـەردەوام بـوون لەچـاڵی پێنجـەم لەبەشـی بـاکووری دوو جـەڕە گەورەکانەوە لەچینی هەشتەم گۆڕی سێیەم مرۆڤێکی باڵغ بوو دۆزرایەوە، لەلای سەریەوە لەنێوان دوو گۆزە گەورەکە[٣٣١]. مزگێنییـەکی دلخۆشـکەر، ئەوە بوو خشتێکی تر دۆزرایەوە، بەخەتی بزمـاری نووسـرا بـوو، لـەنێوان دوو گۆزەی گەورە هەڵگیراو دۆزرایەوە، لە ژووری چینی (٨). خشتەکە بە خۆر وشك کرابوو، قوڕێکی تاریکی خۆڵەمێشـی. کـە پێوانەکـە (1.9 cm ×4.3×9.5)، کە (٢٢) دێڕی لەسەر نووسـرا بـوو، لـە هـەردوو تەنیشـتی خشـتەکە هێمـای (×) لێکـدانی گـەورەی لەسـەرە، کەلەسـەر نووسـینەکە چاپ کراو، مەبەستی وازهێنان (رفـض) کردنـی دیکۆمێنتەکەیـە. ئـەو زۆر جێگـای بایـەخ پێدانـە، چـونکە گرنگـی دەداتـە خشـتە دۆزراوەکـە لـە سیسـتەمێکی ئیـداری بـۆ ژمارە(حسـاب) کـردن بـەکار هێنـراوە، دواتـر بەزنجیرە پوختە کردنێك لە دیکۆمێنتەکە کـراوە بـۆ ئـەوانی تـر، پوختـە، بناغـەی نەخشەسـازی، هـەروەها خۆشـبەختانە ئـەو خشـتە ون بـووە دۆزرایەوە، لە ساڵی (٢٠١٢ز) لە ئەرشیف دەنوێنێ پارێزراوە.

دیکۆمێنتەکانی سەر ئەم خشتەیە، باس لە لیسـتێك کێشـەی ڕۆژی بـۆ کۆمەڵێك سەرباز و هەندێ تاکەکەس تێدایە، بەداخەوە هـەموو تێکشـکاوە ناتوانرێت بەتەواوی چاك بکرێتەوە، بـەڵام هەنـدێکیان دەتـوانرێن زانیـاری چاکیان لێ پەیدا بکرێت. لە دوو دێڕی یەکەم ئێمە کێشـەیەك دەدۆزینـەوە پیاوێك لە (کاکموم= Kakmu ) وە پیاوێك لە (ئوربیلوم=Urbillum)

---

[٣٣١] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

ئـەو پیاوانـە نێـردراون نامەبـەری شـاری (Urbillum ،Kakmum)، هەردووکیان سیاسەتمەدارێکی کارا بوون لە ناوچەکەدا

٩. لەسـەرەتای هـەزارەی دووەمـی پـێش زایـین، ئـەوە بـەڕوونی لـە (شمشـارە) دەردەکـەوێت. وەك لـە کـاتی (کـوواری)دا، ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبوو، لە دەشتی ڕانیە و دەوروبەری، لـەلای (کـاکموم)ی کـۆن نـاتوانرێ بەوردی شوێنەکەی دیاری بکـرێ، بـەڵام پایتـەخت لـە شـوێنێکی بـەهێزی شانشـینەکە بـوو، (ئوربیلـوم) نـاوی کـۆنی پایتەختـە تازەکـەی هـەرێمی کوردستان لە عیراق، هەولێر، دەکەوێتە (٨٠ کم) ڕۆژئاوای دەشـتی ڕانیـە، بەشارێکی زۆر کۆن دەناسرێ.

بەشی یەکەمی بەگشـتی شمشـارە "خەونـەکانمان نەهاتـەدی"، بـەڵام بەدنیادیدەیی ڕاستی خۆمان وە سەرپەرشتیارەکە، هەروەها کاربەدەستی خۆماڵی، کرێکار، شـوفێر، هتـد. هـەموومان دڵخـۆش و خۆشـحاڵ بـووین، ئـەنجامی یەکـەم ئیشـمان زۆر پـەیمان دەربـوو. ئێمـە بەخۆشەویسـتیەوە دەمان ڕووانی بۆ وەرزی داهاتوو لە دەشتی ڕانیە.

وەرزی هـەڵکۆڵینی پـایزی (٢٠١٣ز) لـە دەشـتی ڕانیـە بـەردەوام بـوو، بەسەرپـەرشتی ڕێکخراوی هۆڵەنـدی (NWO) بـۆ توێژینـەوەی زانسـتی، پەیمانگای هۆڵەندی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك (NINO) لە کوردسـتانی عـیراق پشـتگیری دەکـرا، وە دامـەزراوەی (Danish). کـە بـەڕێوەدەبرا لـەژێر ڕێگەپێدانی ڕەسمی لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی مۆزەخانـە کەلـەپور لەحکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر)، وە بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەواری پارێزگای سلێمانی، دووبارە لـەمانگی (٩) و (١٠) هـەڵکۆڵینی کـرد لەسـەر

گردی (شمشارە)، شارەزایانی زانکۆی (سینا) (گابریلا کاپیتنیرو ئیمانۆیلا مارۆتی) لێکۆڵینەوەیان کرد بۆ پێوانە کردنی موگناتیسی بۆ چوار گردی ناوچەکە، وە کۆمەڵەیەك لەزانکۆی (فلۆرێنسا) بەسەرپەرشتی (ستیفانیا مازۆنی) سەرۆکایەتی کردن بۆ پشکنین و پێوانە کردن لەقەڵاتی (قەڵادزێ) لە دەشتی (پشدەر)[٣٣٢].



**وێنەی ژمارە (٦٣)، تەختی زەوی تەلارێك لە گردی شمشارە،**

**سەرچاوە: سایتی Ranya City**

[٣٣٢] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

## دۆزراوەکان

لە گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی دۆزرانەوە دوو تابلۆی مێخین، یەکێکیان لە لەچینی (VIII) دۆزراوەتەوە، لەبەشی باکووری ڕۆژئاوای گۆشەی ژوورەکە، (ناوەرۆکی تابلۆکە لیستی نانی لەسەر نووسراوە، بۆ خەڵکی هەمە جۆر و کۆمەڵێك سەرباز یا کرێکار بەرچاوترین نووسراوەکانی پێ دەچێت بۆ خوێنەر و پەیامبەرەکانی شارەکانی (ئوربیلو) بن (اربیل)ی تازە و (کاکموم) و (شانشینێك لە زاگرۆس).

تابلۆی دووەم ناوەرۆکەکەی (تێبینیەکی بچووکی بەڕێوەبەرایەتی پێوە بەستراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵنامەی پاشایانی سۆمەری بەر لە (سێیەمی ئور) دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ سستەمێکی ناوخۆ، ئەم تابلۆ ئەرشیفیە بە ناوبانگەکانی چینی (V) یان چینەکانی تر، وا گومان دەکرێت تابلۆی تر هەبێت لە چینەکانی تردا. بەگوێرەی تیۆرێکی تەواو پەسنی (شمشارە)، (شوشارەی بابلی کۆن) وەکو (شاشروم) بناسرێت، واتا لەماوەی بابلی کۆن (شمشارە) بە (شاشروم) ناوی هاتووە. هەندێ هۆز لەو ناوچەیە حوکمیان کردووە، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، وەکو (کاکموم) و (شیموروم) لەدەشتی (رانیە) و (شمشارە)دا.

دووەم: لەگردی سەربازگە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای گردی سەرەکی، پێدەچێت هەڵکۆڵرابێت لەلایەن (عەبدولقادر تکریتی) لە ساڵی (١٩٥٨ز)[٣٣٣].

---

[٣٣٣] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

دۆزراوەیـەکی بچـووکی سـەرنجڕاکێش لـەقوڕ دروسـت کـراو، بـەمۆری لولـەیی مـۆر کرابـوو، وێنـەی مۆرەکـە دیمـەنی پێشـکەش کـردن نیشـان دەدات، کە خواوەنـدی سـەرەکی ڕابـەری کەسـێکی سـەر ڕووت دەکـات و خواوەنـدێکی تـر لـەلای ڕاسـتی دانیشـتووە، بـە شـێوەیەکی ڕەسمـی دەتوانرێـت ئـەم دیمەنـە بگەڕێنرێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـێیەمی ئـور، وە هێمایەکی تاکی بزماری هەیە کـە دەخوێندرێتـەوە بـە (ŠAR) –DUB ئەمـــە دەریـــدەخات مۆرەکـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نامەنووســـێك یـــان (نووسینگەیەکی بەڕێوەبەرایەتی)[٣٣٤].

لێکۆڵینـەوە لـە چـاخی بـەردینی نـوێ، لەلایـەن تیمـی (CZAP) لـە گـردی (شمشـارە)، لـە هـاوینی (٢٠١٢ز) بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لـە شـوێنەوارەکان، قۆنـاغی سـەرەتایی ڕزگـارکردنی شـوێنەوار لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتی کەناری گردەکە شوێنەواری چاخی بـەردینی نـوێ دەردەخـات، سـەرەتایی تـرین بەڵگـە بـۆ سـەلماندنی ژیـان لە(شمشـارە)دا پاشمـاوەی ئـاژەڵی قەڵـەو و ڕووەك لـە خـۆ دەگرێـت، هـەروەها (بازنـەی مەڕمـەڕ) و (مەنجەڵی لەبەرد دروسـت کـراو) بەبـەردی (ئوپسـیدی) نموونـەی ئێسـکی ئاژەڵی قەڵەو و کەلوپەلی کلتوری لە خۆدەگرێت. شایانی باسـە ئـەم تیمـە بەرابەرایەتی (ڕۆجـەر) هـاتبوون، بـۆ زیـاتر ئاشـنابوون و بـەراورد کردنـی گردی (شمشارە) و (بێستانسـوور)، لەچـاخی بـەردینی نـوێ، دۆزینـەوەی چـەندین ئـامێری بـەردینی (فلێنـت) و (ئۆبسـیدین) کـە هاوشـێوەی (بێستانسوور) بوون، لەڕووی شێوە و پێشـکهاتەی بـەردەکان و کەلوپەلـە دۆزراوەکان لەهەردوو گردەکەدا[٣٣٥].

---

[٣٣٤] شێرزاد حسن هەموزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

[٣٣٥] شێرزاد حسن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

ئـەوەی ماوەتـەوە بیلـێین ئەوەیـە سـەرەڕای شـێواندن و لـەناوبردنی شـوێنەوارەکان و بـەتاڵان بردنـی لەلایـەن قاچاخچـیەکانی شـوێنەوار، بەتایبەت دوای ساڵی (١٩٩١ز) و بۆشایی کارگێڕی، زۆر خـەڵکی نەفسنزم کەوتنە تێکدانی شوێنەوارەکان، بۆنموونە گـردی شمشـارە بەنەشـارەزایی بەشـوفڵ تێکـدرا، بـۆ گـەڕان بـەدوای پاشمـاوەی شـوێنەواریدا، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا ئومێـدی زۆر دەکرێـت پاشمـاوەی شـوێنەواری زیـاتر بەدەست بهێنرێت،




**وێنەی ژمارە (٦٤) لە هەڵکۆڵینی وەرزی (٢٠١٢) دۆزراونەوە لە شمشارە، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن، ل٦٠**



**وێنەی ژمارە (٦٥)، لە وەرزی هەڵکۆڵینی (٢٠١٣) لەشمشارە دۆزراوەتەوە، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن، ل ٦٦.**

## گردی باب و کوڕ

پـڕۆژەی (NINO) پێکهـاتبوو لـە پشـکنەر ( Panish) لـەزانکۆی (component)، یارمەتیدەری (بەجیاس) بوو، وە لەژێر ئەو ڕێگاپێدانە کـاری دەکـرد، سەرپەرشـتی دەکـرا لەلایـەن (TB.B. skuldbel.) لەساڵی (٢٠١٢ز) گروپەکەی لێکۆڵینـەوەیان لـە گردێك کـرد، ناسـراوە بـە (باب و کوڕ) لە چوار هەزار ساڵی پێش زایین لە باشووری (شمشارە)، ئەو باوە گشتیە ستراتیژی بوو. ئامانج بۆ بەردەوام بوون لە پرۆژەی (بەنداوی

دوکـان)، لـەپێش دروسـت کردنـی بەنداوەکـە سەرپەرشـتی دەکـرا بـۆ پاراستنی بەشێك لەو کەلەپورە کە لە ناوچەکەدا ماون.

سایتی ئەکلترۆنی (خەندان) ڕاپۆرتێکی (هەردی حەسـەن)، دەربـارەی ئـەم هەوڵـە شـوێنەواریە بڵاوکـردەوە تیایـدا هـاتووە: لـە نزیـك ناحیـەی (چوارقوڕنە)ی دەشـتی (بیتـوێن)ی سـەر بـە قـەزای (ڕانیـە) لـە ئـەنجامی کـاری کنـەو پشـکنینی تیمێکـی شـوێنەواری (دانیمـارك)ی شـوێنەواری خانوو(بینا)یـەکی گـەورە و چـەند کەلوپـەلێکی مێـژوویی دۆزرایـەوە، مێژووەکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سۆمەرییەکان، (بـارزان بـاین)، بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری ڕاپـەرین بەخەنـدانی ڕاگەیانـد: دوای ئەوەی تیمێکی شوێنەوارناسی لە زانکـۆی (کۆبنهـاگن)ی (دانیمـارك) هاتنە دەڤەرەکەمان، ماوەی سێ ساڵە و بەچەند قۆناغێك و بەهەمانـەنگی کاری پشکنینمان بۆ چەند ناوچەیەك ئەنجام داوە، لەئەنجامدا (گردی باب و کـوڕ)ی دەشـتی بیتـوێن، کـە دەکەوێتـە باشـووری ڕانیـە شـوێنەواری خانوویەکی گەورەی لێ دۆزیەوە".

ئـەو بینایـە لـە (١٤) ژوور پێکهـاتووە و لەشـێوەی کۆشـکێکی گـەورە دەردەکـەوێت، ڕەنگـە سـەردەمێك ناوەنـدی فـەرمانڕەوایی بووبێـت، وتیشـی:"لەهەمان شـوێندا ئیسـك و پروسـکی مـرۆڤ و چـەندین کەلوپـەلی بـەکارهاتووی وەك گـۆزە و قـاپ و کەوچـکی پاشمـاوەی شـوێنەواری زۆر بەنرخ دۆزرانەوە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی (ئـوروك) (کـاك کۆلسـیك)ی سـۆمەرییەکان، واتـە (٣١٠٠-٤٠٠٠) سـاڵ پـێش زایـین، تائێسـتاش کـاری پشـکنین تێیـدا بەردەوامـە". ئـەو تیمـە (دانیمارکی)یـە پێکهاتوون لە تیمێکی شوێنەواری (دانیمـارك)ی و ژمارەیـان (٣) کەسـە و

لەساڵی (٢٠١٢ن)ەوە بەهاوکاری (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین) کنە و پشکنین ئەنجام دەدەن.

بەڕێوەبەری شوێنەواری ڕاپەڕین ئاماژەی بەوەش کرد: "بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەئێستادا (٣) تیمی شوێنەواری وڵاتانی بیانی و (١) تیمی (فەڕەنسی) کاری ڕووپێوی کردن، کار بۆ پشکنینی ناوچە شوێنەواریەکان دەکەین لەسنووری ئێمەدا، زیاتر لە (٣٠٠) شوێنەواری مێژوویی بوونیان هەیە، کە بەشێکیان لەسەر نەخشەی شوێنەواری عێراق ناویان تۆمار کراوە". دەڤەری ڕاپەڕین یەکێکە لەدەڤەرە بەرفراوانەکانی باشووری کوردستان لەسنووری پارێزگای سلێمانی کە زیاتر لە (٣٠٠) ناوچەی شوێنەواری بوونیان هەیە، تائێستا و بەشێکی زۆریان کاری پشکنین و ڕووپێویان بۆ ئەنجام نەدراوە و نەخراونەتە سەر نەخشەی شوێنەواری کوردستان و عیراق.



**وێنەی ژمارە (٦٦) گردی باب و کوڕ**




**وێنەی ژمارە (٦٧) گردی باب و کوڕ**



**وێنەی ژمارە (٦٨) پاشماوەی شوێنەواری خانوویەك لە گردی باب و گوڕ لەبەرزییەوە گیراوە.**










وێنەی ژمارە(٦٩) هەندێ کەلوپەلی لە گردی باب و کوڕ دۆزراوەتەوە



دەقی یاداشتەکەی مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) کە بە عەرەبی نوسیویەتی

السيد المدير العام لدائرة الآثار والتراث المحترم

م/ مقالع في سفوح كيوه رەش

اتخذ احد المعامل (يقال انه من الموصل) من سفوح سلسلة كيوه رەش المقابلة لمدينة رانية مقالع حجرية علماً أن في السفوح المقابلة للمدينة الى دربند رانية حيث الزاب الصغير عدداً من المواقع الاثرية منها (سيد آوا) و (قوره كو) المسجلان لدى دائرة الآثار ومنها المدينة التي اكتشفتها مع سورها المتهدم من سطح الجبل بالقرب من الدربند وذلك عام ١٩٧٢ وقدمت تقريراً بخصوصها الى المديرية العامة للآثار / ٢٣ رزال ومنها (دوله رەشه) غير المسجل لدى المديرية والذي اكتشفناه عام ١٩٨٦ وأعلمناها برسالتين بتاريخ (٢٠/١٢/١٩٨٦) و (١٢/٦/١٩٨٧).

لقد ذهبت عصر أمس مع الأخ الأديب السيد جواد الشيخ مصطفى باقلاوي من سكان رانية لمشاهدة المقالع الثلاث للمعمل المذكور فشاهدنا المقلعين الواقعين في يسار قرية (كونه شكاف) التي تكاد تدخل ضمن مدينة رانية وتأكدنا مما يلي:


١- وجود أسس قديمة في موقع المقلع الأول القريب من القرية من الطرف الشرقي ومن يخشى انتلاف أسس أخرى من قبل المعمل.

٢- اذا استمر العمل في المقلع الثاني الواقع في شرقي المقلع الأول بالقرب من الغابات فيخشى التجاوز على الموقع الأثري (سيد آوا) القريب جداً والمواقع الأبنية الأثرية بين البداية الصخرية للجبل وبين الغابات والى داخل جزء من الغابات نفسها.


أما المقلع الثالث الواقع خلف (كونه شكاف) من الجهة الشمالية الغربية في الموقع المعروف ب (دولی سیروان) فلم نصل اليه ولكن الناس يقولون انه كانت هناك أسس أبنية قديمة لاندري مدى التلاحق المعمل لها.

أما (دوله رەشه) فانه يقع بين المقلع الثالث وفي يسار قرية (تيتوكه) وتحته كهف تيتوكه ويضم آثار مدينة يبلغ سمك جدران بعض أبنيتها (١,٥ م). وهذا الموقع الأثري معرض للاتلاف من قبل المعمل المذكور اذا استمر من العمل في سفوح الجبل المقابلة لرانية علماً أن بعضاً من سكان رانية كانوا يتقلون أحجار أبنية (دوله رەشه) كما ذكرت

**وێنەی ژمارە (٧٠) دەقی یاداشتنامەی مامۆستا عبدالرقیب یوسف بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار دەربارەی شوێنەوارەکانی بیتوێن**




**نەخشەی ژمارە (٢) نەخشەی پاشماوە شوێنەوارییەکانی دەشتی بیتوێن، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن، ل ٣٧.**




**نەخشەی ژمارە (٣) نەخشەی پاشماوە شوێنەوارییەکانی دەشتی بیتوێن، سەرچاوە: شێرزاد حەسەن، ل ٣٧.**




**نەخشەی ژمارە (٤) نەخشەی شوێنی پاشماوە شوێنەواریەکانی دەشتی بیتوێن، سەرچاوە: شێرزاد حسن هەمزە، ل ٤٠**




**نەخشەی ژمارە (٥) نەخشەی دەشتی بیتوێن لەبەرزییەوە گیراوە،**

**سەرچاوە: googl**

## سەرچاوەكان بە كوردی


١- ئـی. م. دیـاكۆنۆف، میـدیا، وەگێڕانـی: بورهـان قـانع، چـاپی دووەم، چـاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی كۆیە، بـەرگی یەكـەم، چـاپی دووەم، چـاپخانەی كاروان، ٢٠٠٧.

٣- بەختیار محەمەدئەمین، خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٧.

٤- پاتریسیا د. نتسلی، چاخی بەردین، وەرگێڕانی: كامیـل نـەجاڕی، چـاپی یەكـەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر).

٥-حەسەن مەحمود حەمە كەریم، كوردستان لەبەردەم فتوحـاتی ئیسـلامی دا، چـاپ چوارەم، ٢٠٠٧.

٦- خالید قادر محمد، رانیە، وەرگێڕان بـۆ ئینگلیـزی: م. شـێروان مـیرزا، چـاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٧- دبلیۆ ئار هەی: دوو ساڵ لـە كوردسـتان، وەرگێڕانـی: لوقمـان بـاپیر، چـاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠١٠.

٨- دۆن ناردۆ، ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور،وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەكەم، كوردستان- سلێمانی ٢٠٠٨.

٩- رەشـید یـاسمی، مێـژووی نـەژادو پـەی وەسـتەگی كـورد، بەرحڤـەی بەدەسـت كاریەوە: كەریم زەند و قانع، ١٩٦٩.

١٠- زوبـیر بـیلال ئیسـماعیل، مێـژووی هـەولێر، وەرگێڕانـی: عبـدالخالق هورمزیـار، ئینسكلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەكار، چـایی یەكـەم، چـاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان ١٣٩٩.٢٠٠٩.

١١- سيسيل جۆن ئیدمۆندس، كورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حەمید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤.
١٢- عەبدولخالد صابر، سۆمەریەکان: مێژوویان، شارستانیەتیان، کۆتاییان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٩.
١٣- عەبدولخالق سەرسام، گۆڕەدەخمەکانی میدیا و زەردەشتیان و ڕێوڕەسمی مردووسپاردن بەشاخ، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.
١٤- عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن، بەیارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپ کراوە، ١٩٩٤.
١٥- عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری، چەند لاپەڕەیەکی ونبوو لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی – ٢٠٠٢.
١٦- عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠.
١٧- فاچل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٨- ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد وچەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە، د. نەجاتی عەبدولا، یەکەم بەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٩- کامەران کوێخا جەلال، میژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی- ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد وچەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە، د. نەجاتی عەبدولا، یەکەم بەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
٢٠- کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨.
٢١- محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵلا، شەڕی گۆگا مێلا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ٢٠١٠.

٢٢–شێخ محەمەد مـەردۆخی کوردسـتانی، مێـژووی کـورد و کوردسـتان، وەرگێڕانـی: زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات– هەولێر، ٢٠١١.

٢٣– مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپ کردنی بەغدا ١٩٨٦، بلاوکردنـەوەی لە تۆڕی ئینتەرنێت – ستۆکهۆلم ٢٠٠٧.

٢٤– مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم: ستۆکهۆلم سـوید، ١٩٩٢، چـاپی دووەم، هەولێر، کوردستان، ١٩٩٩، چاپی سێیەم، کۆیێ– کوردستان ٢٠٠٩.

٢٥– مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، کۆیێ– کوردستان، ٢٠٠٦.

٢٦– نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین، بـەدەم ڕێگـاوە گوڵچـنین، کتێبـی یەکـەم، چـاپی دووەم، چاپخانەی الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٢.

٢٧– واقدی، ولاتگیری ڕەشەخاکی عیراق، جەمیل ڕۆژبەیانی، کردوویەتی بـەکوردی و لێی کۆڵیوەتەوە و پەراوێزی لەسەر نووسیوە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئـاراس، چاپی دووەم، هەولیر– ٢٠١١.

٢٨– یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: عەزیز گـەردی، هەولێر ١٩٩٨.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

٢٩– القـران الکـریم، نوبـت ضـاث– اول، محـل ضـاث و ضـاثخانة– قـم–اسـوة، ٨٨=٢٠٠٨.

٣٠– جمال بابان، اصول اسماء المـدن والواقـع العراقیـة، الجـزء الاول، مطبعـة المجمـع العلمی الکردی، بغداد –١٩٧٦.

٣١– جمال رشید احمد، دراسات کوردیة فی بلاد سوبارتو بغداد ١٩٨٤.

٣٢– طة باقر، مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة، بغداد ط٣،١٩٧٣.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

33. Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2011).
34. Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2012).

**گۆڤار**

١- ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ گەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، هەولێر.

٢- ئەحمەد مەمەند میرزا رۆستەمی ژێروو، گەشتی شاری ئەزمەرە و شوێنە دێرینەکان، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٤٦، مانگی ٣ی ٢٠٠٩، ڕانیە.

٣- ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٧، کوردستان- هەولێر.

٤- دکتۆر عەبدول هادی فوئادی، نوسراو و نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە، وەرگێڕانی، ژیان ئەحمەد عارف، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ١٤، ساڵی چوارەم ، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٠ سلێمانی.

٥- مەلا سمایلی نورەدینی، رانیە، گۆڤاری شمشارە ژ ٤٣، مانگی ١٢-٢٠٠٧، ڕانیە.

٦- خالید وەلی عەلی، قەڵاتی رانیە لە ئاوینەی میژوودا.گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، شارەوانی ڕانیە.

٧- خلیل عەلی، میژووی رانیە، گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٩، ئازاری ٢٠٠٧، شارەوانی رانیە.

٨- عبدالرقیب یوسف، دیمانە- هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی ڕانیە دەکاتەوە، گۆڤاری رانیە، ژمارە/٢١، هاوینی٢٠٠٧، شارەوانی رانیە.

٩_ عبدالرقيب يوسف، گەشتێكی شاخی كێوەڕەش و چەند بابەتێك، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٤٥)، مانگی ١ی ٢٠٠٩، ڕانیە.
١٠- عبدالرقیب یوسف، یاداشتێکی ساڵی (١٩٩٠)ی مامۆستا (عبدالرپیب یوسف) بۆ حکومەتی عیراقی سەبارەت بە پێشێلکاری لەبەرامبەر پاشماوەی شوێنەواری لە کێوەڕەشی ڕانیە، گۆڤاری شمشارە، ژمارەی٥٤، مانگی ٦ ی ٢٠١٣، ڕانیە.
١١- عومەر ئیسماعیل باوزی، گردی شمشارە(شوشوڕڕا)ی مێژوویی، گۆڤاری پشدەر ژ ٤، هاوینی ٢٠٠٨.
١٢- عومەر ئیسماعیل باوزێیی، کەی بەناوچەی پشدەر گوتراوە(نامرێ)؟، گۆڤاری پشدەر، ژمارە ١٢، قەڵادزێ، ساڵی دووەم پایزی ٢٠٠٩.
١٣- کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی رانیە، گۆڤاری رانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، شارەوانی ڕانیە.
١٤- مەجید عومەر حەسەن، لەیادی ٦٠ ساڵ دروست کردنی ڕێگای هەیبەت سوڵتان چنارۆك، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٧ لە تەموزی ٢٠١٣، کۆیە.
١٥- مەلا سمایل نورەدینی، پوختەیەك لە مێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/٤٥، کانوونی دووەم ٢٠٠٩، ڕانیە.
١٦- محەمەدامین عارف، رانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری رانیە، ژمارە ٤، لە ٢-٥-٢٠٠٣، شارەوانی ڕانیە.
١٧-هاوڕێ سلێمان گوڵانی، پوختەیەك لە مێژووی شاور، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٥، کانوونی دووەم ٢٠٠٩، ڕانیە.
١٨- هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور، بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٧، مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ڕانیە.
١٩- هاوڕێ سلێمان گوڵانی، چەند لایەنێك لەمێژووی شاور- بەشی سێیەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٨، مانگی ٩ی ٢٠٠٩، ڕانیە.

٢٠- هاوڕێ سلێمان گولانی، شاورێ وەك پێناسەیەك، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٩، مانگی ١٢ی ٢٠٠٩، ڕانیە.
٢١- هاوڕێ سلێمان گولانی، چەند گێڕانەوەیەك لەمێژووی قەلاّی (شارانی-ی شاور) گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٥٢، مانگی ١ی ٢٠١١.

### توێژینەوەی زانكۆیی:

١- شێرزاد حەسەن هەمزە، وەرزەكانی هەڵكۆڵینی گردی شمشارە لە (٢٠١٢-٢٠١٣) توێژینەوەیەكی (مەیدانی- دیكۆمێنتاری- زمانەوانی) وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەشوێنەواری كۆن- پێشكەش بە زانكۆی سەلاحەدین دەكراوە، ساڵی ٢٠١٤، بەسەرپەرشتی: م. ئەردەڵان عوسمان حسن.

### سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان

١- میهرداد.ر. ئێزەدی، موساییەكان، و:لە توركیەوە: یوسف عزەدین، پینوسەكان ، هەینی ٦-تشرینی دووەم ٢٠١٥. www. penusekan. com
٢- هەردی حەسەن، مردووناشتن لە دوو گۆڕستاندا قەدەغە كرا،١٦-٦-٢٠١٤ www.Xendan. Com.
٣- سارا سەردار، وردەكاری ئەو شوێنەوارەی بەناوی ئەسكەندەری مەكدۆنی بلاّوكرایەوە، سایتی وشە ٥- ١٠- ٢٠١٧.
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=٤&Jor=٢٦٦٣٧

### گەشتە مەیدانیەكان

١-گەشتێكی مەیدانی لەگەڵ بەڕێز كەمال ڕەسوڵ عەزیز، تاسراوبە(كەمال مەرگەیی) و (هیوا ئەحمەد) لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لە ڕانیەوە بۆ ناحیەی بنگرد (گەورە قەلاّ).

٢- گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ بەڕێز (سەید جەلالی شێخ مستەفا)ی سەیداوا، لەڕۆژی (١٠-١١-٢٠١٦) بەناو شوێنەوارەکانی بناری کێوەڕەشدا.

٣- گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ بەڕێز (قادر نەبی قادر) لەڕۆژی (٢٢- ٢- ٢٠١٧) بۆ شوێنەوارەکانی گوندی(دێرێ) گردەزاڵ و شورەی کێوەڕەش- ماکۆك...)

٤- گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ بەڕێزان (شەماڵ عەبدولڕەحمان+ غەریب) لەڕۆژی (٢٨- ٨- ٢٠١٧) بۆ شوێنەواری پیرۆتەسوری مەرگە لەناحیەی بنگرد- دوکان.

٥- گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ بەڕێزان (مەلا سمایل نورەدینی – فەرمانبەری فەرمانگەی شوێنەواری ڕانیە، ئوسامە –شوێنەوارناس- کەرکوك) لە ڕۆژی (٩- ١٠- ٢٠١٧) بۆ شوێنەواری شاری دەربەند.

٦- گەشتێکی مەیدانی لەگەڵ بەڕێز (محەمەد ئەحمەد عوسمان) لەڕۆژی (٢٨- ١٠- ٢٠١٧) بۆ شوبێنەوارەکانی تەختی خورشیدی خاوەر- بێتواتە.

٧- گفتوگۆ لەڕێگای تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێز (مەلا عومەر مەلا عومەر عبدولخالق عەبدولسەمەد) لە ڕۆژی ٢٨- ٨- ٢٠١٧. دەربارەی پیرۆتەسووری مەرگە.

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (دەحام مەلا عومەر عبدولخالق عەبدولسەمەد) لە ڕۆژی ٢٨- ٨- ٢٠١٧. دەربارەی پیرۆتەسووری مەرگە.



وێنەی ژمارە (٧١)، دیواری گەورە قەڵا، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسەر
لەگەڵ کاک کەمال مەرگەیی، سەرچاوە: Photo– نووسەر



وێنەی ژمارە (٧٢)، شوێنی گەورە قەڵا، نووسەر لەگەڵ کاک کەمال مەرگەیی، سەرچاوە: Photo– نووسەر




وێنـــەی ژمـــارە (٧٣)، دیـــــواری شـــورەی، نووســـەر لەگـــەڵ کـــاک قـــادر نـــەبی، سەرچـــاوە: Photo– نووسەر




**وێنەی ژمارە (٧٤)، شوێنەواری دیواری شورەی گوندی دێرێ، نووسەر ،**

**سەرچاوە: Photo– نووسەر**



**وێنەی ژمارە (٧٥)، شوێنەواری دیواری شورەی گوندی دێرێ، نووسەر ،**

**سەرچاوە: Photo– نووسەر**



**وێنەی ژمارە (٧٦)، ئەشکەوتی کونەسپیلکی، نووسەر لەگەڵ کاک شێخ جەلالی سەیداوا، سەرچاوە: Photo– نووسەر**



**وێنەی ژمارە (٧٧) شوێنەواری پەرستگا لە شاری دەربەند، نووسەر لەگەڵ بەڕێز مەلا ئیسماعیل نورەدینی**



**وێنەی ژمارە (٧٨) شوێنەوارناسی بەڕێز کاک هەڵکەوت لەکاتی دۆزینەوەی پەیکەرێکدا لە شوێنەواری پەرستگا لە شاری دەربەند، سەرچاوە: سایتی وشە.**



**وێنەی ژمارە (٧٩) تیمێکی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاوی گەناوی قوڕەگۆ لە ٢٥– ٩– ٢٠١٥، سەرچاوە: سایتی وێستگە**




**وێنەی ژمارە (٨٠) تابلۆیەك و مۆرێكی لولەیی،**

**سەرچاوە: شێرزاد حسن هەمزە.**



**وێنەی ژمارە (٨١) دوو تابلۆی نووسینی مێخی، سەرچاوە: Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden and Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2012).**



**وێنەی ژمارە (٨٢) دوو تابلۆی نووسینی مێخی، سەرچاوە: Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden and Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2012).**